تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

کوردەکانی ئەستەمبوڵی کۆن

منتدى إقرأ الثقافي
الكتب (كوردي - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

نووسینی
ڕۆهات ئەلاکۆم

وەرگێڕانی
ئەحمەد تاقانە

ڕۆهات ئەڵاکۆم

کوردەکانی ئەستەمبوولی کۆن

(١٤٥٣ — ١٩٢٥)

و: لە تورکییەوە

ئەحمەد تاقانە

کوردستان ـ هەولێر
٢٠٠٥

ناوی کتێب: کوردەکانی ئەستەمبووڵی کۆن (١٤٥٣ - ١٩٢٥)

- نووسینی: رۆهات ئەلاکۆم
- وەرگێڕانی: ئەحمەد تاقانە
- نەخشەسازی ناوەوە: طـه حسين
- بەرگ: هۆگر صدیق
- پیتچنین: کاوە حسێن
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- تیراژ: ٧٥٠ دانە
- ژمارەی سپاردن: (٤١٥)
- چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠٠٥
- نرخ: (٢٥٠٠) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب: (٣٢- ١٣٥)

ناونیشان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی

پۆستی ئەلکترۆنی: asokareem@ maktoob.com

ژمارەی تەلەفۆن : 2260311

www.mukiryani.com

ناوەرۆک

پێشەکیی وەرگێڕ 5
پێشەکی-ی نووسەر 7

بەشی یەکەم

کۆچی کوردان بۆ ئەستەمبووڵ (١٤٥٣-١٩٢٥) 15
ئەستەمبووڵی گەورەترین شاری کوردو سەد ئەوەندە پڕبوونی سەرژمێری کورد
سێ گوندی لە ئەستەمبووڵدا رۆژئاوی کورد 24
پێشەنگەکانی ئەوانەی هاتوونەتە ئەستەمبووڵ 27
دوورخستنەوەی کورد بۆ تاراوگەی ئەستەمبووڵ 47
عەبدولحەمیدی دووەم و کورد و ئەستەمبووڵ 53
سزادانی بەکۆمەڵی بەدرخانییان (١٩٠٦) 59
هەندێك لەو شوێنانەی کوردیان لێ بووە 66
بەری ئەورووپا 67
بەری ئەنادۆڵ (ئاسیا) 68

بەشی دووەم

ئەستەمبووڵ: یەکەم مەڵبەندی بیری نەتەوەیی مۆدێرنی کورد 81
ئەو چینە رۆشنبیرە کوردەی لە ئەستەمبووڵ لەدایك بووە 84
ئەو رێکخراوە نەتەوەییانەی لە ئەستەمبووڵ دامەزراون 115
بڵاوکراوە کوردییە وەرزانەکان 124
جیهانی کتێب 129
دوا گوورزی لە بیری نەتەوەیی کورد وەشێنرا 132

بەشی سێیەم

ئافرەتە کوردەکانی ئەستەمبووڵ 137
سەفەرە نیمچە دیپلۆماسییەکانی ئافرەتانی کورد بۆ ئەستەمبووڵ 139

ژیانی ئافرەتی کورد 144
رووخانی دیوارەکان: پێکهاتنی بەرەی ژن - پیاو 146
کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کورد 154
هەندێك لێکۆڵینەوەی دیکە 161

بەشی چوارەم

کۆمەڵەی کۆڵهەڵگرە کوردەکانی ئەستەمبووڵ 165
ژمارەی کۆڵهەڵگرە کوردەکان و ئەو ناوچانەی لێیانەوە هاتوون 169
هەندێك دیمەن کە پەیوەندییان بە کۆڵهەڵگرانەوە هەیە 171
لەناوبردنی کۆڵهەڵگرە کوردەکان - ساڵی (١٨٢٦) 173
رژانە ناو ئەستەمبوڵی (١٨٩٦)ی کۆڵهەڵگرە کوردەکان 174
چاوشکاندنە گەورەکەی (١٩٠٦) 176
هەندێك هەوڵی بایکۆتی کۆڵهەڵگران 177
رۆشنبیرانی کورد و کۆڵهەڵگرەکان 179
کۆڵهەڵگرە کوردەکان و بیری نەتەوەیی 181
زارۆ ئاغا (١٧٧٤-١٩٣٤)ی رابەری ئەفسانەئامێزی کۆڵهەڵگرەکان 184
چیرۆکەکانی کۆڵهەڵگرەکان 191
قاوەخانەکان: ناوەندی دەنگوباسی کۆڵهەڵگران 193
ئەنجام 195

پاشکۆکان

لە تەرکۆس-دا 199
چیرۆکە رووداوەکانی سەدەی نۆزدەهەمی ئەستەمبووڵ 201
سەرۆکی شارەوانیی ئەستەمبووڵ لە ئیستگەی گوێزتەپەدا کوژرا 204
کۆتایی بەدرخانییان 208
شوکری بابانی مام و مامۆستام 209
زارۆ ئاغا لە تەمەنی (١٦٢) ساڵیدا مرد 217
سەرچاوەکان 221
ئەلبوومی وێنەکان 229

پێشەکیی وەرگێڕ

ئەم کتێبەی لەبەر دەستتاندایە، نووسەر و لێکۆڵەرەوەیەکی توانا دایناوە، تەنیا ئەوانەی خۆیان لەم جۆرە کارانە داوە، دەزانن نووسەر چ کارێکی گەورەی ئەنجام داوە. جگە لە مێژووی نزیکەی چوار سەد ساڵی لە کتێبەکەدا چڕ کردووەتەوە کە زانیارییەکان لەناو دەیان سەرچاوە و کتێب و رۆژنامە و گۆڤار و بەڵگەنامەی دیکەدا پەرت و بڵاوبووەتەوە و هێز و تینێکی ماندوو نەناسی دەوێ کۆیان بکاتەوە و بە وردبینی و بەرچاو روونییەکی وەها لێیان بکۆڵێتەوە.. دەڵێم، جگە لەمانە لێکۆڵەرەوە بەدوای سەدان شوێنەوار و گەڕەك و خانوو و کێلە قەبری چەندین گۆڕستانی کۆن و نوێدا گەڕاوە و بە بیندرێژییەکی وردەوەکە شایەنی رێز لێنانە ویەشتی دیکەوە کارەکەی ئەنجام داوە.

جگە لەمانەی کە لە سەرەوە بە کورتی باسیان لێوەکرا، کە نووسەری کتێب مێژوویەکی چڕکراوەی نزیکەی چوار سەدەی هێناوەتە گۆڕێ، مرۆڤ لە ئەنجامدا بە تایبەتی ئەگەر کوردێکی دڵسۆزی نەتەوەکەی بێ، هەست بەو کارەساتە گورچکبڕەی کۆچباری کورد و بەجێ هێشتنی نیشتیمانەکەیان دەکا. کە لە دوو توێی کتێبەکەدا چەندین هۆی ئەم کارەساتە خراوەتە روو.

نووسەری کتێب-رۆهات ئەلاکۆم-، یەك لەو لاوە لێکۆڵەرەوە کوردانەیە کە سەرباری دووروڵاتی و دوورە دەستیی لێکۆڵینەوەکانی بەتایبەتی لە کوردستانی باشووردا، نووسەرێکی ناسراوە و هەموو کارەکانیشی نەبێ، خەڵکانێکی خاوەن مەبەست زۆری ئەمانەیان دەست خستووە و دیوبانە و حەیرانیان بوون. بەهەر حاڵ ئەگەر هەندێك لەبارەی نووسەرەوە بدوێین سوودی دەبێ و زیانی نابێ.

ڕۆهات ساڵی ١٩٥٥ لە (کاغزمان)ی سەر بە (قارس)ی کوردستانی باکوور لە دایك بووە. لە ساڵی ١٩٧٤ دا لە ئەنقەرە، بەشی دەروونناسی (سایکۆلۆژی)ی کۆلیژی پەروەردەی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٨ وڵاتی خۆی بەجێ دەهێڵێ و بەرەو ئەورووپا کۆچ دەکا و(سوێد) دەگیرسێتەوە. لە ساڵانێکەوە کە هێشتا بە منداڵ دادەنرا، دەستی بە نووسین کردووە. لە شازدە ساڵیدا (زارۆکێن یەنیجەیێ)ی دەردەچێ. خەبات و کۆششی ڕۆهات لە دەرەوەی وڵات بەرچاوتر دەبێ، جگە لە بەرپرسیاری و ئەندامییەتیی دەستەی نووسەرانی هەندێك گۆڤاری کوردی، بەبێ وەستان لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا نووسینی بڵاوکردووەتەوە.

ڕۆهات لە نووسەرە کوردە بە پیت و بەرەکانە و پتر لە (دە) کتێبی بە کوردی و تورکی هەیە. لەبەر ئەوەی لەو بڕوایەدام، هەموو نووسینەکانی ڕۆهات شایەنی خوێندنەوە و لێ وردبوونەوەن، بەتایبەتی ئەم کتێبەی و بەتایبەتیتر بۆ خوێنەری کورد بە پێویست دەزانم.. بۆیە خۆم بە بەختەوەر دەزانم ئەگەر توانیبێتم لە ئاستی بەرزی کتێبەکە خۆیدا بیخەمە بەردەستی خوێنەری کورد.

ئەم کتێبەی بە تورکی بە ناونیشانی (Eski İstanbul Kürtleri)یەوە دەزگای (ئاڤێستا) ساڵی ١٩٩٨ لە ئەستەمبووڵ بڵاوی کردووەتەوە.

مایەوە ئەوە بڵێم، بە پێویستی دەزانم سوپاسی (د.موحسین ئەحمەد عومەر)ی برادەری ڕۆشنبیرم بکەم کە چەند ساڵێك لەمەوبەر لە ڕێی گەڕانەوەیدا، لە پاریسەوە، بۆ چەند سەعاتێك لە ئەستەمبووڵ وەستا بوو و دانەیەکی لەم کتێبەی لە دەستی خۆی بۆ هێنابووم. هەروەها ڕنکردنەوەی هەندێك وشەو زاراوە کە بە پێویستم زانی بە تایبەتی بۆ خوێنەرانی کوردستانی باشوور، بۆ جودا کردنەوەیان لە پەراوێزەکانی نووسەر، لە پاڵ ئەستێرەیەکدا ژمارەم بۆ نووسین.

پێشەکی

ئەی چەلۆی کورد

کارت کرد، رێزت لێ نرا ؟!

بووی بە پەلکێکی پاییزە، هەمیشان هەر بەخۆت ژاکایت

لە سەرتاسەری سنوورەکاندا دەمری،

داخۆ ناوت، نازناوت گەیشتنە ئاسمان، دەسا بپرسە، بپرسە!

> "پارچەیەکە لەو شیعرەی-کەریم کۆرجان-نووسیویەتی و پەیوەندیی بە چەلۆی کوردەوە هەیە کە بەشداریی لە یاخی بوون و راپەرینی پاترۆنە (وەستا) خەلیل-ی ئەستەمبوولی ۱۷۳۰ دا کردووە."

نووسینی مێژووی ئەو کوردانەی لە سەرەتای ئەم سەدەیە و(*) پێشتریشەوە لە ئەستەمبوولّ (کۆنستانتینۆ پۆلس)ی پایتەختی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا ژیاون، تا دوا پلە مەیدانێکی نوێی لێکۆڵینەوەیە. ئەوەندەی ئێمە بزانین تا ئێستا لە بارەی کوردەکانی ئەستەمبووڵی کۆنەوە هیچ کارێك ئەنجام نەدراوە. ئەم بابەتە؛ ئەوەندەی لە روانگەی مێژووی سیاسیی کوردەوە

(*) لێرەو لە شوێنی دیکەشدا مەبەست لە سەدەی بیستەمە. (وەرگێڕ)

گرنگە، لەڕوانگەی مێژووی کۆمەڵایەتیشەوە گرنگ و بە بایەخە، بە دەرکەوتنی هەندێك بەڵگەی نوێش ئەوەندەی دی بایەخی پتری پەیدا کردووە.

توێژینەوە لە بابەتی ئەو کوردانەی ئەستەمبوڵ، لە ساڵی (١٩٢٢)ەوە بووەتە پێویستییەکی ڕۆژانە، لێکۆڵینەوەی لیژنەیەکی ئەمریکایی کە لەبارەی ئەستەمبوڵەوە ئامادەیان کردووە، خۆی لە گرنگیی ئەم باسە دەدا و دەڵێ: ((... هەروەها لە پایتەختدا، ئەو ئێرانی و کورد و ئەرناووت (ئەڵبانی) و عەرەب و ئەو جۆرە کەمایەتییانەش دەکرێ ببنە بابەتی لێکۆڵینەوەی دیکە. ئەستەمبوڵ لە مێژە بووەتە موگناتیسێکی کۆمەڵایەتیی ئەوتۆ کە هەموو جۆرە مرۆڤێك بۆ خۆی رابکێشێ، هەندێك بۆ زەوی و هەندێك بۆ قازانج و هەندێك بۆ رابواردن و هەندێکی دیکەش وەکو پەنابەر هاتوونەتە ئەستەمبوڵ..))[1] تا ئێستا کۆمەڵانی کورد لە ئەستەمبوڵدا هەر بە چاوێکی سیاسییانەوە تەماشا کراوە، بەڵام بەپێی جێکەوتە ڕێژەیی (پریسپێکتیڤ)ێکی ئەستەمبوڵ واتە جێکەوتەی شارێکی گەورەی وەك ئەستەمبوڵ، کار لەسەر بابەتی کوردەکانی نەکراوە. نەبوونی، یان کەمبوونی لێکۆڵینەوە لەبارەی کۆچی

1- İstanbul-1920, Editör: Clarence Richard Johson, Çev. Sönmez Taner, İstanbul, 1995, s.76.

لە بابەت ژیانی ئەو رۆم و ئەرمەنی و جوولەکە و بولغار و ئەمریکییانەی لە ئەستەمبوڵ دەژیان، ساڵی ١٩٩٧ لە یۆنان لێکۆڵینەوەیەکی نوێ بڵاوکرایەوە: بوونی کەمینە ئەتنیکییەکانی ئەستەمبوڵ-ی سەدەی١٩. کتێبێکی ڕەخنەیی لە لایەن (فۆتی بەنلیسۆی)ەوە نووسراوە پەیوەندیی بە لێکۆڵینەوەکەوە هەبوو. بڕوانە: کەمینە ئەتنیکییەکان، مێژووی کۆمەڵایەتی لە ئەستەمبوڵ لە سەدەی نۆزدەهەمدا، ژمارە/٥٣.

ئەم لێکۆڵینەوەیەی لەو ڕوونکردنەوانە پێکهاتووە کە ساڵی ١٩٩٨ پێشکەش بە کۆنفرانسێك کراوە، وەك لە سەرەوە باسمان لێوەکرد، باس لە کەمینەی دیاریکراو کراوە. ئەوەندەی ئێمە بزانین تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر و کۆکراوە لە بارەی ئەو خرستیان (دیان) و کەمینە ئەتنیکییە موسوڵمانانەی لە ئەستەمبوڵ ژیاون نەنووسراوە. بەمجۆرە، هێشتا جوگرافیای ئەتنیکی و دیمەنی ئەستەمبوڵی کۆن بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە ڕوون نییە.

کوردەوە، لە گۆشەنیگای نووسینەوەی مێژووی کوردەوە بۆشاییەك دەخولقێنێ. ئەم لێکۆلێنەوەیەی لەبارەی کوردەکانی ئەستەمبووڵی کۆنەوە کراوە، کە بوونەتە دێرینە. بە ئومێدی بەشداریکردن لە تێگەیشتنی باشتری ئەو دیاردەی کۆچە، نووسراوە، کە لە روانگەی کوردی ئەم سەردەمەمانەوە، وەکو ژیانی رۆژانەی لێ هاتووە.

وەکو زانراوە، بە درێژایی مێژوو، گەلێك ناوی جودا جودا بە ئەستەمبووڵ دراوە، دیارترینی ئەم ناوانە ئەمانەن: کۆنستانتینۆپل، دەرسەعادەت، ئیسلامبوڵ، ئیستانبوڵ، قوستەنتینییە، کۆنستەنتینۆپۆلس، میکلاگارد، نۆڤا رۆما، پۆلیز، شەهری کۆنستەنتین، تەختی رووم و ... کوردەکانی ئەم پایتەختە مێژووییە بە خۆیان پێی دەڵێن: ئەستەمبۆڵ.

بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر نەك تەنیا بۆ ئەستەمبووڵی ئەمڕۆ رابکێشین، بەڵکو تا بتوانین سەرنجی بۆ سەدان ساڵی پێشتری ئەستەمبووڵ کێش بکەین .. لە سەرەتای سەرەکیی کتێبیشدا و لە پێشەکیی ئەو بەشانەشدا کە لە ناو کتێبەکەدا جێی خۆیان کردووەتەوە.

بەر لە هەموو شتێك، پێشنیارکرا ناوی کۆنستانتینۆپۆلس بەکار بهێنرێ، بۆ ئەوەی ئەو ناوەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەی لە پایتەختی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا بووە و لە سەدان ساڵی بەر لە ئێستای خوێنەرانی ئەمڕۆدا ماوەتەوە، بە ئاسانی هەناسە بدات و دەربکەوێتەوە، بیر لەوە کرابووەوە کە بەکارهێنانی ناوێکی وەها لە جێی خۆیدا بێ. بەڵام لە دواییدا ناوێك هەڵبژێررا کە تەنیا گوتارێك بێت بۆ چیتی خوێندەوار و وشەی کۆن، خرایە دووی ئەستەمبووڵ و بەجۆرە ئەستەمبووڵێکی دیکە هاتە گۆڕێ کە بووەتە سامانی مێژوو و لەبیرەوەرییەکاندا ماوەتەوە. بەجۆرە کتێبەکە تایبەتمەندییەکی روونتری بەدەست هێناکە هەموو کەس پێی بگا ((کوردەکانی ئەستەمبووڵی کۆن (١٤٥٣-١٩٢٥))). لەلایەکی دیکەوە ئەستەمبووڵ، بە گوێرەی کۆنستانتینۆپۆلس کورتترە و وشەیەکە ئاسانتر دەخوێندرێتەوە. لەم سەردەمەماندا لە بابەت کوردی لە ئەستەمبووڵ ژیاوەوە کە ژمارەیان دەگاتە ملیۆنان، تەنیا لە بەشی پێشەکیی کتێبدا جێی هەندێك روونکردنەوە کراوەتەوە. لەم کتێبەدا وەکو شتێکی تایبەتی کۆمەڵانی ئەو کوردانە بە بەرچاوەوە گیراوە کە لەنێوان ساڵانی (١٤٥٣-١٩٢٥) دا لە ئەستەمبووڵدا ژیاون. وەکو دواتر دەبینین لە سەرەتای ئەم سەدەیەماندا بە دەیان هەزار کورد لە ئەستەمبووڵدا ژیاون.

ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئەنجام دراوە و لەبارەی هەندێك بڕی ئەو کوردانەوەیە وا لە ئەستەمبووڵی کۆندا ژیاون، سەرەڕای ئەوەی تێزێکی ئەکادیمییە، گەڕانێکی مێژوویی لێکۆڵەرەوەیە کە لە شوێنەوارە کۆنەکانی ئەستەمبووڵ، بەڵکو لە هەندێك تێبینیی ڕێکخراوەوە پێکهاتووە. خوێنەر ناوەناوە لەگەڵ هەندێك ژمارە و بەراورد کردنەوە و پارچەی وەرگێراو و گەلێك پەراوێزی بە پیت و دەوڵەمەندی بەکارهێنراودا ئاشنا دەبێ.

بە بەرچاوەوە گرتنی ئەو چینە خوێندەوارەی ئارەزووی وەدەستهێنانی زانیاریی پتری هەیە، ئەم ڕێبازە گیرایە بەر، لەلایەکی دیکەوە بیرۆکەی ئارەزووی ڕزگارکردنی کتێبەکە لە شێوە و دەقی ئەدەبیش، نووسەری بەم لایە نیمچە ئەکادیمییانەدا بردو بەرەو تەکنیکی پەرەپێدانی چەمك بەرەو پێشەوە چووە.

ئەم کتێبە لە چوار بەشی بنچینەیی پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا گەشتێکی مێژوویی دەکرێ لە بابەت کۆچی کوردانەوە بۆ ئەستەمبووڵ. لە بەشی دووەمدا بەتایبەتی ئەو بیرە نەتەوایەتییە مۆدێرنەی لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا ڕۆشنبیرە کوردەکان پەرەیان پێ داوە و چالاکییە بنەڕەتییەکانی وەکو ڕێکخراوە کوردییەکان و چاپەمەنیی کوردی ئەنالیز (شی) کراوەتەوە. بابەتی ئافرەتانی کورد کە ئەم چالاکییە بنچینەییانە پێکدەهێنێ بە شێوەیەکی سەربەخۆی جودادا، واتە بابەتی بەشی سێیەمی کتێبەکە پێکدەهێنێ .. لەم بەشەدا ئەو دید و بۆچوونە نوێیانەی لە بابەتی ئافرەتدا دێتە پێش و هەڵوێستی ئافرەتی کورد لە ئەستەمبووڵدا بە بەرچاوەوە گیراوە.

بەشی چوارەم و دوا بەشی کتێبەکە .. ئەو ناخۆشییە گەورانەی کە لە ئەستەمبووڵدا بە درێژایی سەدان ساڵ، کۆڵهەڵگرە کوردەکان تووشی هاتوون و بەسەریاندا هاتووە، ڕوون دەکرێتەوە .. بە تایبەتی لە سەرەتای داهاتنی سەدەی بیستەمدا ئەو مرۆڤانەی لە هەموو چین و جۆرێکی کۆمەڵی کوردەوە هاتوونە کۆڕێ، نزیکییەکی هەست و گیانیان لە بیری نەتەوەیی کورددا بە بەرچاو دەکەوێ. لەناو مۆزاییکی عوسمانیدا بزووتنەوەی ئەتنیکی، کوردەکانیشی خستووەتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە.

لە سەدان ساڵەوە، یەکگرتنی کولتوور و بیروباوەڕەکان و یەکێ لە ئامێز گرتنەوەیان، لە شارێکی گەورەی وەك ئەستەمبووڵدا چیرۆکی ژیان بەسەربردنی کوردان، لەم کتێبەدا بە

هەندێك فۆتۆگرافی جیا جیاوە ڕەنگینتر کراوە و دواتریش کتێبێکی وەهای لێ پەیدا بوو کە چەمکی مێژوویی جەماوەریی بەسەردا زاڵ بێ .. ئەم کارە، بە تایبەتی بۆ ئەو کارانەی لە داهاتوودا لە بارەی ئەو کوردانەوە دەکرێت کە لە ئەستەمبوڵی ئەمڕۆماندا دەژین، پاڵپشتێکی مێژوویییانە پێکدەهێنێ. لە بابەتی کوردەکانی ئەستەمبوڵی کۆنەوە، بێگومان لەو لێکۆڵینەوانەدا کە لەمەودوا دێنە کایەوە، زانیاریی نوێ و بەڵگەی تازە دەخرێنە ڕوو.

لە لایەکی دیکەوە، لە کۆتایی کتێبدا، ئەو وێنانەی دەمانگەڕێنێتەوە سەردەمە کۆنەکان، جێیان گرتووەتەوە. ئەم فۆتۆگراف و تابلۆ و وێنە هەڵکۆڵراوانە (گراڤویر)، هەندێکیان بۆ جاری یەکەمە لەم کتێبەدا بڵاو دەکرێنەوە، بەهای ئەم بەشە بینراوە ئاشکرایە، گەلێك وێنەکێشی ناسراو و وێنەگری بیانی لە ئەستەمبوڵی کۆندا ژیاون، کە هەر لە ئەستەمبوڵدا درێژەیان بە کارەکانیان داوە و هەر لەوێشدا مردوون. هەندێکی ئەم هونەرمەندانە ناوە ناوە مۆرکی کوردی لەناو کارەکانیاندا بووەتە بابەت و هێنراونەتە سەر شێوەی مۆتیف. لەمانە، ئەمادیۆ پرێزیۆسی (١٨١٦-١٨٨٢)ی وێنەکێشی ئیتاڵی، تابلۆیەکی ڕەنگا و ڕەنگی جەنگاوەرێکی کوردی کێشاوە، ئەم جەنگاوەرە کوردەی بە ڕەنگی ئاوی وێنەی کێشاوە، کوردێکی شاری (وان)ە، لە ئەستەمبوڵ ژیاوە. ئەمادیۆ پرێزیۆسی کە لە کۆڵانی سەرۆکی کۆڵهەڵگرانی (بەیۆغلو)دا ژیاوە، ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤانی کۆمەڵە ئەتنیکییە جیاجیاکانی بۆ بابەتی تابلۆکانی هەڵبژاردووە. مۆزاییکی ڕۆشنبیریی خەڵکانی ئەستەمبوڵ، بۆ ئەمادیۆ پرێزیۆسی مۆتیفێکی بە بایەخی پێکهێناوە. گویلیۆم بێرگگرن (١٨٣٥-١٩٢٠)ی وێنەگری فۆتۆگرافیی سوێدی، وێنەی فۆتۆگرافیی کوردێکی بە ساڵناچووی کردووەتە (کارت پۆستاڵ- پۆست کارت) و لە ئەستەمبوڵدا خستوویەتییە بازاڕەوە. هەروەها ئەو هونەرمەندانەی بە عەبدوڵڵا فرێری، یان بە برایانی عەبدوڵڵا ناسراون، وێنەی (سەرکردەی کورد)ێکیشی گرتووە کە خراوەتە سەر بەرگی ئەم کتێبە. ڤیچن و هۆوسیپ و کەڤۆرك کە برا بوون، ئەو ستۆدیۆیەی دایاننابوو ناوبانگی زۆری پەیدا کردبوو، دواتر ئەم برایانە بوونەتە وێنەگری سەرا[**]، وێنەی هەندێك منداڵی کوردیان گرتبوو کە، لەو قوتابخانەیەی عەشایەرە دەیانخوێند کە لە ئەستەمبوڵ دامەزرابوو. هەروەها ئەم برایانەی

[**] سەرا: دەرباری سوڵتانی عوسمانی. (وەرگێڕ)

وا بە برایانی عەبدوڵلا دەناسران و (پاسکال سێباه) کە لە ئەستەمبووڵ دەژیا، لەگەڵ پۆلیجار پەڕۆ ئیلیێر- ی بە رەگەز فەرەنسی لە ئەستەمبووڵ ستۆدیۆیەکیان دامەزراندووە. لە وێنەیەکدا کە پەیوەندی بە ترومپاچییانەوە[***] هەبووە و لە لایەن ئەم ستۆدیۆیەوە گیراوە، وێنەی کوردێکی ترۆمپاچیش گیراوە کە ناوی (دلاوەر) بووە. وێنەیەکی زارۆ ئاغای بە تەمەنترین مرۆڤی جیهان، ساڵی ١٩٣٠ گیراوە و کراوەتە پۆستکارت و خراوەتە بازاڕ. ئەم هونەرمەندە بیانییانەی لە ئەستەمبووڵدا ژیاون، مۆدێلەکانیان بە زۆری لەناو کۆمەڵانی کوردی لە ئەستەمبووڵدا ژیاویانەوە هەڵبژاردوون. ماکس فروختەرمان (١٨٥٢-١٩١٨)ی بە رەگەز ئەمسایی- مەجەر (هەنگاری)، ئەو شوێن و کەسایەتییانەی ئەستەمبووڵی کردووەتە بابەتی نزیکەی دوو هەزار پۆستکارت و بڵاوی کردوونەتەوە[2]. تەنیا ئەو کوردانەی ئەستەمبووڵی کۆن نین بوونەتە مێژوو، لە لێکۆڵینەوە و لێوردبوونەوە لە بابەت ئەو کوردانەوە کە لە ئەستەمبووڵی ئەمڕۆشماندا دەژین و ژمارەیان دەگاتە ملیۆنان، هەژارین.

ئەمڕۆ لە هەموو گەڕەکێکی ئەستەمبووڵدا، زۆر ئاساییە کوردت بەرچاو بکەوێ. کوردەکان گەورەترین کەمایەتیی ئەتنیکیی ئەستەمبووڵی ئەمڕۆ پێکدەهێنن. کۆن، ئەتنیکی رۆم کە لە ریزی یەکەمدا ئاماژەی بۆ دەکرا، ئەمڕۆ بە ژمارە، کوردەکان ئەو جێیەی ئەوانیان گرتووەتەوە. لەم سەردەمەماندا پێویستیی وردبوونەوە لە بابەتی ئەو کوردانەی لە ئەستەمبووڵدا دەژین، ناوە ناوە لە رۆژنامە و گۆڤارە جوداجوداکاندا دەخرێنە بەرچاوان، ئەو نووسینانەی لە بابەتی رووە جیاجیاکانی کوردەکانی ئەستەمبووڵەوە لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا ناوە ناوە بڵاو دەکرێنەوە بەرچاو دەکەوێت. لەم بوارەدا هەندێك شوێنپێی ئەو کۆمەڵە رێکخراوانەی بۆ ئامانجی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێن و لە بارەی دیاردەی کۆچەوە هەندێك کار و کۆشش لە

[***] ترومپاچی: لە سەردەمی عوسمانیدا بە ئاگر کوژێنەوەکانیان گوتووە کە بە ترومپای ئاو ئاگریان دەکوژاندەوە. وشەکە واتەی وەستای ترومپا چاککردنەوەش دەگەیەنێ. (وەرگێڕ).

2- Engin Özendes, Abdullah Fréres- Osmanlı Sarayı’nın Fotoğrafçilari YKY, İstanbul. 1998.

چاپەمەنیدا بەرچاو دەکەوێت .. ئەم جۆرە یانانە بە تەنگ ژیانی ڕۆژانەی ئەو کوردانەوە بوون کە بەتایبەتی بەهۆی جەنگەوە ناچاری کۆچ کردن بوون بۆ ناوچە جیاکان و بەتایبەتیش بۆ ئەستەمبوڵ، بایەخ بە گرفتی ڕۆژانەیان و یارمەتیدانیان دەدەن. ئەستەمبوڵی ئەمڕۆ، مۆرك و تایبەتمەندیی گەورەترین شارێکی پێوەیە کە بەپێی سەرژمێر، گەورەترین ژمارەی کوردی تێدایە، تەنانەت لە کوردستانیشدا شارێکی وەها نییە ئەوەندەی ئەستەمبوڵ کوردی بەخۆوە گرتبێ. ئەم بارودۆخە سەرنجی لێکۆڵەرەوان زۆر ڕادەکێشێ، لەم ڕوانگەیەوە، گرنگی و بایەخی ئەستەمبوڵ لە زیادبووندایە. تەنانەت سولەیمان دیمیرێل-ی سەر کۆماری (پێشووتری) تورکیا، لەو کۆبوونەوە و لێدوانەیدا کە لەگەڵ نووسەرانی ڕۆژنامەی (میللییەت)دا ئەنجام یدابوو، وەك لە گۆشەکەی (یاڵچن دۆغان)دا ڕوون کردنەوەی: ((ئەستەمبوڵ گەورەترین شارێکی کوردە لە جیهاندا)) بلاوکراوەتەوە[3].

ئەستەمبوڵ وەك شارێکی سەرەکی و لە هەندێك شاری دیکەی بەشی خۆراوای تورکیا، وەك ئەوەی ناوەندی ئەو تۆ هەن دەیانەوێ کۆچکردنی کوردەکان پێشی لێ بگیرێ، هەندێك لایەنی دیکەش هەن بە چەمکێکی سیاسی یان سەربازی، حەز لە کۆچکردنی کوردەکان دەکەن بۆ ئەستەمبوڵ و هانیشی دەدەن. ئەم ناوەندانە پێیان وایە ئەو بزووتنەوە ئەتنییانەی لە کوردستاندا بەرپا دەبن، بەم کۆچکردنانە، کز دەبن و لەناو دەچن.

بۆ شکاندنەوەی یان کز کردنەوەی کاریگەریی ئەو نارەزاییەی کوردە کە لەسەر بنەمای ئەتنیکی پێکهاتووە، تەنانەت لە پێناویشیدا پەنا بۆ خەباتی چەکدارانەش براوە. ناوەندە سەربازییەکان یان (پرۆ-سیاسی)یەکان هەوڵێکی زۆر ئەستووریان بۆ خەرج کردووە و دەکەن. بەتایبەتی چۆڵکردنی ئەو گوندانەی لەناوچە دەشتەکییەکاندان بووەتە ئامانجی سەرەکیی ئەم ناوەندانە، هۆیەکانی کۆچباری کوردان و شێوەکانی جۆراوجۆرن، ژمارەی ئەو کوردانەی لە ئەنجامی سووتاندنی گوندەکان و چۆڵکردنیان کۆچ دەکەن،هەمیشە لە پتر بووندایە.

3- Milliyet gazetesi, 22.8.1998.

نەبوونی چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ دۆزی کورد لە تورکیا، گومانی تێدا نییە ئەنجارمیان لە ئەنجامی کۆچ کردندا گیروگرفتی دیکە دەهێنێتە سەر رێی تورکیا، نەك هەر تەنیا مرۆڤەکان، بەڵکو گیروگرفتەکانیشیان بۆ ئەستەمبووڵ دەگوێزنەوە. ئەم هەڵوێستە هەر تەنیا سیاسییەکانیش نییە، بەڵکو بەڕێوەبەرایەتییە خۆجێییەکانی شارە گەورەکان و بەر لە هەموو جێیەك ئەوانەی ئەستەمبووڵیشی هەر لە ئێستاوە تووشی رەشبینی کردووە. دەبێ پێویستیی بە پێشخستنی ڤیزا و پەساپۆرت دەرکردن بۆ ئەوانەی لە سەرەوە باسمانکردن و بۆ ئەستەمبووڵ کۆچیان کردووە، لەسەرچاوەی ئەنلێشمیەکی وەهاوە ناوی خواردبێتەوە.

چیرۆکی ئەو کوردانەی ئەمڕۆ لە ئەستەمبووڵدان و ژمارەیان دەگاتە ملیۆنان، لە شێوەی کتێبێکی جودای سەربەخۆدا، لە داهاتوودا لە ژێر ناوی (کوردەکانی ئەستەمبوولی نوێ)دا دەردەچێ، بابەتی لێکۆڵینەوەی داهاتوومان پێکدەهێنێ.

بەشی یەکەم

کۆچی کوردان بۆ ئەستەمبوولّ (١٤٥٣-١٩٢٥)

ئەستەمبوولّی گەورەترین شاری کوردە

سەد ئەوەندە پتربوونی سەر ژمێری کورد

سەرژمێرێك لە سەدەی پانزدەهەمدا، واتە سالّی ١٤٩٨ کراوە، لە سێ گوندی کورددا کە لە ئەستەمبوولّ و لەناو سنوورەکانیدا رۆنراون، ئەوەی تۆمار کردووە (٣٨٢) کەسیان تێدا ژیاوە[١]، ئەم گوندانە بەناوی دانشمەندلو، دەپەقران، ئیشیقلی-یەوە بووە، جگە لەم گوندانە، لە گوندێکی دیکەشدا کە ناوی (یایلا) بووە، کوردی تێدا بەرچاو دەکەوێ[٢]. بەلاّم نازانرێ ئەم گوندەی دواییان چەند کوردی تێدا ژیاوە.

---

[١] لە بابەتی ئەو یەکەم کوردانەی کۆچیان بۆ ئەستەمبوولّ کردووەدا دەتوانرێ سەیری ئەم سەرچاوانە بکرێ:

Ömer Lütfi Barkan, Osmanlı İmpratorluğu'nda Toprak İşciliğinin Organizasyonu Şekilleri, lü İktisat Fakültesi Mecmuası 1/1939, S. 29-74. Stefan Yerasimos, 15. yüzyılın Sonunda Haslar Kazası, Eyüp'te Sosyal yaşam, editör: Tülay Artan, İstanbul 1998.

2- İstanbul Ahkâm Defterleri- İstanbul Tarım Tarihi (1743-1757), İstanbul Külliyati ıv. Proje ve yayın yönetmeni: Ahmet kal'a, İstanbul Araştırmalar Merkezi, İstanbul, 1997.

ئەمڕۆ ئەستەمبووڵ بە گەورەترین شارێکی دنیای کوردان دەژمێردرێ، لەو ئەستەمبووڵە کۆنەدا کە (٣٠) هەزار کوردی لێ بووە، بەرە بەرە سەرژمێریان لە پێربووندا بووە و لەمڕۆماندا بووەتە سەد ئەوەندە و سەرژمێری کوردی تێدا سێ ملیۆنی رەت کردووە.

لە سەرەتای ئەم سەدەیەماندا سەرژمێری ئەو کوردانەی لە ئەستەمبووڵ ژیاون، لەلایەن توێژەرەوەکانەوە بە نزیکەی (٣٠) هەزار کەس قەرسێنراوە، لەم ساڵانەی دواییدا سەرژمێری ئەو کوردانەی لە ئەستەمبووڵ ژیاون، دژواربوونی وەڵامدانەوەی پرسیاری بە تەواویی چەند بوونی سەرژمێریان روون و لە ئارادایە. گەورەترینی ئەم دژوارییانە، لەم سەرژمێرانەدا کە لەم ساڵانەی دواییەدا ئەنجام دراون، تەواوی چینە ئەتنییەکان، ئەوانەی خرستیان (دیان) نین، هەر هەموویان بە شێوەیەکی گشتی، لە سەرچاوەی بە موسڵمان دانانیانەوە ناو دەخواتەوە. جوداییە ئەتنیکییەکانی ناو خودی موسڵمانەکان، لەو سەرژمێرانەدا کە لەم ساڵانەی دواییدا بڵاوکراونەتەوە، یانیش لەو کارە دیوگرافییانەدا کراوە، زۆر هەڵنەسەنگێنراونەتەوە. لە بارەی کۆمەڵانی وەکو رۆم و ئەرمەنی و جوولەکەو بولگاری، کە موسڵمان نین و لە ئەستەمبووڵ دەژین، توێژینەوەیەکی زۆر تۆمارکراوە، بەجۆرە دەتوانین بڵێین مۆزاییکی ئەستەمبووڵ لەم لایەنەیەوە لێی کۆڵراوەتەوە.

سەرچاوە کوردییە کۆنەکان و رێکخراوەکانیان لە سەرەتای سەدەماندا لە بابەت سەرژمێری ئەو کوردانەی وا لە ئەستەمبووڵ لە ژیاندا بوون، زانیاریی زۆر جیا جیایان پێ گەیاندووین. تەنیا گۆڤاری ژین کە ساڵی ١٩١٨ لە ئەستەمبووڵ بڵاوکراوەتەوە، لە وتارێکیدا رایدەگەیەنێ، کۆمەڵانی کۆڵهەڵگر (حەماڵ) لە ئەستەمبووڵ زۆرینەی کورد پێکی دەهێنن و ژمارەی قەوارەی کارگەرانی کورد بە ((پێنج تا دە هەزار)) کەسێك دادەنرێ، ئەگەر برە کوردەکانی دیکەشیان بخرێتە سەر، ئەو کۆمەڵە کوردەی لە ئەستەمبووڵ بووە، بێگومان ژمارەیەکی گەورەترمان بۆ دەردەکەوێ. هەندێك وردە زانیاریی دیکە، کە لە سەرچاوەگەلێکی دیدا جێی گرتووەتەوە و ژیانی هەزاران کوردمان لە ئەستەمبووڵ ناڕاستەوخۆ دەخاتە بەرچاو، بۆ نموونە (جەمعییەی تەعالیی کوردستان) کە ساڵی ١٩١٨ دامەزراوە، بەپێی هەندێك سەرچاوە (١٠) هەزار، بە

پێی هەندێکی دیکەش نزیکەی (١٥) هەزار ئەندامی هەبووە[٣]. ئەوانەی ئارەزووی سیاسییان بووە و ئەم برە کوردانەی لە ڕێکخراوی سیاسیدا ئەندام بوون و ئەو کوردە سادانەی لە دەرەوەی ئەم بڕانەدا ماونەتەوە، واتە ئەو مرۆڤانەی وەکو منداڵ و بە تەمەنەکان .. کە لە دەرەوەی ژیانی ئەکتیڤی سیاسیدا ماونەتەوە، ئەگەر ژمارەیان بخەینە سەر ئەم ژمارانە، بە هزر، هاتنە کایەی ژمارەیەکی لەمە گەورەترمان بۆ دەردەکەوێت. بوونی ژمارەیەکی زۆری کورد لە ئەستەمبوڵی ئەم ساڵانەدا دەکرێ ژمارەیان لە ژمارەی ئەوانەوە بە دەست بخەین کە دەنێررانە بەرەکانی جەنگ. بۆ نموونە (خالید سەیفوڵلای بەدرخان)ی سەر بە بنەماڵەی بەدرخان، ئەوە رادەگەیەنێ کە دەتوانێ (٤-٥) هەزار کوردی خۆویست (متطوع) لە ئەستەمبووڵدا کۆ بکاتەوە و بیاننێرێتە بەرەکانی جەنگ[٤]. هەروەها (عەلی شامل پاشا)ی هەر لە بنەماڵەی بەردخان، لە ئەستەمبووڵدا نزیکەی سێ هەزار کورد کۆ دەکاتەوە و لە تەکیاندا بەشداریی جەنگی (عوسمانی - رووسی)ی (١٨٧٧-١٨٧٨) دەبێ. بەشێکی زۆری ئەم کوردانە گیان دەبەخشن و عەلی شامل پاشاش لە چەند جێیەکییەوە بریندار دەبێ[٥]. ساڵی (١٩١٨) عیززەت پاشا کە ئەرك و فرمانی جیاجیای دەدرێتێ، وەکو باسکراوە پێنج هەزار کوردی

---

[٣] ژمارەی ئەو کوردانەی لە کۆنەوە لە ئەستەمبووڵ ژیاون بە (٣٠) هەزار کەس دانراون.

Philip Mansel, Dünyanın Arzuladığı Şehır: İstanbul, Çev. Şerif Erol, İstanbul, 1996, s. 331. Martin van Bruinessen, kürdistan Üzerine yazılar, İstanbul, 1992, s.143. Ahmet Mesut, İngiliz Belgelerinde kürdistan, İstanbul, 1992, s. 103.

4- Açık Mektup, Sultan İkinci Hamid Han Hazretlerine, kürdistan, no 20, Arap harflerinden latin harflerine çeviren: M. Emin Bozarslan, Uppsala, 1991, s. 352.

ئاماژەیە بۆ وتاری (نامەیەکی کراوە بۆ حەزرەتی سوڵتان عەبدولحەمید خانی دووەم)ی ڕۆژنامەی کوردستان. بەڵام لەو چاپەی سەرەوە کە م. ئەمین بۆز ئەرسلان- کردوویەتی بە پیتی لاتینی و ١٩٩١- لە سوێد بڵاوی کردووەتەوە.

5- Nazmi Sevgen, Türk Beylikleri, Ankara, 1982, s.119.

بەدواوە بووە[6]. عیززەت پاشا کە دانیشتووی (گوێز تەپە) بووە، ساڵی (١٩١٩) دەبێتە والیی (ئایدن)، هەموو ئەم نموونانە ئەوە دردەخەن کە ژمارەی ئەو کوردانەی لە ئەستەمبوڵدا دەژیان و توانیویانە بەو هێزەوە بەشدارییەکی دینامیکییانەی جەنگ بکەن، ژمارەی ئەو کوردانە هەزارانی ڕەت کردووە. ئەم باروودۆخە دەریدەخا کە، هەر سەرکردەیەکی کورد لە ئەستەمبوڵی ئەو سەردەمە، بە پێی دەسەڵات لەشکرێکی پێ پێکهێنراوە، یان پێی کراوە پێکیبهێنێت.

کورد لە هەموو چین و توێژێکەوە هاتوونەتە ئەستەمبوڵ، هەندێك لەو کوردانە لە پلەو پایەکانی دەوڵەتدا پۆستیان بەدەست بووە، گەیوونەتە پلەکانی سەرەوە و لە بیرۆکراسیدا شوێنی گرنگیان وەدەست هێناوە. لەم ساڵانەدا بڕە قوتابییەك هەبووە خوێندنی باڵایان لە پایتەخت تەواو کردبێ و بە باش دابنرێن. ژمارەی ئەمانە سەدانی ڕەت کردووە. بۆ نموونە لە سەرچاوەیەکدا دەبینین (٢٠٠) خوێندکاری کورد لێرەدا لە بەشە جیاجیاکاندا خوێندنیان تەواو کردووە[7]. بوونی کۆمەڵەی (تەعالی)ی کورد کە لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە و خاوەنی (١٥) هەزار ئەندام بووە، یامەتیی ئەوەمان دەدا کە سەرژمێری کوردی ئەستەمبوڵی ئەو ساڵانە بە نزیك کردنەوە دەربخەین (بخەمڵێنین)، خۆ ئەگەر ژمارەی ژن و منداڵ و پیر بخەینە سەر ئەم بڕە، ژمارەی کوردی ئەستەمبوڵ بە زیاتر خۆی دەنوێنێ.

بەجۆرە دەچێتە عەقڵەوە کە نزیکەی (٣٠) هەزار کورد لە ئەستەمبوڵدا هەبووە، بڕێکی زۆری ئەو کوردانەی لە ئەستەمبوڵدا بوون، ئەو کرێکارانە پێکدەهێنن کە بۆ کارکردن هاتوونەتە ئەستەمبوڵ، زۆربەی ئەمانە وەکو کۆڵهەڵگر (حەماڵ) کاریان کردووە. ژمارەی کۆڵهەڵگرە کوردەکانی ئەستەمبوڵی سەرەتای ئەم سەدەیەمان بە نزیکەی (١٠) هەزار کەس دادەنرێ. لە بابەتی کۆڵهەڵگرەکاندا- بەشی چوارەم، کە دوا بەشی ئەم کتێبەیە، زانیاریی پتر و فراوانتری پێشکەش کردووە.

6- Kamil Erdeha, Milli Mücadelede Vilayetler ve Valiler, İstanbul, 1975, s.388.

7- Ekrem Cemil paşa, Muhtasar Hayatım, Brüksel, 1989, s.20.

بە پێی ئەو سەرژمێرەی شارەوانیی ئەستەمبووڵ لە نێوان ساڵانی (١٩٣١-١٩٣٢) دا ئەنجامی داوە، نزیکەی کۆمەڵێکی (١٦٧٣) کەسیی کوردزمان لە هەندێك ناوچەی ئەستەمبووڵدا ژیاون، لەمانە (١٢٦٢) پیاو و (٤١١) ئافرەتیان تێدا بووە. ئەم جۆرە سەرژمێرە رەسمییانە ژمارەی هەموو ئەو کوردانە پیشان نادەن کە لە ئەستەمبووڵ دەژیان. چونکە بەر لەم ساڵانە وەکو باسمان کرد، دەیان هەزار کورد لە ئەستەمبووڵدا ژیاون. بەڵام لەگەڵ زمانانی دیکە پێکەوە، لەم سەرژمێرەدا بۆ یەکەم جار زمانی کوردی وەك زمانێکی سەربەخۆ پیشان دراوە کە ئەمەش گرنگیی خۆی هەیە. بە پێی ئەم سەرژمێرانە، بوونی کورد بە پەرت و بڵاوی بە هەندێك ناوچەدا، بەم شێوەیە:

ناوچە	پیاو	ئافرەت
ئەستەمبووڵ (فاتح، ئەمینۆنو)	٧١٣	١٨٦
دوورگەکان	١٤	١
بەکر کۆیی	٣١	٤
بەیۆغلو (بێشکتاش، ساری یێر)	٣٣٠	١٩٢
ئوسکودار	١٧٤	٢٨
کۆی گشتی	١٢٦٢ + ٤١١ = ١٦٧٣	

سەرژمێری ئەوانەی لە ناوچە جیاکانی ئەستەمبووڵدا دەژین، بە پێی زمانی دایکیان لە سەرژمێرەکاندا تۆمار کراین، بۆ یەکەم جار دوای ساڵانی (١٩٣٠) بەرچاو دەکەوێت. دواتر ئەو سەرژمێرانەی کە سیمبۆلیکیش بێت ئاماژە بۆ هاووڵاتییانی بە کوردی ئاخەڤ کراوە. بە پێی ئەو زانیاریسانەی لەم جۆرە خشتانەدا جێیان کراوەتەوە، لە ئەستەمبووڵدا ئەم زمانانە قسەیان پێ کراوە: تورکی، رووسی (رۆمی)، ئەرمەنی، فەرەنسی، ئیتالی، ئینگلیزی، عەرەبی، فارسی (عەجەمی)، عیبری (جوولەکانی)، چەرکەسی، کوردی، تەتەری، ئەڵبانی (زمانی ئەرناووت)، بولگاری. بە پێی سەرژمێرەکانی ساڵانی (١٩٣٤-١٩٣٥) لە

ئەستەمبووڵدا ژمارەی ئەو هاونیشتمانییانەی بە کوردی دەدوێن، بووەتە (٢٠٩٥) کەس. لەمانە (١٦٦٨) یان پیاو و (٤٢٧) یشیان ئافرەتن.

لە سەرەتای سەدەماندا، دەمانێك کورد کە نزیکەی (٣٠) هەزار کەس بوون، ئەمڕۆ لە سەرووی (٣) ملیۆن کەس دەقەسرێنرێن. تەنانەت سەرچاوەی ئەوتۆش هەن کە سەرژمێری کورد بە نزیکەی (٤) ملیۆن دادەنێ. بەمجۆرە، بە نزیککراوی، سەرژمێری کورد لە ئەستەمبووڵدا لەم دەمەدا وا دەردەکەوێ (١٠٠) ئەوەندەی جاران زیادی کردبێ. ئێستا نزیکەی (٣-٤) ملیۆن کورد لە ئەستەمبووڵدا دەژی، هەڵوێستی هەندێك گەڕەك کە کوردی لێ دەژی، بوونی کورد بە چڕی و پەرەسەندنی لە ئەستەمبووڵدا پیشان دەدا. بە شارستانی بوونی چەواشە، لە ئەستەمبووڵدا دیاردەی شەونشینی- ی لە هەندێك لادا هێناوەتە گۆڕێ، یان ئەو کوردانەی لە کووچە دواکەوتووەکانی شاردا درێژە بە ژیانیان دەدەن، دۆخەکەی هێناوەتەسەر بارێکی ئەتنیکیی ئەوتۆ کە لە باروودۆخی بەر لە ساڵانێك جودایە کەوا رووەکان لە نەخشەی ئەتنیکیی ئەستەمبووڵدا لە پلەی یەکەمدا دەبینران، دیمەنی ئەم سەردەمەی ئەستەمبووڵ تەواوێك گۆڕاوە.

لە سەرەتاکانی ساڵانی (١٩٠٠)دا سەرژمێری کورد کە نزیکەی (٣٠) هەزار کەس بووە، لە (١٩٥٠)دا بووەتە نزیکەی دوو ئەوەندە و گەیشتووەتە (٦٠) هەزار کەس. لەبەر رۆشنایی ئەو سەرژمێرانەی لە بارەی کۆچوباری کوردەوە کراوە بۆ ئەستەمبووڵ. (نۆیا بایدار) کە هەندێك بەراوردی ئەنجام داوە، بە پێی سەرژمێری ساڵی (١٩٩٠) ئەوانەی لەو ناوچانەوە هاتوونەتە ئەستەمبووڵ کە زۆرینەیان لە کورد پێکهاتووە، ژمارەیان گەیشتووەتە یەك ملیۆن و سەد هەزار کەس، هەروەها دەڵێ: ((.. ئەو کۆچبارەی لە خۆرهەڵات و باشووری خۆرهەڵاتەوە هاتبوو، نەخشەی دوا کۆچەکانی بەرەو ئەستەمبووڵ روون دەکاتەوە و دەهێنێتە گۆڕێ. ساڵی (١٩٥٠) نزیکەی (٥٪)ی ئەوانەی لە ئەستەمبووڵ دەژیان کە لە دایکبووی خۆرهەڵات و باشووری خۆر هەڵاتن، ئەم رێژەیە دوای (١٠) ساڵ، واتە ساڵی (١٩٦٠) دەبێتە (٧٪). ساڵی (١٩٧٥) نزم دەبێتەوە بۆ نزیکەی (٥,٧٪)، کەچی ساڵی (١٩٨٠) نزیکەی (٥٨٠) هەزار لەوانەی لە ئەستەمبووڵدا دەژین لەو ناوچانەوە هاتوون. ئەم کۆمەڵەی رێژەی (١٢٪)ی سەرجەم سەرژمێری ئەستەمبووڵ رەت دەکا، نێوانی ساڵانی (١٩٧٥-١٩٨٠) چڕیی کۆچباری

لە خۆرهەڵات و باشووری خۆرهەڵاتەوە پیشان دەدا، (١٩٨٠-١٩٩٠) کۆی ئەم سەرژمێرە لە هەر کورتەیەك بێ بۆ دوو ئەوەندە بەرز دەبێتەوە. لە (١٩٩٠)دا، لە ئەستەمبووڵدا (١٥٪)ی سەرژمێر، ئەوانە پێکیدەهێنن کە لە خۆرهەڵات و باشووری خۆرهەڵاتەوە هاتوون. لەناوچەکەدا هەر لە مێژە ئەو شارانەی کۆچەری پتری بۆ ئەستەمبووڵ ناردووە، ئەمانەن: ئەرزنجان، مەلاتییە، ئەلازگ، سعرت، دوای ساڵی (١٩٨٥) (قارس) لە ریزی پێشەوە دەوەستێت و ئەرزنجان، بینگۆڵ، تونجێلی، ئەرزەرۆم و دیاربەکریش دەبنە سەربار..))[٨].

ئەگەر تێکڕای ژمارەی ئەو کوردانەی لە ئەستەمبووڵی کۆندا ژیاون، بە سەرژمێری کوردی ئەستەمبووڵی ئەمڕۆ بەراورد بکەین، ئەوا دەبینین ئەستەمبووڵ (شارێکی کوردانە). ساڵی (١٩٩٨)، سەرژمێری کورد کە لەم رۆژانەی تێیدا دەژین، دەبێ ئەو ژمارانە بەرزتر بووبنەوە. ئەو گێرەوکێشە سیاسییە و ئەو سیاسەتی کۆچ پێکردنەی لەو ژینگەیەدا هەیە کە کوردی تێدا دەژی. لەم سەردەمەماندا شێوەی کۆچی بە کۆمەڵی پێکهێناوە. بەرەو شارە گەورەکان، کە ئەستەمبووڵ لە ریزی پێشەوەیاندایە. (فیلیپ مانسەل)، ئەم تەقینەوە سەرژمێرییەی کوردەی لە ئەستەمبووڵدا گەییوەتە لە سەدا (٢٠-٣٠)، بە یەکێك لەو دۆزە گرنگانە دادەنێ کە لەبەردەمی ئەستەمبووڵدا قوت بووەتەوە. ئەو ژمارەیەی (یەك) ملیۆن و (١٠٠) هەزار کوردەی لە ساڵی (١٩٩٠) دا لە ئەستەمبووڵ دەژیان، هاوتای سەرژمێری هەموو ئەستەمبووڵی سەد ساڵ لەمەو پێشە. لەسەرەتای سەدەماندا سەرژمێری ئەستەمبووڵ نزیکەی دەورووبەری یەك ملیۆن دادەنرا.

8- Oya Baydar, 1950 Sonrası Göç Dünden Bugüne İstanbul Ansiklopedisi, Cild: 3. İstanbul'daki nüfus hareketliliği konusunda Prof. Ferhunde Özbay'ın yayımlanmış İstanbul Nüfusu adlı bir çalışması bulunmaktadir. Erol Tümertekin, İstanbul'da Nüfus Dağılışı, İstanbul, 1979. Ayrıca E. Tümertekin & N. Özgüç, İstanbul Nüfusunun Doğum yerlerine Göre Dağılışı, İTÜ Mimarlık Fakültesi Şehircilik Enstitüsü Dergisi, no 20-21.

وەك دەبینرێ، رەوتی بە كوردبوونی ئەستەمبووڵ كە سەدان ساڵی خایاندووە و ئەم كۆمەڵە كوردە، لەم سەردەمەماندا لە مۆزاییكی ئەستەمبووڵدا یەك لە بەردەكانی بناغەی شارەكە پێكدەهێنن. ئەمڕۆ لە هەموو گۆشەیەكی ئەستەمبووڵدا دەكرێ كورد ببینرێ. ئەم هەڵوێستە، شیعرێكی (ئەتائۆڵ بەهرامۆغلو)مان بیردەخاتەوە كە بەر لە ساڵانێك لە بارەی ئەستەمبووڵەوە نووسیویەتی و دەڵێ:

كۆڵانەكانی (كیرازلی مەسجید)

...

لە رێی گەڕانەوەی لە كارگەوە
كیژ رەت دەبن بە جلی رەنگ چووەوە
هەرزەكاران لە سەرە كووچەكاندا
بە كوردی، شتێلێك دەڵێن

...

كۆڵهەڵگرێكی سەد ساڵە
زۆرانبازی لەگەڵ سەد كیلۆ دەكرد
كوڕگەلێكی زۆر بچووك
لەسەر گوفەكدا جنێوبازییان دەكرد[*١]

[*١] دەقە توركییەكەی ناو كتێبەكە ئەمەیە:

Kirazlı Mescit Sokağı

...

Fabrika Dönüşü, yorgun Kırılmayla

بەڵێ ئەمجارەیان، بۆ دووەم جار، بە هەر شێوەیەك بێ، گرتنەوە و فەتحی ئەستەمبووڵ لە لایەن کوردەکانەوە دەبینین. ئەم چیرۆکی سەرژمێرە، وەکو کات، سەدان ساڵی خایاندووە، لە خوارەوە وەك مێژوو هەوڵ دەدەم بە کورتی رایانبگەیەنم، هێرشی کوردان بۆ ناو ئەستەمبووڵ وەکو لەمەودوا دەبینین وا بە ئاسانی نەکراوە. ئەو کوردانەی لەو کوردستانەوە بۆ ئەستەمبووڵ کۆچ دەکەن کە، دەستکورتی، بێکاری، پەشێوی و ئاڵۆزیی سیاسی دەستی بەسەردا گرتووە. ئەمجارەیان لێرە لە ئەستەمبووڵ رووبەڕووی گیروگرفتی دیکەو نوێ دەبنەوە. تا دوارادە زەحمەتە هەر لە ئێستاوە بڕیاری ئەوە بدرێ دۆزی ((بە کورد بوونی)) ئەستەمبووڵ، یانیش بە ((ئەستەمبووڵی)) بوونی کورد لە داهاتوودا چ شێوەیەکی دەبێ. دەکرێ هەندێك گرفتی کەسایەتی، یان شێوەی کەسایەتیی نوێ لەمەودوا کە دەردەکەوێ بەرێنینەوە، بەڵام ئەوەی دیارە ئەوەیە کە ئەم شارە گەورەیە، بەتایبەتی لەمەیدانی ژیانی کولتووریی بەر لە سەدان ساڵ و وەکو ئێستا لە داهاتووشدا لە گۆشەنیگای کوردەکانەوە ئەرکێکی بە بایەخ لە ئەستۆ دەگرێ. چونکە ئەستەمبووڵ بووەتە شاری کولتوورێکی گشتگیر و بووەتە مەڵبەندێکی گرنگی کۆبوونەوەی کولتوورەکان. ئەم پێکهاتە کۆسمۆپۆلیت و رەگەز جیاوازەی ئەستەمبووڵ بە پێچەوانەی خەیاڵپلاوی ئامانجەکانی بزووتنەوە تۆتالیتارییەکانە کە لە مەیدانی مەبەستی پێگەیاندنی مرۆڤی تاك نموونەدا هەیەتی. تەنانەت سوڵتان محەمەدی فاتیح-ی داگیرکەری ئەستەمبووڵیش لە ساڵی (١٤٥٣)دا پێی نەکراوە پێ دەست لە کولتووری خاوەنە کۆنەکانی ئەستەمبووڵ بدا.

Geçer Solgun giysili Kızlar

Kürtçe bir şeyler konuşur

Köşe başlarında delikanlılar.

...

Yüz yaşında bir hamal

Yüz kiloyla didişir

Minnacık oğlanlar

Çöplükte küfürleşir.

لە سەردەمی (سوڵتان محەممەدی فاتیح) دا، ئەستەمبووڵ بەسەر چوار (قازیەتی) دابەشکراوە. یەکیان (ئەییووب)ە کە مەڵبەندی قەزای (خاسلەر) پێکدەهێنێ. بەم هۆیەوە، ئەم مەڵبەندە (قازیەتیی خاسلەر)یشی پێ دەگوترا. سەدان گوندی بەسەرەوە بووە، بە پێی بەڵگە مێژوویەکان، هەندێك لە کوردەکان رێك (٥٠٠) ساڵ لەمەوبەر بۆ ئەم قەزا دوورە، دەشتەکییەی ئەستەمبووڵ دوور خراونەتەوە.

بە پێی دەفتەری تۆماری ساڵی (١٤٩٨)ی قەزای (خاسلەر) لەبەری ئەورووپای ئەستەمبووڵدا، لەناو سنووری ویلایەتەکەدا دامەزرانی سێ گوندی کوردمان بەرچاو دەکەوێت. ئەم سێ دێیە کە ناویان: دانشمەندلو، دەپەویران و نیشیقلی - یە و ئەوە روون کراوەتەوە کە ئەو کوردانەی لەم گوندانەدا بوون، بۆ ئێرە دوور خراونەتەوە و هەروەها خەریکی بازرگانی بوون.

ژمارەی ئەم کوردانەی لەم گوندانەدا بوون گەییوەتە (٣٨٢) کەس. لەمانە ژمارەیان لە نیوە نزیك بکرێتەوە (١٦٣) یان ئافرەتن، گەورەترینی ئەم گوندانە (دانشمەندلو)ە. دەفتەری تۆماری ساڵی (١٤٩٨)ی قەزای (خاسلەر) لە بارەی گوندەکەوە دەڵێ: ((کوردن، لەو بەرەوە، لە گۆلی (ئەعیان)ـەوە دوور خراونەتەوە، جووتیاری ناکەن و بازرگانی دەکەن، لە کێڵگەکانەوە هیچ بەروبورمێکیان بە دەستەوە نییە)).

لەبارەی (دەپەویران)ی گوندی دووەمەوە، هەر لەو بەڵگەنامەیەدا ئەم روون کردنەوانە جێیان گرتووەتەوە: ((کوردن، لەو گوندەی ئەنادۆڵەوە دوور خراونەتەوە کەناوی (دۆکورجون) بووە)). لە بارەی گوندی نیشیقلی- ی سێیەمیشیانەوە ئەم روون کردنەوەیە بەخۆوە دەگرێ: ((کوردن، لە (ئابی سرفییە)وە دوور خراونەتەوە)). ئەم کوردانەی لەم خاکەدا نیشتەجێ کراون دەتوانین بە دیلی دوورخراوەیان دابنێین. ئەو کەسەی بۆ یەکەمجار لە بارەی ئەم گوندە کوردانەوە کە لە ئەستەمبووڵدان ئاگاداری کردینەوە، پرۆفیسۆر عومەر لوتفی بەرکان - ی ئەندامی پەروەردەی کۆلێژی ئابووریی زانکۆی ئەستەمبووڵ بوو، ساڵی (١٩٣٩) لە گۆڤاری کۆلێژی ئابووریدا وتارێکی بەناوی - شێوەکانی ئۆرگانیزیۆنی (رێکخستنی) کرێکارانی خاك (کشتوکاڵ) لە سەدەی (١٥-١٦)ی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا- ی بڵاوکردەوە و لە بارەی تەنیا دوو گوندی ئەم کوردانەوە کە (دانشمەندلو و نیشیقلی)ن چەند روون کردنەوەیەکی کورتی خستووەتەڕوو و

بازی بەسەر گوندی سێیەمی (دەپەویران)دا دابوو، نەک تەنیا ئەم گوندە، بەڵکو باسی هەندێک گوندی موسڵمانی دیکەشی لە لێکۆڵینەوەکەیدا بە بەرچاوەوە نەگرتووە. دوای نزیکەی (٦٠) ساڵ ئەمجارە پرۆفیسۆر ستیفان یەراسیمۆس کە یەکێکە لە لێکۆڵەرەوەکانی ئەنستیتووی فەرەنسیی لێکۆڵینەوەکانی ئەنادۆڵ. ساڵی ١٩٩٨، لەو لێکۆڵینەوەیەیدا کە بەناوی (قەزای خاسلەر لە کۆتاییەکانی سەدەی پانزدەهەمدا) وەی نووسیوە، سەر لە نوێ دەفتەری تۆماری ساڵی (١٤٩٨)ی کە لە بارەی قەزای خاسلەر- ەوەیە بە بەرچاوەوە گرتووە. ستیفان یەراسیمۆس کە لەبەر رۆشنایی زانستە دیموگرافییەکاندا لێکدانەوەکەی کردووە، وردەکاری و زانستیی رێکوپێکتری لەبارەی (١٨٠) گوندو کۆمەڵەوە کە لە دەفتەرەکەدا جێیان بووەتەوە بە خوێنەران رادەگەیەنێ، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەندێک زانیاریی روونکەرەوە لەبارەی سەرژمێری ئەو کوردانەوە کە لەم سێ گوندە باس لێوەکراوانەدا ژیاون بەمجۆرە ریزکراون:

١. ژمارەی کرێکاری پیاوی پێگەییو.

٢. ژمارەی پێگەییوان کە باجیان لێ وەرگیراوە.

٣. ژمارەی تێکڕای کرێکاری پیاو.

٤. ژمارەی کرێکاری ئافرەتی پێگەییو.

٥. ژمارەی تێکڕای کرێکاری ئافرەت.

٦. ژمارەی تێکڕای کرێکار.

	١	٢	٣	٤	٥	٦
گوندی دانشمەنلو	٥٨	٥٨	١٠٣	٥١	٦٧	١٧٠
گوندی دەپەویران	٢٩	٢٩	٢٨	٢٨	٤٦	١٠٧
گوندی ئیشیقلی	٣٣	٣٢	٣١	٣١	٥٠	١٠٥
کۆی گشتی	١٢٠	٢١٩	١٦٢	١١٠	١٦٣	٣٨٢

بەجۆرە لە سایەی ئەم دوو لێکۆڵینەوەیەی عومەر لوتفی بارقان و ستیفان یەراسیمۆس - ە، یەك لە ئەڵقە کۆن و گرنگەکانی کۆچی کوردان بەرەو ئەستەمبووڵ روون دەبێتەوە. لە بارەی هۆیەکانی دوور خستنەوەی ئەم (٣٨٢) کوردەوە بۆ ئەستەمبووڵ و نیشتەجێ بوونیان لە نزیك ئەستەمبووڵەوە و بە تەواوی زانینی ئەو شوێنەی لێی هاتوون و بەسەرهاتی دواتریان و وردە زانیاریی دیکەیان لەبەر دەستدا نییە. لەو سەرژمێرەدا کە لە سەدەی (١٥)دا، واتە لە ساڵی (١٤٩٨)دا ئەنجام دراوە و بە (٣٨٢) کورد سەرژمێر کراون هێشتا بە تەواوی نەزانراوە کەی هاتوونەتە ئەستەمبووڵ. لەم بارەیەوە ستیفان یەراسیمۆس ئەم روونکردنەوەیە دەدا: ((دەتوانین بڵێین بە تایبەتی نیشتەجێ کردن لە دەوروبەری ئەستەمبووڵدا یەکسەر دوای گرتنی ئەستەمبووڵ، تەنانەت بەر لە نیشتەجێ کردنی خەڵکی بە فراوانی لەناو ئەستەمبووڵیشدا دەستی پێ کردووە. بۆ نیشتەجێ کردن، سەرەتا دیلەکانی جەنگ بەکارهێنراون. بەجۆرە بۆ بووژاندنەوەی ئەو زەوییانەی بێ خاوەن و بێ بەروبووم ماونەتەوە. پەیدابوونی کەرستەی مرۆڤ، کە لە سەردەمی جەنگ و هەراکاندا بەدەست دەکەوتن، کاری بەکارهێنانی ئەو کۆمەڵە ناچارانەی مرۆڤە، هاتووەتە گۆڕێ.

ئەو زەوییانەی (تەرکۆس) و دەوروبەری کە سەر بە وەقفی سوڵتان محەمەدی فاتیح-ە، دیارە ناوە ناوە لە لایەن کوردەکانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە. لەم بابەتەدا هەندێك رێکخستنی یاسایی بۆ کراوە. لەو بەڵگەنامەیەدا کە لە سەدەی هەژدەدا بەناوی ((حوکمێك لە بارەی تازەکردنەوەی حوکمی پێش لێ گرتنی (قەدەغەکردنی) ئەو دەستدرێژییانەی لە دیوار و هەرچییەکی دیکەی تایبەت بە ئاژەڵ و زەویی ئازادی ناو ناغەڵی کۆشکدا هەیە، لە تەرکۆس)) باسی کوردیشی تێدایە.

هەروەها گەلێك بەساڵداچووش هەن باسی زۆر لەمێژە هاتنی کورد بۆ ئەستەمبووڵ دەگێڕنەوە، یەك لەمانەی ئەم باسە سەر زارەکییە دەگێڕنەوە، لە ناوچەی (شەهرەمینی — شەهرئەمینی) دا بینیم (تەوفیق چابالار)ە. بە پێی قسەی دایکی کە کوردی مەلاتییەیە، کوردەکان سێ سەد ساڵ لەمەوبەر لەم ناوە نیشتەجێ بوون و گوایە بە مانگا بەخێوکردن گوزەرانیان دابین کردووە. هەندێك لەو کوردانەی لە کۆڵانەکانی (نەجەف) و (گایە)ی (شەهرەمینی) دا نیشتەجێ بوون، لێرە لە دایك بوون و گەورەبوون. پێشتر ناوی کۆڵانی (گایە) لە رابەرەکانی شاردا و لە

تۆمارەکانیدا بە کۆڵانی کوردەکان تۆمار کراوە. ئەم ناوە دواتر گۆڕاوە و ناوی گایەی وەرگرتووە. لە شەهرەمینیدا کوردێکی زۆری مەلاتییەیی هەر لە کۆنەوە نیشتەجێ بوون و ماونەتەوە. کوردەکانی (عەرەبگیر)یش زۆرینەن.

پێشەنگەکانی ئەوانەی هاتوونەتە ئەستەمبووڵ

دوای ئەوەی ساڵی (١٤٥٣) ئەستەمبووڵ لە لایەن سوڵتان محەممەدی فاتیحەوە گیراوە، بونیادی دیمۆگرافیکی ئەم شارە مێژووییە تەواوێك گۆڕاوە، راستتریش ئەوەیە، زانایانە گۆڕاوە. لە سەرەتادا زۆرینەی زۆری دانیشتووانی شار دیانەکان پێکیانهێناوە. دوای ئەوەی سوڵتان محەممەدی فاتیح ئەوێی گرتووە، کردەوەی بە موسڵمان کردنی شار گورجتر راپەڕێنراوە. کۆچکردنی خەڵکی لە هەر لایەکی ئەنادۆڵەوە بەرچاو دەکەوێ، لەم بارەیەوە فەرمان و یاسا گەلێك دەردەکرێت. بەرە بەرە سەرژمێری شار پتر دەبێ. بەمجۆرە، ئەستەمبووڵ شێوەی شارێکی فرە نەتەوە وەردەگرێ. فرە کولتووری دەبێتە یەکێك لە تایبەتمەندییە هەرە دیارەکانی شار. رۆم، ئەرمەن، جوو، تورك، ئەرنائووت (ئەلبانی)، عەرەب، چەرکەس، ئێرانی و کورد، ئەو کۆمەڵە ئەتنیکییە سەرەکییانە پێکدەهێنن کە لە ئەستەمبووڵدا دەژین. بیروباوەڕ و کولتوور دەست بە زۆربوونەوە دەکەن و دەخرێنە ژێر چاودێریی دەوڵەتەوە.

بەر لە گرتنی ئەستەمبووڵ، هیچ زانیارییەکمان بە دەستەوە نییە. لەم بارەیەوە چاوگێڕان بەو کتێبە شیعرەی (گونار ئەکەلۆف)ی شاعیری سویدی-یەدا کە ساڵی (١٩٦٥) نووسیویەتی سوود بەخشە. لەم کتێبەدا کە بە ناوی (دیوانێك لە بارەی میری ئەمگیۆن-ەوە)یە، چیرۆکی بەگزادەیەکی کوردی تێدایە، لە جەنگی ساڵی (١٠٧١)ی لای شاری (مەلازگرد)[*٢]دا لە لایەن بیزەنتییەکانەوە بە دیل گیراوە و دواتر هێنراوەتە ئەستەمبووڵ. ئەم بەگزادە کوردە، چوار پێنج

[*٢] ئەو جەنگەیە لە نێوان سەلجووقییەکان و بیزەنتییەکاندا بووە و تێکشکانی لەشکری بیزەنتی بۆ یەکەمجار تورکی سەلجووقی لە سنووری خۆرهەڵاتی تورکیای ئێستاوە چوونەتە ناوەوە..

ئەم رووداوە نێرە نموونەیەکی دیکەی وەك سووتەمەنی بەکارهێنانی کوردە، بێ ئەوەی بەرژەوەندییەکی بۆ خۆی تێدابێ، یان کەس منەتی پێی بێ و... تەنانەت بێ ئەوەی هەر ناویشی بهێنرێ (وەگێڕ).

ساڵ لە زیندانی (قلاچێرنە)ی ئەستەمبوولدا بە دیلی دەمێنێتەوە. ئەشکەنجەیەکی زۆر دەچێژێ. بەر لە ئازاد کردنی، چاوەکانی هەڵدەکۆڵرێ. لەگەڵ ئافرەتێکی (کیژ)دا بەرەو (وان)ی شاری خۆیان بەرێ دەکەوێ. دوای ئەم بەدکارییانە، بەگزادەی کورد بە دەم وریێنە کردنەوە هەر دەڵێ: ((جارێکی دی، هەرگیز .. کۆنستانتینۆپڵ!)) و نەفرەت بەسەر ئەستەمبوولدا دەبارێنێ. بەڵێ ئەم سەفەرەی ئەستەمبوولی بەگزادەی کورد بۆ یەکەم جار بە هاوڕێیەتیی شیعر سەرنجمان بۆ بابەتی بیزەنتی و کۆنستانتینۆپل و کورد رادەکێشێ. گوننار ئەکەلۆف بۆ ئەوەی شێوەی کۆتایی بە دیوانەکەی ببەخشێ، بەهاری (۱۹٦٥) هاتووەتە ئەستەمبوول و لە هەندێك شوێنی مێژوویی هەر لە جێی خۆیدا کۆڵیوەتەوە.

کۆچی کورد رووەو ئەستەمبوول هەر لە (١٤٥٣)ی ساڵی گرتنییەوە هەمیشە درێژەی بووە و لە شێوەی شەپۆلدا تا ئەمڕۆمان بەردەوام بووە. دوای (١٤٥٣)ی ساڵی گرتنی ئەستەمبوول لەلایەنسوڵتان محەممەدی فاتیح-ەوە، وەك لەسەرەوە باسمانکرد، کۆچی موسڵمانان بەرەو ئەم شارە، زانایانە پەرەی پێ دراوە. لەناو گرووپەکانی ئەم موسڵمانانەدا کوردیش هەن. دوای ئەوەی سوڵتان محەممەدی فاتیح ئێرەی بە دەست خست، ژمارەی ئەو کوردانەی تاك تاك یان لە شێوەی گرووپدا هاتوونەتە ئەستەمبوول رۆژ بە رۆژ دەست بە پتر بوون دەکا.

بە پێی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەکاندا جێیان گرتووەتەوە، یەك لەوانەی لە پێشەنگەکانی ئەو کوردانە بووە کە هاتوونەتە ئەستەمبوول، (مەلا گۆرانی)یە کە بە مامۆستای فاتیح (سوڵتان محەممەدی فاتیح- وەرگێڕ) دەژمێررێ. مەلا گۆرانی ساڵی (١٤١٠) لە ناوچەی شارەزووری عێراقدا هاتووەتە جیهان. لە شارە گەورەکانی وەکو: بەغدا، شام، قودس و قاهیرەدا ماوەتەوە و لەو ناوانەیدا خوێندووە.

مەلا گۆرانی کە بە شیهابوددین ئەحمەد و جار نا جاریش بە ئەحمەدی گۆرانی ناسراوە. لەسەر داوای سوڵتان موورادی دووەم، ساڵی (١٤٤١) دێتە ئەنادۆڵ و ساڵی (١٤٤٢) لەمەدرەسەکانی[٥٣] شاری (بورسە) دەست بەکار کردن دەکا. ساڵی (١٤٤٣) دەبێتە

---

[٥٣] مەدرەسە: ئەو مزگەوتانەی خوێندنی ئاینییان تێدا ئەنجام دراوە (وەرگێڕ).

مامۆستای سوڵتان موحەممەدی فاتیح کە ئەوسا لە (مانیسە) بووە. لەسەردەمی گرتنی ئەستەمبووڵدا مەلا گۆرانی تێکەڵ بەو یەکە سەربازییانە بووە کە لە (ئەدرنە)وە بەرەو ئەستەمبووڵ چوون، تەنانەت بیرۆکەی گرتنی ئەستەمبووڵ بۆ یەکەمجار لە لایەن ئەمەوە بە سوڵتان راگەیەنراوە و لەم بارەیەوە قسەی ئەوتۆ هەیە، گوایە مەلا گۆرانی، یەك لەو کەسانە بووە، گرتنی ئەستەمبووڵیان بە سوڵتان سەلماندووە. دوای ئەوەی ئەستەمبووڵ دەگیرێ، مەلا گۆرانی لە (قازییەتیی عەسکەری) دادەمەزرێ. دواتر ماوەیەك لە بورسە فرمانی پێ دەدرێ. لەوێوە دەچێتە قودس. دووبارە دەچێتەوە ئەستەمبووڵ، گۆرانی کە شوێنی زۆر گەڕاوە، لە (١٤٨٠) دا کراوەتە شەیخولئیسلام، دوای ساڵێك، سوڵتان محەممەدی فاتیح کە قوتابیی بووە، کۆچی دوایی دەکا. مەلا گۆرانی، ئەم کارەی (شەیخولئیسلامەتییە)ی تا ساڵی (١٤٨٨) بەڕێوە بردووەو هەر لەو ساڵەدا کۆچی دوایی کردووە.

لە هەموو سەرچاوەکاندا مەلا گۆرانی بە کەسێکی خێرخواز ناسراوە. مزگەوتێکی زۆر، مەدرەسە و دامەزراوەی خێرخوازیی کردووەتەوە، هەندێك لەمانە لە توانایاندا بووە تا ئەم سەردەمەی دوایییانەدا بینن. ناوی مەلا گۆرانی بە هەندێ لەم دامەزراوانەی لە ئەستەمبووڵدان و بەشوێنەکانیان دراوە. لە ئەستەمبووڵ مزگەوت (جامیع)، نوێژگا (مەسجید)، گەڕەك، شەقام و کاروانسەرامان بەرچاو دەکەوێ، ناوی مەلا گۆرانییان پێوەیە. لە کۆنەوە خانی مەلا گۆرانی و مەدرەسەی مەلا گۆرانی لە ناوچەی (تەمیشوێنو) دا هەبووە. شەقامی مەلا گۆرانی و گۆڕی مەلا گۆرانی لە (فندقزادە) دایە و مزگەوتی کەنیسەی وەفا کە لە (وەفا) دایە هەر ئەو مزگەوتەیە کە بە مزگەوتی مەلا گۆرانی دەناسرێ. بە لای (ئەکرەم حەققی ئایڤێردی)یەوە ئەو شوێنانەی ناوی نوێژگەی مەلا گۆرانی و گەڕەکی مەلا گۆرانی-یان لێ نراوە، دوای سەردەمی فاتیح هاتوونەتە ناو مێژووەوە. مەلا گۆرانی لە سەردەمی پاشایەتیی سێ سوڵتان (مورادی دووەم، سوڵتان فاتیح، سوڵتان یاوز سەلیم) داو لە سێ پایتەختی گەورەی (بورسە، ئەدرنە، ئەستەمبووڵ)دا ژیاوە. لەو روانگەیەوە بایەخ بەدەست دەهێنێ، کە یەکێکە لەو کوردانەی بۆ جاری یەکەم پێیان ناوەتە سەر خاکی ئەستەمبووڵەوە. مەلا گۆران-یەنکە دەیان کتێبی داناوە. وەکی تریش نووسەرێکی بەناوبانگی سەردەمی خۆی بووە. یەك لەوانەی بۆ یەکەمجار کورد بوونی رەسەنی ئەتنیکیی مەلا گۆرانی-ی روون کردووەتەوە، ف. بابنگەر-ی مێژوونووسی فەرەنسییە کە لە بارەی مێژووی عوسمانییەوە کۆمەڵە توێژینەوەیەکی هەیە. تا ئێستا لە بارەی

مەلا گۆرانییەوە لێوردبوونەوەیەکی زۆری جیا جیاو توێژینەوە ئەنجام دراوە. یەك لەمانە لە لایەن ئەحمەد ئاتەش-ەوە ئامادەکراوە و لە ئەنسکلۆپیدیای ئیسلامدا بلاوکراوەتەوە. لە چاپە نوێیە ئینگلیزییەکەی ئەم ئەنسکلۆپیدیایەدا هەر ئەو بابەتە ئەمجارەیان لە لایەن ژ.ر. والش-ەوە چاوی پێداگێڕاوەتەوە و سەر لە نوێ نووسراوەتەوە. لەبارەی مەلای گۆرانی و بەرهەمەکانییەوە نامەیەکی دوکتۆرا هەیە کە، د.ساقب یلدز ئامادەی کردووە. هەروەها بەر لەوەی لێکۆڵینەوەی مەلا گۆرانی و لێکدانەوە (تەفسیر)ی قورئانی پیرۆز-ەکەی ساقب یلدز لە شێوەی کتێبێکدا بلاوبکرێتەوە، لێکۆڵینەوەیەکی دیکەی کە پەیوەندیی هەر بەم بابەتەوە هەیە، لە گۆڤارێکدا بلاوکرابوەوە. جگە لەمە، ئەو باسانەی (سائیمە ئاك گوین) لە بارەی مەلا گۆرانی-یەوە و ئەوەی (ناجی قەرەدەنز) کە لە بابەت گۆڕەکانی مەدرەسەی مەلا گۆرانی-یەوەی نووسیوە، دوو تێزی دەرچوونن پێشکەش بە زانکۆی ئەستەمبوڵ کراون(٩).

ئەبو سسوعوود ئەفەندی (١٤٩١-١٥٧٥) یەکێکە لەو کوردانەی کە ساڵانێکی دوور- درێژ لە سەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانوونی و سوڵتان سەلیمی دووەمدا شەیخولئیسلامەتیی کردووە.

9- Ahmed Ateş, Molla Gürani, İslam Ansiklopedisi, Cilt: 8, İstanbul, Dördüncü baskı, 1987, s. 406-408. J.R. Walsh, molla Gurani, The Encyclopaedia of İslam (New edition, vol. 11, 1965). F. Babinger, Mehmed der Eroberer und seine Zeit, 1953, s. 518. Sakıp yıldız, Molla Gürani ve İastanbul Fethindeki Rolü, Atatürk Üniversitesi İslami İlimler fakültesi Dergisi, no 3, 1979. Sakıp yıldız, Fatih'in Hocası Molla Gürani ve Tefsiri, İstanbul, Sahaflar kitap Sarayı yayınları: 5, yayın yılı burada belirtilmemiş. Saime Akgün, Molla Gürani, İstanbul Üniversitesi Edebiyat Fakültesi Tarih Bölümü Mezuniyet Tezi. Tez no 4409. Naci Karadeniz, Molla Gürani Medresesi Mezarları,= Molla Gürani, Cerrah Mehmed Paşa, Haseki Sultan ve Bayram Paşa ile nakşibendi medresesi mezarları. İstanbul, Üniversitesi Edebiyat Fakültesi Mezuniyet Tezi. Tez no 4147. 1965-66.

ئەبوسسوعوود ئەفەندی کە لە گوندی موددەرریس-ی دەورووبەری ئەستەمبوولدا لە دایك بووە، کوڕی زاتێکە ناوی شێخ موحیێددین مستەفا بووە. بنەماڵەکەی لە (ئامێدی)یەوە، کە یەکێکە لە شارە کۆنەکانی باشووری کوردستان، کۆچی بۆ ئەستەمبوول کردووە، بەم هۆیەوە لە سەرچاوەکاندا بە ناوی ئەبو سسوعوود عەمادی-یەوە ناسراوە. ئەبوسسوعوود ئەفەندی لە ئەستەمبوول لە مەدرەسەکانی داود پاشاو مەحموود پاشادا کار دەکا. دواتر دوای ئەوەی لە ئەستەمبوول و شوێنانی دی قازییەتی دەکا. ساڵی (١٥٤٥) بە شەیخولئیسلام دادەمەزرێ. ئەبوسسوعوود ئەفەندی یەکێکە لەو پیاوە ئایینییە کوردانەی بیست و حەوت ساڵی رێك شەیخولئیسلامەتیی کردووە، کاتێك لە تەمەنی هەشتاو چوار ساڵیدا کۆچی دوایی دەکا، لە تەك ئەو تورتابخانەیەیدا دەنێژرێ کە لە (ئەییووب)دا بە دروستکردنی داوە. لەلایەکی دییەوە ئەبوسسوعوود ئەفەندی بە زمانی جیا جیا کتێبی ئایینی و شیعری نووسیوەتەوە. شەقامێکی ناسراوی ئەستەمبوول کە لە نێوانی ناوچەی (سرکەجی)و (سولتان ئەحمەد) دایە، ناوی ئەوی لێ نراوە. بە پێی بۆچوونی ئیبراهیم عەلائەددین گۆڤسا، لە (توپسلوپپ) مزگەوتێك و لە ئەستەمبوولیشدا حەمامێك هەیە، بەناوی ئەوەوە دروست کراون.

یەکێکی دیی ئەو کوردانەی لە سەرەتاکاندا هاتوونەتە ئەستەمبوول ئیدریسی بتلیسی-یە (١٤٥٢-١٥٢٠). بنەماڵەی ئیدریسی بتلیسی کە بە یەك لە پیاوانی دەولەت و بە مێژوونووس ناسراوە، ماوەیەکی زۆر لە تەورێز (تەبریز) ماوەتەوە، کوڕی شێخ حیسامووددین بەگی بتلیسی- یە. دوای مردنی باوکی تەورێز بەجێ دەهێڵێ و ساڵی (١٤٩١) دێتە ئەستەمبوول و تێیدا نیشتەجێ دەبێ. لە سەر تکای سولتان بایەزیدی دووەم (١٤١٨-١٥١٢) بۆ نووسینی مێژووی عوسمانی. کتێبی (هەشت بە هەشت)ی ئامادە دەکار دەبێتە هۆی ئەوەی ناوبانگێکی گەورە بە دەست بهێنێت. دواتر کە یاوز سولتان سەلیم (١٤٦٧-١٥٢٠) دەچێتە سەر تەختی سولتانییەتی، لەو سەردەمەدا تەنگژە دەکەوێتە پەیوەندییەکانی ئێران-عوسمانی، بەناوی کوردانەوە دێتە لای عوسمانییان. بەجۆرە ئەو پەیوەندییانەی نێوان ئیدریسی بتلیسی و سەرادا پتر پەرە دەستێنێ. ئیدریسی بتلیسی کە لە ساڵی (١٥٢٠)ی ساڵی مردنی یاوز سولتان سەلیم-دا مردووە، لە باخچەی نوێژگا (مەسجید)ێکدا، لە نزیك ئەو کۆشکەیدا کە

هەر بە ناوی خۆیەوە لەگەڵ چەشمەیەکدا[*] لە (ئەییووب)دا دروستی کردبوون و لە تەك زمینەب خاتوونی هاوسەریدا دەنێژری[10].. هەر چەند ئیدریسی بتلیسی وەك کەسایەتییەکی سیاسی لە خۆی دەدوێ؛ ئەو پتر وەکو مێژوونووسێك دەناسرێ. بەشدارییەکی زۆری لە نووسینی مێژووی عوسمانیدا کردووە. ئەگەر ئەو نووسینانەی بە عەرەبی و فارسی و تورکی نووسیونی و لە بارەی بابەتی جیا جیاوە دەیان دانراوی بە بەرچاوەوە بگرێن و پێویست بەوە بکا بە زمانی سەردەم بدوێین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ؛ ئیدریسی بتلیسی، زانایەکی ئەو سەردەمە بووە.

ئیدریسی بتلیسی کە ساڵی ١٥٢٠ کۆچی دوایی کردووە لە ئەییووب دادەنیشت. لێرەدا بەناوی کۆشکی ئیدریسی-یەوە کۆشکێکی دروست کردبوو، لەم سەردەمەی ئێستاماندا شەقامێك و گەڕەکێکی ناوچەی ئەییووب هەر بەم ناوەوە دەناسرێ. لە تەك شەقامی کۆشکی ئیدریسدا بە ناوی کۆڵانی ئیدریس-ەوە کۆڵانێکی لێیە. لە سەرچاوەکاندا باس لە قوتابخانەی ئیدریسی بتلیسی و مزگەوتی ئیدریسی بتلیسی-ش کراوە. چەشمەی (ڕایەت کەشان خەلیفە)ی سەر شەقامی کۆشکی ئیدریس لە لایەن ئیدریسی بتلیسی-یەوە دروست کراوە. لەبەر ئەوەی ساڵی ١٨٦٨ لە لایەن خەڵفە رایەت کەشان - ەوە نۆژەن کراوەتەوە، ئێستا بەم ناوەوە دەناسرێ. لە نووسراوێکدا کە لەسەر چەشمەکەدا چەسپێنراوە، ئەوە روون کراوەتەوە کە لە سەدەی (١٦)دا لە لایەن ئیدریسی بتلیسییەوە دروست کراوە. لە کتێبی (ئەییووب سوڵتان، قاوەخانەی لۆتی و

---

[*] چەشمە: حەوزێکی داپۆشراوە، بەلوولەیە (بۆڕیی ئاو)ی بە دەوردایە، بۆ دەستنوێژ هەڵگرتن و دەموچاو شۆردنی ڕێگوزاران، لە ناو مزگەوت و سەرە ڕێیاندا بە ئەندازەی ڕازاوە و جوان دروست دەکرێ .. (وەرگێڕ).

10- F. Babinger, Die Geschichtschreiber der Osmanen und ihre Werke, leipzig, 1927. Mehmed Chükri (şükri), Das Heyş Bihişt des idris Bitlisi- I. Teil: von den Anfangen biz zum Tode Orhans. Der Islam xıx, 1931. Hasan Tavakkoli, İdris Bitlisi'nin "Kanun-i şahenşahi" sinin Tenkidi, Neşri ve Türkçeye Çevirisi, basılmamış doktora tezi, IÜEF Tarih Bölümü, 1974. Mehmed Bayrakdar, Bitlisli İdris, Ankara, 1991.

دەروویەری)ی م.مەسعوود کۆمان لە بابەتی ئیدریسی بتلیسیدا دەڵێ: ((کە لە بەردەمی چەشمەی گویویش سویو- دا بە ڕێگاماندا بەردەوام بووین، بە دەستەچەپدا لەسەر بەنداردا ئیدریسی بتلیسی نێژراوە. لە پشت هەر ئەو بەنداوەدا ئەو مزگەوتە منارە کورتەی کە دەبینرێ هی زەینەب خاتوونی هاوسەری ئەم زاتەیە و بەهۆی نۆژەنکاریی جۆراوجۆرەوە تایبەتمەندییەکانی لە دەست داوە. بە خۆشی لەسەر ئەو بەنداوەدا نێژراوە کە هەر لەو ریزەدایە. ئەم بەنداو و بەریەستانە لە لایەن ئیدریسی بتلیسییەوە توندو پتەو کراونەتەوەو رێ لە رمان و داتەپینی خۆڵ گیراوە. هەر بە پێی ئەم سەرچاوەیە ئەییووب بە ناوی زەینەب خاتوونی هاوسەری ئیدریسی بتلیسییەوە چەشمەیەك و نوێژگایەکی لێ دروست کراوە. ئیدریسی بتلیسی نزیکەی بیست کتێبی داناوە، گرنگترینی ئەمانە ئەو لێکۆڵینەوە مێژوویییەتی کە بەناوی (هەشت بە هەشت)ەوە لە بارەی مێژووی دەوڵەتی عوسمانییەوە ئامادەی کردووە. هەندێك زانیاریی بیۆگرافی لە بارەی هەشت سوڵتانی یەکەمی دەوڵەتی عوسمانییەوە بە زمانێکی ئەدەبی لەم کتێبەدا تۆمار کراوە کە گەلێك روونووسی هەیە. هەندێك لە بەشەکانی ئەم کتێبەی وا بە فارسی نووسراوە، بۆ زمانی تورکیی عوسمانی وەرگێڕاوە. ئەم کتێبەی (هەشت بە هەشت)ە، کە یەکێکە لەو کتێبانەی بە دانسقە دەژمێررێن، روونووسێکی لە کتێبخانەی زانکۆی ئۆپسالای سویددایە. وەرگێڕانە عوسمانییەکەی، هەندێك لە بەشەکانی ئەم کتێبە مێژووییە، لە بەشی دەستنووسەکانی خۆرهەڵاتیی کتێبخانەی میللیی سوێددا تۆمار کراوە. ئەم کتێبە بە شێوەیەکی زۆر چاك پارێزراوە و بە بەرگی رەنگا و رەنگ بەرگ کراوە، لەو دەمەدا کە لێکۆڵینەوەیەکم لە بارەی پەیوەندییەکانی سوێد- کوردەوە ئامادە دەکرد لە سوێد، بۆم لواو بە بینینی ئەم کتێبە و وەرگێڕانە عوسمانییەکەی شادبووم. شەرەفخان کە یەکێکە لەو زانا کوردانەی بۆ یەکەمجار مێژووی کوردی نووسیوەتەوە، لە بارەی کتێبی هەشت بە هەشتی ئیدریسی بتلیسییەوە دەڵێ: ((..ئەم کتێبە لە جوانیی گوفتاردا، لە رەوانبێژیی دارشتنی رستەدا، بە پێشەکییە رەوان و درەوشاوەکەیدا تا بەرزترین پلە نرخدارە، دەتوانین بڵێین ئەمە لە جوانی و رێکوپێکیدا کتێبێکی بێ وێنەیە)). لە رێی شەرفنامەوە ئەوە تێدەگەین کە ئیدریسی بتلیسی، لەسەر داواکردنی یاوز سوڵتان سەلیم کتێبی مێژوویی (سەلیمنامە)ی نووسیوە، هەروەها شیعریشی داناوە. ئەمجا ئیدریسی بتلیسی، وەك شاعیرێك بەرەو روومان دەبێتەوە، یەك لەوانەی نووسەرایەتیی ئیدریسی بتلیسی بە بایەخدار دەزانێ: ف. بابنگەر- ە. هەندێك

لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە بارەی کتێبەکانی ئیدریسی بتلیسییەوە کراوە. محەممەد شوکری بە ئەڵمانی لێکۆڵینەوەیەکی لە بارەی هەشت بە هەشتەوە هەیە. حەسەن تەڤەنکۆللی ساڵی ١٩٧٤ لە بارەی ئیدریسی بتلیسی و کتێبی ((شاهەنشای قانوونی))یەوە تێزێکی دوکتۆرای ئامادە کردووە. بۆ دواجاریش لە بارەی ئیدریسی بتلیسییەوە کارێکی بیۆگرافیك لە لایەن محەمەد بەیراقدارەوە بە تورکی بڵاوکراوەتەوە.

بابەتێکی بە بایەخی دیکەش ڕووداوی بە خنکان (مردنی) دوو نەوەی ئیدریسی بتلیسییەوە لە ناوچەی غەڵەتەی ئەستەمبووڵدا. ئەمانە منداڵی ئەبولفەزڵ محەممەد ئەفەندیی کوڕی ئیدریسی بوون. شەرەفخانی مێژوونووسی کوردی بەناوبانگ، لە کتێبی شەرەفنامەدا ئەم بابەتەی هەندێك ڕوون کردووەتەوە: ((ئەبولفەزڵ ئەفەندیی کوڕی مەولانا ئیدریسی تا دوا پلە پایە بەرزو ژیر بوو. لە سەردەمی سوڵتان سولەیمان خان - دا پایەی دەفتەرداریی[٥*] ڕوومێلی- دا[٦*] بووە و ماوەیەکی زۆر لەوێ ماوەتەوە. دوو کوڕی هەڵبژاردەی هەبوو، بەڵام بەر لەوەی پێبگەن لە میوە و بەری هەردوو ئەم هەڵبژاردانە بێبەش بوو. ڕۆژێکیان لەگەڵ هەردوو کوڕەکەی سواری کەشتی دەبێ، لە بەری غەڵەتەوە دەهات. لەناکاوێکدا شەپۆلەکانی دەریا بەیەکیانیدا داو بە توندی دەستیان بە هەڵچوون کرد. بەم هۆیەوە کەشتی وەرگەڕاو دوو کوڕی بوونە قوربانی و لە نێو شەپۆلە ناپاکەکانی دەریادا خنکان. هەردووکیشیان لە بەهاری منداڵێتیدا و لە سەرەتای لاویاندا بوون و هێشتا لەم جیهانەوە کە، مانی بۆ نییە، بۆ ئەو جیهانەی لەناوچوونی نییە، هیچیان نەبەخشیبوو)). دواتر شەرەفخان لە بارەی ئەم ڕووداوە ناخۆشەوە ئەم دێڕە شیعرانە تۆمار دەکا: ((کەشتیی کەسێك کە بەو تۆفانەیەوە نوقم دەبێ کە ڕزگار بوونی لێ نییە، چنگی ئەو قەدەرەی لە بەرامبەرەوە دێ، لەناو ئاودا دەستی مەلەوان دەشکێنێ))[٧*]. بەلای

[٥*] دەفتەردار: دەفتەرگری داهات و خەرجیی حکوومەت، کارمەندی بەرپرسی کاروباری دارایی (وەرگێڕ).

[٦*] ڕوومێلی (ڕووم + ئێلی): مەبەست لە نیمچە دوورگەی بەلکانە (وەرگێڕ).

[٧*] شیعرەکە لە ڕەسەنە فارسییەکەیدا دەڵێ:

- کشتی هرکس که شد غرق بطوفـان او
پنجهء عکس اندر آب دست شناور شکست

شەرەفخانەوە پێش ئەوەی ماوەیەکی بەسەردا بڕوا، بە کاریگەریی ڕووداوەکە، باوکیشیان دەمرێ. بە پێی ئەم ڕووداوە دەتوانین بڵێین لە سەدەی شانزەهەمدا هەندێك بنەماڵەی کورد پێکەوە لە ئەستەمبوڵدا بوون. بە لای محەمەد بەیراقدارەوە کوڕی ئیدریسی بتلیسی،ساڵی (١٥٤٢) بە دەفتەرداری ڕوومێلیی ئەستەمبوڵ دامەزراوە، تا ساڵی (١٥٧٦)ی مردنی هەر لە ئەستەمبوڵدا ژیاوە. لە حەوشەی مزگەوتی دەفتەرداری تۆپخانەدا کە بەناوی خۆیەوە دروست کراوە، نێژراوە.

کەسایەتییەکی دیکەی بتلیسی کە چووەتە ئەستەمبوڵ، شوکری - ی شاعیرە کە بەو شیعرە جوانانەیەوە ناسراوە کە نووسیونی. ئەم شاعیرە بە لای ف.بابینگەرەوە، لە بەشی دوایی کتێبی سەلیمنامەدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە لە بنەماڵەیەکی کوردەوە هاتوون. شەرەفخان دەڵێ: شوکری دوای ئەوەی دەچێتە خزمەتی شەرەفخانی حوکمداری بتلیس- گۆڕاوە: ((دوای ئەمە هەڵوێستی گۆڕاو لە کۆتاییدا چووەتە کۆڕی تایبەتی سوڵتان سەلیم خان و وەك یاوەرێکی ڕیزی پێشەوەی لێ هاتووە)).

واتە:

کەشتیی هەر کەسێك بە تۆفانی ئەو نوقم بێ

چنگی ڕەنگدانەوەی ناو ئاوی (چنگی قەزاو قەدەر) دەستی مەلەوان دەشکێنێ.

مامۆستا مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی بەمجۆرەی لێکداوەتەوە:

ئەگەر کەشتیی هەر کەسێك بە تۆفانی ئەو نوقم بوو، سێبەری پەنجە ڕەنگدانەوەکەی ناو ئاوی، دەستی کەشتییەوانەکە دەشکێنێ.

بڕوانە: شرفنامە- تألیف الأمیر شرف خان البدلیسی- ترجمة: محمد جمیل الملا أحمد الروژبیانی- الطبعة الثانیة- نشر مؤسسة موکریانی للطباعة و النشر- مطبعة وزارة التربیة- أربیل- ٢٠٠١- ص/٥٨٢ (وەرگێڕ).

که سەرچاوەکانم دەپشکنی، لە سەدەی حەڤدەدا لە ناو ئەو کارمەندانەی سەرادا کە باوەڕیان پێ دەکرا، ڕووبەڕووی هەندێك کوردی دیکە بوومەوە. یەك لەو نموونانە یووسف نابی ئەفەندیی شاعیرە (١٦٤٢-١٧١٢). نابی کە لە کوردەکانی ئورفە بووە، لە سەردەمێکدا کە بیست و سێ ساڵان بووە. لە سەردەمی محەمەدی چوارەمدا دووجار چووەتە ئەستەمبووڵ. بووەتە نووسەری دیوان و ساڵی (١٦٧٨) دەخرێتە سەر کاری کەتخودایی. گۆڕەکەی لە گۆڕستانی (قەرەجە ئەحمەد)ی ئەستەمبووڵدایە. یەکێك لەوانەی حەزیان لە گاڵتە بووە لە بارەی نابی-یووسف ئەفەندی - یەوە گوتوویەتی:

نـابی بی نابی ایدمن حسن نظر

أورفـه کوردنده ظرافت نـه‌گـرز[11] (٨*)

وەك ئەوەی لە نموونەکانی مەلا گۆرانی، ئەبوسسوعوود ئەفەندی، ئیدریسی بتلیسی، ئەبولفەزڵ محەمەد ئەفەندی، شوکریی شاعیر و یووسف نابی ئەفەندی .. دا بینرا، بەتایبەتی ئەو کەسایەتییانەی لە چینی زانایانی کوردن کە بۆ یەکەم جار بانگهێشتی ئەستەمبووڵ کراون، چوونە ژێر خزمەتی سەرایان دابین کراوە و هەندێك دەستکەوتی تایبەتی و کارئاسانییان بۆ کراوە. لە دەرەوەی ئەم زانایانە، کوردی دیکە هەبوون بە ئامانجی جیا جیاوە چووبوونە ئەستەمبووڵ، بە تایبەتیش لەناو ئەمانەدا ئەو بەگزادە کوردانە بەرچاو دەکەون کە بۆ چاکترکردنی هەڵوێست و بارودۆخیان بە نیازی پەیوەندیی نیمچە دیپلۆماسی هاتوونەتە ئەستەمبووڵ. پیترۆ دێللا ڤێللا - ی گەڕیدەی ئیتاڵیایی لە سەدەی حەڤدەهەمدا لە ماوەیەکدا کە سەری لە ئەستەمبووڵ داوە، لەوێ بەگزادەیەکی کوردی چاوپێ دەکەوێ: ((ئەم میرە، هاتووەتە ئەستەمبووڵ تا ئەو خاك و زەوییانەی کەمێك بەر لە مردنی نافیز پاشا لێی وەرگیراوە و سەر لە نوێ وەریگرتووەتەوە، هاتووەتە ئەستەمبووڵ بۆ ئەوەی وەرگرتنەوەی

11- Mehmed Süreyya Bey, Sicilli Osmani (yeni baskı), S. 1219.

(٨*) واتە: ئەوەی (نابی)ی کردووەتە ئەو (نابی)یە، وردەکاری و بەرچاو ڕوونییەتی، ئەگەر نا ناسکی و ڕەوشت بەرزی.و هەڵسوکەوتی چاك، کەی لە لای (کوردەکانی ئورفە)دا دەست دەکەوێ؟! (وەرگێڕ).

تەواوی زەوییەکانی ساغ بکاتەوە))[12]. ئەم میرە کوردەی داواکارییەکانی بۆ جێبەجێ کراوە، نزیکەی دوانزدە هەزار کورد دەخاتە ژێر فەرمانی پادشا بۆ ئەوەی لە جەنگی عوسمانی-رووس-دا ئامادە بن. سەرەك و پیاوماقووڵی کوردی دیکەشمان بەرچاو دەکەوێت کە بۆ یەکلاکردنی کێشە و پێکدادانەکانی دەوروبەر و ناوچەکانی خۆیان هاتوونەتە ئەستەمبووڵ. لەناو ئەمانەدا ئافرەتی ئەوتۆش هەن جێی مێردەکانیان گرتووەتەوە[13] ئەو کوردانەی ئەم سەردانە کاتییانەی ئەستەمبووڵیان دەکرد کە دەگەڕانەوە هەرێمەکانی خۆیان چیرۆکی جیاجیایان بۆ خەڵکەکە دەگێڕایەوە، ئەو چیرۆکە گێڕراوانە لە ناو خەڵکیدا لە بارەی ئەم شارە بەشکۆیە، مەراقێکی گەورەی دەورووژاند- لە سایەی ئەم چیرۆکە رەنگینانەدا ((مەراقی ئەستەمبووڵ)) هەمیشە لە ناو کورداندا بە زیندوویی راگیراوە. لەم دەمانەدا کۆچی مرۆڤە سادەکان بۆ ئەستەمبووڵ بەردەوام بووە. بە کورتی لە نێوانی سەدەکانی (١٥-١٨) لە کوردستانەوە لە هەموو چینێك کۆچی مرۆڤمان بۆ ئەستەمبووڵ بەرچاو دەکەوێ.

لە سەدەی (١٨)دا ژمارەی کوردەکان لە ئەستەمبووڵدا بەرەبەرە پتر دەبێ، لە ئەنجامدا، لێرە لە قەوارەیەکی گچکەدا کۆمەڵێکی کوردی پێکدێ. هەندێك لەو کوردانەمان بەرچاو دەکەون کە لە ئەستەمبووڵدا دەژیان، بەشدارییان لە یاخیبوونەکەی پاترۆنە (وەستا) خەلیل کردووە، کە ساڵی (١٧٣٠) لە ماوەی فەرمانڕەوایی سوڵتان ئەحمەدی سێیەمدا بەرپا بووە[14]. ناوی هەندێك کوردی وەك چەلۆی کورد و چۆماری کوردمان لەسەرچاوەکاندا بەرچاو دەکەوێت کە بەشدارییان لەم راپەڕینەدا کردووە. وەکو زانراوە خەڵکی راپەڕیو هێرشیان بردووەتە سەر دامودەزگاکانی دەوڵەت و لەو ماوەیەدا زۆرێك لە پیاوانی دەوڵەت کوژراون کە لە پێش

12- İsmet Şerif Vanli, batılı Eski Seyyahların Gözüyle Kürtler ve Kürdistan, Avesta, İstanbul, 1997, s. 23.

13- Rohat Alakom, Li Kurdistanê Hêzeke Nû: Jinên Kurd, Stockholm, 1995, s. 32-33.

14- 1730 Patrona İhtilali Hakkında Bir Eser: Abdi Tarihi, yayan: Faik Reşit Unat, Ankara, 1943, s. 62. Bu Konuda Bak, Reşat Ekrem Koçu, Patrona Halil, 1968.

هەمووانەوە ئیبراهیم پاشای –داماد–ی نەوشەهری بوو. لە کۆتاییەکەیدا سوڵتان ئەحمەدی سێیەم ناچار بووە لە تەختی سوڵتانێتی بکشێتەوە. پشت بە هەندێك سەرچاوە، رەشاد ئەکرەم کۆچو رۆمانێکی لە بارەی پاترۆنە خەلیل–ەوە نووسیوە، تێیدا لە نرخی ئەم راپەڕینە کەم دەکاتەوە و بە یاخیبوونێکی بەرامبەر دەوڵەت هەڵیدەسەنگێنێ و رەخنە لە بزووتنەوەکە دەگرێ. لە کتێبی (پاترۆنە خەلیل)ی رەشاد ئەکرەم کۆچودا کوردەکان لەگەڵ نوێنەرانی کەمایەتییەکانی دیکە دەکەونە بەر رەخنە و کورد بە: ((کوردگەلی لغاوکەری ئەسپێی خۆی)) پێناسە دەکا. بەڵام دیدی کەسانی دیکەش هەن کە بە چاوێکی دیکەوە سەیری ئەم بزووتنەوەیە بکەن کە لە ئەنجامی نارەزایی خەڵکدا بەرامبەر رژێم هاتووەتە مەیدان. کەریم کۆجان لەو کتێبەیدا کە بە ناوی پاترۆنەدا نووسیویەتی و بەم شێوەیە بەرامبەر چەلۆی کورد لە تەك یاخیبوواندا جێی خۆی دەکاتەوە و بە چەلۆی کوردی بەشداربووی یاخیبوونەکە دەڵێ:

ئــەی چــەلــۆی کـــورد

کارت کرد، ڕێزت لێ نرا؟

بووی بە پەلکێکی پاییز، هەمدیسان هەر بە خۆت ژاکایت

لــــە ســـــەرتـــاســــەری ســــنـــوورەکـــانـــدا دەمـــــری،

داخۆ نازت، نازناوت گەیشتنە ئاسمان دەسا بپرسە، بپرسە؟[15]

لە نێو ئەو یاخیبوونەدا کە لە قاوەخانەی (چارداك)ی یەنیچەرییانەوە بەرپابووە، چەلۆی کوردو مرۆڤێلێك هەبوون کە لە دەڤەری ئەرزەرۆمەوە هاتوون. دوای کوژرانی ئیبراهیم پاشای داماد لە ساڵی (۱۷۳۰)دا، ئەنجارە یاخیبووان روویان لە (بابی هومایۆن)[*] کردووە و داوای دەست لە کارکێشانەوەی پادشا (سوڵتان) کردووە. لە ناو ئەمانەدا کوردگەلیش هەبووە کە رەشاد

15- Kerim Korcan, Patrona, İstanbul, 1983, s. 373.

[*] بابی هومایۆن: فەرمانگەی فەرمیی سوڵتانی عوسمانی. (وەرگێڕ).

ئەکرەم کۆچو بە ((کاروانی مەگەزگەلی چۆماری کورد)) یان پێناسە دەکا. ((ئەو پادشایەی کە قەفەسی کۆشکی ئاهەنگی[١٠٥] بە هەڵگرتن دابوو، پادشا بە سەرسامییەوە تەماشای ئەو پیاوانەی کرد کە گۆڕەپانی بەردەمی کۆشکەکەیان پڕکردبوو. یەکەم جار بوو یاخیبووان بە چاوی خۆی دەبینی. لەناو ئەو تاپۆرەیەدا لە پێشان چۆماری بینی کە بالآی لە دوو مەتر پتر بوو، بینینی چۆمار بەس بوو بۆ ئەوەی سەرسام بێت ..)). دوای لەناوبردنی یاخیبوونی پاترۆنە خەلیل کەسانی ریزی پێشەوەی یاخیبوونەکە بە توندی سزا دەدرێن و هەندێکیشیان لە سێدارە دەدرێن. وەکو دیارە، بۆ تۆڵە کردنەوەی پاترۆنە خەلیل، خەڵکەکە سەر لە نوێ دەکەونە بزاوت، بەلای فایق رەشید ئونات - ی بڵاوکەرەوەی سەر لە نوێی (مێژووی عەبدی)یەوە، لەناو ئەمانەدا کوردیش هەبووە. خەڵکێك لە حەوشەی مزگەوتی بەیازت (بایەزید)دا کۆبوونەتەوە، دواتر لە (ئێت مەیدانیی ئاق سەرای) دا یەکدەگرنەوە، لێرەدا درێژە بە کارەکانیان دەدەن.

ئەم نا نارامییە کۆمەڵایەتی و پێکدادانانە، لە سەردەمی سوڵتان مەحموودی یەکەمدا بەردەوام دەبێ. کۆمەڵانی خەڵك دەرژێنە ناو کۆڵانەکانەوە و لە ناو ئەمانیشدا کورد هەر هەبووە. مەحموودی یەکەم دەیەوێ ئەگەرە بخاتە بەردەمی ئەم کۆچبارانەی بۆ ئەستەمبووڵ دەکرا، بەڵام لەم بارەیەوە هیچی پێ ناکرێ. لە ئەنجامی زیادبوونی سەرژمێر لە شارەکەدا هەندێك تەقینەوەی کۆمەڵایەتییانە و یاخیبوون دێتە کایەوە. ئەم بابەتە تا رادەیەکی چاك مەحموودی یەکەم نارەحەت دەکا، ((مەحموودی یەکەم پەنا بۆ چارەسەرێکی نوێ دەبا، ئەنجارەیان ناچار دەبێ لەو بینایانەی لە دەوروبەری ئەستەمبوولدا کرابوون بە تایبەتی کورد و ئەلبانییەکانی لێ دەرکەن))[١٦]. راپەرینێکی دووەم، ساڵی ١٧٤٨ لە ناوەندی (بیت بازاڕی)ی ناوچەی (بەدەستەن)دا دێتە گۆڕێ. ئەم یاخیبوونەی کەوا هەندێك کوردیشی تێدا بووە، بەر لەوەی پەرە

---

[١٠٥] کۆشکی ئاهەنگ: ئەو کۆشکە (سەکۆ)یە کە سوڵتانی عوسمانی لەوێوە سەیری ئاهەنگ و رێو رەسمی سەربازی و هی دیکە دەکرد (وەرگێڕ).

16- M. Münir Aktepe, İstanbul'un, Nüfus Mes'elesine Dâir Bazı vesikalar, İstanbul Üniversitesi Edebiyat Fakültesi Tarih Dergisi, no 13, 1958, s. 1-30. 17 age, s.25.

بستێنێ پێشی لێ دەگیرێ. مەحموودی یەکەم، بەهۆی بەشدارییانەوە لە یاخیبوونەکەدا کوردەکان بۆ شارەکانی خۆیان دوور دەخاتەوە[١٧].

لە ئەنجامی ئەم فشارانە، تا سەردەمی مستەفای سێیەم درێژە دەکێشێ، دەبێ بیر لە کەمبوونەوەیەکی کۆچی بەرەو ئەستەمبوولی کوردەکان بکەینەوە. بەڵام لە تواناندا نەبووە بەر لە کۆچی کورد بگیرێ. لە سەردەمی مەحموودی دووەمدا، ساڵی (١٨٢٦) لە ئەنجامی لابردنی رێکخراوەی یەنیچەریدا، ئەو کۆڵهەڵگرە (حەماڵ)ە کوردانەی ئەستەمبووڵ کە ژمارەیان زۆر زۆر بووە دەنێررێنەوە شارەکانی خۆیان و لە جیاتیی ئەمان کۆڵهەڵگری ئەرمەنی دەهێنرێن. بەڵام کۆڵهەڵگری کورد لە سەردەمی عەبدولحەمیددا، بەتایبەتی لە ساڵی (١٨٩٦)ەوە هاتوونەتەوە ئەستەمبووڵ و دیسانەوە دەستیان بەسەر ئەم کارەدا گرتووە[١٨].

ساڵی (١٨٢٦) دوای لابردنی رێکخراوی یەنیچەری، هەزاران کرێکاری کورد و کەمایەتیی دیکە، کە لە ئەستەمبووڵ بوون، نێررانەوە شارەکانی خۆیان. زۆربەی ئەمانە لەو کەسانە پێکهاتبوون کە بە سەڵتی و بە تەنیا لە خان و ژوورەکاندا دادەدرابوون، ئەوانەی لە ئەنادۆڵ و کوردستانەوە هاتبوون تێرراونەتە بەندەری ئزمیت و لەوێوە بەرەو شارەکانی خۆیان. بۆ ئەوەی رەبەن (سەڵت)ەکان دووبارە نەگەرێنەوە ئەستەمبووڵ جۆرەها بەربەستیان بۆ دانراوە. لەم دەمانەدا گرنگترینی ئەمانە، بەڵگەیەکە بە ناوی ((ئیحتیساب نیزامنامەسی- قانوونی چاودێری کردن))ەوەیە کە لە (٦٢) ماددە پێکهاتووەو بە پێی ئەو زانیارییانەی لە ماددەی (٣٨)ی ئەم بەڵگەیەوە دەردەکەوێ، نزیکەی بیست هەزار مرۆڤ لە ئەستەمبووڵەوە دەرکراوە و نێرراونەتە شارەکانی خۆیان. ئەوە نازانین چەندی ئەمانە کورد بوون. لە ماددە (٤٧-٥١)ی ئەم بەڵگەیەدا کە بەناوی ((ئیحتیساب نیزامنامەسی))ەوەیە باسی کوردیش کراوە. بە پێی ماددە (٤٧)، مانەوەی رەبەنە ئەرناوت و کوردەکان لە ئەستەمبووڵدا و زیادبوونی ژمارەیان پەسند نەبووە: ((هیچ کاتێك نابێ رەشورووتی ئەرناوت و کورد لە ئەستەمبووڵ ژمارەی نیشتەجێ

17- age, s.25.

18- Rohat Alakom, İstanbul'daki Kürt Hamal Topluluğu, Kebikeç Dergisi, no: 5/1997.

بوونیان زیاد ببێ. یەخەی ئەوانەی ئێستا لێرەن ناگیرێ، رێ لەوانە دەگیرێ کە لەمەودوا دێن)). لە ماددەی (٥١)ی نیزامنامەوە تێدەگەین، دوو عەشیرەتی کورد، جیهانبەیلو (جیهان بەگ لو) و (عەلیشان) بە مێگەل تاژەڵ بۆ ئەستەمبوڵ دەهێنن. هەر بە پێی ئەو ماددەیە، ئەو رەبەن (سەڵتە زەلام) انەی سەر بە عەشیرەتە کوردەکانی جگە لەم دوو عەشیرەتە، چوونە ناو ئەستەمبوڵیان بەبێ گومان قەدەغە بووە، جگە لە کوردەکانی عەشیرەتی جیهانبەگلو و عەلیشان کە لە وەرزی تایبەتدا مێگەلە مەڕ بۆ سەر بڕین دەهێننە ئەستەمبوڵ. لاوی رەبەنی گرووپی کوردان بە هیچ جۆرێك و هۆیەك نایێنە ناو ئەستەمبوڵ)) لە ماددەکانی دیکەی نیزامنامەی ئیحتیسابدا ئەو خاڵانە ریزکراون کە رەبەنەکان دەبێ پابەندیان بن.

ئەم کوردانەی هاتوونەتە ئەستەمبوڵ، لە پیشەی جیاجیادا کاریانکردووە، هەندێك لەمانە لە سەدەی نۆزدەدا، لە ئەستەمبوڵ بە خزمەتکاری گوزەرانیان دابین کردووە. بە تایبەتی ئەو خزمەکارانەی وا لە (وان) و دەوروبەرییەوە هاتوون، لە ئەرمەنییەکان و کوردەکان پێکدەهات و کاریان لە میوانخانە گەورەکاندا کردووە.((تایبەتمەندیی ئەمانە لەشپتەوی و توانایی و بەهێزییان بوو و ئەو کارانەیان رادەپەڕاند کە پێویستی بە هێزی مرۆڤانە هەبووە))[19]. لە لایەکی دییەوە کوردێکی زۆر لە لای بنەماڵە دەوڵەمەند و هەبووەکاندا کاریان کردووە. بۆ نموونە شەریف عەلی حەیدەری هاشمی کە لە (چامڵیجە)دا نیشتەجێ بوو بوون، کوردێك چاودێریی کولانە مریشکەکانی کردووە[20]. هەندێك لە کوردەکان لە تەرسانەدا[115*] کاریان کردووە. لە حەوزەکانی تەرسانەدا ئاوێکی زۆر کۆ دەبووەوە، بۆ بەتاڵ کردنەوەی ئەم ئاوانە، سوود لە هێزی ئەو گایانە وەردەگیرا کە بە دۆڵابی (چەرخی ئاعوور- وەرگێڕ) بێستانەکانەوە دەبەستران. ئەوانەی بە پەروەردە کردن و چاودێریی ئەم گایانەوە خەریکبوون کورد بوون. ئەو

19- Necdet Sakaoğlu, Ayvazlar, Dünden-Bugüne İstanbul Ansiklopedisi, Cilt: 1, s.497.

20- Philip Mansel, Dünyanın Arzuladığı Şehir: İstanbul, Çev. Şerif Erol, İstanbul, 1996, s.273.

(١١٥*) تەرسانە: شوێنی دروستکردنی کەشتی (وەرگێڕ).

کوردانەی بە فراوانی گوزەرانیان بە ئاژەڵداری دابین دەکرد، بەجۆرە ئەم پیشەیەیان لە ئەستەمبوڵیشدا درێژە پێ دەدا. وەکی تر، دابینکردنی گۆشتی پێویست بۆ ئەستەمبوڵ لە لایە جیاجیاکانی کوردستانەوە، لە پلەی یەکەمدا لە دیاریەکرەوە بە مێگەڵ ئاژەڵ دەنێررایە ئەستەمبوڵ، چاودێریی ئەمانە کوردەکان دەیانکرد. ئەو کوردانەی دەهاتنە ئەستەمبوڵ کار و پیشەی زۆر لە یەك جیاوازیان دەکرد. هاگۆپ منتزووری کە ساڵانێکی زۆر لە ئەستەمبوڵ فرنچییەتیی کردوو لە نموونەی بیرەوەرییەکانیدا روونی دەکاتەوە، کرێکارێکی زۆر لەوانەی لە کۆگاکانی (داری هێزم)دا کاریان دەکردو دارشکێنەکان لە کوردەکان پێکدەهاتن.

زیادبوونێك لە ژمارەی ئەو کوردانەدا، بەرچاو دەکەوێ کە لە سەردەمی عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٩)دا هێنراونەتە کەرتی سەرەوەی بیرۆکراسییەوە، دەتوانین ئەم هەڵوێستە بە ئەنجامێکی سیاسەت (پۆلیتیکا)ی بەرامبەر بە کوردی عەبدولحەمیدی دووەم هەڵبسەنگێنین. نوێنەرانی ئەو کۆمەڵە کوردانەی لە ئەستەمبوڵدا دەژیان، لەبەر دەرگاکانی دەوڵەتدا جێی خۆیان لە پلە هەمە جۆرەکاندا کردەوە. ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، دەوڵەتێك نەبوو لەسەر بناغەی نەتەوەیی دامەزرابێ، ئەتنیکی جودا جودا، ئەگەر سنووردارایش بووبێ، بە سانایی دەجووڵانەوە. بۆ نموونە لەناو ئەوانەی هێزی پاراستنی پادشایان پێکدەهێنا، کوردیشی تێدا بووە و لە سەردەمی عەبدولحەمیدیدا لە هەموو رەگەزێکەوە مرۆڤان لەناو ئەم رێکخراوانەدا جێیان دەبووەوە: ((ئەم بیرۆکەیەی بە لاوازترین شێوەی هەڵسوکەوتییەوە پشتگیری لێ کردبوو کە بەڕێوەبەرێتیی دەوڵەتێك بتوانێ بینوێنێ. بە شێوەیەکی ئەوتۆ، کە لەو رەگەزانەی ناو ئیمپراتۆرییەتدا هەن —کورد، سریانی، دووزی، چەرکەس و ئەرناوت، لە هەریەکەیان دوو کەسی تێدا بن. لە کوڕانی سەرەکەکان، تاقمێکی بۆ پاراستنی خۆی پێکهێنابوو. ئەو پیاوانەی بەژن و باڵای هەریەکەیان نزیکەی دوو مەتر بوو، لە بۆنەکان و نوێژی جومعاندا یاوەریی سوڵتانیان دەکرد، جلو بەرگی نەتەوەیی خۆیانیان لەبەر دەکرد))[٢١]. ساڵی (١٨٩٩) کە (کنوت هامسون)ی نووسەری نەرویجی سەری لە ئەستەمبوڵ داوە، یەکێکی لەو رێورەسمانەی کوڕەوی سوڵتان عەبدولحەمیدی تێدا بەشدار بووە بینیوە. ((..کوردەکان وەك مرۆڤی لە ئاسن دروستکراو لە تابووردا ریز دەبوون، لەسەر

21- age, s.245.

کەوا (مینتان)ەکانیانەوە هێڵەکی زۆر جوانیان لەبەر کردبوو کە ژنەکانیان بۆیان دووربیبوونەوە و سەرپۆشی ئاوریشمینیان بەسەریاندا پێچابوونەوە))[٢٢].

بەشێکی ئەو کوردانەی کۆچیان کردبووە ئەستەمبوڵ، لە پیاوە ئایینییە کوردەکان پێکدەهات. لە ئەستەمبوڵ کەسایەتیی بە رەسەن کوردێکی زۆر لە ناو لایەنگرانی مەولانا خالید (١٧٧٦-١٨٢٧) هەبوو کە یەکێك بووە لە دوا نوێنەرە کاریگەرەکانی رێبازی نەقشبەندی مەولانا خالید کە رێز و کاریگەریی بە گوڕەپانێکی بەریندا بڵاوبووبووەوە، بەوەی کە یەکێك بوو لە پیاوە ئایینییە کوردەکان ناسرابوو، مەولانا خالید کە کاریگەریی لە ناو کۆمەڵەی ئەو کوردانەی لە ئەستەمبوڵدا دەژیان، تا دەهات گەورەتر دەبوو، لە بارەی ئەمەوە کە هاتووەتە ئەستەمبوڵ یان نەهاتووە، بیروڕای جیاواز هەن[٢٣].ئەو دیوانەی مەولانا خالید کە لە شیعرەکانییەوە هەڵبژێرراوە، ساڵی (١٨٤٤) لە ئەستەمبوڵ لەچاپ دراوە. هەندێك لەو شێخانەی لایەنگیری بوون، لە پایتەختدا دادەنیشتن. وا زانراوە عەبدولوەهاب ئەلسوسی- یەکەم نوێنەری مەولانا خالید بووە کە بۆ ئەستەمبوڵی ناردووە. بەڵام دواتر لەسەر ئەوەی سکاڵا لە بارەی ئەم زاتەوە هەر دەهات و پتر دەبوو. ئەمجارە مەولانا خالید، عەبدولفەتتاح ئەلقادری- ی ناردووە. مەولانا خالیدێك کە لە ناو کەمایەتییە موسڵمانەکاندا لایەنگرێکی زۆری هەبوو، وەکی تریش لە ناو دەزگاکانی دەوڵەتیشدا رێزێکی گەورەی بووە.

تەکیەی نەقشبەندییان کە لە ناوچە جیا جیاکانی ئەستەمبوڵدا دامەزرابوو یەك لەو کاریگەرە بنچینەییانە بوو رۆژبەرۆژ ئەم رێبازەی بەهێزتر دەکرد. تەکیەی عسمەت ئەفەندی لە ناوچەی چارشەمبەی قەزای فاتیحدا، یەك لەم تەکیانەیە. تەکیەیەکی دیکە لە ناوچەی ئەییووب، لە

22- K. Hamsun, H.c. Andersen, İstanbul'da iki İskandinav Sayyah, Çev. Banu Gürsaler Syverstem, İstanbul. 1993, s. 47.

23- Butrus Abu-Manneh, The Naqshbandiya- Mujaddidiyya in the Ottoman Lands in the early 19th Century, Die Welt des İslams, vol. XXII. 1982, s.136. Bazil Nikitin'e göre Mevlana Halid bir ara İstanbul'a gitmiş, orada kalmıştır:"... O da Dürüst bir adam olarak, hiç karşı koymadı, kalkıp İstanbul'a gitti, Başkentte hocalığıyla Öylesine başarı kazand ıki, ülema ona Arabistan'a gitmesini öğütledi" (Bazil Nikitin, Kürtler, s.377.

ناو بیناى (كوللییە)ى هۆجە خوسرەو پاشادا كارەكانیان بەڕێوەبردووە. یەك لەو كوردانەى لەم تەكیەیەدا كاریان كردووە، موحەممەد شەفیق ئەرواسى (١٨٨٤-١٩٧٠)ى شێخى نەقشبەندى بووە و لە ئەستەمبوولدا ئەرك و فرمانى سەرۆكایەتیى لیژنەى وردبوونەوە لە نووسینى قورئاندا ئەنجام دەدا، بە یەكێك لە پیاوە ئایینییە كوردە هەرە بەناوبانگەكانى ئەستەمبوول دەژمێررا. عەبدولحەكیمى ئەرواسى یەكێكى دیكەى ئەم ئەرواسییانە بوو، لە تەكیەیەكى دیكەى دەوروبەرى ئەییوویدا كارى دەكرد، بە لاى موفید یوكسەل - ەوە گۆڕەكەى لە ئەستەمبوولە، بە لاى هەر ئەو لێكۆڵەرەوەیەوە، مەلا عابدینى كۆنە موفتیى بەیكۆز كوردێك بووە. لەو تەكیەیەى ئویسكویداردا كە ناوى (ئەڵجە مینەرە) بوو عەبدولفەتتاح ئەفەندیى یەك لە جێنشینەكانى مەولانا خالید، ئەركى پۆستنشینیى (شێخایەتیى تەكیە)ى خستبووە ئەستۆى خۆى. لە دەوروبەرى فندقلی-دا محەممەد ئەسعەد ئەفەندیى ئەربیلى (هەولێرى)، كە پۆستنشینى تەكیەى كەلامى بووە، ساڵى (١٩٠٠) نووسینێكى ئەم زاتە كراوەتە بیانوو و نێرراوەتەوە هەولێر و دواى جاڕدانى مەشرووتییەتى دووەم، سەر لە نوێ گەڕاوەتە پایتەخت و لە ساڵى (١٩٣١)دا كۆچى دوایى كردووە. خالیدییەكان پتر لە دەوروبەرى فاتیح و ئەییووب و ئویسكویداردا وەك هێزێكى ڕێكخراویان لێ دێ. دەوروبەرى فاتیحى ئەستەمبوول، لە كۆنەوە بە یەكێك لەو مەڵبەندانە ناسراوە كە ڕێزى لە چینى زانایان گرتووە.

یەك لەوانەى كە لە ئەستەمبوولدا ماونەتەوە و پەیوەندییان بە ڕێبازى نەقشبەندییەوە بوو بێ، شێخ عەبدوللا فەیزى - یە، ئەم كەسایەتییەى كە هەندێك شیعرى نووسیوە، لە دێڕە شیعرێكیدا كە هەر بە كوردى وەها دەڵێ:

فەیزیێ بێچارە چەوا فام بكت

دەردێ دەرى عالى دكشەت زەمێن

بەڵێ، بە هۆى ئەو نیوە دێڕە شیعرانەوە، لە بارەى گەرم و گوڕ نەبوونى نێوانى بابى عالى و ئەو كۆمەڵە كوردەى لە ئەستەمبوول دەژیان هەندێك سەرەداویان لە بارەوە بە دەست دەخەین. شێخ عەبدوللا فەیزى لە دەوروبەرى مووش- ەوە دێتە ئەستەمبوول[24]. قاسم كوفرالى كە لە

24- Mehmet çağlayan, şark Uleması, İstanbul, 1996, s.52.

کوردەکانی بتلیسە، لە (١٩٤٠)دا لە ئەستەمبووڵ بە ناوی (دامەزرانی نەقشبەندییەتی و بڵاوبوونەوەی)ەوە تێزێکی دوکتۆرای ئامادە کردووە کە لە (٢٠٠) لاپەڕە پێکهاتووە. قاسم کوفرالی لەم کارەیدا بە کورتی خۆی لە باسی خالیدییانی ئەستەمبووڵ دەدا. باوکی قاسم کوفرالی پێشتر بۆ ئەستەمبووڵ دوور دەخرێتەوەو وەکو خێزان، ساڵانێکی درێژ لە ناوچەی (ئەدرنە قاپوسی)ی ئەستەمبووڵدا ناچاری ژیان دەبن.

لە ئەستەمبووڵدا گرووپێکی خالیدی هەبوو، تارادەیەك بە گەورە دەژمێرراو لەناو خەڵکیدا رێزێکی سادەیان بووە. گرنگترینی ئەو هۆیانەی فشاریان بۆ سەر ئەو خالیدییانە هێنا کە لە ئەستەمبووڵ دەژیان، ئەو هەست بە نزیکییەی ئەم شێخانە بووە لەگەڵ هەستی نەتەوایەتیی پەرسەندووی کورد. ((هۆیەکی دیکەی ئەو هۆیانەی وای کرد دەوڵەت ئەو کۆمەڵەی خالیدییانی ئەستەمبووڵە بخاتە ژێر کۆنترۆڵەوە، چالاکیی ئەو شێخانەیە کە بە رەسەن کورد بوون لە ناو ئەم رێبازەدا. لە شاری وەکو سلێمانی و هەولێردا کە چڕیی سەرژمێری کوردیان تێدایە. ئەم رێبازەیان تێدا پێکهاتووە و گەورەتر بووە و ئەم شێخانەی لەوێوە هاتوونەتە ئەستەمبووڵ و تێکەڵبوونی ناویان بە ناوی هەندێك یاخیبوونی خۆرهەڵات کە بەناوی نەتەوەیی کوردەوە کراوە. فشاری سەر خالیدییانی زیاتر کردووە[25]. مەولانا خالید، نەك هەر لە ناو کوردەکاندا، بەڵکو لە ناو ئەو تورکانەشدا کە لە ئەستەمبووڵدا دەژیان و لە ناو کۆمەڵە موسڵمانەکانی دیکەشدا رێزی هەبوو.

عەبدورڕەحمان ئەفەندی کە بە (کویرت هۆجا- مامۆستای کورد) دەناسرا، خەڵکی خەرپووت بوو، بەم هۆیەوە بە عەبدورڕەحمان خەرپووتیش دەناسرا. عەبدورڕەحمان ئەفەندی کە زۆر زانا بووە، دەچێتە بەردەمی مەحموودی دووەم کە پادشای سەردەم بووە و پادشا رێزێکی گەورە لە (شێخی کورد) دەنێ، مەحموودی دووەم پێی دەڵێ: (ئێوە مامۆستای منن) و لە ئویسکوپداردا خانوویەکی دەداتێ و ژنێکیش بۆ دەهێنێ. عەبدورڕەحمان ئەفەندی لە لابردنی وەجاخی یەنیچەریدا رۆڵێکی گەورەی دیوە.

ناوی هەندێك کوردمان بەرچاو دەکەوێ کە ئەندامی یەنیچەریش بوون لەوێدا کاریان کردووە. بۆ نموونە محەممەد ئاغای سیلاحدار کە لە بارەی ژیانی ناو سەرای سەدەی حەڤدەهەمەوە

25- Ekrem Işın, Nakşibendilik, Dünden- Bugüne İstanbul Ansiklopedisi, cilt:6.

نووسیوبەتی و لە (مێژووی سیلاحدار)دا نووسیویەتی کە حەسەن ئاغای کورد لە وەجاخی یەنیچەریدا وەك سەرکردەی یەکەیەك کاری کردووە. هەر لەم سەرچاوەیەدا بە پێی ئەو زانیارییانە عەبدوڵڵا ئاغای کورد یەك لە سەرۆکەکانی ئەوانە بوون کەوا ئەو جۆرە سەگە جەنگییانەیان بەخێو دەکرد کە پێیان دەگوترا (سانسۆن)، بەمانە گوتراوە (سانسۆنچی). لەم سەردەمەدا کوردێکی زۆر هاتوونەتە ئەستەمبووڵ، حوسێن پاشا کە لە (سیلاحشوور-چەکدار)انی تایبەتی بووە، هەر لەو سەردەمەدا وەك (کەتخودای دەرگاوانان) کاری کردووە.

کۆچی کورد بەرەو ئەستەمبووڵ، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەردەوام دەبێ، لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا (١٩١٤-١٩١٨) کۆچەرێکی زۆر دەبینرێ دێنە ئەستەمبووڵ.

((ئەتەوەخوازەکان بە چوونە ناو سوپایانەوە، کاتێك لە ئەستەمبووڵ دەچوونە دەرەوە، پەنابەرو بێکەسە تورك و کورد و ئەرمەنەکان لە شێوەی هێرشدا دەرژانە ناو شار، ژمارەی تازە هاتووان ئەوەند زۆر بوو، قوتابخانە سەربازییەکان، کۆشکەکان و مزگەوتەکان بەوانەوە پڕ دەبوون. لە ئەستەمبوڵدا یانەی یارمەتیی خۆرهەڵاتی نزیك، کە دامەزراوێکی تایبەتی یارمەتیی ئەمریکایە، رۆژانە زگی پتر لە (١٦٠,٠٠٠) مرۆڤی تێر دەکرد))[٢٦]. بە پێی راپۆرتێك کە ئەفسەرێکی ئینگلیز ئامادەی کردبوو لەم ساڵانەدا دەستکورتی بەربەست ناکرێ. ((لەسەر شۆستەی دەریەندا هەموو چالاکییەکی کارکردن بە یەکجاری کۆتایی هاتبوو. نزیکەی سەد هەزار کورد و لاز بەبێ کار دەسووڕانەوە))[٢٧]. لەوانەیە ئەم کۆچبارە بە کۆمەڵەی کورد بۆ ئەستەمبوڵ، گەورەترین کۆچی پێش رووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بوو بێ.

بەلای کارگوزاریی کۆچباری ئەستەمبووڵەوە، لەم ساڵانەدا نزیکەی (٧٠٠) هەزار کورد لە ئەنجامی ناخۆشییەکانی جەنگ و بە هۆی فشارەکانەوە بەرەو ناوچە جیاجیاکانی وڵات ناچاری کۆچکردن بوون. بارودۆخی منداڵە بێکەس و بێخاوەنەکانی ئەستەمبووڵ، سەرنجی کۆمەڵەی (تەعمیمی مەعاریف و نەشریاتی کورد)ی راکێشاوە کە چالاکیی لە ئەستەمبووڵ ئەنجام دەدا و لە ژمارە (١٠)ی گۆڤاری ژین- دا، لە پرۆگرامی کارگوزارییاندا بلاوکراوەتەوە و ئەم بابەتە

26- Philip Mansel, Dünyanın Arzuladığı şehir: İstanbul, çev. Şerif Erol, İstanbul, 1996, s.370.
27- Philip Mansel, s.395.

به بەرچاوەوە گیراوە. ((ئەو منداڵە کوردانەی لە ئەستەمبووڵ، لە ناو دەستکورتیدا دەژین و بە بێکاریی دەسوورێنەوە، ئەوەندەی دەکرێ بەشێکیان لە لای بازرگانان بکرێنە خزمەتکار و بەردەستی، بۆ دابینکردنی بەردەوامیی کاری ئەمانە هەوڵی پێویست دەدرا)). لەم ساڵانەدا میدیای کورد کە لە ئەستەمبووڵدا کاریگەر بووە، بۆ سەرنجراکێشان بۆ ئازارەکانی ئەم کۆچەرانە، نووسینی هەمەجۆری بڵاوکردووەتەوە. لە گۆڤاری ژیندا کە ساڵانی (١٩١٨-١٩١٩) لە ئەستەمبووڵ دەرچووە، ئەو شیعرەی بە ناوی (نووزەی هەتیوێک)ی عەبدوڕڕەحیم ڕەحمی بڵاوکراوەتەوە، لە نیوە دێڕێکیدا ئەم ئازارەی کوردانی بە شێوەیەکی دڵتەزێن دێنێتە گۆ:

کۆچەرم من، ئەوا کەوتووەمەتە بەردەرگای ئەم و ئەو.

دوور خستنەوەی کورد بۆ تاراوگەی ئەستەمبووڵ

بەشێک لەو کوردانەی کە لە ئەستەمبووڵ دەژین، ئەوانەن کە بۆ ئەوێ دوور خراونەتەوە و لەگەڵ خزم و خوێشیان ئەو کۆمەڵانەیان پێکهێناوە، بەتایبەتی ئەو سەرکردە کوردانەی بەشدارییان لە شۆڕش و ڕاپەڕینە گەورەکان کردووە و بە دیلی نێرراونەتە ئەستەمبووڵ، هەندێکی وامان بەرچاو دەکەون کە ساڵانێکی دوور و درێژ لە ئەستەمبووڵ لە ژێر دەستبەسەری و چاودێریدا ماونەتەوە، نەک هەر تەنیا سیاسییەکان، هەندێک لە پێشەوا ئایینییەکان و مرۆڤگەلی سادەی دیکەش نێرراونەتە تاراوگەی ئەستەمبووڵ. ناردنی کوردان بۆ تاراوگەی ئەستەمبووڵ مێژوویەکی دێرینی هەیە. پێشتر لە بارەی هەندێک کوردەوە دواین کە دوای (فەتح کردنی) ئەستەمبووڵ بۆ ئەم شارە دوور خراونەتەوە و لەوێدا چەند گوندێکی کوردیان دروست کردووە. ساڵی (١٦٦٤) ئەو (مەهدی)یەی پەیدا بووە، ئەوسا منداڵە کوردێکی دوانزدە ساڵان بووە و لایەنگرێکی زۆری هەبووە: ((لە کۆتاییدا لەلایەن والیی مووسڵەوە دەستگیرکراوە و بڕیاری بە دیلیی تا مردنی دراوە و نێرراوەتە ئەستەمبووڵ))[٢٨]. عەبدوڵڵا ئەفەندی، بە قسەی خۆی،

28- Martin van Bruinessen, Kürdistan Üzerine yazılar, İstanbul, 1992, s. 83.

محەممەدی کوڕی مەهدی- یە. ئەم هەڵوێستە لە ناو مەردومی دەوروبەردا دەنگدانەوەیەکی گەورەی بەرپا کردووە. لە ئەنجامی هاتنەکایەی ئەم ڕووداوەی لە دەڤەری (ئامێدی) سەر بە مووسڵ، باب و کوڕ بەدیلی بەرەو ئەستەمبووڵ نێرراون. کوڕ و باوك کە دەهێنرێنە بەردەمی پادشا، دان بە مەهدییەتیدا نانێن و دواتر لێیان خۆش دەبن، عەبدوڵلا ئەفەندی لە ئەستەمبووڵدا دەبێتە شێخی دەرگاهـ (خانەقا)یەکی ئەستەمبووڵ. محەممەدی کوڕی، بەلای ساڵی (١٦٧٠) کۆچی دوایی دەکا. ئەو کوردانەی هاتوونەتە ئەستەمبووڵ، دواتر وەك دەبینین ئەمجارە بەرەو شوێنانی دیکە، بۆ تاراوگە دەنێررێن و لە مێژووی دوور خستنەوە و تاراوگەیی کورددا، بەمجۆرە، ئەم مێژووە بە گۆڕانی ناوی شار لە سەرچاوەکاندا دەبینرێن. لە سەدەی نۆزدەدا لە نێو ئەو بەگزادە و پێشەوا بەناوبانگانەدا کە بۆ تاراوگە دەنێررانە ئەستەمبووڵ، ئەم کەسایەتییانەمان بەرچاو دەکەون: میر موحەممەد، بەدرخان پاشا، عوسمان پاشا، حوسێن کەنعان پاشا، شێخ عوبەیدوڵلا، سەید عبدولقادر، هەر یەك لەم کەسایەتییانە، وەك بارمتەیەکی رامیاری لە ئەستەمبووڵدا خراونەتە ژێر چاودێری و دەستبەسەری، بەمجۆرە ئەم تەگەرانە لەسەر دەمێکی دیاردا دەبێ هەوڵێك بووبێ بۆ رێگرتن لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. بەڵام ئەم سیاسەتەی ناردنە تاراوگەیەی دەوڵەتە، ناتوانین بڵێین بەردەوام ئامانجی پێکاوە. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا، دوای شکانی راپەڕینی میر محەممەدی رەواندز، ساڵی (١٨٣٦) لەگەڵ کاروانێکدا دەنێردرێتە ئەستەمبووڵ: ((سوڵتان مەحموودی دووەم ئەوی لەگەڵ میوانانی شانازی (شەرەف)دا پێشوازی لێ کردو رێی گەڕانەوەی بۆ کوردستانی پێ دا. مەحموودی دووەم بڕیاری رێگەیەکی خوێنینتری دابوو بۆ رزگار بوون لەم پیاوە کاریگەرە پڕ مەترسییە. لە رێی گەڕانەوەیدا، نزیك شاری ترابزون، میر محەممەد کوژرا))[29]. وا .دیارە مەبەستی دەوڵەت سەربەستکردنی میر محەممەد نەبووە، بەڵکو تاکە رێیەك بۆ لێ رزگاربوون کوشتنی ئەو بووە لە شوێنێکی دەرەوەی ئەستەمبووڵ. بەدرخان پاشا (١٨٠٢-١٨٦٨)ی سەرکردەی یەك لە سەرراسترینی راپەرینەکانی کورد، بە پێی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەکاندا هەن، دوای ئەوەی لە ساڵی (١٨٤٧) دا خۆی بە دەستەوە داوە، لەگەڵ خێزانی ئاپۆ و هەندێك لە براکانی نێرراونەتە ئەستەمبووڵ. أ. هـ. لایارد- ی باڵیۆزی گەورەی ئینگلتەرە لە ئەستەمبووڵ لەم

29- Celîlê Celîl, xıx. Yüzyıl Osmanlı İmparatorluğu'nda Kürtler, çev. Mehmet Demir, Ankara, 1992. s.114.

بارمیەوە کاریگەریی بەسەر پادشاوە هەبووە: ((بەدرخان لە سەردەمی عەبدولمەجیددا ئەنادۆڵی تێکدابوو، لەسەر ئەمە مستەر لایاردی باڵیۆزی گەورەی ئەو سەردەمەی ئینگلتەرە بووە، بە سوڵتان عەبدولمەجیدی راسپاردووە کە بانگهێشتی بەدرخان بکا بۆ ئەستەمبوڵ. بەدرخان بەم بانگهێشتنە تەڵەنامێزە هەڵخەڵەتاوە و هاتووەتە ئەستەمبوڵ، ئەم سەردانە گەرانەوەی نەبووە. بەدرخان عەشیرەتێکی زۆری خۆرهەڵاتی (تورکیا)ی یەکخست و هێنایە گۆڕێ و سەرکردایەتیی نزیکەی (٣٠٠) هەزار سوارەی کرد کە بە چەکی نوێی مۆدێرنەوە ئامادەکرابوون))[30]. بەدرخان پاشا هێنرایە ئەستەمبوڵ و لەبەردەمی سوڵتان عەبدولمەجیددا ئامادەکرا[31]. گفتوگۆیەکی سەیر و سەرنجڕاکێش لە نێوانیاندا بووە: ((لە وەڵامی ئەو پرسیارەی سوڵتان کە لە هۆی یاخیبوونی دەپرسێ، بەدرخان چوارینەیەکی بەناوبانگی عومەر خەییامی بۆ دەخوێنێتەوە کە واتاکەی بەمجۆرەیە: بەرامبەر هەڵسوکەوتی بەدکارانەی من، تۆش ئەگەر هەر بەدکاریم لەگەڵدا بکەی، جیاوازیمان چی دەبێ؟!))[125] سوڵتان ئەم وەڵامە زیرەکانەیەی پێ خۆش دەبێ. مەردی و دروستیی دەبێتە هۆی پشتپێبەستن، دەبەخشرێ و بەرامبەر ماڵ و سامانێك کە لە دەڤەری خۆیدا بەجێی هێشتوون، دوو سەد زێڕی مووچەی

30- Sir Henry F. Woods, Türkiye Anıları. 1976, s. 314.

31- Osman Nuri Ergin, İstanbul Şehreminleri, İstanbul, 1996, s.180.

(125) شیعرە فارسییەکەی عومەری خەیام ئەمەیە کە دەڵێ:

ناکردە گناه در جهان کیست بگو

وان کس کە نکرد چون زیست بگو

من بدکنم و تو بد مکافات دهی

پس فرق میان من و تو چیست بگو

واتە: کێیە لە جیهاندا گوناهی نەکردبێ، بڵێ .. کەسێك گوناهی نەکردبێ، ئەی چۆن ژیاوە، بڵێ .. من بەدکاری بکەم، تۆ پاداشتی بەدم بدەیتەوە، ئەدی جیاوازیی من و تۆ چییە؟ بڵێ!. (وەرگێڕ).

زەوییانەی دەدرێتێ. لەگەڵ خێزانی پێکەوە دەنێردرێتە شاری قەندییەی دورگەی کریت))[٣٢].
بەدرخان پاشا کە نێردراوەتە کریت وەکو تاراوگە، دوای دە ساڵ کە لەوێ ماوەتەوە و سوڵتان عەبدولعەزیز لێی خۆش دەبێتەوە و بە کەشتییەکی تایبەتی، دەگەڕێتەوە ئەستەمبووڵ، دواتر بۆ دووەم جار دەچێتەوە کریت. ئەمجارە هەشت ساڵ لە کریتدا دەبێ، واتە بەدرخان پاشا بەسەریەکەوە، هەژدە ساڵ لە کریت بووە. دیسان دێتەوە ئەستەمبووڵ و حەوت ساڵی تێدا دەژی: ((بەدرخان، جاری یەکەم دە ساڵ لە کریت ماوەتەوە، لە کۆتاییەکانی سەردەمی عەبدولەجیددا بە لێخۆشبوونەوە رێی دەدرێتێ بێتە ئەستەمبووڵ. لەبەر ئەو کارانەی لە بەرژەوەندیی دەوڵەت ئەنجامی دابوون خەڵات کراوە و پایەی میری میران و ناونیشانی (پاشا)یەتیی دراوەتێ. دواتر دیسانەوە کە گەڕاوەتەوە کریت، هەشت ساڵی دیکەشی لێ ماوەتەوە و لە سەردەمی عەبدولعەزیزدا هاتووەتە ئەستەمبووڵ و ئەو بینایەی ئێستا (داروششەفەقە)یەی پێ دراوە و حەوت ساڵ لەوێ دانیشتووە. بەر لە مردنی بە دوو ساڵ، چووەتە شام و لەوێ مردووە و لە ساڵحییە نێژراوە))[٣٣]. لەبەر ئەوەی کەشوهەوا بۆ تەندروستیی بەدرخان پاشا باش نەبووە، لەسەر راسپاردەی پزیشکان ئەستەمبووڵی جێهێشتووە و لە شام نیشتەجێ بووە. ئەو خانووەی لە ئەستەمبووڵ بەدرخان پاشای لێ دادەنیشت، بەلای ئیبراهیم عەلائەدین گۆڤسا- وە ئەو بینای ئامادەیی داروششەفەقەیە کە بەدرێژایی ساڵانێك وەك قوتابخانە بەکارهاتووە. ئامادەیی داروششەفەقە، پێش چەند ساڵێك، لەم بینا کۆنەی ناوچەی فاتیحەوە گوێزرایەوە بۆ ئەو بینایەی لە ئەیاز ئاغادا بنیاتنراو لەوێ دەست بە

32- İbrahim Alaettin Gövsa, Türk Meşhurlari Ansiklopedisi, 1945, s.67. Bedirhan'ın sultan'a söylediği rubainin bütünü şöyledir:

Dünyada bir günah işlememiş olan kimdir, söyle?

Günah işlemeyen kimse nasıl yaşar, söyle,

Ben kötülük edeyim, sende bana kötülükle Mukabele et;

Öyle ise benimle senin arandaki fark nedir söyle? (Osman Nuri Ergin, İstanbul şehreminleri, İstanbul, 1996, s.180.

33- İbrahim Alaettin Gövsa, Türk Meşhurlari Ansiklopedisi, s.67.

پەروەردە و فێرکردن کرا. ساڵی (١٩٩٧) کە سەرم لەم ناوە دا، بینیم، ئەم بینا مێژووییە وەك داروشەفەقە بەکار نایێت، هەر بە بەتاڵی ماوەتەوە.

دوای مردنی بەدرخان پاشا، هەندێك لە منداڵانی لە ئەستەمبووڵدا نیشتەجێ دەبن و بەرەبەرە لە پلە دەوڵەتییە جیا جیاکاندا لە فرمانی بە بایەخدا دادەمەزرێن. هەندێك لە دووریەر و نزیکانی بنەماڵەی بەدرخان، پێشەوایەتیی ئەو بزووتنەوە نەتەوەییە کوردییەیان کردووە کە دواتر پەرەی سەندووە و ئەستەمبوڵیان کردووەتە مەڵبەندێکی گرنگی نەتەوایەتیی مۆدێرنی کوردایەتی. لەمانە: عوسمان پاشاو حوسێن کەنعان پاشا، بوونە ئەفسەر و لە لەشکری عوسمانیدا کاریان دەکرد. دواتر لە جەنگی (١٨٧٧-١٨٧٨)دا بە هەڵی دەزانن و لە دەڤەری بۆتاندا رادەپەڕن. لە کۆتاییدا دەگیرێن و بۆ ئەستەمبوڵ دوور دەخرێنەوە[34]. ئەمین عالی بەدرخان و منداڵەکانی، سورەییا، جەلادەت و کامەران بەدرخان، بەشدارییەکی گەورەی بزووتنەوەی رۆشنبیریی کوردی دەکەن لە ئەستەمبوڵ. دواتریش لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا، دەرکەوتووە کە بەدرخان پاشا کۆشکێکی گەورەی لە (بویوك ئەدا- دوڕگەی گەورەی میر)دا هەبووە. پارس توغلاجی - ی لێکۆڵەرەوە، لە چیرۆکی ئەم کۆشکەدا دەڵێ: ((لەسەر رێی گەورەی توور-(نیزام)، کۆشکی لە تەختە دروستکراوی باخچە فراوانی ژمارە (١/٣,٣) کە لە ناو گۆڕەپانێکی (زەوییەکی) (١٠٤٦٨,٧٥)م² دا دروست کراوە، خاوەنی یەکەمی بەدرخان پاشا بووە و دوای خۆی زەریفەی کچی و میراتگرانی دیکەی ئەحمەد شەمسەددین بەگی کوڕی محەممەد عارف بەگ، یەحیا بەگی کوڕی محەممەد عارف، شەریفە لەیلا خانی کچی خەلیل شەریف پاشا، لە مارتی (١٩٠٣) دا فرۆشراوەتە محەممەد محێدین و عومەر فەوزی بەگی کوڕانی محەممەد عارف بەگ و لەمانیشەوە فرۆشراوەتە د.مووسا کازم بەگی کوڕی خورشید بەگ (ئەیلوولی ١٩٢٨)، دوای مردنی ئەمیش بووەتە هی فاتمە عولوییە ئەلدەمیر (٢٩/ی ك ١٩٣٩/٢) دوای ئەوەش دابەش (ئیفراز) کراوە و فرۆشراوەتە دوو سێ لایەن.

34- Celîlê Celîl, 1880 Kürt Ayaklanması, Çev yaşar Abdülselam Oğlu, Stockholm, 1992, s.50.

شێخ عوبەیدوللا، سەرکردەی گەورەترین شۆڕشی کورد کە ساڵی (١٨٨٠) بەرپا بووە، وەك بەدرخان پاشا هەڵدەخەڵەتێنرێ و دەچێتە بینینی سوڵتان لە ئەستەمبوڵ: ((سوڵتان بە داب و نەریتی ڕێزلێنانەوە پێشوازی لە میوانەکەی ناکا. هەموو کەسایەتییە ڕەسمییەکانی پلەی پێشەوەی شار چووبوونە پێشوازیی شێخ. کۆڵانەکان پڕ بوو بوون لە خەڵك و جۆشیان سەندبوو. لەو دەمەدا کە عوبەیدوللا چووبووە ناو ئەستەمبوڵەوە تۆپی ڕێزلێنانی بۆ تەقێنرابوو، بەڵام وەکو ویلسۆن نووسیویەتی، زۆری نەخایاند و نەکرایە میوانی سەرای سوڵتان، بەڵکو دەرکەوت کە ئەو دیلە))[٣٥]. دواتر شێخ عوبەیدوللا کاتێکی شیاوی هەڵبژارد و لە شێوەی بازرگانێکدا، توانی لە ئەستەمبوڵەوە دەربازبێ، عوبەیدوللا بە پەساپۆرتێکی نهێنی لە تورکیاوە هەڵات، بە کەشتییەکی فەرەنسی، لە پێشان گەیشتە شاری (پۆتی) و دواتر گەیشتەوە کوردستان[٣٦]. کاتێك محەممەد سادقی کوڕیشی گیرا، نێردرایە ئەستەمبوڵ. شێخ عوبەیدوللا کە بۆ دووەم جار گیرایەوە، بۆ شارێکی دیکە، بۆ مەککە دوور خرایەوە. جەلیلی جەلیل یەکێکە لەوانەی بە فراوانی لە بابەتەکەی کۆڵیوەتەوە، وای بۆ دەچێ سەرکردەیەکی زۆری کورد کە پێشتر پشتگیریی شۆڕشەکەیان کردووە، لەلایەن (سەرا)وە کڕابوون[٣٧].

میر موحەممەد کە سەرکردایەتیی ئەو شۆڕشە بە بایەخەی دەکرد وا لە سەدەی نۆزدەدا سەری هەڵدابوو، وەك بەدرخان پاشاو شێخ عوبەیدوللا، کە سەرکردەی ناسراوی کورد بوون، هەڵخەڵەتێنراو برایە ئەستەمبوڵ. ئەم نیازەی دەستبەسەرکردن و لە ژێر چاودێریدا ڕاگرتن و ناردنیان بۆ تاراوگە، ئەو سیاسەتە دەردەخا کە لە سەدەی نۆزدەدا سەرای سوڵتانی عوسمانی گرتبوویەبەر و پەیوەندیی بە کوردانەوە هەیە کە ڕێی هەڵخەڵەتاندن و دوورخستنەوەی گرتبووە بەر. لەبەر ئەوەی ئەو کوردانەی بۆ ئەستەمبوڵ دوور دەخرانەوە، هێزێکیان پێکدەهێنا و لە گۆشەنیگای پایتەختەوە شێوەی هەڕەشەیەکیان دەنواند، بۆیە ئێمە وای بۆ دەچین ئەمە هۆی دوور خستنەوەیان بووبێ لە ئەستەمبوڵەوە بۆ گۆشە پەنای زۆر دووری وەك کریت و مەککەی سەر بە ئیمپراتۆرییەت.

35- age, s.88.
36- age, s. 89.
37- age, s.93.

سالانی (١٨٧٦-١٩٠٩)ی سەردەمی عەبدولحەمیدی دووەم، سالانی شالاوبردنی کوردانە بۆ سەر ئەستەمبوول، لەم سالانەدا دەبینین، سولتان پێوەندی بە سەرانی کوردەوە دەکاو بۆ پایەختیان بانگهێشت دەکا، دەیانخاتە ژێر چاودێریی خۆیەوە. ئەمە بە کردەوە بەجێ دەهێنراو وەکو بۆچوون رەخنەی لێ دەگیرا، لە مێشکی عەبدولحەمیددا بەمجۆرە وەلام دەدرانەوە: ((دەزانم بەهۆی ئەوەوە کە هەندێك لە منداڵە ئاغای کوردم هێناوەتە ئەستەمبوول و نیشتەجێیانم کردووە رەخنەم لێ دەگیرێ، سالانێکە ئەرمەنییە دیانەکان پایەی وەزیرییان وەرگرتووە. لەمەو پاشیش دەبێ چ زیانێك لە نزیك خستنەوەی کوردە هاو ئایینەکانی خۆمان هەبێ؟)).

عەبدولحەمیدێك کە لایەنگیریی کوردەکانی دەنواند، لە لایەکی دیکەوە هەمیشە لە بەرەنگاریی ویستە ئەتنیکییەکانی کورددا دەوەستا، رامیاریی عەبدولحەمید بەرامبەر بە کورد، لە بنچینەدا رێیەکی درێژخایەنی بیندرێژ بوو دژ بە ئۆتۆنۆمیزسیۆنە نەتەوەییەکانی کورد. عەبدولحەمید کە بەردەوام خۆی بە لایەنگری کورد پیشان دەدا، لە لایەکی دیکەوە هەمیشە بەرەنگاری داواکارییە ئەتنیکییەکانی کورد دەبووەوە. سیاسەتی عەبدولحەمید بەرامبەر بە کورد لە بنچینەدا رێ لە ئۆتۆنۆمیزسیۆنی کورد گرتنێکی درێژخایەن بوو، ئەو فشارەی بەرامبەر رۆشنبیرە کوردەکان درێژەی پێدابوو بە ئاماژەیەکی ئاشکرای ئەم سیاسەتە پڕ مەترسییە دادەنرێ. هەر بۆیە هەولیبەرەو خۆکێشکردنی هێزە کەلەپوورییە (تەقلیدی)یەکانی دەدا، لەلایەکی کەوە، هەولێك بوو بۆ دەمکوت کردنی رۆشنبیران و نەتەوەپەرستە کوردەکان، بەتایبەتی بەرامبەر بە خۆی: سولتان عەبدولحەمیدی دووەم بۆ ئەوەی بتوانێ یەکیەتیی کۆمەڵگای ناو ئیمپراتۆرییەت رابگرێ، رامیارییەکی تایبەت بە خۆی هەبوو. بە هەر شێوەیەك بێ، ئەو کەسایەتییانەی کاریگەرییان بەسەر خەلکەوە هەبوو لە ئەرناوت (ئەلبانیا) و کوردستان و عەرەبستانەوە دەیهێنانە ئەستەمبوول، رێی چاوپێکەوتنیانی دەدا، ئاوڕی لێ دەدانەوەو پاداشت و یارمەتیی دەدان، ئەگەر بە خاڵێکی ناو زگی پیتی جیمیشی زانیبا[١٣٥]،

---

[١٣٥] زیادەڕۆییەکی زمانییە، بۆ ئەو کەسانەی مەترسیی تۆزقاڵێکی بەرامبەر سولتانیان لێ دەکرا، سولتان بۆ لای خۆیانی رادەکێشا جا بەهەر جۆرێك بووایە. (وەرگێڕ)

ئەوا لە شوورای دەوڵەتدا لە جەمعییەتی روزوومییەدا[١٤*] بە ئەندامی دادەمەزراند، مووچەی دەدایێ. بەڵام نەدەبوو ئەستەمبووڵ بەجێ بهێڵێ، بەتایبەتی دەبوایە لە ژێر چاودێریی خۆیدا بێت. لەو سەردەمەشدا لەوەدا نەبوو بتوانێ ئەستەمبووڵ بەجێ بهێڵن و بڕۆن، ئەوانەی دەهاتنە ئەستەمبووڵ، جێنشینیان لە ناوەندی شاردا بوو، کە بیناکانی (بوغازنیچی) و کۆشکەکانی (گوێز تەپە) و (ئەرمەنکوێی) یان دەبینی، جارێکی دیکە، گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیانیان بەبیر و خەیاڵیشدا نەدەهێنایەوە. لە ناو خۆشیدا دەژیان و سەرەمانگان (کەمەیە)ی خۆیان دەنارد و مووچەی خۆیان وەردەگرت و ئەومیان بەس بوو. لەم سایەیەدا، لەم جۆرە ویلایەتانەدا ئومێدی سەربەخۆیی و هی دیکە پێشی لێ دەگیرا[٣٨].

سوڵتان عەبدولحەمید، شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحموودی سەرکردەی کورد، کە لە (١٩٢٠)دا، لە عیراق بەرامبەر ئینگلیز دەجەنگا، بانگ کردە ئەستەمبووڵ، لەگەڵیدا یەکدییان ناسی، ڕێزە دەستکەوتێکی بۆ داین کرد، تەنانەت شیفرەی نهێنیی پێوەندی بەخۆیەوە کردنی دا پێی. لەو دەمانەدا کە باوکی شێخ مەحموود چووەتە ئەستەمبووڵ، شێخ مەحموودی کوڕی دەخاتە تەک خۆی: ((بەم شێوەیە، شێخ مەحموود هێشتا منداڵ بووە، بووەتە میوانی پادشای عوسمانی)). باوکی حەکۆش کە یەکێکە لە سەرانی کورد، ماوەیەك لە ئەستەمبووڵ بووە، ساڵی (١٩٠٦) بەدرخانییان کە دوور خرانەوە، ئەمیش تێکەڵ بەم کاروانە دەکرێ و بەرە و تاراوگە بەڕێ دەخرێ، دواتر لە تاراوگەدا دەمرێ[٣٩]. بەپێی سەچاوەکان، عەبدولحەکیم ئەفەندیی مامۆستای عەبدولحەمیدی دووەم کورد بووە[٤٠].

هێزەکانی حەمیدییە کە ساڵی (١٨٩١) دامەزراوە. لە عەشیرەتە کوردەکان پێکهاتوون. سەرکردەکانی عەشیرەتەکان، هەموو ساڵێك دەبوو بچنە ئەستەمبووڵ و پەیوەندیی خۆیان بسەلمێنن. بەمجۆرە، ساڵی (١٨٩١) هەندێك لە سەرانی عەشیرەتەکان لە (ترابزون) کۆ دەبنەوە

[١٤*] روزوومیە: واتای ئەم وشەیەم بۆ ساغ نەبووەوەو نەمزانی چییە (وەرگێڕ).

38- Refi Cevad Ulunay, Eski İstanbul Kabadayları- Sayılı Fırtınalar, İstanbul, 1995, s.202.

39- Refik Hilmi, Anılar, İstanbul, 1995. s.15. Celîlê Celîl, Jîyana Rewşenbirî û Siyasî ya Kurdan, Stokholm, 1985, s. 124.

40- Musa Anter, Hatırlarım, ikinci basım, Stockholm, 1991, s.72.

و لەوێوە بەرەو ئەستەمبووڵ دەکەونەڕێ و چوار هەفتە لە پایتەختدا دەمێننەوە[41]. دوای دوو ساڵ، لە (١٨٩٣) دا سەرەك عەشیرەتەکان لە ئەرزنجان یەك دەگرنەوە، لەوێوە دەچنە ئەستەمبوڵ: ((ئەم-لیوا- و قایمقامانەی عەشیرەتەکان، ساڵی (١٨٩٣) لە ئەرزنجان، لەلای موشیر محەمەد زەکی پاشا کۆ دەبنەوە و دەچنە لای سوڵتان عەبدولحەمید لە ئەستەمبووڵ، سوڵتان عەبدولحەمید، ئاوڕی لەمانە داوەتەوە و مێدالیا و نیشانی پایە و پلەی بە بەرزکەوە کردوون و بەوانەیان کە شایستەن، شمشێر و پارەی چاکی بەخشیوە و پێی گوتوون: ((لەبیر نەکەن، من باوکی کوردانم، بەم جۆرە ڕووخۆشیی لەگەڵیاندا نوواندووە))[42]. هەندێك لەم تیپانە بە نموونە، سێ تیپی عەشیرەتی میللی (ملی)، هاتوونەتە قشڵەی سەلیمییەی ئەستەمبووڵ بە خۆویست بەشداریی جەنگەکانی بەڵکان (بەلقان) بوون[43]. گەیشتنی تیپە کوردییەکان بە ئەستەمبووڵ سەرنجی خەڵکی ئەوێ و بێگانەکانی زۆر ڕاکێشاوە[44].

یەك لە ماکە گرنگەکانی ئەم سیاسەتەی بەرامبەر عەشیرەتەکان، ئەو (قوتابخانەی عەشایەری)یەیە کە ساڵی (١٨٩٢) لە ئەستەمبووڵ کراوەتەوە. ئەم قوتابخانەیەی منداڵانی هەندێك لە عەشیرەتەکانی عەرەب و ئەرناوت و کوردی تەمەن (١٢-١٦) ساڵانیان تێدا وەردەگیرا، ماوەی پەروەردەیی قوتابخانەکە پێنج ساڵ بووە. ئەوانەی ئەمەیان تەواو دەکرد، لە پۆلە تایبەتییەکانی قوتابخانە سەربازی و مولکییەکاندا وەردەگیران. دواتر لە ناوچەکانی خۆیاندا، لە کارە جیا جیاکاندا دادەمەزران. نادر ئاغا کە ئاغایەکی (حەرەم)[*] بووە، لەو بیرەوەرییەدا کە لە گۆڤاری مێژووی کۆمەڵایەتیی (٥٠/١٩٩٨) دا بڵاوکراوەتەوە، وای بۆ

41- Avyarov, Osmanlı- Rus ve İran Savaşları'nda kürtler, çev. Muhammed varlı, İstanbul, 1995, s.134.

42- M. Şerif fırat, Doğu illri ve varto Tarihi, Ankara, 1983, s.125.

43- Bayram Kodaman, Sultan II. Abdulhamid Devri Doğu Anadolu Politikası, Ankara, 1987, s.62.

44- Philip von Schwerin, I fält med turkarne- Minnen från Balkankriget, Stockholm, 1913, s.161-163.

[*] حەرەم: ئەو شوێنەی ڕێ بە هەموو کەس نادرێ بچێتە ژوورەوە. (وەرگێڕ)

دەچێ کە، منداڵانی عەشیرەتە کوردەکان وەك بارمتەی دەستبەسەر لێرە دانرابوون. بەڵای گۆڤارێکی ئەرمەنییەوە کە بەناوی (Kxa) وە لە لەندەن بڵاو دەکرێتەوە، ئەو منداڵە کوردانەی لەم قوتابخانەیەدا دەیانخوێند، پێوەندییان بە بزووتنەوە ئازادیخوازییەکانی دژ بە سوڵتان عەبدولحەمیدەوە هەبوو لە ئەستەمبووڵ، بەم هۆیەوە قوتابخانەکە ساڵی (١٩٠٧) داخرا[٤٥]. بۆ نموونە خالید بەگی جبرانلی-ی سەرۆکی کۆمەڵەی ئازادی، کە پێشەوایەتیی شۆڕشی شێخ سەعیدی ساڵی (١٩٢٥) ی دەکرد، دەرچووی ئەم قوتابخانەیەیە.

قوتابخانەی عەشایەر ساڵی (١٨٩٢) لە یەکێك لەو بینایانەی ناوچەی بێشکتاشدا دەکرێتەوە. دواتر ساڵی (١٨٩٤) دەگوێزرێتەوە ئەو بینایەی (ئەحما سوڵتان) کە لە (کەباتاش) دایە. (١٩٠٧) کە قوتابخانەی عەشایەر دادەخرێ، هەر ئەو بینایە دەکرێتە ئامادەیی (کەباتاش)ی کوڕان، دواتر ئامادەیی کەباتاش گوێزرایەوە ئەو بینایەی کە ئێستا لێیەتی. بەڵای عەلیشان ئاکپینارەوە کە لێکۆڵینەوەیەکی لە بارەی قوتابخانەی عەشایەرەوە نووسیوە، ئەو بینایەی ئەحما سوڵتان کە قوتابخانەی عەشایەری تێدابووە، دواتر رووخاوە[٤٦]. لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی دیکە لە بارەی قوتابخانەی عەشایەرەوە نووسراوە، لەلایەن (یۆجین. ل. رۆگان)ەوە بە ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە[٤٧]. ئەمڕۆ لە سایەی بەری کاری ئەم دوو لێکۆڵەرەوەیەدا، لە بارەی ئەو قوتابخانەی عەشایەرەوە کە ساڵی (١٨٩٢) لە ئەستەمبووڵ کراوەتەوە، خاوەن زانیارییەکی زۆرترین. وێنەی فۆتۆگرافیی هەندێك لەو قوتابییە کوردانەی لە قوتابخانەی عەشایەردا دەیانخوێند کە لە ساڵانی ئەو دەمەدا گیراون، کراونەتە پۆسکارت (کارتپۆستاڵ)[٤٨].

45- Celîlê Celîl, Jîyana Rewşenbîrî û Sîyasî ya Kurdan, Stockholm, 1985, s.26.
46- Alişan Akpınar, Osmanlı Devletinde Aşiret Mektebi, İstanbul, 1997, s.37.

47- Eugene L Rogan, Aşiret Mektebi: Abdülhamid II's School for Tribes (1892-1907), International Journal of Middle Eastern studies, no28, 1996, s.83-107.

48- Imperial self- Potrait, Journal of Turkish Studies, Vol.12, 1998.

پرۆژەی وێنەگرتنی ئەو شوێن و دامەزراوانەی لەسەر خاکی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا شایەنی بینینن، لەسەر خواستی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بەدی هاتووە و هەزاران وێنەگیراون. بەشێکی ئەو فۆتۆگرافانەی لە لایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە رێکخرابوون، ساڵانی (١٨٩٣) و (١٨٩٤) بە دیاری بۆ (کتێبخانەی

دوای پێکهێنانی تیپەکانی حەمیدییە (١٨٩١) و قوتابخانەی عەشایەر (١٨٩٢)، لە ساڵی (١٨٩٤) دا ئەو فەرهەنگە (کوردی-عەرەبی)یەی یووسف زیائەددین پاشا لە ئەستەمبووڵ بڵاو دەکرێتەوەو پێشکەشی عەبدولحەمیدی دووەم دەکرێت. ئەم فەرهەنگەی کە بەناوی (دیاریی حەمیدییە لە زمانی کوردیدا- ئەلهەدییەلحەمیدییە، فیللوغات ئەلکوردییە-الهدية الحميدية في اللغة الكردية-)ـەوەیە بایەخی مێژوویی گەورەی هەیە، بەجۆرە، بۆ یەکەمجار بڵاوکردنەوەی فەرهەنگێکی کوردی لە ئەستەمبووڵی پایتەختدا بەرچاو دەکەوێ. لایەکی سەرنجڕاکێشی کتێبەکە ئەوەیە، ئەو نامیلکەیەی ئەحمەدی خانی - ی نووسەری گەورەی کوردە کە بەناوی (نوبارا بچووکان)ەوەیە، وەك پاشکۆیەك لە کۆتایی ئەم فەرهەنگەدا جێی کراوەتەوە. فەرهەنگ بە بایەخەوە پێشوازیی لێدەکرێ[49].

ئەم سیاسەتەی عەبدولحەمید، بۆ دابینکردنی لایەنگیریی شێخ و ئاغاو بەگزادە کوردەکان هەمیشە هەر بۆی نەچووەتە سەر. نەتەوەخوازیی کورد بەردەمی ناگیرێ. ئەجۆرە بوە

کۆنگرس) و (مۆزەخانەی بەریتانی) نێرراون. وێنەی فۆتۆگرافیی هەندێك لەو لاوە کوردانەی لە قوتابخانەی عەشیرەت دەیانخوێند لەگەڵ ئەو کۆمەڵەدا خراوە. هەندێك لەو فۆتۆگرافانەی لەم ساڵانەدا بۆ ئەو قوتابییە کوردانە گیراوە کە لە قوتابخانەی عەشیرەتدا دەیانخوێند، دواتر کراونەتە پۆستکارت و لە ئەستەمبووڵ فرۆشراون. لە مرۆزەخانەیەکی سوێد، یەك لەو پۆستکارتانەم بەرچاو کەوت کە منداڵە کوردێکی تێدا بە شێوە جلوبەرگی نەتەوەییە دەرکەوتووە. لە ژێر پۆستکارتەکەدا دەستەواژەی (Costume Kurden) واتە (جلوبەرگی کوردی) نووسراوە. ئەم پۆستکارتەی لە لایەن سوێدییەکەوە ساڵی ١٩٠٤ لە ئەستەمبووڵەوە نێرراوەتە سوێد. هەروەها وێنەیەکی بە کۆمەڵی سیانزە قوتابیی کورد کە لە قوتابخانەی عەشیرەتدا بوون لە ژمارە (٣٩٠)ی ساڵی (١٨٩٨)ی گۆڤاری (سەروەتی فونوون)دا بڵاوکراوەتەوە، ئەو قوتابییانەی لێرە دیارن، یان لە پۆلی جەنگی (حەربی)دا یانیش لە پۆلە تایبەتییەکانی مولکییەدا دەوامیان کردووە. وێنەیەکی ئەم فۆتۆگرافانەم لە ڕێی بەڕێز فەخری ئەراڵ-ی بەڕێوەبەری گۆڤاری مێژوو و کۆمەڵەوە دەستخست. سوپاسمانی پێشکەش دەکەین.

49- Yusuf Ziyaeddin Paşa, Kürtçe- Türkçe Sözlük, yeniden düzenleyen: Mehmet Emin Bozarslan, İstanbul, 1978. Sözlük konusunda yayımlanan bir tanıtma yazısı için bak. Journal Asiatique, ıx serie, t.2, s.545-549, 1893.

ئازادیخوازانە تەنیا هی کورد نییە، تەواوی گرووپە ئەتنیکییەکانی دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. لە لایەکی دیکەشەوە ئەو سیاسەتەی سوڵتان عەبدولحەمید کە لە کوردستاندا پیادەی کردبوو دەمنادەمێ رووبەڕووی تەگەرە و زەحمەتی دەبووەوە. ئەو نا ئارامییانەی هەندێك لە شێخ و بەگزادەی کورد تووشی خەڵکیان دەکرد، عەبدولحەمیدی دەخستە هەڵوێستی دژوارەوە. وەکو لە پێکهێنان و هەڵسوکەوتی تیپەکانی حەمیدییەدا بووە، لە لایەن خەڵك و نوێنەرانی کەمایەتییەکانی دیکەوە ریزە سکاڵاو ناڕەزاییەکی بۆ چووە. یەك لە دیارترینی ئەو رووداوانەی عەبدولحەمیدی خستبێتە هەڵوێستێکی دژوارەوە و سەرێشەی تووش کردبێ (ڕووداوەکەی مووسا بەگ)ە کە ساڵی (١٨٨٩) هاتووەتە گۆڕێ، چاوی رای گشتیی ئەورووپا و میدیاکان دەخرێتە سەر ئەو کردەوانەی مووسا بەگی خانەنشین (موتەقاعید)، ئەو دەمانە لە ئەستەمبووڵ ئەنجامی داون. مووسا بەگ کە لە ناوچەی مووشدا سەنگێکی خۆی هەبووە، دەستدرێژی لە کچە ئەرمەنییەکی بەتەمەن لە خۆی گچکەتری (گوڵیزار) ناوێك دەکا .. دواتر دەیەوێ بە زۆر شووی بە براکەی پێ بکا. ئەم کچە ئەرمەنییەی دڵسۆزی داب و نەریتی ئایینی خۆیان بووە، شوو بە موسڵمان کردن پەسند ناکات. دوای ئەوەی گوڵیزار رووبەڕووی کۆمەڵێك زۆر و زۆرداری دەبێ، دواتر چاوێکیشی سەقەت دەکرێ، لەسەر بیستن و بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی رووداوەکە، نزیکەکانی گوڵیزار و ئەرمەنییە نیشتمانپەروەرەکان، واز لەم زۆرکارییە ناهێنن. رووداوەکە سەرنجی رای گشتیی نێونەتەوەیی و مێدیاکان رادەکێشێ. عەبدولحەمید کە لە هەڵوێستێکی دژوار و زەحمەتدا دەبێ. مووسا بەگ دەهێنرێتە ئەستەمبووڵ و داوای دادگاییکردنی دەکرێ. (١٨٨٩) نوێنەرە بیانییەکان و رۆژنامەنووسان کە بە مەراقەوە چاودێریی بەڕێوەچوونی دادگایی کردنەکەیان دەکرد و بە درێژایی دادگاییە کە لە ئەستەمبووڵدا ناوی کورد بە خراپە دەبرا. مووسا بەگ پاش ماوەیەك گیران، بڕیاری بێ تاوانیی دەردەچێ. زۆرداریی ئەم مووسا بەگە بەناو گۆرانیی میللی و فۆلکلۆری کوردیدا بڵاو دەبێتەوە. لەم گۆرانییانەدا خەڵك لایەنگریی گوڵیزار دەکەن و مووسا بەگیش تاوانبار دەکەن[٥٠].

50- Arménouhie kévonian, les Noces Noires de Gulizar, 1993. Michel de Greece. II. Abdulhamid-Yıldız Sürgünü, İstanbul, 1995, s.201-204. sir Henry F. woods, Türkiye Anıları, 1976, s.223-224. Naci Kutlay, Hecî Musa Beg û Guloya Ermenî, Wan, no. 4, 1992.

لە سەردەمی عەبدولحەمیددا، لا لێکردنەوەی تایبەتی لە هەندێك لە بەگزادە و پیاوە گەورەکانی کورد، لە لایەن چینی جیاجیاوە بوونە هۆی رەخنە لێ گرتن. بۆ نزیکبوونەوە لە (سەرا)، هەندێك لە بەگزادە کوردەکان هەوڵ دەدەن بۆ درێژەپێدان و زیندوو راگرتنی ئەو پێوەندییانەیان کە بە ئەستەمبووڵەوە هەیە کار دەکەن. جۆرێکی دیکەی ئەم بابەتانە بەسەرهاتی جەمال پاشای کوردە کە دواتری دەبێتە بابەتی ئەو چیرۆکەی (عەزیز نەسین) کە بە ناوی (ئەز کورمانجم)ەوە نووسیویەتی. جەمال پاشای کورد کە بە پاشایەتی لە قشلەی سەلیمییەدا دادەمەزرێ، هەموو لایەکی بە میدالیا داپۆشراوە: ((جەمال پاشای کورد ئەو جلکانەی لەبەر دەکرد کە نوقمی سورمە و گوڵنگە و قۆپچەی بریقەدار و زڕنی سوور بوون و میدالیاکانی بە بەرۆکی خۆیەوە دەکرد و دەیانیگوڵجاند، سمێڵە درێژەکەی کە دەگەیە بناگوێی بادەداو دەستێکی بە ردێنە سپییەکەیدا دەهانی و لە ناو قشلەی سەلیمییەدا وەك قەلەموونێکی هەڵئاوساو هاتوچووی دەکرد. ئەو میدالیایانەی سەرسنگی، وەك گوانە بزنە (مالتا)ییە پڕ لە شیرەکان، زرنگەیان دەهات و لەو سەری ڕاڕەوی ئەو لاوە دەبیسترا))[51].

سزادانی بە کۆمەڵی بەدرخانییان (١٩٠٦)

ناوەندەکانی سەرا، کوژرانی (ڕیدوان پاشا)ی سەرۆکی شارەوانیی ئەستەمبوڵی ساڵی (١٩٠٦) یان کردە بیانوو. ئەو کوردانەی لە ئەستەمبووڵ دەژیان، بە تایبەتی ئەو بەدرخانییانەی ژمارەیان ئێجگار زۆر بوو بەرەو تاراوگەیان دەنێرن. ئەم کوردانەی ساڵانێکە لە کار و فرمانی هەمەجۆردا کار دەکەن، بە خاو و خێزانیانەوە سزا دەدرێن، لە لایە دوورەکانی ئیمپراتورییەتدا ناچاری ژیان دەبن، تەنیا ژمارەی ئەو کوردانەی فەرمانبەربوون و کاریان دەکرد و دوور خراونەتەوە، ژمارەیان دەگەیشتە (١٠٧) کەس[52]. عەبدوڕڕەزاق بەگ لە بیرەوەرییەکانیدا روونی دەکاتەوە، ئەوانەی دەرەوەی خزمانی بوون، نزیکەی سێ هەزار کورد سزا دراون[53]. ژمارەی ئەو کوردانەی تێکەڵی ئەم ڕووداوانە بوون (٣-٤) کەس بووە. کەچی ژمارەی ئەوانەی دوور خراونەتەوە هەزارانی رەت کردووە. لە لایەکی دیکەوە، ئەو کوردانەی ریدوان پاشایان

51- Aziz Nesin, bay Düldük, İstanbul, 1984, s.27-32.

52- Osman Nuri Ergin, İstanbul Şehreminleri, İstanbul, 1996, s.181.

53- Celîlê Celîl, Jîyana Rewşenbîrî û Sîyasî ya Kurdan, Stockholm, 1985, s.121.

کوشتووە، بڕیاری خنکاندنیان دەدرێ، کەچی بە دارەوە ناکرێن. لە سەردەمی عەبدولحەمیددا، مەحموود پاشا کە بە شاعیر ناسراوە و سیانزەساڵ وەزیری ناوخۆ بووە، وەکو گاڵتە لەگەڵ ئەو کوردانە بکا کە دوور خراونەتەوە. ئەم دێڕە شیعرە دەنووسێ:

بی نقاط ایلە حساب شاهی جیهان بویروغونو

((گیتدی کورتلر طوطاراق یوبوینن قویروغونو))[(٥٤)(١٦٥)].

سزادانی بەم شێوەیەی کۆمەڵەی کوردان، ناهەقییەکی زۆری لەگەڵ خۆی هێنا، لە بیرەوەریی (خانووی بەهێشووە وەنەوشەییەکان)ی خالیدە ئەدیب ئادیوار- دا ناوەناوە ڕووبەڕووی ئەم ناهەقییانە دەبینەوە. عەلی شامیل پاشای زڕباوکی نووسەری ناسراو، سەر بە بنەماڵەی

54- Çankırılı Hacışeyhoğlu Ahmed Kemal, Görüp, İşittiklerim, Göçek, Tef ve zil (Bir dergide yayımlandığı anlaşılan bu yazının bir fotokopisini bana gönderen Fahri Aral. Yazının nereden alındığını belirtmemiş).

(١٦٥) لە ڕاستیدا ئەم دێڕەم لە دەقەکەدا بۆ هەندێك ئاسانكاری، من خۆم بەو شێوەیەم نوسییەوە کە دەیبینن. بۆ ژماردنی بەحا (بایی) ئەبجەدیی پیتی دێڕەکە دەبێ بە ڕێنووسی عوسمانی بنووسرێتەوە کە بەو جۆرەیە لەم پەراوێزەدا دەینووسمەوە، لەگەڵ تێبینیی ئەوەی کە دوا پیتی وشەی (بربرینك) کە بە (ن) دەخوێنرێتەوە و بە (ك) دەنووسرا، هی دانە پاڵ شتێکە واتە (نسبە)، لە ژماردندا دەبێ هەر بە (ن) دابنرێ:

بیْ نقـاط ایلـه حسـاب شـاه جهـان بویروغونو

((گیتدی کوردلر طوطاراق بربرینك قویروغونو)).

واتە:

پیتە بێ خاڵەکانی فەرموودەی شای جیهان بژمێرە، کوردگەل کلکی یەکدییان گرت (یەك بە دوای یەکدا) ڕۆیشتن.. نیوە دێڕی دووەم بە ژمارەی ئەبجەدی (بێ نقاط) واتە بێ ئەوەی پیتە خاڵدارەکان بژمێررێن، دەکاتە (١٣٢٤)ی کۆچی - ی ساڵی ئەو ڕووداوەیە کە دەکاتە ساڵی (١٩٠٦)ی.ز (وەرگێڕ).

بەدرخانییەو[55] دواتر ئەویش دوور دەخرێتەوە، ئەم جۆرە پێشڕەوییە توندەی عەبدولحەمید پەنای بۆ بردووە، دەبێ هۆیەکی بوو بێ. دوور نییە عەبدولحەمید، بۆ لەخۆ دوور خستنەوەی ئەو تاوانبار کردنانەی ئاراستەی ئەو شێوە روخسارەی ((کورد پارێزە))ی دەکرا، پەنای بردبێتە بەر بەم ئاراستەیە رێکردنە. لێکۆلەرەوەیەك ئەم ناحەقییەی کورد تووشی هاتووە، بەمجۆرە دێنێتە گۆ: ((سولتان، لە جیاتی ئەوەی پێویستییە یاساییەکان جێ بەجێ بکا، لە ناو دیدی پڕ لە سەرسامیی حکومەتەکەیدا، بە دوور خستنەوەی بنەماڵەی بەدرخان بۆ تاراوگە، ناوی خواردەوە))[56]. لە نێوانی ریدوان پاشای سەرۆکی شارەوانی و عەبدوڕڕەززاق بەگی بەدرخانی لە ئەنجامی کێشەی نێوانیان لەسەر چاککردنەوەی رێگایەك ساڵی (١٩٠٦) ریدوان پاشا لە رێی چوونەوەیدا بۆ ماڵی خۆی کە لە (گوێزتەپە) دا بووە لە ئەنجامی هێرشێکی چەکدارانە دەکوژرێ. لە لێپرسینەوەدا دەردەکەوێت کە ئەوانەی تاوانەکانیان کردووە، ئەمانەن:

- عەبدوڵڵای کوڕی محەممەدی بتلیسی، تەمەن بیست و دوو ساڵ.
- محەممەد ئەسعەدی کوڕی سەعدوڵڵای وانلی، تەمەن بیست و دوو ساڵ.
- ئەمین عەبدوڵڵای کوڕی تاتاری حەکاری، تەمەن سی و پێنج ساڵ
- ئەحمەدی کوڕی محەممەد، تەمەن سی و پێنج ساڵ.

تاوانی رێکخستنی ئەم هێرشە ئاراستەی عەبدوڕڕەززاق بەگ و عەلی شامیل پاشای بەدرخان کرا. لە رۆمانی (وەك بریقی شمشێر)ی ئەحمەد ئاڵتاندا کە سەردەمەکە دەردەخا، ئەوە روون دەکاتەوە کە بەر لە کوژرانی ریدوان پاشا، پیاوانی لە کوڕێکی عەبدوڕڕەززاق بەگ دەدەن. لە کاتێکدا ژمارەی ئەوانەی پێویست بوو سزا بدرێن دیار بوون، کەچی تەواوی ئەو بەدرخانییانەی لە ئەستەمبوڵ بوون. تەنانەت هەندێك لە دۆستە نزیکەکانیشیان رەوانەی تاراوگە کران.

یەك لەبەرچاوترینی ئەو کەسایەتییانەی بەدرخانییان کە لە ئەستەمبوڵ بوون، عەبدوڕڕەززاق بەدرخان بوو (١٨٤٦-١٩١٨). عەبدوڕڕەززاق بەگ لە غەلەتە سەرایدا دەخوێنێ و لە سەرادا

55- Halide Edib Adıvar, Mor Salkımlı Ev, İstanbul, 1992, s.112.
56- Philip Mansel, Dünyanın Arzuladığı şehir: İstanbul, çev. Şerif Erol, İstanbul, 1996, s.316.

بە وەرگێڕی مابەین دادەمەزرێ، ئینجا دەبێتە (سێیەم تەشریفاتچیی مابەین)[١٧*]. فرەنسی بە چاکی فێر دەبێ و ماوەیەکیش لە کۆنسۆلێتیی عوسمانی لە پترسبۆرگدا وەك سکرتێری سێیەم کار دەکا. دوای ڕووداوی ڕیڤوان پاشا، بەرەو تەرابولسی غەرب[١٨*] دوور دەخرێتەوە و سالی (١٩٠٨) دوای جاڕدانی مەشرووتییەت دێتەوە ئەستەمبوول، ماوەیەکی لێ دەمێنێتەوە، لەوێوە، پێشتر دەچێتە ڕووسیا و لەوێشەوە دەپەڕێتەوە بۆ کوردستان، عەبدوڕڕەززاق بەگ سالی (١٩١٨) لە ئەنجامی پیلانێکدا کە والیی مووسل ڕێکیخستووە لە عێراقدا دەکوژرێ.
عەبدوڕڕەززاق بەدرخان بەر لە کوژرانی، چەند وڵاتێك گەڕاوە، پەیوەندی لەگەڵ ناوچە جیاجیاکانی کورددا دەبەستێ، ئەم تێکۆشانە ئەکتیفەی عەبدوڕڕەززاق لە ئەستەمبووڵ بووە هۆی ناڕەحەتییەکی زۆر[٥٧]، (سێرهێنری. ئی. وودس)ی ئەفسەری ئینگلیز کە نزیکەی چل ساڵ لە هێزی دەریایی عوسمانیدا کاری کردووە، لە بیرەوەرییەکانیدا بە پێنا هەڵدانەوە لە بارەی عەبدوڕڕەززاق بەگەوە دەدوێ. گەلێك جار دوای نانخواردن یاریی (بریج)[١٩*]ی لەگەڵدا کردووەو گاڵتەیان پێکەوە کردووە. ئی. وودس ئەوەش باس دەکا کە عەبدوڕڕەززاق لە کاتی نانخواردندا باسی خانمێکی کردووە کە یەکیانناسیوە، خانەکە قسەی نابەجێی لە بارەی کوردەوە کردووە و عەبدوڕڕەززاق بەربەرچی داوەتەوە. لەم بارەیەوە دەڵێ: ((سەر لە ئێوارەیەك بە خانمێکیان ناساندووە، ژنەکە کە زانیویەتی کوردە، بە سەرسووڕمانەوە لێی ڕوانیوە، ئەم خانمە ئەوەندەی لە بارەی دزییەتیی کوردەوە قسەی بیستووە. سڵی لەوە نەکردووەتەوە ڕاستەوخۆ بەو کەسە بڵێ کە بەر لە سەعاتێك یەکدیيان ناسیوە: ((ئایا تۆ لەو کوردانەی کە وەکو دەزانین دزی

[١٧*] سێیەم تەشریفاتچیی مابەین: سێیەم کەس لە فەرمانگەی سەرپەرشتیکردنی پلە و پایە و بەخشینی مێداڵیا و .. بە پێی سەرەی پایە و پلە ئامادەبوونی ئەو کەسانە لە ڕێوڕەسمەکاندا ... مابەین: ئەو فەرمانگەیەی نێوانی میوانخانە و حەرەمدا بووە، نزیك و دەوروبەرەکانی سوڵتانی عوسمانیی لێ دەبوو .. (وەرگێڕ).

[١٨*] تەرابولسی غەرب (تەرابولسی خۆرئاوا): مەبەست وڵاتی لیبیای ئێستا بووە، بۆ جیاکردنەوەی لە شاری (تەرابولس)ی شام بە خۆرئاواییان ناساندووە. (وەرگێڕ).

57- Celîlê Celîl, Jîyana Rewşenbirî û Sîyasi ya Kurdan, Stockholm, 1985, s.126.

[١٩*] بریج (Bridge): یارییەکی چوار قۆڵییە بە کاغەزی قومار لەسەر مێز دەکرێ. (وەرگێڕ).

گەورەن)). کوردەکەی بەرامبەری، لەبەردەمی خانمدا دەچەمێتەوە و دەڵێ: ((گەر بتەوێ باخی بوومان پێ دەڵێی، بەڵام دز .. هەرگیز)). بەجۆرە بە پێی تێگەیشتنی خۆی لێکدانەوەیەکی چاکی ئەنجام داوە[58]. ئەم ئەفسەرە ئینگلیزە دەڵێ، لەو دەمانەدا کە یەکدییان ناسیوە، عەبدورڕەززاق (باش مابەینجی)[(*205)] بووە.

ئەوەی بەوە ناسێنراوە کە دەوری سەرەکیی لە ڕووداوەکانی ڕێدوان پاشادا بینیوە، عەلی شامیل پاشایە (١٨٥٥-١٩٠٨). عەلی شامیل پاشا لە شاری جزیرە لە دایك بووە. لە سەردەمی جەنگی عوسمانی-ڕووس-دا کە ساڵی (١٨٧٧) دەستی پێکردووە، لە ئەستەمبووڵ نزیکەی سێ هەزار کوردی خۆویستی کۆکردووەتەوە، بەشداریی لە جەنگەکەدا کردووە و لە بیست و پێنج جێوە برینداد بووە. خالیدە ئەدیب ئادیوار - ی نووسەری ناوداری تورك لە بارەی عەلی شامیل پاشاوە کە زڕبابی بووە، لە یادەوەرییدا کە بە ناوی (خانووە بەهێشووە وەنەوشەییەکە)یدا درێژە بە هەندێك ڕوونکردنەوە دەداو دەڵێ: ((عەلی شامیل پاشاش لەم ڕۆژانەدا لە ئوریسکوپدار، بووە سەرکردە (کۆموتان) و زوو زوو سەری لێ دەداین، لە خانوویەکی گەورەی (کادی کوێی)دا دادەنیشت. دوو ژنی، یەکیان سوورو سپی و ئەوی دییان زنجی (ڕەشپێست) و هەردووکیشیان منداڵی ڕەنگاو ڕەنگیان هەبوو، چیرۆکی هێنانی ئەو خانمە ڕەشپێستەی زۆر خۆشە[59]، خالیدە ئەدیب ئادیوار لە بەشێکی یەرەوەرییەکانیدا لە بارەی چۆنیەتیی ڕابواردنی عەلی پاشاوە لەگەڵ منداڵەکانی خۆیدا دەڵێ: ((ئێواران زۆر کەیفخۆش بوو، جلی کوردیی بە کوڕەکانی لەبەر دەکرد، تاتە[(*215)] مەخموورە ئاوازێکی کوردیی دەژەند، لە پێش هەموانەوە پاشا، کە هەڵپەرکێیەکی کوردییان دادەمەزراند، بە فیکە ئاوازەکەی دووبارە دەکردەوە، هەر لەو کاتەشدا دەستی منی دەگرت و دیخستمە ناوهەڵپەرکێکەوە. هەر هەموومان پێکەوە دەست ر باسکمان دەجووڵاندەوەو ((هەی زمینۆ، هەی زمینۆ))مان دەگوت و ئاوێزە (چلچرا)کانی میچمان دەخستە لەرزە و خرمە خرم. پێمان بە زەویدا دەدا و

58- Sir Henry F. Woods, Türkiye Anıları, 1976, s.314.

(*205) باش مابەینجی: یاوەری سوڵتانی عوسمانی. (وەرگێڕ).

59- Halide Edib Adıvar, Mor Salkımlı Ev, İstanbul, 1992, s.97.

(*215) تاتە: تاتا: خوشکی گەورە (وەرگێڕ).

دەسووڕاینەوە و هەڵدەبەزین، خانمە ڕەشپێستەکە لەسەرمندەرێکدا[٢٢٥] لەسەر زەوی دادەنیشت، خانمە سوور و سپییەکە هەر کە لە ژوورەوە دەردەکەوت، پاشا بەرەو پیرییەوە ڕای دەکرد، دەستی لە کولمەکانی دەدا و دەیگوت: ((خالیدە، ئەمە ژنە ڕەنگ تایبەتییەکەمە، دەست بە کولمەکانیدا بسوو بزانە قەت ڕەنگی دەچێتەوە؟))[٦٠].

خانووەکەی عەلی شامیل پاشا، لە ناوچەی (خونکار ئیسام)ی گەڕەکی (تاجی بادام)ی (کادی کوێ).. بە بۆچوونی (عەدنان ئیز)، دواتر کراوەتە قوتابخانەی نموونەیی عوسمانغازی، عەدنان ئیز لە کتێبی (کادی کوێی سەردەمانی زوو)دا، ئەوەشی ڕوون کردووەتەوە کە عەلی شامیل پاشا، سەرکردەی قشڵەی سەلیمییەی ئویسکویدار بووە و کاری کردووە. جگە لەوەی عەدنان ئیز لە بارەی ئەوەوە کە فەرید پاشای ئەڤلۆنیایی سەدر ئەعزەمی ئەو سەردەمە، لە بابەتی ئەو تەگەرە پێویستانەی خرانەبەر ڕێی بنەماڵەی بەدرخان پاشاوە ئەوە دەردەخا کە کاریگەریی زۆری بەسەر (پادشا)وە هەبووە. مێژوونووسان دەڵێن عەلی شامیل پاشا کە لە کادی کوێدا بووە لەبەری ئەنادۆڵی ئەستەمبووڵدا، بە دادوەری ناوبانگی دەرکردووە، بە تایبەتی ئەو بازرگانانەی لەو ناوەدا بوونە، خۆیان لە کاری نابەجێ پاراستووە، چونکە زۆر لە عەلی شامیل پاشا دەترسان. لەو لێکۆڵینەوەیەی عوسمان نووری ئەرگین - دا کە بەناوی (سەرەك شارەوانییەکانی ئەستەمبوڵ)(١٩٩٦) ئەم ڕوونکردنەوەیە لە بارەی عەلی شامیل پاشاوە دەخاتەڕوو ((.. بەدبەخت، بەڵام زیرەك، ئازا، ڕای خۆ پەسەند، لەگەڵ سوڵتاندا ڕاستگۆ، بەڵام ئەو وەزیرانەی بە بەدناوی ناسرابوون و ئەو پیاوانەی بە توندوتیژ دانرابوون، ئەم لە ڕوویاندا دەوەستا و بە گژیاندا دەچوو. بەرامبەر خەڵکی هەژاریش بە مەرد و دەستکراوە ناسرابوو)).

عەبدوڕڕەززاق بەگ و عەلی پاشا کە بە بەرپرسی ڕووداوی (ڕیدوان پاشا) دانران، بە دوو نوێنەری گرنگی بەدرخانییانی ئەستەمبوڵ دادەنران، وەك دوو کەسایەتی دادەنرێن کە قسەیان لە ناو کوردانی پایتەختدا دەڕۆی، ئەم دوو کوردەی بە ئازایەتی ناسراون و لە لایەکی دیکەوە پەیوەندیی پتەویان بە (سەرا)وە دابین دەکرد. دەبێ لەبەر ئەم ڕێو شوێنە بەهێزمیانەوە بێ کە ئەم دوو بەدرخانییە ناویان لە ناو شەقاوەکانی ناو ڕۆمانی (ئەو زریانانەی بە شەقاوەکانی

---

[٢٢٥] مندەر: دۆشەکی گچکەی دانیشتنی یەك کەسی. (وەرگێڕ).

60- age. S.98.

ئەستەمبوولی کۆن دەژمێران)ی (ڕەفیع جەواد ئەلۆنای)دا ئاتراون: ((ئەوسا پیاوە دەسترۆیکانی ناو بەرێوبەرایەتیی دەوڵەت، لەگەڵ دەستوپێوەندەکانیان بە گرووپی جودا جودا دادەنران، ئەمانە کە سەرەکۆزەری بێزنگ دەژمێران، عەلی شامیل پاشای پارێزگاری ئویسکویدار بوو. لەناو دەستوپێوەندی ئەمدا کورد هەبوون. تاهیر پاشای سەرکردەی چەکدارە ئەرناوت (ئەلبانی)یەکان و چەکدارەکانی، بالێکی دیکە بوون))[61]. لە کتێبی (سەرەك شارەوانییەکانی ئەستەمبووڵ)ی (عوسمان نووری ئەرگین)دا عەلی شامیل پاشا لەگەڵ فەهیم پاشا بەراورد کراوە: ((لەو سەردەمەدا لە ناوچەی غەلەتە (گەلەتە سەرای) و (بەیۆغلو) و (شیشلی)دا فەهیم پاشا هەرچییەك بووبێ، عەلی شامیل پاشاش لە ناوچەی ئویسکویدار و کادی کوێی - یدا تاکە فەرمانڕەوای سەربازی و سڤیل و شارەوانی بووە، ڕێوشوێنی بەهێزی ئەم کەسایەتییە کوردانە، دەبێ کاری لە کۆکردنەوەی کۆمەڵە کوردێکی دیاری ئویسکویدار و کادیکوێی کردبێ، وەکو پێشتریش گوتمان، ئەمین عالی بەدرخان و منداڵەکانی کە لە ریزی پێشەوەی بەدرخانییاندا بوون، لە کادیکوێیی بەری ئاسیای ئەستەمبووڵدا بوون.

دواتر ڕووداوی ڕیدوان پاشا لە ڕۆمانی (وەك برینی شمشێر)ی ئەحمەد ئەلتاننا کاری لەسەر کراوە. مەهپارەخان کە یەکێکە لە پاڵەوانانی ڕۆمانەکە، دراوسێی عەبدوڕڕەززاق بەدرخان بووە کە لە (شیشلی) دادەنیشت، لە ئەنجامی ئەو پێکدادانەی لە ڕووی نووژەنکردنەوەی ئەو ڕێیەوە ڕووی دا کە دەچوو لای کۆشکی عەبدوڕڕەززاق بەگ، کوڕی عەبدوڕڕەززاق بەگ دەکوژرێ، لە سەر ئەو ڕووداوە عەلی شامیل پاشای بەدرخانی سەرکردەی ئویسکویدار بەخۆ دەکەوێ و لە ئەنجامدا لە لایەن پیاوەکانییەوە ڕیدوان پاشای سەرۆکی شارەوانیی ئەستەمبووڵ دەکوژرێت. لە ئەنجامی ئەم ڕووداوەی کە ناکۆکیی نێوان بەدرخانییان و سەرا پتر دەکا، تەواوی ئەو بەدرخانییانەی لە ئەستەمبووڵ بوون بۆ وڵاتانی دیکە دوور دەخرێنەوە. لە ڕۆمانی نیمچە مێژوویی (وەك برینی شمشێر)دا، ئەحمەد ئەلتان تۆماری کردووە، ئەم چەند بڕگەیەی لە بارەی کارەساتی کوردانەوە لێ دەگوازینەوە: ((ڕێك دوو هەزار کەس لە نەوەی میر بەدرخانی بەگزادەی کوردی بەناوبانگ، پەیوەندییان بە تاوانەکەوە بووبێ یان نەبووبێ لە ماڵەکانیانەوە کۆکرانەوە و خرانە ناو کەشتییانەوە و ڕەوانەی تاراوگە کران. زۆریان تووشی پەرێشانی هاتن،

61- refi Cevad Ulunay, Eski İstanbul Kabadayları, 1995, s.167.

خێزانیان پەرت و بڵاوبوونەوە، ژنان لە مێرد، منداڵ لە باوکان دوور خرانەوە، زۆرێکیان یەکدییان نەدیتەوە، لە ناو هەناسە ساردیدا، لە دەشت و دەردا، لە ڕەشماڵی ڕەوەنداندا ژیان، ئەوانەی توانییان هەڵبێن، لە ئەوروپا، لە ژووری بێ خۆرەتاوی پەنسیۆنەکاندا دەژیان، بێ ئەوەی دۆستێك هەبێ قومە ناوێکیان بداتە دەست، یان خزم و خوێشێکیان لە تەك بێ گەردنئازادییان لەگەڵدا بکەن، خۆشەویستێك نەبوو کە لە دنیایەکەوە دەیەرینەوە دنیایەکی دیکە، دەستیان بگرێت و سەرسامیی دواساتەکانی ژیانیان لێ سووك بکاتەوە و ... کۆچیان کرد و ڕۆیشتن)).

هەندێك لەو شوێنانەی کوردیان لێ بووە

دەستنیشانکردنی هەموو ئەو شوێنانەی کورد لە ئەستەمبووڵدا بە شێوەیەکی کۆمەڵ کۆمەڵ تێیدا بوون و دەژیان زەحمەتە. کوردەکان لە کوێ ژیاون و لە چ جۆرە کارێکدا کاریان کردووە و کاتی دەستبەتاڵییان بەچی و لە کوێ بەسەر بردووە، هەوڵمان داوە وەڵامی ئەمجۆرە پرسیارانە، با بەشێوەیەکی سنوورداریش بێ لە بەشە جیاجیاکانی ئەم کتێبەدا روون بکەینەوە.

کاتێك ئەو جێیانە دەستنیشان دەکرێن کە کەسایەتییە دیارەکان و بەتایبەتی تاك تاکەی کەسەکان کاریان تێدا کردووە و لێی مردوون و ئەو گۆڕستانانەی لە ئەستەمبووڵدا لێی نێژراون، سوودمان لە سەرچاوە جیاجیاکان وەرگرتووە. بۆ نموونە ئەو ڕابەرانەی تەلەفۆن، کە لەو ساڵانەدا بڵاوکراونەتەوە. ژمارەی تەلەفۆنی هەندێك کەسایەتیی کورد و ناونیشانی جێی کارکردنیانی تێدایە.

ناوی هەندێك شەقام و کۆڵان لە هەردوو بەری ئەستەمبووڵدا ناوی کەسایەتییە کوردە جیاجیاکان و ناوی هەندێ لە ناوچەکانی کوردستانیان لێ نراوە، هەندێك لەم ناوانە لە دەمانێکی زۆر کۆندا و هەندێکی دیکەیان لەم ساڵانەی دواییدا لەو شوێنانە نراون. ناوی هەندێك لەم شەقام و کۆڵانانەی وا لە ئەستەمبووڵدان، لە خوارەوە بەڕیزبەندیی ئەلف و بێ ڕیزکراون.

ناوی ئەو جێیانەی ئەستەمبووڵ، ئەوە دەردەخەن کە بە چڕی کوردیان تێدا ژیاوە. ئەم ناوانە سەرەداوی وا گرنگمان بە دەستەوە دەدەن، ئەو ژمارانەی بەرامبەر ئەم ناوانەی شەقام و

کۆڵانانە، ژمارەی ئەو شەقام و کۆڵانانە پیشان دەدەن کە ئەو شەقام و کۆڵانانەی بەری ئەنادۆڵ هەر بەو ناوانەوە ناسراون(٦٢):

بەری ئەوروپا:

شەقامی ئەبو سعوود – ئەمینۆنۆ

کۆڵانی ئەرزنجان – شیشلی

کۆڵانی شوکری پاشای ئەرزەرۆمی – بێشکتاش

کۆڵانی خەرپووت – شیشلی

کۆڵانی ئیدریس – ئەییووب

شەقامی ئیدریس کۆشکی – ئەییووب

کۆڵانی مزگەوتی کورد چەلەبی – بەیۆغلو

کۆڵانی کوردان – فاتیح (ناوە تازەکەی کۆڵانی گایە- یە)

کۆڵانی مەلازگرد – بێشکتاش

شەقامی مەلا گۆرانی – فاتیح

کۆڵانی سولەیمان نەزیف – شیشلی

کۆڵانی نابی - ی شاعیر – فاتیح

کۆڵانی نابی - ی شاعیر – بێشکتاش

62- İstanbul şehir Rehberi, 1934 ve İstanbul-Anadolu yakası, 1998 adlı Kaynaklardan yararlanılmıştır.

بەری ئەنادۆڵ (ئاسیا):

شەقامی دیجلە — (٨)

کۆڵانی دیاربەکر — کەرتاڵ

شەقامی ئەرزنجان — عومرانییە

شەقامی ئەرزەرۆم — عومرانییە

شەقامی ئەرزەرۆم — (٥)

شەقامی فرات — سوڵتانییە

شەقامی فرات — عومرانییە

شەقامی فرات — (١٥)

کۆڵانی خەرپووت — (٣)

کۆڵانی قارس — (٣)

کۆڵانی مەلا گۆرانی — پەندیك

کۆڵانی مەلا گۆرانی — عومرانییە

شەقامی مەلاتییە — عومرانییە

شەقامی مەلاتییە — (٣)

کۆڵانی مەلاتییەییان — سەماندرا

شەقامی مەلازگرد — (٧)

کۆڵانی مەراش — (٣)

کۆڵانی سیلڤان — پەندیك

کۆڵانی سیلڤان — ئویسکویدار

کۆڵانی سیلەرەك – کەرتاڵ

شەقامی شانلی ئورفە – (۳)

کۆڵانی تونجێلی – (۳)

کۆڵانی وان – پەندیك

کۆڵانی وان – سولتانبەگی

کۆڵانی وانیکۆێی – ئۆیسکوپدار

شەقامی زیا گۆێگ ئالپ – (۲)

کۆڵانی زیا گۆێگ ئالپ – (۳)

نەك هەر ناوی شەقام و کۆڵان، ناوی هەندێك شوێنی دیکەش لە ئەستەمبوڵ سەرنجڕاکێشە. یەك لە مانەش لە بەری ئاسیای بوغازدا ئەو ناوچەیەیە کە ناوی (وانیکۆێی)ە لەبەر ئەوەی محەممەد ئەفەندی خەڵکی وان بووە، ناوچەکە بەم ناوەوە ناسراوە. دوای نیشتەجێ بوونی لە ئەستەمبوڵ، محەممەد ئەفەندیی وانی لە گەلێك کاردا دامەزراوە و شەیخولئیسلامەتییشی کردووە و ساڵی (١٦٨١) کۆچی دوایی کردووە. رەشاد ئەکرەم کۆچو کە پشتی بە مێژووی (سیلاحدار) بەستووە، باسی ئەوە دەکا کە شێخێکی کورد بە ناوی عەبدوڵڵا ئەفەندییەوە لەو سەردەمانەدا چووەتە ئەستەمبوڵ و لەگەڵ محەممەد ئەفەندیی وانیدا دەمێك بە کوردی و دەمێك بە عەرەبی قسەیان کردووە.

بە پێی هەندێك قسە، نەوەی محەممەد ئەفەندیی وانی، تا ئەمڕۆش لە ئەستەمبوڵدا ماون. بە پێی هەندێك تێبینی کە لە ئەنسکلۆپیدیای ئەولیاکاندا هەیە، بۆ نموونە ئەحمەد ئەفەندیی وانی کە لە شێخانی تەکیەی وان بووە، ساڵی (١٨٠١) لە ئەستەمبوڵ مردووە: (تربکی نوێژگەی کەمال زەهگیرجی لە (سیلیڤری کاپی)ی فاتیحدا ئەو تەکیەیەی لەو سەردەمانەدا رووخاوە، نەوەکانی، زەوییەکەی وەك شوێنێکی دار فرۆشتن بەکار هێناوە)). نازانین لە نێوانی ئەم دوو وانییانەدا خزمایەتی هەیە یان نا.

یەك لەو شوێنانە لە ئەستەمبوڵدا لە کۆنەوە جێی کوردەکان بووە، ئەو قاوەخانەیەیە کە کوردی لێ دانیشتوون. لەو لێکۆڵینەوەیەی سەلاح بیوسەل-دا کە بە ناوی (کتێبی قاوەخانەکان)ەوەی نووسیوە، لە بارەی قاوەخانە کۆنەکانی کوردانەوە هەندێك زانیاری روون دەکاتەوە، لە ریزی پێشەوەی ئەم قاوەخانانەدا ئەمانەن:

- قاوەخانەی محەممەدی کورد - لە نێوان عەزاب قاپی و کوورەچی قاپی - دا.

- قاوەخانەی یووسفی کورد - ئەم قاوەخانەیە، کە لە ئیمراهۆردا بووە بە یەك لە قاوەخانە بەناوبانگەکانی ئویسکویدار دەژمێررێ: ((قاوەخانەی یووسفی کورد، قاوەخانەی گەرەك نەبوو، یانەیەك بوو بۆ خۆی، پیاوە قسەزان و قسە خۆشەکانی گەرەك دەهاتنە ئەوێ، قسەی خۆشیان دەکرد، دۆستایەتییان دەکرد. لە سەرووی ئەمانەوە مەلایەك هەبوو لە ئیمراهۆردا لەو ماڵە دادەنیشت کە بە تەنیشت تەکیەی مەولەویدا بوو. ریش زەرد، شێوەی جلوبەرگ پاك و خاوێن، جوانی پیاوانە، مەلا بەگێکی سەر بەمێزەر بوو. لە لایەکی دیکەوە لاوان لە یانەی وەرزشی ئەنادۆڵەوە عاتف - ی خودا لێخۆشبوو، هودایی برای بورهان فەلەك - ی خودا لێخۆشبوو و شەمسی و ماجید، هەموویان لەم قاوەخانەیەدا کۆ دەبوونەوە، پێدەکەنین و کاتیان بەسەر دەبرد. ئەو لاسایی کردنە بێ وێنەیەی بورهان فەلەکی عەجەمەکان، ئێمەی لە پێکەنین دەکوشت. ماوەیەك تۆفیق ئەیزەن - یش فێرە قاوەخانەی یووسفی کورد بوو بوو. لە گیرفانی ناوەوەی نیو قاپەکەی دەردەهێناو بە بەژنیدا هەڵدەدا و گۆرانیی دەگوت:

خانم ئەم نازە باوێ

بێرە لامان نار ناوێ[٢٢٥]

ئەوەشی لە بیرنەدەکرد جارجارێ مەتارەکەی بە دەمەوە بنێ و مژ لە نارەقەکەی بدا)).

---

[٢٢٥] ئەمەم وەك وەرگێرانی ئەو دوو نیوە دێرە داناوە کە تورکییەکەی ناو دەقەکە، ئەمەیە:

Hanım etme bu nazı

Gel bize bazı bazı

- قاوەخانەی محەممەد ئەفەندیی خەرپووتی: لە (دیرەکلەر ئاراسی)دا بوو، بە چایخانەی محەممەد ئەفەندیی خەرپووتیش ناسرابوو.

- قاوەخانەی دیار بەکر: کە چەمبەرلی تاش - ت رەت دەکرد بەلای چەپدا لە گۆشەی (سەرسووچی) کۆڵانی قەرەبابا (ناوە تازەکەی کۆڵانی دوێنەم) دا بوو. لە سەرەتای سەدەماندا (سەدەی بیستەم) ئەو رووناکبیرە کوردانەی لە ئەستەمبووڵ بوون زوو زوو سەریان لەم قاوەخانەیە دەدا کە سەلاح بیرسەل لە بارەیەوە دەڵێ: ((ئانپنار بە زۆری لەگەڵ حیلمی زیا ئویلکەردا دەهاتە قاوەخانەی نوێی خۆرهەلات. هەندێ جاریش ئەتاچ موکریمین خەلیل، عوسمان جەمال قایغیلی - ش لێرە یەکیان دەبینی. لە سالانی دواتردا لە (دیوان یۆلو)دا، کە چەمبەرلی تاشت رەت دەکرد بە دەستە چەپدا لە گۆشەی کۆڵانی قەرەبابادا قاوەخانەی دیار بەکریش رووناکبیرانی بۆ خۆی کێش دەکرد. ئیحسان حەمیمزادە، رفعەتی کلیس - ی سەر بە ئێرەدا دەکەن، شاکیر ئویلکو قەشاریش کە ئەندامێکی دامەزراوەی زمانی تورکی بوو (کۆڕی زانیاریی زمانی تورکی) زوو زوو دەهاتە ئێرە، ماوەیەکیش سوعاد کەمال یەتکین - یش فێری ئێرە بوو بوو. دواتریش شەوکەت رادۆش هاتوچووی دەکرد)).

- قاوەخانەی جەعفەر ئەفەندیی ئەوەی زارۆ ئاغا: ئەم قاوەخانەیەی لە (دۆغرویۆڵ) دا بوو، کۆڵهەڵگر (حەماڵ)ەکانی لێ دادەنیشتن.

- قاوەخانەی حاجی - کە ئەحمەد ئەعیم - ی بابانزادەی یەك لە کوردەکانی بابان لەوێ دادەنیشت. سولەیمان ئەزیفی دیاربەکری کە لە مۆدە دادەنیشت و دواتریش لە کۆڵانەکانی پشت نیشانتاشی- دا لە ژوورە گچکەکەیدا بە مردوویی دیتراوەتەوە، ئەو قاوەخانانەی لە (توربە)[*٢٤] ، لێیان دادەنیشت وەك (قاوەخانەی خۆرهەلاتی نوێ) پێویستی بە یادکردنەوەیە.

لە قاوەخانەی خانی یۆلگیچەن - ی گەرەکی پەرماق قاپی کە لە نێوان بایەزید (بێیازت) و (چەمبەرلی تاش) دایە، شوکری ئەفەندیی مەدداح لاسایی کەمینە ئەتنییە جیاجیاکانی

[*٢٤] توربە: وشەیەکی عەرەبییە لە (تووراب- تراب)ەوە وەرگیراوە، واتە: خۆڵ، گڵ .. وشەکە واتای (گڵکۆ) دەگەیەنێ. لە هەندێك شوێندا بە واتای (گۆڕ) بەکاردەبرێ (وەرگێڕ).

دەکرد و ژیانی رابواردنی ئەستەمبوولی رەنگین دەکرد: ((بە کورسییەك و مێزێکی گچکەوە، لەسەر بەنداوەکەدا ئامادەیە، دوای ئەوەی لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ تێلای دەستی راستی دەخاتە سەر مێزەکەو زەمبیلی دەستی چەپی لە لای کورسییەکە دادەنێ. زەمبیلەکە شەپقە و سەرپۆشی جۆرا و جۆری تێدایە. بۆ لاسایی کردنەوەی عەرەب، کووفییە (چەفیە-مەندیل)، بۆ لاسایی کردنەوەی (کەرەمان)ی فێسێکی زل و بۆ ئەرمەنییان (تاککە)، بۆ ئەرناوت (فێسی سپیی رۆندار (دەبێ بریقەدار بێ!)، بۆ چەرکەس قالپاغ و بۆ کورد کلاوی لباد...ی لە بیر نەدەکرد. شوکری ئەفەندی جلوبەرگی کورد نا، .. کەمایەتییەکانی دیکەش کە لە ئەستەمبوول دەژین، رەنگی دیکەیان تایبەت بەو کەسانەی لاساییانی دەکرد لەبەر دەکرد و بە جوولە دەکەوت[63].

کورد، یەك لە نموونە سەرەکییەکانی فۆلکلۆری ئەستەمبوولی پێکدەهێنا، تەنیا بە فۆلکلۆری ئەستەمبوول تێکەڵ کردووە، لە (تەماشای تورك-شانۆی تورك)ی لێکۆڵینەوەی سەلیم نوزهەتدا کە ساڵی (١٩٣٠) بڵاوکراوەتەوە، لەم بارەیەوە زانیاریی سەرنجراکێشی تێدایە، هونەرمەندان، حەققی بەگ و سەعید بەگ چۆن لاسایی کوردەکانیان کردووە، بە فۆتۆگرافەوە لێیان کۆڵراوەتەوە .. رەشاد ئەکرەم کۆچو، لە کتێبێکدا کە پەیوەندیی بە تروومپاچییانەوە[**] هەیە، باس لە ئاهەنگەکانی خەتەنە کراوە،کە تروومپاچییەکان دەیانگێڕا، لەم ئاهەنگانەدا کۆڵهەڵگرە کوردەکان بە پێی داب و نەریتی خۆیان چالاکییان دەنواند و دەڵێ: ((ئاهەنگەکانی خەتەنە کردن لە لای تروومپاچییەکان تایبەتمەندیی دیکەی خۆی هەبوو، لە هەر یەکێك لەم ئاهەنگانەدا کۆڵهەڵگرێکی کوردی تەمەن چل پەنجا ساڵیی هەر تێدا دەبوو کە بە هەر هۆیەکەوە بێ خەتەنە نەکرابێ، ئەم کابرا پیرەش لەگەڵ منداڵاندا خەتەنە دەکراو بە کڵاوی سەری و ملوانکەی بۆ چاوەزاری ملی و لەسەر دۆشەگێك دادەنرا، ئەم کۆڵهەڵگرە کوردەش دەبوو و مایەی نوقڵانەو پێشبینیی خۆشی.

63- Salah Birsel, Kahveler Kitabı, İstanbul 1991, s.208.

(**) ترومپاچی (طولومباجی): بەو کەسانە دەگوترا کە لە ئاگر کوژاندنەوەدا کاریان کردووە و ئەو ئامێرانەی ئاو گوازتنەوەیان بەکار دەهێنا کە (ترومپا) یان پێ دەڵێن. (وەرگێڕ).

له لایه‌کی دیکه‌وه، ئه‌م ترۆمپاچییانه (٤٠-٤٥) ساڵییه بۆ به ته‌نیا نه‌هێشتنی ئه‌و کورده نامۆیه و نه‌کردنی به بابه‌تی رووداو، ده‌چووه شێوه‌ی منداڵی خه‌ته‌نه کراو.. به‌ڵام له جیاتی ئه‌وه‌ی کڵاوی له‌سه‌ر بنێن، تاجه گوڵینه‌یه‌کی له (سیر) دروستکراوی به قیسته پاڵه‌وانانه‌که‌یدا ده‌کرد. ده‌وروبه‌ری ئه‌و ترۆمپاچییه ده‌بووه شانۆی پڕ چالاکیی نمایش، له لایه‌ن خه‌ڵکه‌وه به‌خشش باران ده‌کرا، ئه‌م پاره‌ی به‌خششه‌ش له نێو هاوکارانیدا دابه‌ش ده‌کرا که‌وا کارێکی داهات باشیان به ده‌سته‌وه نه‌بوو)).

ده‌ستنیشانکردنی شوێنی ژیانی ئه‌و کوردانه‌ی له ئه‌سته‌مبوڵ ژیاون و کاریان له چیدا ده‌کرد و چ کارێکیان کردووه و به چییه‌وه خه‌ریك بوون، باسکردنی ئه‌م لایه‌نانه له‌ناو چوارچێوه‌یه‌کی دیاریکراودا، زه‌حمه‌ته به‌ڵام هه‌ندێك به‌ڵگه هه‌ن په‌یوه‌ندییان به‌م لایه‌نه‌وه هه‌یه و له‌و باره‌یه‌وه سه‌ره‌داوی گرنگمان به ده‌سته‌وه ده‌ده‌ن. له باره‌ی هه‌ندێك که‌سه‌وه که بوونه‌ته ئه‌ندامی کۆمه‌ڵه‌ی (ته‌عالیی کوردستان)، که ساڵی (١٩١٥) دامه‌زراوه، له لیسته‌یه‌کدا که له لایه‌ن که‌سانی په‌یوه‌ندیدار به ئاسایشی ئه‌و سه‌رده‌مه‌وه رێکخراون، بۆ نموونه له باره‌ی کار و فرمانی ئه‌م که‌سانه‌وه ئاڕاده‌یه‌کی به‌رز روونکردنه‌وه‌ی به سوودی پێوه دیاره له لیسته‌یه‌کدا که (ئۆغوز ئای ته‌په) له‌گه‌ڵ لێکۆڵینه‌وه‌یه‌کیدا له باره‌ی کۆمه‌ڵه‌ی ته‌عالیی کوردستانه‌وه بڵاوی کردووه‌ته‌وه، کارو پیشه‌ی هه‌ندێك له‌و ناوانه‌ی له‌و لیسته‌یه‌دایه به‌م جۆره‌یه:

عه‌بدولقادر نووری ئه‌فه‌ندی — مامۆستای دارولفونون بووه.

ساڵح ره‌ییس — سه‌رۆك کۆمه‌ڵه.

محه‌مه‌د روشدی به‌گ — بازرگان.

سه‌عید عه‌لی ئاغا — کاسبکاری عه‌ره‌بانه‌چی.

حوسێن حوسنی ئه‌فه‌ندی — کاسبکاری هێزم فرۆش[*٢٦].

عه‌لی شامیل (گوێکال) — قاوه‌فرۆش.

[*٢٦] هێزم: داری له سووتاندندا به‌کارهێنراو.. (وه‌رگێڕ)

حوسێن حوسنی بەگ — خاوەن دەرماخانە.

کەمالەددین بەحری زادە — مەئموور مەرکەزی پۆلیسی (کادی کوێ)

ئیبراهیم ئەدهەم بەگی ئەمین بەگزادە — فەرشفرۆش لە (بەدەستان)دا.

حەسەن ئەفەندی — لە باڵیۆزخانەی ئەڵمانیدا.

یووسف زیابەگ — لە جێنشینەکانی وەزارەتی بازرگانی و کشتوکاڵ.

شەعبان ئاغا — کرێخای کۆڵهەڵگرە کۆنەکان.

شەرەفەددین ئەفەندی — قوتابیی قوتابخانەی بازرگانی.

دەروێش ئەفەندی — خاوەنی قیرائەتخانە (چاپخانەی بە رۆژنامە و کتێب).

یووسف کەنعان پاشای سیپاهزادەی ماردینی ـ کۆنە پشکنەری تەحریری ئەستەمبوڵ.

عەبدوڕڕەحمان ئەفەندی — فێرکار.

سەدرەددین بەگ — موتەسەرریفی کۆنی ئویسکویدار.

جەمال بەگ — بەیتار (پزیشکی ئاژەڵ).

محەممەد خەلیل ئەفەندی — بازرگانی خەڵووز.

خەلیل بەگ — کۆنە بەڕێوەبەری پۆلیس.

عوسمان نووری ئەفەندی — مامۆستای ئاینی گشتی - ی فاتیح.

عەبدوللەتیف ئەفەندی — شوفێری Pötürgeli.

فەیزی بەرکۆ بەگ — دکتۆری (چارسەجەق).

تۆفیق بەگی سلێمانی — کۆنە قایمقامی یەڵۆڤا.

ڕەمەزان ئاغای شیرڤەیی — خەڵووز فرۆش.

یووسف قادر ئۆغلو – کۆڵهەڵگری سعرتی.

یاسین یووسف ئۆغلو – کاسبکاری سعرتی.

سەید مەحموود سەید ئەحمەد ئۆغلو – دارتاشی سعرتی.

سولەیان عیسا ئۆغلو – رەنجبەر.

حەسەن خالید ئۆغلو – نووسەری ئەرزنجانی[٦٤].

هەندێك لەو ترومپاچییانەی ئەو ئاگرانەیان دەکوژاندەوە کە لە ئەستەمبوڵدا دەکەوتنەوە، کورد بوون. ترومپاچییەتی پیشەیەکی سادە و باوی ئەو سەردەمە بووە. یەك لەو مەترسییانەی هەڕەشەی لە ئەستەمبوڵ دەکرد، ئەو ئاگرانە بووە کە زۆر تەنیوەتەوە و بووەتە هۆی لەناوبردنی گەلێك خانوو و کارگە و بینای مێژوویی. ئەم تروومپاچییانە بۆ دەستبەجێ کوژاندنەوەی ئەم ئاگرانە هەوڵێکی بێوچانیان داوە. ئەو کۆمەڵەی ئەو تروومپاچییانە پێکیاندەهێنا و شێوە جلوبەرگێکی تایبەتیان هەبووە، ناوی (سندووق) یان لێ نراوە. هەر تروومپایەك بە چوار کەس هەڵگیراوە، پێیان دەگوترا (تاقم). هەر سندووقێك کەسانی بەهێزی گرووپی بەرەسەن جیاجیای ئەتنیکیی تێدا بووە. بەتایبەتی لاوان پابەندییەکی گەورەیان بەم پیشەیە دەنواند. لە نێو ئەم تروومپاچییانەی لەلایە جیاجیاکانی ئەستەمبوڵ کاریان ئەنجام دەدا، هەندێك کوردیش هەبوون. بۆ نموونە ساڵی (١٨٩٩) لە ناوچەی (جەللاد چەشمەسی)ی (ئاق سەرای)دا لەبەرپابوونی ئاگرێکدا (بەهادر)ی کورد لەگەڵ دوو برادەری دیکە، پێکەوە کە هەوڵی کوژاندنەوەی ئاگرەکە دەدەن بەژێر دیوارێکدا بوون و گیانیانان لە دەست داوە. بۆ ئەم تروومپاچییانە ئاگری گۆرانیی (جۆری تورکی)ی[٢٧٥] داستانی تروومپاچییان هەڵگیرسێنراوە:

یەکمان ئینجە عەرەب بوو ناو لە ناوان

هیـــدایەت بـوو نـاوی ئـەوی دیکەمـان

64- Oğuz Aytepe, yeni Belgelerin ışığında kürt Teali cemiyeti, Tarih ve Toplum. 174/ 1988.

[٢٧٥] تورکی: جۆرە گۆرانییەکی بە مەقامی تایبەت بە تورکان دەگوترێن. (وەرگێڕ).

گەلێ گەلێك توانا بووین و قارەمان
بۆ گشت خەلكی كەوتینە باسی خۆمان

•

هاوڕێیەكمان بوو (بەهادر) ناوی، كورد
كوتوپڕ كارەسات هات، هێرشی برد
لە زۆر لادا شاخ و داخی بەرپا كرد
كەوتینە ناو تۆفانێك، بەڵام تۆفان

•

بۆ هەر كەسێك كە دوور بێ لە كەسوكار
ترومپاچێتیی بۆ دەبێتە بەھوكار
لە (مەنگەنە) ناسراین و بووینە ناودار
تا بەم ناویانگەوە هاتینە مەیدان![٢٨٥]

---

[٢٨٥] ئەو گۆرانییەم بەهێزە كردووەتە كوردی كە دەقە توركییەكەی بەمجۆرەیە (وەرگێڕ):

Birimizde ince Arab şührei
Birimizin ismi idi Hidâyet
Bahâdir tüvânâ genç idik gaayet
Ahvâlimiz halka ilâna düşdük

•

Bahâdır kürd idi refikin biri
Üçümüz kazâya uğrattik seri
İşiden âh itse vardır çok yeri

لەگەڵ (بەهادر)ی کورددا، ئینجە عەرەب و کەسێکی دیکەی هیدایەت ناو ئەندامی سەندیکای ناوچەی (مەنگەنەی غەڵەتە)، لەم ئاگر بەربوونەوەیەدا گیانیان لەدەست داوە. لە کتێبی (ترومپاچییانی ئەستەمبوڵ)ی (ڕەشاد ئەکرەم کۆچو)دا باسی تیپە جوداکانی ترومپاچییە کوردەکان و بەسەرهاتەکانیان کراوە. داودی کورد، دلاوەری کورد، حەسەنی کورد، لە ریزی پێشەوەی ئەمانەدان. لەو ڕۆژانەدا حەسەنی کورد کە لە تەمەنی نەوەت ساڵیدا بووە، لە کاری جوداجودادا لە ئەستەمبوڵ کاری کردووە و ماوەیەکیش ترومپاچییەتیی کردووە.

لە کتێبی ترومپاچییەکانی ئەستەمبوڵی رەشاد ئەکرەم کۆچودا لە بارەی حەسەنی کوردەوە زانیاریی ورد باس کراوە: ((لە ساڵانی یەکەمی جەنگی گشتیدا کە تەمەنی لە سەرووی نەوەدەوە بووە مردووە. ئەو لە پیریدا، سەر زیندووانە لە ئەسکەلەی باغچەپانی - ی غەڵەتەدا قاوەچییەتیی خانی دەکرد. بە خۆیشی لە ئەسکەلەدا لە قاوەخانەی کۆڵهەڵگراندا دادەنیشت. وەجاخی خان لەلایەن کوڕی واتایی، موستەفا ئاغای ئەنلی کە لە ئاوارەکانی بولغارستان بووە، بەڕێوەدەبرا. حەسەنی کورد لە لاویدا لە کرێکارانی بەشی (گامێش)ی تەرسانە بووە، کە کرێکارانی ئەم بەشە ناوی حەوزەکانیان بەتاڵ دەکردەوە و چاودێریی ئەو گامێشانەیان دەکرد کە دۆڵابەکانی ناوکێشانیان دەخستە گەڕ. لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا لە هێزی دەریاییدا وەرگیراوە. لە جەنگی (قرم)دا بەشداریی کردووە و لە گەڕانەوەشیدا لە پێشان بووەتە ترومپاچی و دواتر بووەتە کونێشکلو[٢٩٥] (نێشکگری ئاگر

Böyle bir acaib tufâna düşdük

*

Herkes için ayrı olur kes û kâr

Tulumbacılık idi bizdeki efkâr

Mengenede idik gaayetle namdâr

İşbu şöhret ile meydâna düşdük.

[٢٩٥] کونێشکلو: نێشکگری ئاگر کوژاندنەوە (وەرگێڕ).

کوژاندنەوە)، کابرایەکی نیمچە کەڵەگەت، موو رەش، سمێڵباپ، ریش تاشراو و رەوشت بەرز، عاشقی جوانی، هەمیشە چاکشری ی[٣٠٥] تا ئەژنۆ تەسکی لە پێ دەکرد. لە دەوروبەری خۆیدا رێزی لە رادەبەدەری بۆ خۆی وەدەست هێنابوو، خووی بە قاوە و نێرگەلەوە گرتبوو. لە کاتێکدا کە نەخوێندەوار بووە، سنووری خۆی دەزانی و گاڵتە و گەمەی لێ قبووڵ دەکرا، ئەم دێڕانەی خوارەوە هی ئەم (واسف)ە گوناهکارەن:

((پیرە کورد، حاجی حەسەن .. پیری رەنگداکوتاوان
لە رێگەی خوار و خێچدا، هەنگاوی راستە و رەوان
جوانی پەرستێکە ئەو، دەبێتە بەندەی دلبەری
تیغی خاوێنی ئینی، بە عەرشدایە ئاوێزان!
ئەی ئەوەی پێی دەلەرزێ و چاو بۆ جوانان دەگێڕێ
گەر تەمەنی دەپرسن، هەشتاو پێنج، نەوەت ساڵان ..))[٦٥][٣١٥]

---

[٣٠٥] چاکشری: جۆرە شەرواڵێکی کاڵا تەنکە (وەرگێڕ).

65- Reşad Ekrem koçu, İstanbul Tulumbacıları, İstanbul, 1981. s.411.

[٣١٥] شیعرەکەم بەجۆرە کردووەتە کوردی کە تورکییەکەی ئەمەی خوارەوەیە، (وەرگێڕ):

Kökiüerin Pîridir koca kürd Hacı Hasan

Eğri yollarda koşub dâimâ doğru basan

Cemâl âşıkıdır O, kul olur sevdiğine

Muhabbet kılıcını arşa nâmuslu asan

Ey ayak titrer iken gözler arar güzeli

Yaşını sorarsanız ya seksenbeş ya doksan.

له لایەکی دیکەوە گۆڕی کوردێکی زۆری ناسراو لە ئەستەمبوڵدا هەیە، گۆڕستانێکی تایبەت بە کوردەکانی لێنییە. نافرەتێکی کورد کە ساڵانێکی زۆر لە ئەستەمبوڵدا ژیاوە و لەگەڵیدا ناسراویان پەیدا کردبوو، کە مرد، داوای کردبوو لە گۆڕستانێکی کوردانا بنێژرێ، بەمجۆرە پێویستی گۆڕستانێکی کوردانی دەربڕیبوو.. گۆڕستانی قەرەجە ئەحمەد گۆڕی کوردێکی زۆری لێیە، کە بە گۆڕستانی قەرەجە ئەحمەددا دەگەڕێن و بە بەردەکێلەکانا دەنۆڕین، دەبینین کوردێکی زۆر لەوێدا نێژراون. نابیی شاعیر کە بە خۆی کوردبووەو گۆڕستانی بنەماڵەی بەدرخانییانیش هەر لەوێیە. لە (ئەییوب) دا[٣٢٥] کە یەکێکە لە گۆڕستانە هەرە کۆنەکانی عوسمانی، باس لەوە دەکرێ کە کوردی لێ نێژراون. زارۆ ئاغای بتلیسی کە بە تەمەنترین پیاوی جیهان دانراوە،گۆڕەکەی لەوێیە. لەسەر سووچی ڕێی(گوەویش سوبو) و کۆڵانی گۆڕ (توربە)ی ئەییوب سوڵتانەدا، ئیدریسی بتلیسی و هاوسەری لێ نێژراون. عەبدوڕڕەحمان ئەفەندی کە بە مامۆستای کورد ناسراوە، لە (وەقعەیی حەربییە)دا ساڵی (١٨٢٦) هەندێك کارگوزاریی لێ بینراوە، ساڵی (١٨٥٤) مردووە و (خەربووتی)یەو کورد بووە، لە ناوچەی ئەییوبی ئەستەمبوڵدا لە ناو بینای خزمەتگوزاریدا نێژراوە. کوردی دیکەش هەن لە گۆڕستانی بچووکتردا نێژراون، وەك عەبدوڵلا جەودەت، کە لە گۆڕستانی مەرکەز ئەفەندی-کوزلو- نێژراوە.

ناوی هەندێك کوردیشمان بەرچاو دەکەون کە لە باخچەی هەندێك (مەزار)دا نێژراون. باخچەی مەزاری سوڵتان مەحموودی دووەم، گۆڕەکانی سولەیمان پاشای بابەی شەریف پاشای بەناوبانگ و د.ئیسحاق سوکووتیی دیاربەکری-ی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ئیتتیحاد و تەرەققی و زیا گوێك ئالپی دیاربەکریی شاعیرو بیرمەندی ناسراوی لێیە. گۆڕی زەهنی پاشای بابانزادە، لە بەشی هەرەخوارەوەی گۆڕستانی کۆنە دەرگای ئەدرنە (ئەدرنە قاپوسی) داو ئەحمەد نەعیم- ی کوڕی لە مەیدانە فراوانەکەی گۆڕستانی شەهیدانی دەرگای ئەدرنەو ئیسماعیل حەققیی کوڕی دیکەی لە باخچەی مزگەوتی بایەزیددا نێژراون.

بابەتی ئەو کوردانەی لە ئەستەمبوڵدا نێژراون، پێویستی بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەکی سەربەخۆیە.

---

[٣٢٥] ئەییوب: ناوچەیەك و گۆڕستانێکی گەورەی ئەستەمبوڵە، بە ناوی ئەو یاوەرەی پێغەمبەر (د.خ.) وە ناونراوە کە (ئەبوو ئەییوبی ئەنساری)ی پێ دەڵێن و گوایە لەوێ نێژراوە. (وەرگێڕ).

بەشی دووەم

ئەستەمبوڵ: یەکەم مەڵبەندی بیری نەتەوەیی مۆدێرنی کورد

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، ئەستەمبوڵی پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، جێی یەکێك لە گرنگترین مەڵبەندەکانی بیری نەتەوەیی مۆدێرنی کورد دەگرێتەوە، تەنانەت ئەگەر پتر بچین، دەتوانین بڵێین یەکەم مەڵبەندیەتی. لە (١٩٠٨)ەوە کە دووەم مەشرووتییەت (دوستوور) جاڕدرا، تا (١٩٢٣) کە رژێمی کۆماری راگەیەنرا، لە ماوەی ئەم پانزدە ساڵەدا، سەرەڕای قەدەغەکردن و فشاری دیکەی بۆ سەر بیری نەتەوەیی کورد، بۆ یەکەم جار کورد ئەزموونی خەباتی قانوونیی شەرعی (لیگاڵ) وەدەستدەهێنێ، لەم روانگەیەوە سەردەمەکە گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە ئەم کەلەکۆمەکییەی پەروەردەیی و ریکخستنە نەتەوەییەی کە نەتەوەپەروەرە کوردەکان لە چارەکە سەدەی بیستەمدا لە ئەستەمبوڵی پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بەرپایان کردووە، پێشتر لە مێژووی کورددا وێنەی نەبینراوە. لە نێو کورددا ژیانی رێکخراو و بیری دامەزراندنی رێکخراو بۆ یەکەم جار لە ئەستەمبوڵدا دێتە کایەوە. بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدەدا، بزووتنەوەی کورد کە تەنیا گرنگیی بە خەباتی چەکدارانە داوە، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا شێوەی نوێ و جیاوازی خەباتی بەرێوەبردووە. لە بابەت بنەماکانی نەتەوەییەوە رۆشنبیرانی کورد بۆ یەکەم جار دەست بە پەرەپێدانی بیرکردنەوەکان دەکەن، بایەخێکی زۆر بە (کاغەز و قەڵەم) دەدرێ، یەك لەو تایبەتمەندییە دیار و ئاشکرایانەی ئەم دووەم قۆناغەی بیری نەتەوەیی کوردە، پەرەسەندنی رۆڵی چینی رۆشنبیر و دامەزراندنی زنجیرەیەك لە یانە و حزبە، بە پێشەوایەتیی رۆشنبیرانی کورد.

بە تایبەتی زیادبوونی قوتابییانی کورد لە دەزگاکانی خوێندنی باڵای جیاجیای ئەستەمبوڵدا، رێی بۆ پەیدابوونی چینێکی رۆشنبیر و هەندێك کەسایەتی لە نێو کورددا خۆشکرد بەجۆرە لە توانای پێشەوایەتییە باوەکاندا پاشەکشێیەك بەرچاو دەکەوێ، بەهۆی ئەم کەسایەتییە تازانە و ئەم دامەزراوانەوە، بۆ یەکەجار هەندێك ئۆرگانی بڵاوکراوە لە

ئەستەمبوولدا بە کوردی دەستیان بە بڵاوکردنەوە کرد. بۆ پەرەپێدانی رایەکی گشتیی لایەنگری کورد بەتایبەتی کاریگەریی پرۆپاگەندە و راگەیاندن تا دێ پەرەدەستێنێ، مێدیاکانی کورد با سنوورداریش بن، وەك هێزێك لە ژیانی سیاسیدا دەست بە کاریگەریی خۆیان دەکەن. یەك لە تایبەتمەندیی هەرە گرنگی بیری نەتەوەیی کورد کە لە پایتەختدا پەرەی سەند- وەکو دواتریش دەیبینین- بۆ یەکەمجار و بە شێوەیەکی سنووردار لەم کاریگەرییە نەتەوەییەدا و بەرپابوونی گفتوگۆی نوێیە لەم مەیدانەدا.

کورتییەکەی بیری نەتەوەیی کورد لەم ساڵانەدا دەچێتە قۆناخێکی هاوچەرخانە. ساڵی (١٩١٨) کە دۆزی کورد بە چڕی لە ناوەندە نێو دەوڵەتییەکاندا گفتوگۆی لەسەر دەکرا، روو لە ئەستەمبووڵ و پاریس دەکرا. راستتر، چاوپێکەوتنەکانی پاریس لە لایەن کۆمەڵەی (تەعالیی کوردستان)ەوە ئاراستە دەکرا، کە ساڵی (١٩١٨) لە ئەستەمبووڵ دامەزرا بوو و بەردەوام لە بۆچوونی ئەم رێکخراوە دەپێچرایەوە. چونکە شەریف پاشای نوێنەری کورد لە پاریس، لە لایەن کۆمەڵەی تەعالیی کوردستانەوە ئەو ئەرکەی پێ سپێررا بوو[1]. لە نێوانی نوێنەرانی کورد لە ئەستەمبووڵ و نوێنەرانی دەوڵەتە بیانییەکاندا، بۆ یەکەمجار لەو رۆژانەدا بەم شێوە چڕە دەست بە پەرەسەندن دەکا[2]. ئەستەمبووڵ بەلای کوردەوە پایتەختێك دەنوێنێ، شێوەیەك بۆ ئەزموونی دیبلۆماسییان دابین دەکا، لە نێوانی ئەو رۆشنبیرە کوردانەی

1- Hasan Yıldız, Fransız Belgeleriyle Sevr –Lozan- musul Üçgeninde Kürdistan, Stokholm, 1990, s.166.

(لە تەلگرافێکەوە کە لە ئەستەمبووڵەوە بۆ پاریس نێرراوە، تێدەگەین کە شەریف پاشا لە لایەن کۆمەڵەی تەعالیی کوردستانەوە ئەرکی بەرپرسێتیی پێ سپێرراوە، تەلگرافەکە لە (عەبدول عەمەد)ی سەرۆکی یانەی کوردی گەڵتە (غەڵەتە)وە نێرراوە. بەم تەلگرافەوە، بە بەڵگەوە دەزانین، کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان لەو ساڵانەدا هۆبەیەکی لە غەڵەتەدا هەبووە. چونکە بارەگای ناوەندیی کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان لە دامەزرانیدا بارەگاکەی لە ناوچەی (چەغالۆغلو)دا بووە نەك لە غەڵەتە.

لە ئەستەمبووڵدا بوون و نوێنەرایەتییە بیانییەکاندا هاتوچوویەکی چڕ لە ئارادا بوو، رووبەڕوو پەیوەندییان لە نێودا دەبەسترا.

لە نێوانی سالآنی (١٩١٨-١٩٢٠)دا کوردەکان لە ئەنجامی گردبوونەوە لە ژێر میچی (کۆمەڵەی تەعالی)دا لە خۆڕێکخستن و یەکگرتنیدا، لە روانگەی کوردەوە گرنگیی ئەستەمبووڵی پایتەخت زۆر پەرەدەستێنێ. بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە لایەنی سیاسی و رۆشنبیرییەوە وەکو هێزێك بۆ یەکەمجار لە ئەستەمبووڵدا دەبینین شێوەیەکی رێکخراوی دەبێ، ئەم هێزەی رێی تێدەچێ بیرۆکەی ئەوەی سنووری ئەستەمبووڵ ببەزێنێ و بە کوردستاندا بلاوبێتەوە، بابەتێکە لە ناو ئەو کوردانەی ئەستەمبووڵدا گفتوگۆی لەسەر دەکرا. ئەم خاڵە یەکێك لە بابەتە بنەڕەتییە رۆژانەکانی نەتەوایەتیی ئەو کوردانەی پێکدەهێنا کە لە ئەستەمبووڵدا بوون. هەوڵ دەدرا تەنگژەکان چارەسەر بکرێن بەڵام لە مەیدانەکانی دیکەی خەباتدا لە مەیداندا نەبوونی بزووتنەوەی کورد هەندێك گیروگرفتی بەرەو روو دەکردن. وەك ئەوەی چینی رووناکبیری کورد لە ئەستەمبووڵ بەرەو رێکخستن دەچوو لە مەڵبەندە جیاجیاکانی کوردستانیشدا هێشتا رێك نەخرابوون. ژمارەی رۆشنبیرانی کورد بە گوێرەی کوردستان، لە ئەستەمبووڵ وەکو چۆنیەتی، پتر بوو. ئەو بیرانەی پەیوەندییان بە کوردەوە هەبوو، بڕیارەکان و سیاسەتەکان هەر هەموو لە شوێنێکی دوور لە کوردستانەوە، واتە لە ئەستەمبووڵدا پەرەی دەسەند. سیاسەتی بەکارخستنی یەکگرتنی کورد و ئەرمەن بەرامبەر فەرمانڕەوایی عوسمانی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا، نوێنەرانی رێکخراوێکی نهێنی کە ویستوویەتی لە هەندێك کردەوەیدا بەرامبەرەکەی لەناو بەرێت، لەم بابەتەدا بۆ نموونە بۆ گەڕان بە دوای پشتگیریی کورد پەیدا کردندا سەریان لە شێخێکی کورد داوە کە لە ئەستەمبووڵ ژیاوە[٣]. کورتییەکەی، نوێنەرانی کورد لەو سەروبەندەدا نەك لە کوردستان، بەڵکو لە مەڵبەندێکی دوورتردا، واتە لە ئەستەمبووڵ جێگیر بوون.

سەرباری ئەم هەموو گیروگرفت و زەحمەتییانە، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد کە لە ئەستەمبووڵ پەرەی سەندووە، لە نێوان سالآنی (١٩٠٠-١٩٢٥)دا بە تاقیکردنەوەیەکی راستەقینەدا رەت

2- Daniel Methy, I. Dünya Savaşi Sonrası, Constantinople'de Kürt Örgütlenmeleri Üzerine Bazı Belirlemeler, Studia Kurdica, no 1.3, 1985.

3- John Hultvall, Mission och vision i Orienten, Stockholm, 1991, s.150.

دەبێ و ئەزموونی نوێتر وەدەست دەخا. بەمجۆرە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ئەریتی نوێ و ئەزموونگەلێك و شێوەگەلێکی دیکەی خەبات کە پەیوەندییان بە دوارۆژەوە هەیە وەدەست دەخا. دەتوانین باس لە چوار هێزی تازەی پەروەردەکەرەوەی بزووتنەوەی ئەو کوردایەتییەوە بکەین کە لە ئەستەمبووڵ پەرەی سەندووە:

أ- چینی ڕۆشنبیری کورد.

ب- ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی کورد.

ج- چاپکراوی بەردەوامی کوردی.

د- ئافرەتە کوردەکانی ئەستەمبووڵ.

یەك لە تایبەتمەندییە بایەخدارەکانی بزووتنەوەی هاوچەرخی نەتەوایەتیی کوردیش لەم سالآنەدا، هاتنە گۆڕێی بزووتنەوەی ئافرەتانی کوردە لە ئەستەمبووڵ؛ بەشی سێیەمی ئەم کتێبە زانیاریی فراوانتر لە بارەی ئەم بابەتەوە بەخۆوە دەگرێ.

ئەو چینە ڕۆشنبیرە کوردەی لە ئەستەمبووڵ لە دایک بووە

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا کەسایەتیی ورشەدار لە ناو ئەو کۆمەڵگە کوردەدا پەیدا دەبێ کە لە ئەستەمبووڵ ژیاوە. ئەم کەسایەتییانەی وا لە مەیدانەکانی رامیاری و ڕۆشنبیریدا ڕۆڵی بە بایەخیان دیتووە، لە لایەکی دیکەوە بناغەکانی نەتەوایەتیی مۆدێرنی کوردیان داناوە، لە تەك هێزە باوەکاندا، لە ئەستەمبووڵدا پەیدا بوونی چینێکی ڕۆشنبیری کوردمان بەرچاو دەکەوێ؛ لە ناو ئەو هێزانەی کە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە هاتوون و چینەکانی دیکەدا یەکگرتنەوەیەك دەست بە دروست بوون دەکا. ئەزموونی ژیان فێریان دەکا بەیەکەوە بجووڵێنەوە، لەم سالآنەدا بۆ یەکەمجار لە یەك شوێندا کۆبوونەوەی ڕۆشنبیران کە لە پارچە جیاجیاکانی کوردستانەوە هاتوون و پێکەوە و بە کۆمەڵ چوونە ناو ڕێکخراوەکان و بە هاریکاری بڵاوکردنەوەی هەندێك ئۆرگانمان بەرچاو دەکەوێ. ئەم پێکەوەبوونەی بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردستاندا، پەیوەندییەکانی نێوان هێزە باوەکان و ڕۆشنبیران بنیاتێکی دینامیکی وەدەست دەهێنێ. لەم سالآنەدا کە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بە پلەی یەکەم بە بەرچاوەوە گیراوە، بزووتنەوەی زانیاری پەیدا کردن پەرە دەستێنێ. بەمجۆرە

ئەستەمبووڵ وەکو پایتەخت شێوەی ناوەندێکی رۆشنبیری پێکدەهێنێ بۆ ئەو رۆشنبیرانەی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە تێیدا گردبوونەتەوە. لە سایەی ئەم گردبوونەوەیەدا بڵاوبوونەوەی یەکبوونەوە وەکو بیر بە شێوەیەکی گورپەستوو لە ناو کوردەکاندا دەبینین.

کوردێکی زۆر کە لە ناوچە و پارچە جیاکانی کوردستانەوە هاتبوون، پێناسەی عەشایەری و ناوچەیی خۆیان خستە لاوە و کەوتنە پشکنینی ئەتنیکی و گەڕان بە دوای بنچینەی نەتەوەیی. لەم ساڵانەدا پەرەسەندنی زانستی مێژووش لە نێو کورددا بەرچاو دەکەوێ، بە تایبەتی بڵاوکراوە وەرزانەکانی کورد لەم بابەتە رۆڵێکی گەورەی بینیوە. هەندێك لێکۆڵینەوە، کە لەم بڵاوکراوانەدا دەرچووە، دەتوانرێ بە ژمارەیەکی روونی ئەم زانستە مێژووییە بژمێررێ. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا هەندێك لەو کەسایەتییە کوردە گرنگانەی بایەخیان بە پەرەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد داوە، ئەمانەن:

حاجی قادری کۆیی، سەید عبدولقادر، سەعید نوورسی، ئەمین عالی بەدرخان، خەلیل خەیالی، موکوسلو حەمزە (حەمزەی مکسی)، لیجەلی ئەحمەد رەمزی (ئەحمەد رەمزیی لیجەیی)، مەمدوح سەلیم، عبدولڵا جەودەت، محەمەد شوکری سەگبان، سولەیمانییەلی تۆفیق (تۆفیقی سلێمانی-پیرەمێرد)، مەولانزادە رفعەت (رەفعەتی مەولانزادە).. جگە لەمانە گەلێك رۆشنبیر و کەسایەتیی کورد لە ئەستەمبووڵ تێکەڵی کاریگەریی ئەتنیکی دەبن.

چینی رۆشنبیری کورد، کە لە ئەستەمبووڵ لە بارودۆخی دژوار و ناخۆشدا ناچاری ژیان بەسەربردن بوون، بۆ ئەوەی بتوانن یارمەتیی کوردە سادە و دەستکورتەکان بدەن لە گرفتە جیاجیاکانیاندا، خزمەتی جۆراوجۆریان پێشکەش بەوان کردووە و لەو رێیانە گەڕاون کە لەگەڵ ئەوانەدا یەکبگرن. بەزانینەوە هێدی هێدی هاتنە ناو ژیانی رێکخراوێکی کۆمەڵایەتی بەرچاو دەکەوێ. ئۆرگانی بڵاوکراوەی کۆمەڵەی هاوکاری و پێشکەوتن (تەعاون و تەرەققی) کە ساڵی (١٩٠٨) دەستی بە بڵاوبوونەوە کردووە، ئەو بانگەوازەی لە ژمارەی دووەمیدا بڵاوکراوەتەوە، لەم بابەتەدا بیرۆکەیەکمان دەداتێ: ((داود ئەفەندیی حەیدەریزادەی راوێژکاری قانوونیی یانەکەمان لەبەر ئەوەی گیانێکی کورد پەروەرانەی هەیە، ئامادەیە لە دادگاکاندا بەخۆڕایی بەدوای ئەو دۆزە قانوونی و شەرعییانەدابچێ کە کوردەکان دەیانبێ، هەرچی پەیوەندیی بە مافە رەواکانی برا کوردەکانمانەوە هەیە، ناوبراو لە ژووری ژمارە (٢٥ و ٢٦)ی خانی مووسڵی

ناوچەی (سرکەجی) کە نووسنگەکەی لێیە، سەردانی بکەن. عەبدوڵلا جەودەتیش لەم ئاراستەیەدا لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بانگەواز بڵاودەکاتەوە، بۆ نموونە لەو بانگەوازەدا کە لە گۆڤاری (جەم)دا بڵاوی کردووەتەوە و بەبێ پارە تەماشا و تیمارکردنی هەزارانی راگەیاندووە. ((عەبدوڵلا جەودەت))ی پزیشکی چاو، جگە لە رۆژانی هەینی و یەکشەمان، هەر ج رۆژێکی دی لە سەعات دووەوە تا چوار لە عیادەکەیدا کە لە نهۆمی دووەمی بینای (ئیجتیهاد)ی ناوچەی (چەغاڵ ئۆغڵو)ی بەرامبەر بنکەی پۆلیسی (ئەیاسۆفیا) دایە، دەتانبینێ. هەژاران بە خۆرایی و ژمارەی تەلەفۆن: ئەستەمبووڵ (٨٩٥). هەر لەم بابەتە لە ساڵانی (١٩١٨-١٩١٩) لە گۆڤاری (ڕۆژ)دا کە لە ئەستەمبووڵ دەرچووە بانگەوازی لەم جۆرانەمان بەرچاو دەکەوێ. محەمەد شوکری سەگبان کە دوکتۆر بوو بۆ بەڕەودان بە عیادەکەی کە لە خانی سەعید پاشادا بوو کە ئەمڕۆ ڕاڕەوی خوارەوەی (چیچەك)ی لێیە، لەو گۆڤارو رۆژنامە کوردییانەدا کە ئەوسا لە ئەستەمبووڵ دەردەچوون، ئەم جۆرە بانگەوازانەی بڵاوکردووەتەوە. لە ناو چینە جیاجیاکانی کۆمەڵەی کورددا کە لە ئەستەمبووڵ دەژیان، ئەم ئاماژەیەی کە لێکنزیکبوونەوەی خەڵکانی رۆشنبیر دەگەیەنێ، ئەم کاریگەرییە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، لەئەستەمبووڵ چرییەکی دیار وەدەست دەهێنێ. لەلایەن رۆشنبیرانەوە ئەم جۆرە یەکگرتنەی خراوەتە روو، لە نێو کوردە هەژارەکانی ئەستەمبووڵدا شادییەکی گەورە و بڕوا بەخۆکردن پەیدا دەکا. ئەم ئازایەتییەی چینی رۆشنبیرانی کوردە، دواتر لە رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی رەوەندی کورددا رۆڵێکی گرنگ دەبینێ.

ساڵی (١٩١٩) رۆشنبیرانی کورد لە ئەستەمبووڵ بۆ جێبەجێ کردنی کاروباری کوردی کوردستان و خزمەتکەدنی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، دەستیان بە کارگوزارییەکی بە سوود کردووە و بە ناوی ئیدارەخانەی تەعقیبی ئوموور (فەرمانگەی بەدووداچوونی کاروبار)ەوە بۆ خزمەتگوزاری هێناوەتە گۆڕێ، ئەم کارگوزارییە لە لایەن گۆڤاری (ژین)ەوە کە لە ئەستەمبووڵ بڵاوکراوەتەوە رێکخراوەو کاروبار لە بنکەی رۆژنامەکە لە چاپخانەی (ئەنجمی ئیستیقلال)ی شەقامی (ئەبو سسوعوود)ەوە بەڕێوەبراوە، ئامانجی سەرەکیی ئەم خزمەتگوزارییە بەمجۆرە باس کراوە: ((هەموو کارێکی بازرگانی، سەربازی، لەگەڵ هەموو داواکارییەك کە لە فەرمانگە سەربازی و سویلەکاندا لە ئەستەمبووڵ بۆ ئەو زاتانە جێبەجێ دەکرێن کە لە کوردستاندان)). ئەم خزمەتە لە ژمارە (٢٥)ی هەر ئەو گۆڤارەدا وەك بانگەواز، بە ناوی (هەوڵێکی گرنگ)ەوە

بلاو دەكرێتەوە و لە بانگەوازەكەدا لە بارەی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ئەو خزمەتگوزارییانەوە ڕوونكردنەوەی دوور و درێژ خراوەتە ڕوو.

لە ئەستەمبووڵ، لە نێو كوردەكاندا لێكنزیكبوونەوەیەك و شێوە ڕێكخراوییەكی پەرەسەندوو لە ناو ڕەوەندی هاوشارییەكاندا دەبینرێ. كوردەكان بە پێی ئەو شارانەی لێیانەوە هاتوون كۆمەڵ كۆمەڵ بوون، وەك كوردەكانی دەرسیم، دیاربەكر، بتلیس، وان .. یەك لەو نەتەوە پەرستە كوردە ئاگرینانە لە ئەستەمبووڵ پێگەیشتووە، نووری دەرسیمییە. بۆ نموونە لە (١٩١١-١٩١٣)، لەو ساڵانەدا لە پانسیۆنی ئافرەتێكی ڕۆم لە (قوم قاپی) ژیاوە و درێژەی بە خوێندن داوە، لە بیرەوەرییەكانیدا بە شێوەیەكی زۆر زیندوو باسی ئەوە دەكا كە بۆ بڵاوكردنەوەی هەستی نیشتمانپەروەری و بیروباوەڕی كوردایەتی لە ناو كوردی دەرسیمدا، چۆن شەو و ڕۆژ كاریان كردووە.

لەو بیرەوەرییانەیدا پەیوەندیی نزیكی بە هاوشارییەكانی وەكو: عەبدوڵڵا جەودەت، شوكری سەگبان و لوتفی فیكریی نوێنەری دەرسیم باس دەكاو باسی چەند كوردێكی دەرسیمیی دیكەش دەكا لە ئەستەمبووڵ، لە دامەزراوە جودا جوداكاندا كاریان كردووە. ئەو هاووڵاتییانەی لە دەڤەری دەرسیمەوە هاتوون، لە وەزارەتەكانی دارستان و كشتوكاڵ و مەعاریف (پەروەردە)دا بە گشتی كاری نووسەری خزمەتگوزارییان كردووە.

نووری دەرسیمی باس لە سەدان كرێكاری دەرسیمی دەكا كە لە كاتی بێكارییاندا لە قاوەخانەی (عەلی پاشای ئەرزنجانی)دا كۆبوونەتەوە، لە لایەكی دیكەوە لە بارەی گەلێك كوردی دیكەوە نووسیویەتی كە لە ڕیزی پێشەوەیاندا قوتابییان بوون، لە ئەستەمبووڵدا ژیاون[٤]. ئەو كرێكارانەی لە دەرسیمەوە هاتوونەتە ئەستەمبووڵ بە گشتی لە (قازلی چەشمە) داو قوتابییان لە ناوچەی وەكو (ئونقاپانی) و بێشكتاش و ئەییووب و حەیدەر پاشاو قادری كۆتێی - دا لە خانووی تایبەتیی خۆیاندا دەژیان[٥]. نموونەی ڕێكخراوی دیكەی سەر بەشارەكان، كە لەم ڕێكخراوە دەچن، لە ناو دیاریەكرییانیشدا بەرچاو دەكەون، سەرچاوەكان (قاوەخانەی عەبدوڵڵا

4- Nuri Dersimi, Hatıratım, Ankara, 1992, s.31.
5- age, s.32.

چاوشی ئەرغەنی)ی ناوچەی (دیوان یۆلی) بە یەکێك لەو مەڵبەندانە دادەنێن کە ئەوانەی لە ناوچەی دیاربەکرەوە هاتوونەتە ئەستەمبووڵ لەوێ کۆبونەتەوەو یەکتریان بینیوە.

کە دەگەینە سەرەتای سەدەی بیستەم، دەبینین سەید عەبدولقادر (١٨٥١-١٩٢٥) پێشەوایەتیی ئەو کۆمەڵگە کوردە دەکا کە لە ئەستەمبووڵ دەژی. سەید عەبدولقادر کە کوڕی ئەو شێخ عوبەیدوڵلایەیە کە ساڵی (١٨٨٠) بەرامبەر عوسمانییەکان شۆڕشی بەرپا کردووە. لە ئەنجامی پیلانێك کە ساڵی (١٨٩٦) دژ بە (سوڵتان) عەبدولحەمید ڕێکخراوە، دوور خراوەتەوە، سەید عەبدولقادر ساڵی (١٩٠٨) کە دەگەڕێتەوە ئەستەمبووڵ، بە خۆپیشاندانی خۆشەویستی لە لایەن ئەو کوردانەوە پێشوازیی لێ دەکرێ کە ڕژابوونە ناو کۆڵانانەوە. سەید عەبدولقادر لە ناو کۆمەڵانی کوردی ئەستەمبووڵدا وەکو سیمایەکی کاریزماتیکی کۆکەرەوەی لێ دێ و جێی سەرۆکایەتیی کۆمەڵانی کورد دەگرێ. لە مەیدانی ڕێکخستندا وەکو کەسایەتییەکی کارامە دیارە، سەید عەبدولقادر جگە لە بیرە وردەکانی، لە ئەنجامی کەسایەتیشیدا لە ناو کوردەکانی ئەستەمبووڵدا وەك سیمبولی لێ دێ. بەوەی کە شوێنپێی باوکی هەڵگرتووە، هەمیشە بۆ ڕزگاریی کورد کار دەکا. وەکو لە خوارەوە دەبینین لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا زنجیرە یانەیەکی کورد لە ئەستەمبووڵ دامەزراون، سەید عەبدولقادر کەسایەتییەکی کاریگەر بووە. ساڵی (١٩٠٨) دەکرێتە سەرۆکی کۆمەڵەی هاوکاری و پێشکەوتن (تەعاون و تەرەققی) کە لە ئەستەمبووڵ دامەزراوە، بەتایبەتی کۆڵهەڵگر (حەماڵ)ـە کوردەکانی ئەستەمبووڵ کە ژمارەیەکی تێچگار ئەستووریان بووە و هەروەها کرێکارە کوردەکان هەمیشە لەگەڵیدا بوون. ڕوونکردنەوەیەکی هەموو (دەستەی کوردی ژووری بازرگانی) کە ساڵی (١٩١٨) لە گۆڤاری وەقت (کات)دا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژەیەکی گرنگی ئەم هاوکارییەیە[6]. سەید عەبدولقادری خۆشەویستی کۆمەڵانی کوردی ئەستەمبووڵ و حسێب بۆ کراو، چونکە لە بابەتی کوردەکاندا زانایانەتر هەڵسوکەوتی دەکرد، لە لایەن هەندێك ناوەندی کوردی لایەنگیرانی سەربەخۆییەوە ڕەخنەی لێ گیرا، سەرەڕای هەموو ئەو کەسایەتییە بە زانستە، سەید عەبدولقادر کە لە ئەستەمبووڵ دەگیرێ، لە ژێر باری ئاسایشێکی چڕدا دەبرێتە دیاربەکرو ڕۆژی (٢٧ی مایسی ١٩٢٥) لە سێدارە دەدرێ. بۆ دواجار کە سەید

6- Mehmet Bayrak, Kürtler ve Ulusal Demokratik Mücadeleleri, Ankara, 1993, s.128.

عەبدولقادر لە ناوچەی (سوعادییە) دادەنیشت، لە بابەتی ئەمماڵەی سەید عەبدولقادرە، لە سەرچاوەیەکدا ئەم روونکردنەوەیە تۆمارکراوە: (ئەو تەلارە گەورە و گرانەی شێخ عەبدولقادر لە (جاددە بۆستان)ی رۆخی دەریا، لە لایەن (سولتان) عەبدولحەمیدەوە پێی بەخشرابوو[٧]. بە پێی ئەو زانیارییانەی (توغور موعجو) لە خزمەکانی سەید عەبدولقادری وەرگرتووە، سەید عەبدولقادر پێشتر لە گەڕەکی (ئاق بییق)ی سولتان ئەحمەدو ناوچەی (قزل تۆپراك)ی (قادی کۆی)دا دانیشتووە.

سەید عەبدولقادر کە ساڵی (١٩١٨) سەرۆکایەتیی کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردستان (تەعالیی کوردستان)ی کردووە، ساڵی (١٩١٩) لە سەردەمی (فەرید پاشای داماد)دا لە (سەرۆکایەتیی شوورای دەوڵەت) دادەمەزرێ کە لە بەرامبەر باڵەخانەی ویلایەتدا بووە. لە لایەکەوە پێشەوایەتی کردنی بزووتنەوەیەکی نەتنیکی و لە لایەکی دیکەوە، لە ئاستێکی بەرزدا، لە هەرسەرەوەی پلەیەکی فەرمیدا بوون. لە روانگەی سەید عەبدولقادرەوە بووەتە هۆی ناجێگیریی ناسنامەکەی، پێم وایە گەورەترین دڵتەنگییەکی سەید عەبدولقادر ئەم بارودۆخەیەتی کە تووشی هاتووە، سەید عەبدولقادرێك کە پێی وابووە بەم هەڵسوکەوتە زانایانەیەوە هەردوو لا رازی دەکات، تەواوێك بە پێچەوانەوە دەبێتە ئامانجی رەخنە لێگرتنی هەردوولا، لە کۆتاییشدا وەکو پێشتر باسمان کرد لە سێدارە دەدرێ.

لە سەردەمی هەرای شێخ سەعیددا کەسانی دیکەش هەبوون کە چووبوونە ناو گرووپی ئەستەمبووڵ و دواتر تووشی سزای قورس دەبن. لەگەڵ سەید عەبدولقادر پێکەوە سەید محەممەدی کوڕی و عەبدوڵڵا سەعدی پالوویی (سەعدییە کوێر) ی رازگری و یەکێکی دی بە ناوی نازف مووشلی (نازفی خەڵکی مووش) کە لە ئەستەمبووڵ دادەنیشت، ساڵی (١٩٢٥) لە ئەستەمبووڵەوە دەبرێنە دیاربەکرو لەوێ لە سێدارە دەدرێن. لەمانە عەبدوڵڵا سەعدی پالوویی (١٨٩٠-١٩٢٥) کە ئەندامی کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردستان بووە، بەڕازگری گشتیی (کۆمەڵەی تەشریکی مەساعیی کوردستان ناسراوە[٨]. باوکی وەکو ئۆنباشی (سەرکار)ی کەناس کاری کردووە. عەبدوڵڵا سەعدی کە (ئامادەیی وەفا) تەواو دەکا، دەچێتە کۆلیژی

7- Metin Toker şeyh said ve Isyanı, Ankara, 1968, s.55.

8- Mehmet Bayrak, Kürtler ve Ulusal Demokratik Hareketleri, Ankara, 1993, s.85.

حقووق (ماف) و دەبێتە یەکێك لە نزیکترینی یاریدەدەرانی سەید عەبدولقادر. عەبدوڵلا سەعدی پاڵوویی کە لە گەڕەکی (سۆفیلەر)ی (تاق سەرای) دا دەژیا، ئەو کەسەی لە ئەستەمبوڵ دەستگیری کرد، (سەرقومسێر تەحسین تانئۆغان) بوو کە لە (ئامادەیی وەفا)دا هاوڕێیی پۆلی بووە. تانئۆغان لە بیرەوەرییەکانیدا هەندێك روونکردنەوە کە پەیوەندیی بەم دەستگیر کردنەوەیەوە هەیە، دەنووسێ: لە سەردەمی شۆڕشەکەی شێخ سەعیددا، دوای گیرانی سەعید نوورسی کە لە ناوچەی وان بووە، هێنراوەتە ئەستەمبوڵ و لەوێدا باس لە بابەتی لێپرسینەوەشی دەکا[9]. سەید عەبدولقادر بەر لە دەستگیرکردنی، پۆلیسێکی تورك دەچێتە شێوەی دەسەڵاتدارێك (بەرپرس)ێکی ئینگلیزەوە پەیوەندیی پێوە دەکا، بە نیازی زانیاری پەیداکردن لە بارەی پەیوەندیی کوردەکان بە باڵیۆزە بیانییەکانەوە. رووداوی مستەر تەمپلن .. هەر هی ئەو سەردەمانەیە[10].

لە سەرەتای سەدەماندا (سەدەی بیستەم) لە ئەستەمبوڵ یەك لە سیما کوردە هەرە ناسراوەکانیش سەعید نوورسییە (١٨٧٦-١٩٦٠) کە جاروبار لە سەرچاوەکاندا بە سەعیدی کوردی ناوبراوە. سەعید نوورسی کە پیاوێکی گرنگی ئایینییە، ئەو دەمەی لە ئەستەمبوڵ بووە، هەمیشە لەو ناوچانەدا دەگەڕێ کە کوردە هەژارەکانی لێ بووە و بۆ گرتنەکانیان لە چارەسەر دەگەڕێ و .. بۆ نموونە دەڵێ: ((لە کۆبوونەوەی قوتابییانی (بایەزید)و لە رێو رەسمی مەولوود (ئاهەنگی لە دایك بوونی پێغەمبەر)ی ئەیاسۆفیاو لە شانۆی فەرەجدا پێگەیشتم)).

لەم ساڵانەدا نزیکەی (٣٠) هەزار کورد لە ئەستەمبوڵ بووە. سەعید نوورسییەك کە بە قسەی خۆی: ((شوێنی کوردەکان بە گشتی و قاوەخانەکان)) گەڕاوە، هەوڵی هێنانە سەر رێی راستی ئەوانی داوە: ((لە لەکەدار کردنی نەتەوەی کورد ترسام))[11]. لە ژینگەیەکی وەهادا کە سەعید نوورسی بۆ کوردی ئەستەمبوڵ بووەتە ((باوکی دەردان))، پێشەوایەتی و هاوپەیانێتیی بۆ کردوون، کورد پەروەرییەکی بەتینی خۆیان بۆ دەنوێنێ. بۆ ئەوەی وا نەکا گەرد بەسەر

9- Necmeddin şahiner, Aydınlar Konuşuyor, İstanbul. 1979, s.166.

10- Metin Toker, şeyh Said ve İsyanı, Ankara, 1968, s.50.

(مەتین تەکەر ئەم رووداوەی بە ناونیشانی (سەرەدێڕی): وەك چیرۆکی جێمس بۆند- گواستووەتەوە).

11- Bedüzzaman Said nursi, Divan-ı Harb-i Örfi, Tenvir Neşriyat, İstanbul, 1992, s.10.

کوردەکانی ئەستەمبوڵدا بنیشێتەوە، سەعید نوورسی هەوڵێکی زۆر دەدا، هەمیشە شانازی بە بوونی کوردەوە دەکاو لە هەموو بوارێکیشدا ئەمە دەردەخا. ساڵی (١٩٠٧) بە ئامانجی دامەزراندنی قوتابخانە لە هەندێك ناوچەی کوردستاندا کە دێتە ئەستەمبوڵ، ماوەیەك دەگیرێ و دەخرێتە ئەو بەندیخانەیەوە کە لە (تۆپ تاشی)دا بووە. لەو ماوەیەدا کە لە ئەستەمبوڵ بووە، بیر لە بارودۆخی پەرێشانی کوردستان دەکاتەوە. بەلای سەعید نوورسییەوە تاکە چارەی رزگاربوون لەم بارودۆخە، پەروەردەیە. بۆ ئەم مەبەستە دێتە ئەستەمبوڵ: ((ساڵ و نیوێکە لێرە بۆ نەشری مەعاریف (بلاوکردنەوەی زانستی) لە کوردستاندا تێدەکۆشم))[١٢].

بەلای سەعید نوورسییەوە، ئەستەمبوڵ پەربوو بوو، خەریکی پرژاندنی بەدکارییە، ئەم شارە بە ((هەنگوینێکی ژەهراوی)) دەچووێنێ[١٣]و دەڵێ ئەستەمبوڵ نەخۆشە و لە نوێندا کەوتووە: ((ئەوسا کە ئەستەمبوڵم بینی و خوریەیم پشکنی و زانیم، نەشتەرگەریم کرد، تێگەیشتم کە ئەوەی لە ناو دڵیدایە نەخۆشییە، بە هەموو لایەکدا دەتەنێتەوە، هەوڵی تیمار کردنی مدا. بە دێوانەییەك سوپاس کرام))[١٤]. سەعید نوورسی کە ئەم هەڵوێستەی ئەستەمبوڵی چاو پێ دەکەوێ، کوردستان لە ئەستەمبوڵ بە پەسەندتر دادەنێ. بەجۆرە تاکە شوێنی شایستەی پەیوەندییەکان بۆ مرۆڤی رەسەن تێکنەچوو، کوردستانە و لە کۆتاییدا دەچێتە ئەوێ: ((من لە چیاکانی کوردستاندا پەروەردە بوو بووم، رەوشتی ئەستوورم، دەبێ بە قەپانی کوردستان کێشانە بکرێ، نابێ بە تەرازووی هەستەوەری ئەستەمبوڵی پێشکەوتوو پێوانە بکرێ..))[١٥]. سەعید نوورسی، بەمە جیاوازیی رۆشنبیری و بوونی کولتوورێکی تایبەت بە خودی کورد بە شێوەیەکی هەژێنەر دەردەبڕێ. ئەم بەراوردکردنەی کوردستان بە ئەستەمبوڵە، کە لە لای سەعید نوورسی دەبینرێ هەندێك توندوتیژە بە لای ئەوەوە ئەستەمبوڵ جێی ژیان نییە. بۆیە بۆ ئەوەی ژیانی خۆی تا ساڵانی (١٩٢٥) درێژە پێ بدا دەچێتە شاری (وان)ی یەك لە جوانترینی شارەکانی کوردستان، (فلیپ مانسەل) کە بە تایبەتی لە بابەتی ئەستەمبوڵی پایتەختی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا هەندێك لێکۆڵینەوەی

12- age, s.18.
13- Bediüzzaman Said Nursi, Divan-ı Harb-i Örfi, s.28.
14- Bediüzzaman Said Nursi, Nutuklar ve Makaleler, Tenvir Neşriyat, s.14.
15- Bediüzzaman Said Nursi, Divan-ı Harb-i Örfi, s.32.

ئەنجامداوە، ئەم بەراوردکارییەی کوردستان و ئەستەمبوڵەی سەعید نوورسی بە گرنگ دادەنێ و ئارەزووی ساتێك پێشتر دووركەوتنەوە لەم شارە دەردەبڕێ، سەعید نوورسی دەڵێ: (بۆنی بەدکاری)ی تێدا فەرمانڕەوایە[١٦].

سەعید نوورسی چەند جارێك دەچێتە ئەستەمبوڵ، سەردانەکەی ساڵی (١٩٠٧)ی بۆ پایتەخت لەناو لاوانی کورددا هەڵچوونێکی گەورە بەرپا دەکا. سەعید نوورسی بەناو و هەڵسوکەوت و شێوەی جلوبەرگ و بە لێدووانە کاریگەرەکانییەوە ناسراوە، ئەحمەد رامز ئەفەندی لە بارەی ئەم سەردانەوە دەڵێ: ((سەعید نوورسی کە لە ئافەریدە دەگمەنەکان بوو و زاتێکی زیرەکی ئاگرین بوو. لە ساڵی (١٩٠٧)دا لە چیا سەخت و رووتەڵەکانی کوردستانەوە وەك خۆرێك هەڵهات و دەنگوباسی لە ئاسۆگەکانی ئەستەمبوڵدا بڵاوبووەوە))[١٧].

ئەو کۆمەڵەیەی ساڵی (١٩٠٧) لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە و هەر بەو ناوەی خۆیەوە رۆژنامەی (هاوکاری و پێشکەوتنی کورد-تەعاون و تەرەقی-ی کورد)ی دەر دەکرد، لەو رۆژنامەیەدا چەند وتارێکی سەعید نوورەسیمان بەرچاو دەکەوێ. سەعید نوورسی کە ماوەیەك لە (شەکەرلی خان)ی ناوچەی (فاتیح)دا ژیاوە، لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە لایەن رووسەکانەوە بەدیل دەگیرێ، سەعید نوورسی دواتر لەوێوە هەڵدێ و بە ئەڵمانیادا دێتەوە ئەستەمبوڵ. هاتنی سەعید نوورسی بۆ ئەستەمبوڵ لەناو خەڵکدا دەنگدانەوەیەکی گەورەی دەبێ[١٨]. دواتریش لە کۆشکێکی گردی (چاملیجە)دا نیشتەجێ دەبێ. بەڵام ئێرەشی زۆر بە دڵ نەبووە. ئارەزووی چوونەوەی بۆ کوردستان دەکرد: ((بە پێی شوێن لە (چاملیجە) دادەنیشتم کە جوانترین شوێنێکی ئەستەمبوڵە، هەموو شتێکم لەبەر دەستدا بوو، کەسێکی ئێجگار زیرەك و خۆبەختکەری وەك عەبدوڕڕەحمانی برازای خودا لێخۆشبووم لەگەڵدا بوو کە قوتابییشم بوو و خزمەتیشی دەکردم و نووسەریشم بوو و کوڕی گوزارەییشم بوو[١٩]. لەو ماوەیەدا کە سەعید نوورسی لە ئەستەمبوڵ بوو تێکەڵییەکی کاریگەری لە کۆمەڵەی هاوکاری و

16- Philip Mansel, Dünyanın Arzuladığı Şehir: İstanbul, çev. Şerif Erol, İstanbul, 1996, s.318.
17- Bediüzzaman Said Nursi, Divan-ı Harb-i Örfi, s.3.
18- Abdülkadir Badıllı, Bediüzzaman Said Nursi I, İstanbul, 1990, s.363.
19- Necmeddin Şahiner, Bilinmiyen Taraflariyle Said Nursi, İstanbul, 1988, s.80.

پێشکەوتنی کورد، کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی زانستی کوردو کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردستاندا هەبوو. لە لایەکی دیکەوە ساڵی (١٩٢٠) سەعید نوورسی دەبێتە یەکێك لە دامەزرێنەارنی هەیڤی سەوز (یەشیل ئای)، لە نێو ئەم دامەزرێنەرانەدا ئیبراهیم حەیدەریزادەی بە رەسەن کوردیش هەبوو[٢٠]. کورتییەکەی ئەوەیە، سەعید نوورسی بە ناوەکەی و شێوەی جلوبەرگ و هەڵسوکەوت و لێدووانە بە توێکڵ و بە واتاکانی، رۆڵێکی گەورەی بووە لە بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی نەتەوەییدا لە نێو کۆمەڵگەی کوردی ئەستەمبووڵدا.

یەکێکی دیکە لەو پیاوە ئایینییە کوردانەی لەم ساڵانەدا لە ئەستەمبووڵ ژیاون، محەممەد شەفیق ئەرواسی (١٨٨٤-١٩٧٠) بووە. ساڵانێکی زۆر لە ئەستەمبووڵ موفتی و سەرۆکی لیژنەی پێداچوونەوە بە قورئانەکان بووە. بە پیاوێکی کارگوزاری ئایینی ناسراوە. شێخ عەبدولحەکیمی مامی محەممەد تۆفیق ئەرواسی کە یەکێك بووە لە هەشت کەسی یەکەمی ئەو تاقی کردنەوەیەی، کە هەشت سەد کەس بەشدارییان تێدا کردووە، لە سەردەمی عوسمانیدا پێشنوێژیی مزگەوتی سوڵتان ئەحمەدی کردووەو دەبێتە مامۆستای سوڵتان عەبدولحەمیدیش[٢١]. محەممەد شەفیق ئەرواسی یەکێکە لە برادەرە نزیکەکانی سەعید نوورسی، ماڵی محەممەد شەفیق ئەرواسی کە ئەندامی کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردستان (تەعالی) بوو: ((لە (مەشرووتەی تەکیە)ی (ئەسکەلەی بۆستان)ی (سوڵتان ئەییووب)دا بوو))[٢٢]. محەممەد شەفیق ئەرواسی کە ساڵی (١٩٧٠) کۆچی دوایی کردووە، لە گۆڕستانی (ئەدرنە قاپوسو-دەرگای ئەدرنە)دا دەنێژرێ. لامیعە خانی کچی ئەو شەفیق ئەرواسییەی چل ساڵ لێدووانی ئایینیی لە مزگەوتی ئەییووبدا پێشکەش کردووە، لەو دواییانەدا لەو خانووەیاندا دادەنیشت کە لە تەك مزگەوتی ئەییووبدا بوو.

یەك لەو کەسایەتییانەی لە ئەستەمبووڵ ڕێزی بووە، ئەمین عالی بەدرخانە (١٨٥١-١٩٢٦). ئەمین عالی بەدرخان کە لە گەلێك ناوچەی وەکو سەلانیك، ئەدەنە و ئەدرنە، بووەتە پشکنەری دادوەری. لە ئەنجامی ئەو دژایەتییانەی بەرامبەر بەدرخانییان کرا ئەمیش بەرەو (ئسپارتە) دوور خراوە و سورەییاو کامەران و جەلادەت بەدرخان - ی کوڕەکانی لە پێکهاتنی بیری

20- age, s.213.
21- Musa Anter, Hatıralarım, II. Baskı, Stokholm, 1991, s.72.
22- Necmeddin şahiner, Son şahitler 4, İstanbul, 1988, s.177.

نەتەوەیی مۆدێرنی کورددا هەوڵێکی زۆریان داوە. ئەمین عالی بەدرخان کە دامەزرێنەری کۆمەڵەی (هاوکاری و پێشکەوتن)ی کوردە و دووەم سەرۆکی کۆمەڵەی پێشکەوتنی کورد (تەعالیی کورد) بووە، دواتریش بووەتە سەرۆکی کۆمەڵەی پێکهاتنی کۆمەڵایەتیی کورد (تەشەککولی ئیجتیماعییەی کورد) کە لەو کەسانەی دامەزراندبوو را لە (کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردستان) جودا بووبوونەوە. ئەمین عالی بەدرخان لەم دەمانەدا لە گەڕەکی (موهورلەر)ی (کادی کوێی- قاضی کوێی)ی بەری ئاسیای ئەستەمبووڵدا دەژیا. جگە لە ئەمین عالی بەدرخان، عەلی شامیل پاشاو عەبدورڕەززاق بەگ، بە دوو کەسایەتیی ریزی پێشەوەی ئەو بەدرخانییانە ناسرابوون کە لە ئەستەمبووڵ دەژیان. بەدرخانییەکان کە ساڵی (١٩٠٦) بەرەو تاراوگەی جوداجودا دوورخرانەوە، بە جاڕدانی مەشرووتییەتی دووەم، ساڵی (١٩٠٨) گەڕانەوە ئەستەمبووڵ.

کوڕەکانی ئەمین عالی بەدرخان، سوورەییا و جەلادەت و کامەران، دواتر لە پێکهاتنی بیری نەتەوەیی کورددا رۆڵی گرنگ دەبینن. بۆ گەیاندنی دەنگی کورد بە رای گشتی، لە پایتەختە جیاجیاکاندا هەوڵێکی زۆر دەدەن. ئەم سێ برایەی لە تەمەنێکی گچکەوە بە هەستی نەتەوایەتی پەروەردە بوو بوون، هێشتا لەو دەمانەدا کە لە ئەستەمبووڵ بوون تێکەڵ بەکارە نەتەوەییەکان دەبوون. ساڵی (١٩١٩) هەردووبرا، جەلادەت و کامەران لە ئێستگەی (حەیدەر پاشا)ی ئەستەمبووڵەوە بە قیتارێك بەڕێ دەکەون، لەگەڵ (نوئێل) بەشداریان لە رێگوزارییەکی لێکۆڵەرەوانە کرد کە لە کوردستاندا رێکخرابوو. ئەم ساڵانە ئەو ساڵانەن کە لە بارەی کوردستانەوە دەست بە (گفتوگۆ و خەبات) کراوە. ئەم دۆزە لە خاڵە سەرەکییەکانی نەخشەی چینە رۆشنبیرە کوردەکانی ئەستەمبووڵ بووە.

کامەران بەدرخان کە ساڵی (١٨٩٥) لە ئەستەمبووڵ لە دایك بووە، هەر کە لاوێکی تەمەن نۆزدە ساڵان بووە لە ئەستەمبووڵ دەستی بە راگەیاندنی دەنگی خۆی کردووە. بۆ نموونە لە گۆڤاری (جیهانی نافرەتان)دا کە ساڵی (١٩١٤) لە ئەستەمبووڵ دەرچووە، ئەوەمان بەرچاو دەکەوێ. کامەران بەدرخان ساڵی (١٩٧١) کە چووەتە سوێد، لەو گفتوگۆیەدا کە لە رۆژنامەی (Dagens Nyheter)ی یەك لە گەورەترین رۆژنامەکانی سوێددا لەگەڵیدا کراوە، باس لە رووداوێك دەکا کە لە ئەستەمبووڵ رووی داوە و زۆر کاری لێ کردووە و دەڵێ ئەو رووداوە

تەواوی جیهانی ئەوی گۆڕیوە. لە ئەستەمبووڵ کە تەمەنی بیست ساڵان بووە، ساڵی (١٩١٥) بە کەشتی دەچێتە بەری ئاسیای ئەستەمبووڵ، کەسێك بەناوی (بەشار نووری)یەوە کە ئەندامی (یەکگرتن و پێشکەوتن) بووە، دێتە لای و بڕیاری لەناوبردنی کەمایەتییەکانی پێ ڕادەگەیەنێ. باسی ئەوەشی کردووە کە دوای لەناوبردنی ئەرمەنی و یۆنانی و کوردیش بۆ خۆراوا دوور خستنەوە و پەرت و بڵاوکردنیان، دۆزی کەمایەتی لە تورکیا یەکلا دەکرێتەوە. کامەران بەدرخان ئەم قسانە پڕ لە مەترسی و لە بیم دەزانێ، ئەم گەشتە نیو سەعاتییەی ناو (بوغاز) تەواوێك جیهانی لێ دەگۆڕێ.

بەدرخانییان، بە هۆی زۆریی ژمارەیانەوە لە ئەستەمبووڵ، لە نێو خۆیاندا خۆیان ڕێکخستووە و دواتریش ساڵی (١٩١٨) کۆمەڵەیەك بە ناوی (کۆمەڵەی بنەماڵەی بەدرخانی) دادەمەزرێنن. بوونی کۆمەڵەیەکی سەیر و سەرنجڕاکێشی وەهای بنەماڵەیەك ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، بنەماڵەی بەدرخانییان چ کۆمەڵگەیەکی فراوانی لەم سەردەمەدا لە ئەستەمبووڵ پێکهێناوە. بەدرخانییان کە بە پلەی یەکەم کادی کوێی و ئویسکویدار ناوچە جێنشینییەکانیان بووە، بە ناوچە جیاکانی ئەستەمبووڵیشدا بڵاوبوونەتەوە. بە پێی ئەو زانیارییانەی لە یادداشتەکانی (نیعمەت ئارزك) دایە عەبدوڕڕەحمان بەدرخان، ڕۆژنامەی کوردستانی دەرکردووە کە تایبەتمەندیی ڕۆژنامەی کوردیی پێوەیە، لە نشێوی کۆڵانی دالیانی فەنەربەخچەدا دادەنیشت و دراوسێی نیعمەت ئارزك بووە. عەبدوڕڕەزاق بەگیش کە لە بەدرخانییەکان بوو، وەکو پێشتر گوتمان لە (شیشلی) دادەنیشت. گۆڕستانی بنەماڵەی بەدرخان، لە قەرەجە ئەحمەدی ئویسکویداردایە کە گەورەترین گۆڕستانی ئەستەمبووڵە[23]. ئویسکویدار وەکو گەڕەك یەکێکە لە کۆنترین و گرنگترینی شوێنەکانی کوردەکان. ئەم گەڕەکەی بەری ئەنادۆڵ (ئاسیا)، یەکێك بووە لەو شوێنانەی کوردەکان لە لایە جیاجیاکانی کوردستانەوە بۆ یەکەمجار هاتوونەتە ئەستەمبووڵ هاتوچۆی ئەوێیان کردووە.

دوای ئەوەی پێیان ناوەتە ئەستەمبووڵ، بەرەبەرە بەری ئەورووپای ئەستەمبووڵیان دۆزیوەتەوە. بەهۆی کار پەیداکردنەوە، پەڕیونەتەوە ئەو بەر، ئەم ناوانەشیان بۆ نیشتەجێ بوون هەڵبژاردووە، ساڵی (١٨٥٤) کە قەرەفاتە بە (ئەمازۆنی کورد-ژنە سوارچاکی ئازا) ناونراوە، لە تەك

23- Malmisanij, Bedirhaniler, Stokholm, 1994, s.118-121.

سوارچاکێکی زۆردا لە (مەراش-مەرعەش)ەوە هاتووەتە ئەستەمبووڵ، وەکو دواتریش دەبینین، بۆ یەکەمجار لە ئۆپەسکویدار بینراوە و لەلایەن خەڵکەوە، بەرێزەوە پێشوازیی لێ کراوە.

ئێستگەی حەیدەر پاشا کە، لە بەری ئەنادۆڵی ئەستەمبووڵدایە. دەکرێ بە یەکەم شوێنپێی ئەو کوردانە دابنرێ کە لە کوردستانەوە هاتوونەتە ئەستەمبووڵ پێیان پێدا نابێ، (ئەجدەت سەقا ئۆغلو) لە بارەی ئەم ناوەندە مێژووییەوە، بەم روونکردنەوانە دیدی خۆی دەردەبڕێ: ((ئەم مرۆڤانەی لە ئەنادۆڵەوە بە قیتار دەهاتن و بۆ یەکەمجار لێرەوە ناشنایەتی لەگەڵ ئەستەمبووڵ پەیدا دەکەن و یەکتری دەناسن. تەنانەت ئەوانەشیان کە ئەم شارە ئەفسووناوییە جێدەهێڵن، بە هەستی جۆراوجۆرەوە، بۆ دواجار لەم ئێستگە گەورەیەوە جێیدەهێڵن. ئەم ئێستگەیە لە (١٩٠٨)ەوە تا (١٩٦٠) رووداو و یادگارییەکی زۆری لە یاد نەکراوەی بینیوە)).

تا ئەم ساڵانەی دوایی، هەندێك لە بەدرخانییەکان لە ئەستەمبووڵ ژیانیان بەسەربردووە. کاریگەریی فشار و سیاسەتی پەرت و بڵاوکردنەوەی پەرەسەندوو، کەسایەتییە کوردەکانی هێنایە بارێکەوە کە نەدەتوانرا بەرگرییان لێ بکرێ. بەدرخان چناری، رۆماننووسی پۆلیسی یەك لەم بەدرخانییانەیە. بەدرخان چنار لە ئسپارتە لەدایك بووە، کوڕی حیکمەت بەدرخانە. ساڵی (١٩٤٢) دەستی بە ژیانی رۆژنامەوانی کردووە و لەو سەروبەندەدا. لە رۆژنامەی تەنین (طنین) و میللییەتدا کاری کردووە. دواتر زنجیرەیەك کورتە چیرۆك و رۆمانی نووسیوە: مردووی بە تارا (کۆچیرۆك ١٩٤١) مەرگی سپی (رۆمان ١٩٤٥)، ئەوانەی وازی بە ئاگر دەکەن (رۆمان ١٩٥٣) بەسەرهاتە کارەساتئامێزەکان (کۆچیرۆك ١٩٥٤) قانوونی چیا (کۆچیرۆك ١٩٦٨) هەوری رەش (رۆمانی منداڵان). بەدرخانییەکی دیکە، کە بەشێکی زۆری تەمەنی لە ئەستەمبووڵ بەسەربردووە، تۆفیق عەلی چناری کوڕی ئەمین عالی بەدرەخانە، ساڵی (١٩٠٠) لە ئەستەمبووڵ هاتووەتە جیهان، کۆلێژی دارستانی تەواو کردووە (کشتوکاڵ)، دواتر لە ئەڵمانیا درێژەی بە خوێندن داوە و دوکتۆرای لەوێ وەرگرتووە. دوای گەڕانەوەی بۆ تورکیا لە شوێنی جوداجودا کاری کردووە. ساڵی (١٩٦٣) بۆ کارێك چووەتە پاریس، لەوێ لە ئەنجامی رووداوێکی ترافیك (هاتوچۆ) گیانی لەدەست داوە. تۆفیق عەلی چنار، برای جەلادەت بەدرخان و کامەران بەدرخانە کە خزمەتی گەورەیان بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد کردووە. (جەمال کوتای) کە بە هەندێك لێکۆڵینەوەی مێژووییەوە ناسراوە، باوکی لە بەدرخانییانە، بەڵام جەمال

کوتای لە بارەی بنچینەی تەکنیکیی خودی خۆیەوە هەڵوێستێکی دانپێدانەنان دەنوێنێ. بۆ نموونە لە لێتوژینەوەیەکیدا کە لە بارەی سەعید نوورسییەوەی کردووە. شوێنەواری دانپێدانەنانی پێوە دیارە. هەندێك لە ئەندامانی بنەماڵەی جەمیل پاشا لە سەرەتای سەدەی بیستدا لە ئەستەمبوڵ بوونە. هەندێك لە منداڵەکانی لەو قوتابخانە نموونەییانەدا خوێندوویانە کە ساڵی (١٩٠٨) کراوەتەوە و جۆرە پەروەردەیەکی تایبەتیی دەسەپاند. ئەکرەمی جەمیل پاشا، ژمارەی ئەو قوتابییە کوردانەی لەم قوتابخانانەدا خوێندوویانە بە پانزدە قوتابی دادەنێ و بڵاوبوونەوەی گڕی بیری کوردایەتی لە ناو قوتابییانی کوردی ساڵی (١٩٠٨) تۆمار دەکا. کەسایەتییەکی زۆری ئەم بنەماڵەیە کەوتوونەتە بەر کاریگەریی ئەم بە ئاگاهاتنە نەتەوەییەی لە ئەستەمبوڵدا پەیدابووە. هەروەها پێشەوایەتیی ئەم تێکۆشانەش دەکەن. لە ناو ئەو کۆمەڵەیەی خوێندکارانی کورددا کە ساڵی (١٩١٢) لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە و بە دڵسۆزی کاری کردووە و دواتریش لاوێکی زۆری بنەماڵەی جەمیل پاشا بەشدارییان لەو کردەوە میللییە پەرەسەندووە کردووە کە لە ئەورووپا و دیاربەکردا پەرەی سەندووە. لەمانە، عومەری جەمیل پاشازادە، دەبێتە یەکەم سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیەی قوتابییانە، کە لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە.

ساڵی (١٩٢٥) کە بزووتنەوەی شێخ سەعید بەرپا دەبێ، ئەو ئەکرەم جەمیل پاشایەی کە دەگیرێ، ماوەی سێ ساڵ و نیو لە بەندیخانەی (قەستەمۆنی)دا دەمێنێتەوە و بۆ شوێنی جیاجیاش دوور دەخرێتەوە. دواتر بۆ بەسەر بردنی شەش مانگی دوور خستنەوە، دێتە ئەستەمبوڵی شاری لاوێتیی: ((.. شەش مانگیش لە ئەستەمبوڵ ژیانی تاراوگەییم بەسەر برد، لە ئەستەمبوڵدا تەنیا حەفتەیەك توانیم دایکم ببینم کە لە خەم و پەژارە ئیفلیج بوو بوو. هەردوو دەست و هەردوو پێی نەدەجووڵانەوە، دەنگی لێوە نەدەهات و زاریشی هیچی نەدەگوت، دوای حەفتەیەك لە گۆڕستانی (ماچکا)ی ئەستەمبوڵدا لە تەك باوکمدا نێژرا. من هێشتا لە بەندیخانەدا بووم باوکم مردبوو)). ئەکرەم جەمیل پاشا کە دایك و باوکی لە ئەستەمبوڵ ون کردووە. دوای ئەم ژیانی تاراوگەییەی دەچێتە سووریاو لە وێ بەشداری لەو بزووتنەوەی کوردایەتییە دەکا کە بە رابەرایەتیی (خۆیبوون) پەرەی سەندبوو.

یەك لە بەرگریکارە بیرمەندە ئاگرینەکانی بیری مۆدێرنی نەتەوەیی کوردی ئەستەمبوڵ بەبێ هیچ گومانێك (خەلیل خەیالی)یە. خەلیل خەیالی لە بتلیس لەدای کبووە، دواتر بە نیازی

خوێندنی باڵا دەچێتە ئەستەمبوڵ، لەوێدا وەك ژمێریاری قوتابخانەی باڵای کشتوکاڵی حەلقەلی کار دەکا. خەلیل خەیالی کە قوتابییانی کوردی ئەستەمبوڵی ڕێکخستووە، لە پەرەپێدانی گیانی نەتەوایەتی لەناو قوتابییاندا هەوڵێکی زۆری داوە. لەم سەروبەندەدا لاوێکی زۆری کورد لە قوتابخانەی کشتوکاڵدا بوون. وەکو سورەییا بەدرخان و عومەری جەمیلپاشازادە کە لە سەرەوە باسمان کرد.. خەلیل خەیالی گرنگیی زمانی لە ڕاپەڕینی نەتەوایەتییدا بە بەرچاوەوە دەگرت و دەتوانین بڵێین یەکەمینی ئەو ڕۆشنبیرە کوردانەیە لەم مەیدانەدا دەستیان بەر کارە کردووە. بۆیە لەناو ئەو ڕۆشنبیرە کوردانەی لە ئەستەمبوڵدا دەژیان جێیەکی تایبەتیی هەیە. هەر لەم ساڵانەدا پێکەوە لەگەڵ (زیا گوێك ئاڵپ)دا هەندێك لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارەی زمانی کوردییەوە ئەنجام دەدا. بەڵام زیا گوێك ئاڵپ نووسینە سەرەتاییەکانی ئەم لێکۆڵینەوە هاوبەشانە لای خۆی گل دەداتەوە و نایداتەوە، گوایە ئەوانەی سووتاندووە. ئەکرەمی جەمیل پاشا کە زۆر هاتوچۆی نووسینگەی دیاربەکری (دیوان یۆڵو) کردووە کە لەوێ، بیری لاوانی کوردی لە بارەی کولتووری کوردەوە ڕۆشن کردووە. دەڵێ: ((ئەم زاتە بیست ساڵ مامۆستایەتیی کوردایەتیی لاوە کوردەکانی ئەستەمبوڵی کردووە))[٢٤]. ئەکرەمی جەمیل پاشا دەڵێ: ئەوی بۆ یەکەم جار ساڵی (١٩٠٩) ناسیوە و لەو دەمانەدا تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵان بووە. ئەکرەم جەمیل پاشا، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ساڵی (١٩٢٩) دوای دەرچوونی لە بەندیخانە، لە چوونەوەی ئەستەمبوڵیدا خەلیل خەیالیی لە ناو پێخەفی نەخۆشیدا بینیوە.

زیا گوێك ئاڵپ (١٨٧٦-١٩٢٤) کە لەگەڵ خەلیل خەیالیدا پێکەوە، لە ئەستەمبوڵ هەندێك لێکۆڵینەوەی زانستیی لە بارەی زمانی کوردییەوە درێژە پێ داوە، لەلایەن بنچینەی ئەتنیکییەوە کوردە، دیاربەکرییە. دواتر لە ئەنجامی هەندێك تەنگژەی کەسایەتی، کوردایەتیی خۆی نینکار کردووە، دەبێتە یەکێك لە بەرگریکارە ئاگرینەکانی ئایدیۆلۆژیای تورکچییەتی و بە یەکێك لە بنیاتنەرانی ئەم ئایدیۆلۆژیایە دادەنرێ[٢٥]. خالیدە ئەدیب ئادیوار لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بۆ ئەو هەوڵ و کۆششە سەیرەی لە بارەی بابەتی زمانی کوردییەوەی سەردەمی ژیانی ئەستەمبوڵی زیا گوێك ئاڵپ دەکا، کە لە سەرەوە باسمان کرد. بە پێی

24- Ekrem Cemil Paşa, Muhtasar Hayatım, Brüksel, 1989, s.20.
25- Rohat Alakom, Ziya Gökalp'ın Büyük çilesi: Kürtler. İstanbul, 1992.

بۆچوونی خالیدە ئەدیب ئادیوار، زیا گوێك ئاڵپ لە سەرەتای لاوێتیدا کاری لە بابەتی رەگ و ریشەی زمانی کوردی و ڕێزمانییەوە کردووە، ئەم هەڵوێستە لە هەندێك ناوەندا ڕێی بۆ ئەوە خۆش کردووە کە وەکو نەتەوەییەکی کورد بناسرێ[26]. لەم بابەتەدا هەواڵێکی سەیر لە ڕۆژنامەی (تەعاون و تەرەققی)ی کورددا کە ساڵی (١٩٠٨) لە ئەستەمبوڵ بڵاوکراوەتەوە بەرچاو دەکەوێ: ((زیا ئەفەندیی ئەدیبی ڕێزداریش، بەوەی کە بەرهەمی کۆشش و لێکۆڵینەوەی ماوەی دە ساڵی، رەشنووسی پەندی پێشینانی کوردی و زانستی زمانی کوردی ئامادەکردووە و بەم نزیکانە فەرهەنگێکی کوردی بڵاودەکاتەوە و بەرامبەر ئەو مژدانەش کە ساڵح بەگی خانی - ش کە یەکێکە لە خاوەن بەهرەکانی ناوچە، لەم بابەتەدا لە بارەی ئەو کۆششەوە کە ئەنجامی داوە، گەلێکی سوپاس دەکەین و پیرۆزباییشی بۆ ئەم کۆششە بەرزانەی لێ دەکرێ)). لە ئەنجامی ئەم ڕوونکردنەوەیەدا زیا گوێك ئاڵپ بە یەکێك لە کەسانی ریزی پێشەوەی فیلۆلۆژیستەکانی کورد دادەنرێ.

لە لایەکی کەوە، زیا گوێك ئاڵپ، ئەگەرچی رەسەنی ئەتنیکیی خۆی بە تورك دادەنێ، لە سەرجەم توێژینەوەکانیدا، نکولی لەوە ناکا کە کورد گەلێکە و رەسەنی ئەتنیکیی خۆی هەیە. ئەم لایەنەی زیا گوێك ئاڵپ بایەخی خۆی هەیە، زیا گوێك ئاڵپ لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەدا کە هاتووەتە ئەستەمبوڵ چووەتە خوێندنگای بەیتاڵی (پزیشکی ئاژەڵ)، لەم سەروبەندەدا لەگەڵ ناوەندە ڕووناکبیرییەکانی ئەستەمبوڵ ئاشنایەتیی پەیدا کردووە. ساڵی (١٨٩٨) زیا گوێك ئاڵپ لە ئەستەمبوڵدا دەگیرێ و ساڵی (١٩٠٠) دووبارە دەگیرێتەوە و لە بەندیخانەی (تاش قشڵە)دا توند دەکرێ.

ساڵانێك بەسەردەچێ و زیا گوێك ئاڵپ پەیوەندیی بە کوردانەوە دەبڕێ و وردە وردە دەبێتە یەکێك لە کادیرانی ریزی پێشەوەی (ئیتتیحاد و تەرەققی). کە جەنگی بەلکان بەرپا دەبێ، ناچار دەبێ بنکەی ڕێکخراو بگوازرێتەوە ئەستەمبوڵ. زیا گوێك ئاڵپ لەم دەمانەدا لە (جەرڕاح پاشا)دا لە ماڵێکدا جێگیر دەبێ. دواتر دەگوێزرێتەوە کۆشکێکی (بویوك ئەدا) کە بە

26- Memoris of Halide Edib, London, 1926, s.317.

جوانیی سروشتییەوە ناسراوە[٢٧]. گۆڕی زیا گوێك ئاڵپ لە باخچەی گۆڕی مەحموودی دووەم دایە لە ئەستەمبووڵ.

ڕۆشنبیرێکی دیکەی کورد کە وەکو خەلیل خەیالی بایەخی بە بنچینەکانی بیری نەتەوایەتیی کورد داوە، (حەمزەی موکسییە، موکسلی حەمزە). ئەم کەسایەتییە کوردە، ساڵی (١٨٩٢) لە شارۆچکەی (موکس)ی سەر بە (وان)دا لەدایکبووە. دواتر بە ئامانجی خوێندنی باڵاوە دەچێتە ئەستەمبووڵ، حەمزەی موکسی، لە (عومەرلی)ی قەزای سەر بە ئویسکویداردا مامۆستایی دەکا. بەشی فارسیی زانکۆی ئەستەمبووڵیش تەواو دەکا. هەر لەوێ عەداڵەت خانم - ی تاتای پرۆفیسۆر عەلی ناهید تەرلان دەخوازێ، کە لەوێ دیخوێند و دواتر دەبێتە یەك لە مامۆستایانی ئەوێ. کچێکیان دەبێ ناوی دەنێن (مەنیژە). هەر لەم دەمانەدا هەست بە گرنگیی کلاسیکەکانی کورد و داستانی بەناوبانگی مەم و زین دەکا. ساڵی (١٩١٩) شاکاری ئەمری (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانیی شاعیری کلاسیکیی کورد بۆ یەکەم جار لە شێوەی کتێبێکدا لە ئەستەمبووڵی پایتەختدا بڵاو دەکاتەوە و پێشەکییەك بۆ کتێبەکە دەنووسێ[٢٨]. مارتن هارتمەن-ی خۆرهەڵاتناسی ئەڵمانی کە لە بارەی ئەدەبییاتی کوردییەوە هەندێك لێکۆڵینەوەی هەیە، ئاماژە بەوە دەدا کە (مەم و زین) یەکێك بووە لە لیستێك کتێب کە لە لایەن بەڕێوەبەرێتیی ئەوسای ئەستەمبووڵەوە پەسەند نەبووە، بۆیە بۆ یەکەمجار لە دەرەوە و لە شێوەی زنجیرەدا لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە[٢٩]. بۆ یەکەمجار لە چاپدانی ئەم کتێبە لە ئەستەمبووڵ، لە ناو ئەو کوردانەی لە ئەستەمبووڵدا بوون بە ڕووداوێکی گەورەی مێژوویی و ڕۆشنبیری دادەنرێ.

حەمزەی موکسی ساڵی (١٩١٩) ناچار دەبێ ئەستەمبووڵ بەجێ بهێڵێ، لە ڕێی ماردینەوە دەچێتە دیاربەکر و لەوێ دەگیرێ. حوکمی پانزدە ساڵی بە جەزرەبەی بەسەردا دەدرێ و دەنێررێتە قەستەمونێ. دواتر حەمزەی موکسی کە لە بەندیخانە دەردەچێ، ساڵی (١٩٢٩)

27- Mehmet Emin Erişirgil, Bir Fikir Adamının Romanı, İstanbul, 1984, s.89, 109.
28- Mehmet Bayrak, Kürtler ve Ulusal Demokratik Mücadeleleri, Ankara, 1993, s.105-108.
29- Martin Hartmann, Der Kurdisch Divan des Schech Ahmed von Geziret İbn'Omer genannt Mālai'i gizri, berlin, 1904, s.x.

دەچێتە سووریا و لەوێ بەشداری لە چالاکییەکانی نەتەوەیی کورد دەکا. ساڵی (١٩٦٠) لە سووریا دەمرێ. بەمجۆرە خەلیل خەیالی و حەمزەی موکسی بە دوو رۆشنبیری کورد دادەنرێن کە لە سەردەمێکی زوودا بە بایەخی زمان و ئەدەبییاتی کوردییان زانیوە.

مەمدووح سەلیم (١٨٨٠-١٩٧٦) رۆشنبیرێکی کوردی دیکەیە کە لە ئەستەمبوول پێگەییوە. مەمدووح سەلیم کە لەوێ فەلسەفەی خوێندووە و لە رێکخراوی وەك قوتابییانی هێڤیی کورد و کۆمەڵەی تەعالی و تەرەققی - ی کوردستاندا کاری کردووە، لە بڵاوکراوەی نۆرگانی ئەم رێکخراوانەدا گەلێك نووسینی سەیری بەرهەمهێناوە. مەمدووح سەلیم لە (١٩٢٠) دا ئەستەمبوول جێ دەهێڵێ و دەچێتە سووریا، هەندێك کەسایەتیی ریزی پێشەوەی تورکیا، وەکو خالید چەلەنگ-ی دادیار و جەمیل مەریچ - ی نووسەرو کەمال سولکەری سەندیکاپەروەر قوتابیی مەمدووح سەلیم بوونە کە لە ئەنتاکیا مامۆستا بووە و بە پێداهەڵدانەوە باسی مەمدووح سەلیم دەکەن[٣٠]. مەمدووح سەلیم دواتر، ساڵی (١٩٢٧) پێشەوایەتیی کاروباری دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوون دەکا.

یەك لە کوردە چالاکەکانی دیکە لە ئەستەمبوول، ئەحمەد رامزی لیجمییە، ئەحمەد رامز کە بایەخێکی زۆری بە بڵاوکردنەوەی پەروەردە داوە، لەم رێیەوە هەوڵی رۆشنبیرکردنی خەڵکی داوە. لە سەرچاوەکاندا بە (خاوەنی کتێبخانەی ئیجتیهاد) دەناسرێ. ساڵی (١٩١٠) دەبێتە بەرێوەبەری ئەو قوتابخانە کوردییەی بە ناوی (مەکتەبی مەشرووتییەت)ەوە بووە. ئەحمەد رامز کە چەند کتێبێکی نووسیوە، بە پێی قسەی قەدری جەمیل پاشا ساڵانی دوایی لە شام بەرێوە دەبات و لەوێشدا دەمرێ[٣١].

یەك لەو رۆشنبیرانەی بە شیعر و شانۆنامە و نووسینەکانی هاوبەشیی لە پەرەسەندنی نەتەوایەتیی کورد کردووە، عەبدورەحیم زاپسو-وە (١٨٩٠-١٩٥٨)، زاپسو کە لە ئەستەمبوول، کۆلێژی شەریعەی تەواو کردووە. لە ریزەکانی پێشەوەدا کارێکی زۆری بە کوردی نووسیوە و لەم دەمانەدا لەو رۆژنامە و گۆڤارانەدا نووسین بڵاودەکاتەوە کە لە ئەستەمبوول

30- kadri Cemil Paşa, Doza Kurdistan, Ankara, s.32.
31- Cemil Meriç, Bütün Eserleri: 2, Bu Ülke, 1994, s.23. Kemal Sülker, Hatay ve okul Anıları, yazko Edebiyat, 24/Ekim 1982.

دەردەچوون. عەبدوڕڕەحیم زاپسو کە لە بابەتە ئایینییەکاندا چەند لێکۆڵینەوەیەکی هەیە، لە ناوچەی ئویسکوبداری ئەستەمبوڵدا ناونووس کرابوو بەڵام لە (ئالەلی)دا دەژیا. ساڵی (١٩٥٨) کە مردووە، لە گۆڕستانی نەجاتی بەگدا دەنێژرێ. بە پێی قسەی کچەکەشی گۆڕەکەی لە گۆڕستانی بنەماڵەیاندایە کە گۆڕستانی (ئەدرنەقاپی)یە. ژاڵە خانم کە یەك لە کچەکانی زاپسووە کە چوار منداڵی هەبووە، هێشتا لە ئەستەمبوڵدا دەژی. هالە خانمیش کچێکی دیکەیەتی، وەك زانراوە هاوسەری مووسا عەنتەری نووسەری کوردە کە چەندین ساڵی دووروودرێژی تەمەنی خۆی لە ئەستەمبوڵ بەسەر بردووە و ئێستا لە سوێد دەژی.

محەممەد شوکری سەگبان (١٨٨١-١٩٦٠) کەسایەتییەکە بەشداریی لەو بزووتنەوە نەتەوەییەی کورد کردووە کە لە سەرەتای سەدەی بیستدا پەرەی سەندووە. شوکری سەگبانی دوکتۆر، ساڵی (١٩٠٨) کە کۆمەڵەی تەعاون و تەرەققیی کورد دامەزراوە و کۆمەڵەی قوتابییانی هێڤیی کورد کە دواتر دامەزراوە و کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان کە هاتوونەتە کایەوە، ئەم لە ناو دامەزرێنەران و ئەندامانیدا جێی گرتووە. بارەگای کارکردنی کە لە خانی خرستاکی (ناوی دیکەی خانی سەعید پاشا)ی بەرامبەر ئامادەیی غەڵەتەسەرایی ناوچەی (بەیۆغلو)دا بووە، دەبێتە یەکێك لەو شوێنانەی کوردەکانی ئەستەمبوڵ هاتو چۆیان کردووە[٣٢]. نهۆمی ژێرەوەی ئەم خانە مێژووییە ئێستا بەڕێڕەوی گوڵ دەناسرێ. ئەم خانە لەبەر ئەوەی لە کۆنەوە لە لایەن کچە رووسییەکانەوە گوڵی لێ فرۆشراوە، ناوی ڕێڕەوی گوڵی لێ نراوە، لە لایەن خرستاکی ئەفەندییەوە دروست کراوە کە یەکێك بووە لەو (ڕۆم)انەی کاری بانقچێتییان کردووە. شوکری سەگبان لەو دەمانەدا لە (بەیۆغلو) دادەنیشت کە (پەرا)ی پێ دەگوترا.

---

[٣٢] خرستاکی ناوی ئەو خانە بووە کە شوێنی کارکردنی محەممەد شوکری سەگبان-ی لێ بووە، بە ناوی کابرایەکی ڕۆمیی کۆنەوە بووە لەوێ کاری بانقی کردووە. ئەم خانە ئەو تەلارەیە ئێستا ڕاڕەوی (چیچەك)ی لێیە. بڕوانە:

Murat belge, İstanbul Rehberi, İstanbul, 1995, s.237.

یەك لەو شوێنانەش کە کوردەکان هامشۆیان دەکرد، جێی کارکردنی عەبدوللا جەودەت بوو، ئەو بینایەی عەبدوللا جەودەت ساڵی (١٩١٠) لە (چەغاڵ ئۆغلۆ)دا بە ناوی (ماڵی ئیجتیهاد)ەوە کردبوویەوە، بووەتە شوێنێکی کۆبوونەوەی ئەو رۆشنبیرە کوردانەی لەو ساڵانەدا لە ئەستەمبوڵ دەژیان. نهۆمی دووەمی بۆ کارکردن بەکاردەهێنا، هەر ئەو بینایە هێشتا هەر ماوە و ئێستا لە بیناکەدا(گوڵ خانم)ی کچی عەبدوللا جەودەت و سەباحەددین قارلیداغ کە یەکێکە لە نەوەکانی عەبدوللا جەودەت لەگەڵ خێزانیدا دادەنیشن[٣٣].لە ناو ئەو رۆشنبیرانەی رەسەنێکی کوردیان هەیە و لە ئەستەمبوڵ دەژین، لە لایەن بیرەوە (کاریزما)ترین و فرەبەرهەمترینیانەوە بەبێ گومان (عەبدوللا جەودەت)ـە (١٨٦٨-١٩٣٢). عەبدوللا جەودەت کە بە خۆی نۆژداری چاو بووە، یەکێك بووە لە یەکەم دامەزرێنەرانی (ئیتتیحاد و تەرەققی) کە خەباتی دژ بە دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمید کردووە. عەبدوللا جەودەت کە یەکێکە لەو کەسایەتییە رۆشنبیرانەی لە ئەستەمبوڵ دەژیان، شیعری نووسیوە و زنجیرە کتێبێکی فەرەنسیی وەرگێڕاوەتە سەر تورکی. لە سەرەتای (١٩٠٤)ـەوە تا (١٩٣٢) رێك (٣٥٨) ژمارەی گۆڤارێکی بە ناوی (ئیجتیهاد)ەوە بڵاو کردووەتەوە و بیرە جیاکانی خۆی لە رێی ئەم گۆڤارەوە هێناوەتە گۆ. گۆڤاری ئیجتیهاد کە ژمارە یەکەمەکانی لە جنێڤ و قاهیرە دەرچووە، بە یەکێك لە تەمەندرێژترین بڵاوکراوەی لە کاتی رێکوپێکدا دەرچووی سەردەمی خۆی دەژمێردرێ. عەبدوللا جەودەت، دوای جاڕدانی (مەشرووتییەتی دووەم - دەستووری دووەم) لە تاراوگەوە دەگەڕێتەوە ئەستەمبوڵ، لەگەڵ چینە رۆشنبیرە کوردەکانی دیکەی ئەوێدا پەیوەندیی پتەوتر دەکا. عەبدوللا جەودەت لە بارەی کوردەوە بیروباوەڕەکانی خۆی لە ئۆرگانە بڵاوکراوە جیاجیاکاندا بە شێوەیەکی روون دەربڕیوە[٣٤]. عەبدوللا جەودەت کە مردووە، لە

---

[٣٣] سەباحەددین قارلیداغی کوڕی محەمەد جەودەتی کوڕی عەبدوللا جەودەتە، لە ئەستەمبوڵ، لە کارگەیەکی چوکلاتە (چوکلێت)دا کار دەکا.

34- Şükrü Hanioğlu, Doctor Abdulla Cevset ve Dönemi, İstanbul, 1981, s.315-341.

سەرچاوەیەکی دیکەی هەر ئەم بابەتە:

Malisanij, kürt Milliyetçiliği ve Abdullah cevdet, Uppsala, 1986.

گۆڕستانی مەرکەز ئەفەندی نێژراوە. عەبدوڵلا جەودەت کە سێ ژنی هێناوە، دوا هاوسەری هەر لە گۆڕستانی مەرکەز ئەفەندیدا لە تەك گۆڕی عەبدوڵلا جەودەت-دایە. ئەم هاوسەرەی کە ناوی فاتمە نافیزە قارلیداغ-ە، ساڵی (١٩٧١) مردووە. عەبدوڵلا جەودەت دوو منداڵی بووە، گوڵ - ی مامۆستای زمانی ئینگلیزی و محەممەدی عەدلی - ی مامۆستای زمانی فەرەنسی، گوڵی کیژی، هێشتا لە ژیاندایە و محەممەدی کوڕی ساڵی (١٩٧٦) مردووە. ئەحمەد ئەتوینلوی نەوەی، کوڕی گوڵی کچیەتی، پاڵەوانی ناسراوی تورکیایە لە وەرزشی لەشجوانیدا. ئەحمەد ئەتوینلو کە ساڵی (١٩٧٠) بۆ یەکەم جار پاڵەوانێتیی جیهانی بەدەستهێناوە، تا ئێستا هەشت جاران مێداڵیای زێڕی جیهانی وەرگرتووە. ئەحمەد ئەتوینلو لە (ماڵی ئیجتیهاد) دادەنیشێ کە عەبدوڵلا جەودەت ساڵی (١٩١٠) بنیادی ناوە. عەبدوڵلا جەودەت بەر لە مردنی مانگەکانی هاوین لە کۆشکێکی (بویوك ئەدا) دا دەژیا، پێیان دەگوت کۆشکی (عەلەمچییان). ساڵی (١٩٣٢) کە کۆچی دوایی کرد، ئەم کۆشکە بۆ فاتمە خانمی هاوسەری بەجێ ما، دوای مردنی ئەویش گوڵ قارلیداغی کچی عەبدوڵلا جەودەت بووە خاوەنی ئەم کۆشکە. گوڵ قارلیداغ لە (١٩٧١)ەوە، هاوینان لەم کۆشکە دەژیا کە لە (بویوك ئەدا) دایە. دوکتۆرێکی دیکەی کورد کە لە ئەستەمبووڵ خوێندنی تەواو کردووە، ئیسحاق سوکووتی - یە (١٨٦٨-١٩٠٣). ئیسحاق سوکووتی کە پزیشکی سەربازیی خوێندبوو و لە کوردەکانی دیاربەکر بوو، ئەو پەیوەندییانەی بە عەبدوڵلا جەودەتەوە هەیبوو، لەم سەروبەندانەدا لە ئەستەمبووڵ پەرەیێ دەدا. ئیسحاق سوکووتی و عەبدوڵلا جەودەت لە دامەزرێنەرە بەراییەکانی کۆمەڵەی (ئیتتیحاد و تەرەققی)ن. بەمجۆرە پێشەوایەتیی دوو قوتابیی کوردمان بەرچاو دەکەوێ لەو خەباتەی دژ بە سوڵتان عەبدولحەمید کە لە ئەستەمبووڵ بەرپا بووە. ساڵی (١٨٩٦) بە پێنج ساڵ دوور خستنەوە بۆ تاراوگە سزا دەدرێ و دەنێررێتە (ڕۆدوس)، ئیسحاق سوکووتی کە لەوێوە ڕێیەك دەبینێتەوە و رادەکا، دواتر لە جنێڤ نیشتەجێ دەبێ. ئیسحاق سوکووتی کە ساڵی (١٩٠٣) لە ئیتالیا دەمرێ، لە لایەن (ڕزا نوور)ەوە تێرمەك و پروسکی ساڵی (١٩٠٩) دەهێنرێتەوە ئەستەمبووڵ و لە باخچەی گۆڕستانی سوڵتان مەحموددا دەنێژرێ. رزا نوور لە بیرەوەرییەکانیدا کە دواتر بڵاوبووەتەوە، بە شێوەیەکی دوورو درێژ باسی لەوە کردووە[35]. دوای

35- Rıza Nur, Hayat ve Hatıratım I, İstanbul, 1991, s.270-276.

مردنی ئیسحاق سوکووتی، عەبدوڵڵا جەودەت شیعرێکی نووسیوە، بەمجۆرە باسی ئیسحاق سوکووتی دەکا:

گیانی گەورە، گەورەترین ئامانجی
لەڕێی حەقدا، دادانی وانەی مەرگە
ئومێدی ڕێزداری گوڵ دەپشکوێنێ
ئەو ئومێدەی خستنی زۆرداریــیە
ئەوەش مێژووی (ئیسحاقی سوکووتی)یە
زۆرداری دی، چەوساوە و لاتیشی دی
دادوەری، بە خوێن تفی بە ڕوودا کرد[(*١٥)]

ژمارەی ئەو کەسە دیارە کوردانەی لە ئەستەمبوڵدا دەژیان، زۆر زۆرن. لوتفی فیکری- ی سەرۆکی ژووری دادیارانی ئەستەمبوڵ، (ئامرئینتزییات)ی ئەستەمبوڵ، خەلیل بەگی میراڵای و گەلێك کەسایەتیی دیکەی کورد لە ئەستەمبوڵ دەژیان. لەمانە، لوتفی فیکری (١٨٧٢-١٩٣٤)

(*١٥) شیعرەکەی بەو جۆرە کردووەتە کوردی دەقە تورکییەکەی ئەمەیە(وەرگێڕ):

Büyük ruhun en büyük insiyaki
Hak yolunda ölmek dersi vermekti.
Muazzez emeli güller açıyor...
O, emeli istibdadı devirmekti
İşte İshak Sükuti'nin tarihi.
Gördü zalimi, mazlumu, Züğürdü
(Adalet) in yüzüne kan tükürdü

لە پاریس، قانوون (حقووق) دەخوێنێ و دوای کوودەتای (١٩٠٨) لە (مەجلیسی مەبعووسان – پەرلەمانی ئەوسا)دا بە نوێنەری دەرسیم هەڵدەبژێرێ. بە بیرورا ئۆپۆزسیۆن ناسراوە. لوتفی فیکری لە سەردەمی کۆماریدا چەند جارێك دادگایی کراوە، دواتر تووشی نەخۆشیی شێر پەنجە بووە و لە تەمەنی (٦٢) ساڵیدا لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.

(٢)

هەندێك لە کەسایەتییە ناسراوەکانی ئەو کوردانەی لە ئەستەمبووڵ دەژیان لە و کوردستانی باشوورەوە دەهاتن کە پێی دەگوترێ کوردستانی عیراق، بەشێکی ئەم کوردانە کە لە شارانی وەك سلێمانی و هەولێر و کەرکووك و مووسڵەوە بە ئامانجی خوێندن دەهاتنە ئەستەمبووڵ، بەشێکیشیان لە کاروباری میریدا فەرمانبەر بوون و هەندێکی دیکەیان خاوەن کاروباری سەربەست بوون و لە کاری جیاجیادا کاریان کردووە.

حاجی قادری کۆیی (١٨١٥-١٨٩٧)ی شاعیری کورد، کە تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا لە ئەستەمبووڵ ژیاوە، بەبێ هیچ گومانێك بە گرنگترین کەسایەتی دێتە پێش چاو کە سەرچاوەی هەڵکردنی بای کوردایەتی بووە و ئەو وەچەیەی لە سەدەی بیستەمدا لە ئەستەمبووڵ کوردایەتییان ڕێکخستووە، لە ژێر کاریگەریی ئەودا بوون. ئەم شاعیرە کوردە، لە سەر هێڵی ئەحمەدی خانیی بیرمەندی گەورەدا ڕێی کردووە، لە شیعرەکانیدا بە چڕی مژتیڤە نەتەوایەتییەکان دەکاتە بابەت. تایبەتمەندییەکی دیکەی حاجی قادری کۆیی، ئەنجامدانی مامۆستایی منداڵانی ئەو بەدرخانییانەیە کە لەو ساڵانەدا ژمارەیان لە ئەستەمبووڵ زۆر زۆر بووە. حاجی قادری کۆیی بەر لە مردنی، بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی، دیوانەکەی داوەتە لای عەبدوڕڕەززاق بەگی یەك لە بەدرخانییان. بەمجۆرە دەتوانین بڵێین، یەکەم خوڵقێنەری یان سیمبوڵی کوردایەتییەك کە لە سەرەتای سەدەی بیستدا لە ئەستەمبووڵ پەرەی سەندووە، حاجی قادری کۆییە. سەرەڕای دەستکورتیمان لە تێکڕای ژیانی لە ئەستەمبووڵیدا، بیروباوەڕەکانی حاجی قادری کۆیی ئەوە پیشان دەدا کە کوردپەروەرێکی ئاگرین بووە. دواتر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا کەسایەتییە گرنگەکانی ئەو وەچەیەی بە هەستی نەتەوەیی و بە بیروباوەڕەوە لە چالاکیدا بوون بەبێ پسانەوە دەگەڕانەوە سەر بنەمای بیری حاجی قادری کۆیی. حاجی قادری کۆیی بڵاوکردنەوەی یەکیەتی و پێکەوە بوون و نزیکبوونەوەی نەتەوەیی و

زیندووکردنەوەی بیری رزگاریخوازی لە ناو خەلکدا بە ئامانج گرتبوو، بۆیە لە لای خەلک دەبێتە یەکێك لە خۆشەویستترینی شاعیرانی کورد. حاجی قادری کۆیی ساڵی (١٨٣٩) دەچێتە ئەستەمبوڵ و تا مردنی لە ساڵی (١٨٩٧)دا هەر لە ئەستەمبوڵ دەبێ. حاجی قادری کۆیی گرنگییەکەی لەوەدایە کە دەبێتە گرنگترین نوێنەری موژدەبەخشی ناو کوردەکانی ئەستەمبوڵ و نوێنەرایەتیی تەواوی کاریگەریی رۆشنبیرانەی نێوان کوردی باشوور و باکووری کردووە و رۆڵی پردی نێوانیانی بینیوە. ئەم کەسایەتییە کوردە بە باوکی ئەو بیرە نەتەوەییە مۆدێرنە کوردییە دادەنرێ کە لە ئەستەمبوڵ پێکهاتبوو[٣٦].

بابانییانی سەر بە بنەماڵەی بابان، لە ئەستەمبوڵ کۆمەڵێکی گەورە پێکدەهێنن. لەمانە، سەعید پاشا(١٨٣٥-١٩٠٧) ساڵانێکی دووروودرێژ لە سەردەمی سوڵتان عەبدلوحەمیددا وەکو وەزیری کاروباری دەرەوە و سەرۆکی شووڕای دەوڵەت کاری کردووە. پێشتریش لەو دەمانەدا کە لە (ڤارنا) کاری کردووە، لەگەڵ موعەللیم ناجی (١٨٥٠-١٨٩٣)ی نووسەری تورکدا دۆستایەتییەکی ئاشکرای دەبێ. سەعید پاشا لە ئەستەمبوڵ کە وەزیری دەرەوە دەبێ موعەللیم ناجی دەگوێزرێتەوە (قەڵەمی مەکتوبی)[*]ی. سولەیمان پاشا و عیززەت پاشای براکانی (سەعید پاشای کورد)و شەریف پاشا و فوئاد پاشای کوڕەکانی لە میریدا فرمانی گرنگیان بە دەستەوە بووە. عیززەت پاشای یەك لە براکانی کە ساڵی (١٨٧١) لە ئەستەمبوڵ لە دایك بووە، زمانی بیانیی خوێندووە و بیست و چوار ساڵی ڕێك لە (ژووری وەرگێڕان)ی بابی عالی - دا کاری کردووە و ساڵی (١٩١٩) کراوەتە والیی ئایدن و عیززەت پاشا کە بە

36- Mehmet Çağlayan, şark Ulemasi, İstanbul, 1996, s.180.

لە بارەی مێژووی مردنی حاجی قادری کۆییەوە، هەندێك سەرچاوە زانیاریی هەڵەیان تێ کەوتووە، لە ژمارە (٣)ی رۆژنامەی (کوردستان)دا کە ساڵی (١٨٩٨) لە قاهیرە دەستی بە بڵاوبوونەوە کردووە، تێبینییەك لە بارەی مردنی بەر لە ساڵێکی ئەوسای حاجی قادری کۆیی تێدایە، پەنا بەو تێبینییە، دەردەکەوێ کە حاجی قادری کۆیی ساڵی (١٨٩٧) کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە:

(Kurdistan-İlk kürt Gazetesi, Arap harflerinden latin harflerine çeviren: M. Emin Bozarslan, cild I, Uppsala, 1991, s.135)

[*] قەڵەمی مەکتوبی: فەرمانگەی نووسینی هەموو جۆرە نووسراو و فەرمانی فەرمی. (وەرگێڕ).

تەنگژەیەکی دڵ ساڵی (١٩١٩) مردووە، لە تەك سولەیمان پاشای برای نێژراوە کە بەر لە دە رۆژی مردنی ئەویان لێرە (واتە لە ئەستەمبووڵ) مردووە[٣٧]. فوئاد پاشای یەك لە کوڕانی سەعید پاشا، یاوەری سوڵتان عەبدولحەمید بووە، دواتر دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی (تەعالیی کوردستان). شەریف پاشای کوڕەکەی دیکەی، بە باڵیۆزی عوسمانی لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد دادەمەزرێ، دواتریش کە لەم تەرکە جودا دەبێتەوە، وەك نوێنەری کورد بەشداریی پەیوەندییەکانی کۆنگرەی ئاشتیی سیڤەر دەکا کە لە پاریسدا دەستی پێ کردووە. سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم سەعید پاشای زۆر خۆشویستووە و بەم هۆیەوە، هاوینە کۆشکێکی ناوچەی (قوروچەشمە) بە سەعید پاشا دەبەخشێ. سەعید پاشا کە بەرامبەر مزگەوتی تەشویقییە دادەنیشت، لە سایەی ئەو پەیوەندییەیەوە بە سوڵتان عەبدولحەمید، باپانەکان لە ئەستەمبووڵ هێزێکیان پێکهێناوە و دەبینین کە پایەیەکی بەرزیان بەدەست هێناوە. بە پێی بۆچوونی (سەرمەد موختار ئالوس)ی لێکۆڵەرەوە، دراوسێکانی لەم کەسایەتییە بە ناوبانگە پێکهاتبوو: ((لە ناوچەکەدا دوای ئەوەی.. تونسلو-ت رەت دەکرد بە ریزە، با بیانژمێرم: کامیل پاشای قوبرسی و سەعید پاشای کورد و سەعید پاشای گچکە ((کوچوك سەعید پاشا)) و مەحموود بەگی نیشلیی-مابەینجی-، ئەمین بەگی داغستانیی مابەینجی..)) سێ تەلار لەم تەلارە رێکو پێکانەیان لەسەر شەقامی تەشویقییەدا کە بەرامبەر مزگەوتی تەشویقییەدا درێژ دەبێتەوە، هێشتا هەر ماون. لەو ناوەدا Beldever و لە پشتییەوە Isplandito و دواتر و ئەو ئەپارتمان (تەلار)ەی بە ناوی ئەپارتمانی مۆدێرنەوەیە دێت. کە ئەو روونکردنەوەیەی سەرمەد موختار ئەلوس-ەی سەرەوە بە بەرچاوەوە بگرین، بینای سێیەم واتە ژمارە (٩٧)ی ئەپارتمانی نوێ، دەبێ جێی ئەو کۆشکە بێ کە ساڵانێك سەعید پاشای کوردی لێ دانیشتووە. سەعید پاشا ساڵی (١٩٠٧) کە دەمرێ ئەم کۆشکە بۆ فوئاد و شەریف پاشای کوڕەکانی دەمێنێ. رەزا نوور لە کتێبی (جەمعییەتی خافییە)یدا ئاماژە بەوە دەکا کە شەریف پاشا خانوویەکی لە (نیشان تاشی)دا هەبووە.

مستەفا یامولکی (مستەفا پاشای ئەمروود، مستەفا پاشای کورد) کە ماوەیەك کراوەتە سەرۆکی (دیوانی حەربی عورفی) لە ناو ئەو کۆمەڵە کوردانەی کە لە ئەستەمبووڵدا بوون،

37- Engin Berber, Aydın Valisi İzzet Bey'in Hastalığı ve Ölümü, Toplumsal Tarih, no 12, 1994.

ناوێکی گرنگ بووە، خوشکی سەعید پاشای کوردی هێناوە. مستەفا یامولکی تا پلەی فەریق (تومگەنەراڵ) سەرکەوتووە، لە پێشدا دەبێتە ئەندامی دیوانی حەربی عورفی. ماوەیەك بە والیی بورسە دادەمەزرێ. بەڵام دواتر لە کارەکەی دەخرێ، کە فەرید پاشای داماد دەبێتە سەدر ئەعزەم (سەرەکوەزیران) (٥ی نیسانی ١٩٢٠) ئەمجارەیان مستەفا یامولکی دەبێتە سەرۆکی دیوانی حەربی عورفی، بڕیاری ئیعدام کردنێکی زۆر ئیمزا دەکا کە ئەتاتورك لە ریزی پێشەوەی ئەمانەدا بووە. دیوانی حەربی عورفی لە ساڵانی (١٩٢٠)دا لە بینای زانکۆی ئەستەمبوڵ (ئەزارەتی حەربییەی کۆن- وەزارەتی جەنگی کۆن) کە لە دائیرەیەکی لای (شاهزادە باشی)دا بووە و مستەفا یامولکی کە بە مستەفا پاشای ئەمروود دەناسرا لێرەدا کاری بەڕێوەدەبرد. مستەفا یامولکی، بەر لە دامەزراندنی رژێمی کۆماری بە ساڵێك، ساڵی (١٩٢٢) دەگەڕێتەوە عیراق و لەو حکوومەتەدا کە بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموود پێکهێنراوە فرمانی وەزیری پەروەردەی پێ دەسپێرێ. ساڵی (١٩٣٦) هەر لەوێ کۆچی دوایی دەکا. هەندێك کەسایەتیی پەیوەست بە بنەماڵەی مستەفا یامولکی بەرچاو دەکەوێ کە بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری کردارە ئەتەوەییەکانی ئەستەمبوڵ بوون. بۆ نموونە عەبدولعەزیز یامولکی-ی کوڕی و ئەنجومی یامولکی-ی کچی هەندێکن لە مانە[٣٨].

بنەماڵەیەکی دیکەی ناسراوی ئەستەمبوڵ بنەماڵەی زهنی پاشا (١٨٥٠-١٩٢٩)ی بابانە. کەسایەتییەکی زۆری ئەم بنەماڵەیە ئامادەیی (گەڵەتە سەرای) یان تەواو کردووە و لە دەرەوەی وڵات (تورکیا) خوێندنیان درێژە پێ داوە و دواتر پۆست و پایەی بەرزیان وەدەست هێناوە. ئەحمەد نەعیم بەگ (١٨٧٢-١٩٣٤)ی یەك لە کوڕەکانی زهنی پاشا بووەتە یەکێك لە خۆشەویستترین ئەندامانی کۆمەڵەی (تەعاون و تەرەققی)ی کورد کە ساڵی (١٩٠٨) لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە، دواتر خۆی بۆ لێکۆڵینەوەی فەلسەفی تەرخان کردووە. لە رۆژنامەی کوردیی تەعاون و تەرەققی کە ساڵی (١٩٠٨) بڵاوکراوەتەوە، ئیسماعیل حەققی-ی بابانزادە (١٨٧٦-١٩١٣) بابەتی نووسراوی وەکو کورد و کوردستان و جوگرافیای کوردستان و شوێنە سیاسییەکەیان بەرچاو دەکەوێت. ئیسماعیل حەققی بەگ کە ئەندامی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەققی-ی کورد بووە و هەندێك کتێبی داناوە، لە تەمەنێکی زوودا مردووە. پرۆفیسۆر

38- Kamil Erdeha, Milli Mücadele Vilaytler ve valiler, İstanbul, 1975, s.337-340.

شوکری بابان (١٨٩٣-١٩٨٠) بووەتە یەکێك لە سیماکانی کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان کە لە ئەستەمبووڵ دامەزرابوو. شوکری بابان کە لە ساڵی (١٩٣٣)وە وەکو پرۆفیسۆری باڵای کۆلیژی حوقووق (ماف)ی ئەستەمبووڵ کاری کردووەو لە (١٩٣٨)ەوە لە کۆلیژی ئابووریدا بووەتە ئەندامی دەستەی مامۆستایان. ساڵی (١٩٥٦) بۆ راگرایەتیی ئەم کۆلیژە (عەمادە) هەڵبژێرراوە. شوکری بابان کە لە ناوچەی (فەنەریۆڵو)ی ئەستەمبووڵ دادەنیشت، هەرگیز ژنی نەهێناوە. ساڵی (١٩٨٠) کۆچی دوایی کردووە. دوای مردن بۆ یادەوەریی، سێ پۆلی وانە وتنەوەی کۆلیژی ئابووری، ناوی دەرسخانە (وانەخانە-پۆل)ی پرۆفیسۆری باڵا، شوکری بابانی...ی لێ نرا.

بەشێك لە نەوەکانی بابانەکان ساڵانی دواتر لە ئەستەمبووڵ نیشتەجێ دەبن. یەکێك لەم بابانانەش جیهاد بابان (١٩١١-١٩٩٤)ە. لە ئەستەمبووڵ لە دایك بووە و کوڕی حیکمەت بابانە کە نوێنەری سلێمانی و یەکێك بووە لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی کۆمپانیای خەیرییە. حیکمەت بابان لەگەڵ عەبدوڕڕەحمانی بەدرخانیدا، وەك نوێنەری کورد بەشداریی لە یەکەم کۆنگرەی (جۆن تورك)دا کردووە کە ساڵی (١٩٠٢) لە پاریس گیراوە. جیهاد بابان کە ساڵی (١٩٤٦) بە نوێنەری ئەستەمبووڵ هەڵدەبژێرری، ساڵی (١٩٨٠) بووەتە وەزیری رۆشنبیری. لە نێو ئەو کەسایەتییانەی لە کوردستانەوە هاتوونەتە ئەستەمبووڵ، ناوی ناسراوی دیکەش هەبوون. یەك لەوانە، ئیبراهیم ئەفەندیی حەیدەریی سەر بە بنەماڵەی حەیدەرییە. لە دەڤەری سیلڤان و دیاربەکردا قازیێتیی کردووە، دواتر گەلێك فەرمانبەرێتیی جیاجیای دیکەی لە ئەستەمبووڵ کردووە. دواترینیان ئەوەیە کە کراوەتە شەیخولئیسلام. ئەم دامەزراندنە لە لایەن کوردەکانی ئەستەمبووڵەوە بە خۆشی پێشوازیی لێ کراوە و پیرۆزبایی لێ کراوە. لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری ژیندا کە ساڵانی (١٩١٨-١٩١٩) بڵاوکراوەتەوە وتارێکی ئیبراهیم حەیدەری بڵاوبووەتەوە و لە ژمارە دووەوە بووەتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی (ژین)، ئیبراهیم ئەفەندی کە لە هەندێك گۆڤار و رۆژنامەی کوردیدا نووسینی بڵاوکراوەتەوە، ساڵی (١٩٢٣) دەگەڕێتەوە بەغدا، لەوێ لە فرمانی جیاجیادا دادەمەزرێنرێ و ساڵی (١٩٣١) لە عێراقدا کۆچی دوایی دەکا[٣٩].

39- Mehmet Çağlayan, şark Ulemasi, İstanbul, 1996, s.170.

ئەگەر بۆ دواتر بگەڕێینەوە گەلێك كەسایەتی دەبینین كە لە كوردستانی باشوورەوە هاتوون و لە ئەستەمبووڵ ماونەتەوە، لە ناو ئەمانەدا كەسایەتیی وەكو: نالی (١٧٩٧-١٨٥٥)، مەلا محەمەدی كۆیی (١٨٧٦-١٩٤٣)، شێخ رەزای تاڵەبانی (١٨٤٢--١٩١٠)، زێوەر (١٨٧٥-١٩٤٨)، پیرەمێرد (١٨٦٨--١٩٥٠) و ئەمین فەیزی بەگ[٣٥] (١٨٦٠-١٩٢٣)، هەندێك شاعیری كورد و نووسەری دیكەیان تێدایە[٤٠]. بۆ نموونە، شێخ رەزای تاڵەبانی بووەتە برادەری نامیق كەمالی شاعیری ناوداری تورك. ((لە ئەستەمبووڵدا هەر لەگەڵ نامیق كەمالدا یەكدییان دەبینی و قسەی شاعیرانەیان پێكەوە دەكرد. نامیق كەمال ئەوی زۆر خۆش دەویست و پەسەند دەكرد))[٤١].

وەكو پێشتر باسمان لێوە كرد، بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەو گەورە پیاوە كوردانەی هاتوونەتە ئەستەمبووڵ بە ئاشكرا دیارە، لە نێو ئەمانەدا شێخ سەعیدی باوكی شێخ مەحموودیش هەیە كە پێشتریش ناومان هێناوە، ئەوسا كە باوكی شێخ مەحموود بە كاروانێكی چل كەسییەوە هاتوونەتە ئەستەمبووڵ، لەم كاروانەدا، زێوەری شاعیری كوردیش جێی گرتبوو. زێوەر لە یادداشتەكانیدا ئەوەی روون كردووەتەوە كە لەم سەردانەدا لە ئوتێلێكی ناوچەی (نیشان تاشی)دا بووە و سێ مانگ لەوێ ماوەتەوە. سوڵتان عەبدولحەمید نموونەی میوانداریی‌یەكی گەورەی بەرامبەر ئەم كوردانەی ئەم كاروانە نواندووە، كە لە باشووری كوردستانەوە هاتوون.

كەسایەتیی رۆشنبیریی وەك تۆفیقی سلێمانیەیی كە بە پیرەمێرد ناوبراوە و ئەمین فەیزی بەگ ساڵانێكی زۆر لە ئەستەمبووڵ كاریگەرییان لە ژیانی رۆشنبیری و سیاسیدا بووە. ئەمین فەیزی بەگ یەكەم ئەنتۆلۆژیی كورد لە ئەستەمبووڵ ئامادە و بڵاوكردووەتەوە. ئەمین فەیزی بەگ ساڵی (١٩٢٨) لێرە (لە ئەستەمبووڵ) كۆچی دوایی دەكا. تۆفیقی سلێمانیەیی كە شاعیر بووە، ساڵانێك لە ئەستەمبووڵ ژیاوە، لە نێو كورداندا پتر بە پیرەمێرد ناسراوە. لێرە كۆلێژی ماف (حوقووق)ی تەواو كردووە و لە بەڕێوەبەرایەتیی جۆراوجۆردا كاری كردووە و دواتر چووەتەوە كوردستانی عێراق و لەوێ نیشتەجێ دەبێ. پیرەمێرد ماوەیەك لە (هەیبەلی ئەدا-

---

[٣٥] لە دەقی ئەم كتێبەدا بە هەڵە ناوەكە بە (ئەمین فەوزی) نووسراوە (وەرگێڕ).

40- Qanadê Kurdo, Tarîxa Edebyeta Kurdi II, Stockholm, 1985.

41- M. Emin Zeki, Kürdistan Tarihi, Ankara, 1992. s.163.

دوڕگەی هەیبەلی) لە تەلارێکدا دەژیا و لێرە لەگەڵ هەندێك شاعیر و نووسەری توركدا ناسیاوی پەیدا دەكا. لەم بارەیەوە، لە بیرەوەرییەكانیدا دەڵێ: ((یەكەمجار لە دوڕگەدا، بوومە هاوسێی ئەكرەم بەگی رەجائیزادە و خالید زیای عوشاقیزادە و حوسێن رەحمی. رەزا تۆفیقیشیان پێ ناساندم. چوومە ناو بەهەشتی (سەروەتی فونوون)، ئێواران كە بە كەشتی لە ئەستەمبوولەوە دەگەڕامەوە دووڕگە، كە هێلانەی شادیم بوو لەسەر كەشتییەكەدا بەسەر دەریای مەرمەڕەدا ڕێگەی دەبڕی (سەروەتی فونوون)م دەخوێندەوە. كاریگەریی ئەو شیعر و ئەدەبییاتە، لە سندباد پتر وای لێ كردم بە دەریای خەیاڵدا رابچێنم..)) لە لایەكی دیكەوە، پیرەمێرد لەو سەردەمەدا لە ئەستەمبوڵ بووە، نووسەری وەك ئەحمەد راسم و عەبدولحەق حامید تەرخان دەناسێ. یەك لەو شوێنانەی زوو زوو هامشۆی دەكرد، كتێبخانەی بایەزید بووە. لە لایەكی دیكەوە، پیرەمێرد لە بارەی (هەیبەلی ئەدا)وە شیعرێكی نووسیوە، لە بەشێكی ئەو شیعرەدا دەڵێ:

İstanbul'da, Heybeliada'da sessizce

Sokuldum gençlerin yanına basamak ve taşlar üzerinden

Önce servi boylu, sarmaşik [gibi] bir çift

Ki yanaklarının parmaklığı suda ayı yansıtmıştı.

Gönüldaş olmuş, yanyana durmuşlardı

Tertemiz, çocuksu bir sevdayla...[42]

لەوانەی لە باشووری كوردستانەوە هاتوون، محەممەد ئەمین زەكیی یەك لە مێژوونووسە گرنگەكانی كورد. تۆفیق وهبیی زانا، رفعەتی مەولانزادەی رۆژنامەنووس و رەفیق حیلمی-ی

42- Malmisanij, Kürt Teavüm ve Terakki Cemiyeti ve Gazetesi, Stockholm, 1998. s.60-64.

* دەقەكە لە شیعری توركی ناچێ، ئەگەر دەقی كوردییشی هەبێ من دەستم نەكەوت. (وەرگێڕ)

یەك لە رۆشنبیران و کەسایەتییەکی زۆری کورد خوێندنی باڵایان لە ئەستەمبووڵ بینیوە و کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەو بیرە نەتەوەییە کوردییەی لێرە پەرەی سەندووە. دواتر کە گەڕاونەتەوە عیراق، بەشداریی کۆششی دامەزراندنی ئەو ژیانە رۆشنبیری و سیاسییەی ئەوێیان کردووە. محەمەد ئەمین زەکی (١٨٨٠-١٨٤٨) خوێندنی لە قوتابخانەی جەنگیی ئەستەمبووڵدا تەواو دەکا، هەر لە ئەستەمبووڵ دەست بەو لێکۆڵینەوانەی دەکا کە پێوەندیی بە مێژووی کوردەوە هەیە. لەم بابەتەدا لێکۆڵینەوەکانی لە گەلێك کتێبخانەی ئەستەمبووڵدا ئەنجام دەدا. بەڵام ئاگرێك کەلە ئەستەمبووڵ بەرپا دەبێ سەرچاوەکانی، هەموو دەبنە خۆڵەکەوە.

تۆفیق وەهبی کە ساڵی ١٨٩١ لە دایکبووە، مەشقی سەربازی لە ئەستەمبووڵ دەبینێ. دواتر دەپەڕێتەوە عیراق و ماوەیەك لەوێ دەبێتە وەزیر. ساڵی ١٩٥٨ دەچێتە ئینگلتەرا و تامردن لەوێ دەمێنێ. زنجیرەیەك لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی بلاو دەکرێتەوە. لەگەڵ سی. جی. ئیدمۆندس، ساڵی ١٩٦٦، فەرهەنگێکی کوردی بە ناوی فەرهەنگی کوردی-ئینگلیزییەوە بلاو دەکاتەوە، ئەمەیان یەکێکە لە کارەکانی.

رەفیقی مەولانزادەش یەکێکە لە سیماکانی ئەو کوردانەی ساڵانێکی دووروودرێژ لە ئەستەمبووڵدا ژیاوە، لە باشووری کوردستانەوە هاتووە. ئەم رۆشنبیرە کوردە، پتر وەکو رۆژنامەوانێك دەناسرێ، بە هۆی ئەوەوە کە رۆشنبیرێکی رەخنەگر و ئۆپۆزسیۆن بووە، چەند جارێك گیراوە و دوورخراوەتەوە. رەفعەتی مەولانزادە، سەرەتا رۆژنامەی سەربەستی و دواتر گەلێك رۆژنامە و گۆڤاری دەرکردووە، لەبەر ئەوەی سووکایەتیی بە ئەتاتورك کردووە، ئەتاتورك لە دادگادا شکات لە خودی خۆی دەکاو دەیداتە دادگا. رەفعەت-ی مەولانزادە، لە ریزەکانی کۆمەڵەی تەعالیی کوردستاندا کە ساڵی ١٩١٨ دامەزراوە بەشدار دەبێ.

رەفیق حیلمی (١٨٩٨-١٩٦٠) یەکێکی دیکەیە لەو کوردانەی ساڵانی لاوێتیی لە ئەستەمبووڵ بەسەربردووە، دوای بەسەرچوونی ساڵانێکی درێژ، سەر لەم شارەی گەنجێتییەی دەداتەوە. پێکەوە لەگەڵ لیژنەیەکدا و لەسەر ویستی شێخ مەحموود ساڵی (١٩٢٢) دوای راگوزارییەکی دووروودرێژ بەسەر ئەستەمبووڵەوە کە دەچێتە ئەنقەرە، لە بارەی ئەو نەخشەیەوە کە گوایە ئازادی بە کورد دەدرێ سەر لە گەلێك کەس دەدا. لە رووی هەندێك پیلانی سیاسییەوە، ئەم لیژنەیە ناگاتە ئامانج. رەفیق حیلمی، کە دوای ساڵانێك لە سایەی ئەم

سەفەرەوە سەر لە ئەستەمبوولی سەردەمی لاوێتیی دەدا، بەجۆرە بە گەشت و بینین یەك بەیەکی ئەو ناوچانە دەبینێتەوە کە لە گەنجێتیدا پێیاندا ڕۆیشتووە: ((سەر لە بەیانی زوو فەرمانبەرێك و چوار ئەفسەری هێزە هاوپەیمانەکان بە کەشتییەکەدا سەرکەوتن، جانتاو پەساپۆرتەکانیان کۆنترۆڵ کردین. دوای ئەوە ڕێیان داین بچینە ئەستەمبووڵ. چووینە (سرکەجی)، لەوێ ویستمان بچینە ئوتێلی (مەسمەروەت) بەڵام لەبەر ئەوەی لەلایەن فەرەنسییەکانەوە گیرابوو چووینە ئوتێلی (عوسمانی). من چونکە ڕۆژانی خوێندنم لە ئەستەمبووڵدا بوو، لە ناو تاسەی بینینی جارێکی دیکەی ئەستەمبووڵدا بووم، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی تێیاندا ژیابووم. بۆ ئەمە داوای ڕێ پێ دانم لە فەتتاح کرد، بۆ ئەوەی وەکو خۆم دەمویست بە ئەستەمبووڵدا بگەڕێم و بۆ بینینی ئەو شوێنانەی پێشتر تێیاندا ژیابووم بەخۆ کەوتم. لە پێشەوە بە (سرکەجی)دا گەڕام، دوای ئەوە بە شوێنەکانی دیکەدا. بیرم لەوە دەکردەوە ئەوسا لە سەردەمی خوێندکاریدا مرۆ چەند ڕۆژ لە سلێمانییەوە دەگەیشتە ئەستەمبووڵ. من ئەوسا کە بۆ خوێندن هاتبووم، نامەیەکم لە کەریم بەگەوە کە برای ئەحمەد ئاغای کەرکووکی بوو، بۆ مامۆستا نەجمەددین کەرکووکیی خاوەنی ڕۆژنامەی ژین هێنابوو. ئەو یەکەم کەس بوو چاوم پێ کەوت و لە سایەی ئەودا کوردێکی زۆری دیکە و خوێندکاری لاوی دیکەم ناسی. ئەوسا قوتابییە کوردەکان کەم نەبوون. نەجمەددین کەرکووکی لە قوتابخانەیەکی (سوڵتانی)دا مامۆستا بوو هەر لەو کاتەشدا قوتابیی کۆلیژی ماف (حوقووق) بوو. ئەو هەر لە پێناوی نەتەوەکەیدا تێدەکۆشا. لە بەشاگا هاتنەوەی لاواندا دەورێکی گەورەی دەبینی. هەر وەکو لەسەرەوەتردا باسم کرد، بۆ یادکردنەوەی سەردەمی قوتابێتیم، دوای (سرکەجی) بۆ چەمبەرلیتاش و گەدیك پاشا، بۆ وەزارەتی حەربییە (جەنگ)، بۆ فاتیح، بۆ ئەیا سۆفیا، بۆ بابی عالی، بۆ سوڵتان مەحموود و بەیۆغڵو و تەقسیم ڕۆیشتم. هەروەها سواری کەشتی بووم و چوومە کادی کوێی و یلدز...)) ڕەفیق حیلمی کە پتر درێژەی بە یادداشتەکانی دەدا، بەر لە جێهێشتنی ئەم شارەی گەنجێتییەی، بۆ دواجار دەچێتەوە گازینۆی بەغدا کە لە سرکەجی بووە و لێرەدا تاسەی دەشکێنێ، ڕەفیق حیلمی کە تەنیا یەك ڕۆژ لە ئەستەمبووڵ ژیاوە. بەم بۆنەیەوە ئەوە دەردەبڕی کە زۆر خەمبار بووە[٤٣].

43- Refik Hilmi, Anılar, İstanbul, 1995, s.140-141.

ئەو ڕێکخراوە نەتەوەییانەی لە ئەستەمبووڵ دامەزراون

ساڵی (١٩٠٠-١٩٢٢) پتر لە دە کۆمەڵەی کورد لە ئەستەمبووڵدا دامەزراوە، زۆربەی ئەم کۆمەڵانە وایان دەنواند ئامانجی ڕۆشنبیرییان هەیە. دامەزراندنی هەموو ئەم کۆمەڵانە یاسایی بووە، بەڵام یەك دوو ساڵیان پێ نەدەچوو، دادەخران. ئەو کۆمەڵانەی بە ئارەزووی خۆیان داخراون زۆر کەمن. ئەو ساڵانەی ژیانی پێکهێنانی کۆمەڵەکان برەوی پەیدا کردووە، بەتایبەتی لەو ساڵانەدا بووە کە فشاری تێدا نەبووە و هێزە تازە ئازادیخوازەکانی تێدا دەسەڵاتیان تێدا کەوتووەتە دەست، هەموو ئەم ڕێکخراوە کوردییانەی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا دامەزراون، لە سەرچاوە فەرمی و نیمچە فەرمییی تورکیدا، هەر هەموو بە شێوەی ((ڕێکخراوەی پڕ مەترسی)) یان ((ڕێکخراوەی جیابوونەوەخواز)) باسیان لێوە کراوە. سەرۆکایەتیی ئەم ڕێکخراوانەی لێرە دامەزراون و ئەوانەی ئەرکی بەڕێوەبەرایەتیان بەجێ دەهێنا، هەموویان کەسایەتیی ئەوتۆن، ساڵانێکی دوورودرێژ لە ئەستەمبووڵ ژیاون. سەرەکیترینی ئەو ڕێکخراوانەی لایەنە بەبایەخەکانی پێکهاتنی بیری نەتەوەیی مۆدێرنی کوردیان پێکهێناوە (بە پێی ساڵانی دامەزراندنیان) ئەمانەن.

جەمعییەتی عەزمی قەوی- کۆمەڵەی ئیرادەی بەهێزی کوردستان، کە وەکو گوتراوە ساڵی (١٩٠٠) دامەزراوە، بە یەکەم کۆمەڵەی کورد دانراوە کە لە ئەستەمبووڵ دامەزرابێ، لەم ڕووەوە بایەخدارە، وەکو زانراوە دامەزرێنەری کۆمەڵەی عەزمی قەویی کوردستان، فیکری ئەفەندیی دیاربەکرییە، لەسەر بەرگی کتێبێکدا لە بارەی بەدرخانییانەوە لە ئەستەمبووڵ بڵاوکراوەتەوە، ڕوونکردنەوەی ((داهاتی بۆ کۆمەڵەی عەزمی قەویی کوردستانە))[44]. یەکێك لە ئەندامە چالاکەکانی ئەم یانەیە (ئەحمەد رامزی لیجەی)یە. ئەحمەد رامز کە ساڵی (١٩٠٤) بۆ میسر دوور خراوەتەوە، یەکێکە لەوانەی بایەخی بە کاریگەریی بڵاوکراوە و پەروەردە داوە. بە پێی قسەی زنار سلۆپی، بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەی مەشرووتییەتەی ساڵی (١٩١٠) لە ئەستەمبووڵ دامەزراوە و منداڵانی کوردی تێدا خوێندووە، ئەحمەد رامزی کوردیزادەیە، ئامادەکردنی هەندێك کتێبی لە بارەی زمان و پەروەردەوە، ئەوە دەردەخا کە پەروەردەکارێکی چاك بووە. ئەحمەد رامز کە هەر ئەو ساڵە، دامەزرێنەری کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی زانستی

44- Celîlî, Celîl Jiyana Rewşenbirî û Siyasî ya Kurdan, Stockholm, 1985, s.196.

(مەعارف)ـە، ساڵی (١٩٠٩) کتێبی (دیوانی حەریی عورفی)ی سەعید نوورسی بڵاوکراوەتەوە، پێشەکییەکی ئاگرین بۆ چاپی دووەمی دەنووسێ و ئەوەی ئەم کەسایەتییە کوردە بۆ یەکەم جار بە خوێنەران دەناسێنێ ئەحمەد رامز لیجەیی-یە.

کۆمەڵەی تەعاون و تەرەققیی کورد: بە کاریگەریی ئەو ئاوەندە ئازادییەی مەشرووتییەتی دووەم دەیهێنێتە کایەوە، بیری نەتەوەیی کوردی بە جووڵە خستووە، ساڵی (١٩٠٨) ئەم رێکخراوەی لە ئەستەمبووڵدا دایدەمەزرێنێ، یەکێکە لەو رێکخراوە هەرە گرنگانەی لە سەرەتای سەدەماندا (سەدەی بیستەم) دامەزراوە. دامەزرێنەری کۆمەڵەکە سەید عبدولقادرە. بە پێی بەندی سەرباری ژمارە (٧)ی پەیڕەوی کۆمەڵەکە، سەید عبدولقادر، بە درێژایی تەمەنی هەر سەرۆکایەتیی کۆمەڵە دەکا. بۆ دووەم جار موشیر ئەحمەد پاشا دەکرێتە سەرۆک[45]. لە نێو دامەزرێنەرانی دیکەی کۆمەڵەدا کەسایەتیی وەکو ئەمین عالی بەدرخان، شەریف پاشا، خەلیل خەیالی و ئەحمەد رامزیان تێدایە، بابەتێکی سەرنجراکێش، بە پێی راگەیاندنی بەندی چوارەم، کۆمەڵە لە پانزدە کەس پێکهاتووە، دەستەی دامەزرێنەری لە مزگەوتی ئەیاسۆفیا لە ئەنجامی کۆبوونەوەیەکی گشتیدا لە لایەن دەستەیەکەوە بە دەنگدانی نهێنی هەڵبژێرراون ئەم کۆبوونەوە گشتییە بۆچی لە شوێنێکی دیکەدا نەکراوە و لە مزگەوتی ئەیاسۆفیادا گیراوە، هۆی ئەمە نازانین. بەپێی قسەی قەدری جەمیل پاشا جێی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەققی لە گەڕەکی گەدك پاشادا بووە. روونکردنەوەیەك کە لە لاپەڕەیەکی ئەو رۆژنامەیەدا کە کۆمەڵەکە ساڵی (١٩٠٨) بڵاوی کردووەتەوە، ئەوە پیشان دەدا کە بارەگای بەڕێوەبردنی کۆمەڵەکە لە (وەزنەجیلەر)دا بووە[46].جەلیلی جەلیلیش ئەوە روون دەکاتەوە کە کۆمەڵەی تەعاون و تەرەققیی کورد لە وەزنەجیلەردا کۆمەڵەیەکی

45- Tarık Zafer Tunaya, Türkiye'de Siyasal Partiler I, S.409-413.

46- Kürt Teavün ve Terakki Gazetesi, Kürçe- Türkçe Dergi 1908-1909. Arap Harflarinden Latin harflerine çeviren: Mehmed Emin Bozarslan, Uppsala, 1998.

- Malmisanij, Kürt Teavün ve Terakki Cemiyeti ve Gazetesi, Stockholm, 1988.

کردووەتەوە و نزیکەی (٥٠٠) کەسی لێ کۆبووەتەوە[٤٧].ئەم کۆمەڵەیە بووەتە بارەگای گشتیی کۆمەڵە، یان نەبووە، ئەمە نازانین. لەوانەیە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵە بۆ یەکەمجار لە گەڕەکی (گەدك پاشا)دا دەستپێکردبێ. لێرە دامەزراندنی جاڕدراوە، بەڵام دواتر کۆششەکانی لەو بارەگایەیدا درێژە پێ داوە کە لە وەزنەجیلەردا بووە. گەڕەکی گەدك پاشای ئەستەمبوڵ بە پێی سەرچاوەکان ناوچەیەك بووە بە چڕی کوردی لێ بووە. جەمال کوتای کە بە هەندێك لێکۆڵینەوەی مێژوویی ناسراوە، ئاماژە بۆ بوونی خانێك دەکا، ناوی (خانی عەشیرەت) بووە و لە گەدك پاشادا کوردەکان چوونەتە ئەو خانە. ئەم کۆمەڵەیەی لە ئەستەمبوڵ و ناوەندەکانی دیکەی کوردستاندا لقی لێ کراوەتەوە، بۆ نموونە لەو لقەیدا کە لە بتلیس کراوەتەوە، هەزاران ئەندامی هەبووە[٤٨]. کۆمەڵە، ساڵی (١٩٠٩) دادەخرێ. ئەو ڕێکخراوەی لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە و لە کوردستاندا کەوتووەتە چالاکی، کۆمەڵەی تەعاون و تەرەققیی کورد بووە.

کۆمەڵەی نەشری مەعارفی کورد: کە ساڵی (١٩١٠) دامەزراوە، بە پێی بەندی سێیەمی پەیڕەوی ناوخۆ، بۆ منداڵانی کورد لە ئەستەمبوڵ کردنەوەی قوتابخانەیەکی سەرەتایی بە ئامانج دەگرێ. بە پێی زانیاریی دیکە لە سەرچاوەکانی دیکەدا هەیە، ئەم قوتابخانەیە ساڵی (١٩١٠) لە چەمبەرلی تاشدا، لە قوتابخانەیەکدا بە ناوی قوتابخانەی مەشرووتییەتدا دەستی بە کاری پەروەردە کردووە[٤٩]. بە پێی هەندێك سەرچاوەش قوتابخانەی مەشرووتییەت، لە شوێنێکی کۆلانی (خۆجا پاشا)دا دەکرێتەوە کە لە (سرکەجی) دایە. لە بارەی شوێنی ئەم قوتابخانەیەوە مووسا عەنتەر لە بیرەوەرییەکانیدا تێبینییەکی وای بە بیردا دێت کە دەڵێ: ((لەو بینا زەردەی کە وەقفی گۆڕی سوڵتان مەحموود بووە، قوتابخانەیەکی کوردی کرایەوە))[٥٠]. تارق زەفەر تونایای بڵاوکەرەوەی پەیڕەوی کۆمەڵە، لە نێو ئەندامە دامەزرێنەرەکانی کۆمەڵەدا ئەم کەسایەتییانە دەستنیشان دەکا: ئەمین عالی بەگی بەدرخانزادە، دوکتۆر عەبدوڵڵا بەگ جەودەت، مدحەت بەگی بەدرخانزادە، سەیفوڵلا بەگی (نوێنەر-مەبعووس)ی ئەرزەڕۆم، یەحیا ئەفەندیی نوێنەری حەکاری، تۆفیق بەگی نوێنەری وان،

47- Celîlê Celîl, Jîyana Rewşenbirî û Sîyasî ya Kurdan, Stockholm, 1985, s.80.
48- age, s. 83.
49- Mehmet Bayrak, Kürtler ve Ulusal Demokratik Mücadeleleri, Ankara, 1993, s.85.
50- Musa Anter, Hatıralarım, 2. basım, s.57.

کامیل بەگی بەدرخانزادە، عەبدوڕڕەحمان بەگی بەدرخانزادە، محەممەد ئەفەندیی نوێنەری (گەنج)، حوسێن عەونی بەگی میر سەیفەددینزادە، مەحموود بەگی میرالآی، محەممەد فایق ئەفەندی، سەعید ئەفەندیی بەدیعوززەمان، خەلیل خەیالی ئەفەندیی موتکی، ئەحمەد رامزی کوردیزادە[51]. لە بارەی ئەوەوە کە بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەی مەشرووتییەتە کە پێشتر باسمان لێوە کرد کێ بووە، لە هەندێك سەرچاوەدا ئەحمەد رامزی کوردیزادە، لە هەندێکی دیکەدا عەبدوڕڕەحمان بەدرخان بووە[52]. لە یەکەم دەستەدا نزیکەی سی قوتابی وەرگیراوە.

کۆمەڵەی ئەوانەی کوردستانیان خۆشدەوێ: ئەم کۆمەڵەیە ساڵی (١٩١٢) لەلایەن مەلا خدرەوە دامەزراوە، وەکو نووری دەرسیمی دەڵێ: ((هەموو ئەو کوردانەی لە ئەستەمبووڵ بوون بەشدارییان تێدا کردووە))[53]. سکرتێری گشتیی ئەم کۆمەڵەیە نووری دەرسیمی بووە کە ئەو کوردانەی لە ئەمەریکا بوون پشتگیرییان دەکرد. رەزا تۆفیقیش کە بە خۆی تورك بووە، بووەتە ئەندامی ئەم کۆمەڵەیە[54]. نووری دەرسیمی کە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ئەو بیرە نەتەوەییە کوردییەدا هەبووە کە لە سەرەتای سەردەمماندا (سەدەی بیستەم) لە ئەستەمبووڵ سەری هەڵدابوو. ئەو لە ئەستەمبووڵدا بەیتالیی دەخوێند. لە ساڵانی خوێندندا بەتایبەتی لە نێو کوردەکانی دەرسیمدا بۆ بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی چالاکییەکی چاك دەنوێنێ. نووری دەرسیمی، ئەوە باس دەکا کە بۆ ئەو دەرسیمییانەی لە قاوەخانەی عەلی پاشای ئەرزنجانیی ناوچەی (تونکاپانی)ی ئەستەمبووڵدا بە سەدان کۆدەبوونەوە، سازی لێدەدا و دەستەی مۆسیقایی بۆ پێکدەهێنان. یەك لەو کوردانەی نووری دەرسیمی زوو زوو سەردانی دەکرد و پێوەندیی لەگەڵدا بووە، دوکتۆر عەبدوڵلا جەودەت و ئەوی دیکە دوکتۆر محەممەد شوکری سەگبان بووە. نووری دەرسیمی وەك دەڵێ: لە خانەی ئیجتیهاد (ئیجتیهاد ئێڤی)دا سەردانی عەبدوڵلا جەودەتی کردووە و شوکری سەگبانیش پێی راسپاردووە لە بارەی کوردایەتییەوە پڕوپاگەندە بکەن[55].

51- Tarık Zafer Tunaya, Türkiye'de Siyasal Partiler II, s.186, bu konuda başka bir kaynak: İsmail Göldaş, Kürdistan Teali Cemiyeti, İstanbul, 1991.

52- Celîlî Celîl, Jîyana Rewşenbirî û Sîyasî ya Kurdan, Stockholm, 1985, s.88.

53- Nuri Dersimi; Hatıratım, Ankara, 1992, s.34.

54- age., s.34.

55- age., s.42.

کۆمەڵەی هێڤیی قوتابییانی کورد، ئەم کۆمەڵەیەی ساڵی ١٩١٢ دامەزراوە، لە هەندێك سەرچاوەدا تەنیا بە هێڤی ناوبراوە، ئەم وشەیە واتەی (هیوا) دەگەیەنێ. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا سەدان قوتابیی کورد لە ئەستەمبووڵ لە دامەزراوەکانی جیاجیای خوێندنی باڵادا دەیانخوێند. بە گوێرەی قسەی ئەکرەمی جەمیل پاشا، ئەو قوتابییە کوردانەی لە ئەستەمبوڵیان دەخوێند (٢٠٠) دوو سەد قوتابی بوون، هەر وەکو نووری دەرسیمیش دەڵێ: نزیکەی (١٥٠) سەد و پەنجا کەس بوونە. ساڵی (١٩١٢) لە کۆبوونەوەیەکدا کە ڕێکخراوەکە لە ناوچەی (شێخزادە)دا ئامادەی کردووە، وەك دەرکەوتووە سەدان کەسی تێدا بەشدار بووە: ((ئەوسا لە قوتابی و ئەفسەری (ئالآیلی)[**] و قوتابییانی پزیشکی، پێنج سەد کەس چووبوونە ناو ریزەکانی ئەم کۆمەڵەیەوە)). ساڵی (١٩١٩) لە هەوڵێکدا کە لە گۆڤارەکە بڵاوکراوەتەوە ناوی (کوردستان) بووە. سەرەداوێکمان لە بارەی ساڵی دامەزراندنی کۆمەڵەکەوە بە دەستەوەی دەدا: ((حەوت ساڵ لەمەوبەر دەستەیەك لاوی کورد (کۆمەڵەی قوتابییانی هێڤیی کورد)یان پێکهێناوە))[56]. تارق زەفەر تونای کەم پشت بەم زانیارییانە دەبەستێ، بۆ ئەوە دەچێ کۆمەڵەکە ساڵی (١٩١٢) دامەزرابێت، هەندێك لێکۆڵەرەوە بە بەرچاوەوە گرتنی مێژووی دەرچوونی یەکەم ژمارەی (ڕۆژی کورد)ی ئۆرگانی بڵاوکراوەی کۆمەڵە، وای بۆ دەچن، ساڵی (١٩١٣) دامەزراوە. کۆمەڵە دوو ئۆرگانی بڵاوکراوەی بە ناوی (ڕۆژی کورد) و (هەتاوی کورد)ەوە دەرکردووە. عومەر بەگی جەمیل پاشازادە دەکرێتە یەکەم سەرۆکی کۆمەڵەی قوتابییانی کورد، لە دەرەوەی وڵاتدا، لە هەندێك شاری وەکو جنێڤ و لۆزان و میوونیخ، لق دەکاتەوە[57]. بەندی دووەمی پەیڕەو و پرۆگرامی کۆمەڵەی قوتابییانی هێڤیی کورد بەم جۆرە ریزبەندی کراوە:

أ) بە یەك ئاساندنی قوتابییانی کورد، دابینکردنی پەیوەندی لە نێوانیاندا و برایەتی و پێکەوەبوون زامن بکا.

[**] ئەفسەری (ئالآیلی): ئەو ئەفسەرانەی قوتابخانەی سەربازییان نەخوێندووە و بە رێگەی دیکە کراونەتە ئەفسەر. (وەرگێڕ).

56- Tarık Zafer Tunaya, Türkiye'de Siyasal Partiler I, s.406.
57- Ekrem Cemil Paşa, Muhtasar Hayatım, Brüksel, 1989, s.23.

ب) هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی زمان و ئەدەبیاتی کورد و پێکهێنانیان لە شێوەی کتێبدا.

ج) ڕێنمایی ئەو قوتابییە کوردانەی دێنە پایتەخت (ئەستەمبوڵ) لە دامەزرانیان لە قوتابخانەکاندا.

د) پێخوێندنی ئەو قوتابییانەی دارایییان باش نییە لە قوتابخانەی گونجاودا.

هـ) بە کورتی هەوڵدان بۆ بەرەو پێشەوەچوون و پێکهاتنی زانستی و کۆمەڵایەتیی کورد.

ئەم کۆمەڵەیەی لە ئەستەمبوڵ لە لایەن قوتابییە کوردەکانەوە دامەزراوە، لە سەرچاوەکاندا بە یەکەم کۆمەڵەی قوتابییانی کورد تۆمار کراوە. ئەم کۆمەڵەیەی بە هۆی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە چالاکییەکانی ڕاگرتووە، دوای کۆتایی هاتنی جەنگ دەبینین دیسانەوە دەستی بە گەیاندنی دەنگی خۆی کردووە. ساڵی (١٩١٩) بە بۆنەی هەشتەمین ساڵیادییەوە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی کراوە و لەم کۆبوونەوەیەدا تۆفیق حەمید بەگی دیاریەکری گوتارێکی پێشکەش کردووە. لەم گوتارەی ئەم بەرێزەدا کە لە قوتابخانەی کشتوکاڵیی ناوچەی (حەلقەلی)دا پێشکەشی کردووە، دەردەکەوێ سێ چوار قوتابی بناغەی کۆمەڵەی قوتابییانی کوردیان پێکهێناوە. لە کتێبی (هێنکەرێ زمانی کوردی- ڕابەری زمان بۆ ئەوانەی دەیانەوێ کوردی فێربن)دا کە ساڵی (١٩٢١) کۆمەڵە بڵاوی کردووەتەوە، تێدەگەین کە کاریگەریی کۆمەڵە تا ئەو ساڵە درێژەی هەبووە[٥٨]. کۆمەڵەی هێڤیی قوتابییانی کورد، بۆ یەکەم جار لە خانی ئەرزەڕۆم دەکرێتەوە کە بەرامبەر پۆستەخانەی نوێی سرکەجیدا بووە، بیناکردنی ئەو ساختمانەی لە سەروبەندی دامەزرانی کۆمەڵەدا تەواو بووە. واتە ساڵی (١٩١٢)، ئەمڕۆ هێشتا لە جێی خۆیدایە، دواتر لەبەر تەنگیی جێگا، دەگوێزرێتەوە شوێنێکی بەرامبەر ئوتێلی مەسەڕڕەتی هەورازەکەی لای بابی عالی[٥٩]. لە ناوچەی شەهزادەدا کۆمەڵەی هێڤیی

---

(٥٨) کۆمەڵەی هێڤیی قوتابییانی کورد، ساڵی (١٩٢١) کتێبێک بە ناوی (هێنکەرێ زمانێ کوردی – ڕێزمانی کوردی)یەوە بڵاودەکاتەوە و لەم کتێبەدا ئەوە ڕاگەیەنراوە کە کۆمەڵە ڕابوردوویەکی (٩) نۆ ساڵەی هەیە. بڕوانە:

Malmisanij, Kürt Milliyetçiligi ve Abdullah cevdet, s.57.

59- Nuri Dersimi, Hatıratım, s.32.

قوتابییانی کورد و له قوتابخانەی کشتوکاڵەوە[٦١]. دامەزران و کارکردنی، یانیش کۆبوونەوە، لە سەرچاوەکاندا باسیان لێوەکراوە.

کۆمەڵەی کوردستان تەشریعی مەساعی (کۆمەڵەی کارە یاساییەکانی کوردستان)، لە هەندێك سەرچاوەدا کۆمەڵەیەك بە ناوی کۆمەڵەی کارە یاساییەکانی کوردستانەوە، ساڵی (١٩١٢) لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە و ئەرکی سکرتێری کۆمەڵەکە خرایە ئەستۆی عەبدوڵڵا سەعدی پالۆ، لە نووسینێکدا لە لایەن عەبدوڵڵا سەعدییەوە بۆ کۆمەڵەی قوتابییانی هێڤیی کورد نووسراوە، پێشنیاری یەکگرتنەوەی هەردوو ڕێکخراوەکە دەکا، لە کۆتاییدا هەردوو کۆمەڵەکە یەك دەگرنەوە و بەناوی کۆمەڵەی ئیرشاد و ئیرتیقا (کۆمەڵەی ڕێنمایی و پێشکەوتن)ەوە کۆمەڵەیەکی نوێ دادەمەزرێ. کە سەیری بەندی ناسانج دەکەین لە پەیڕەو و پرۆگرامی هەرسێ کۆمەڵەکەدا، هەندێك لایەنی هاوبەشیانمان بۆ دەردەکەوێ. بۆ نموونە، کۆمەڵەکان بەناچاری نەبێ خۆیان بەکاری سیاسییەوە خەریك ناکەن[٦٢]. دەکرێ وای دابنێین کە لەو دەمانەدا هەندێك دژواریی قانوونی ڕێ لەم جۆرە یەکگرتنەوەیە بگرێ. بەهۆی ئەو سەرەو ژێر بوونە جەنگی یەکەمی جیهانی خوڵقاندوویەتی و لە ئەنجامدا گەلێك کوردی چالاك لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیی سیاسیی کورددا، لەم ساڵانەدا تووشی دابڕان کردووە. کۆمەڵەی قوتابییانی هێڤیی کوردیش وەك لە سەرەوە باسمان لێوەکرد، لەم ساڵانەدا چالاکییەکانی خۆی ڕاگرتووە.

کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان (کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردستان): ناوەناوە لە سەرچاوەکاندا ئەم کۆمەڵەیەی ساڵی (١٩١٨) دامەزراوە، بە ((کۆمەڵەی کورد)) ناسراوە. هەندێك لە دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە سەید عەبدولقادر سەرۆکایەتیی دەکرد، ئەمانەن: شوکری بابان، حیکمەت بەگی بابانزادە، عەزیز بەگ، شوکری سەگبان[٦٣]. ڕێکخراوەکە ئۆرگانێکی بڵاوکراوەی نافەرمیی بە ناوی (ژین)ەوە هەبووە: دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەنگی خۆی ڕاگەیاندووە و کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان کە یەکێك بووە لە گرنگترینی کۆمەڵە کوردییەکان، لە کۆبوونەوەکانی ئاشتیی (سیڤەر)دا بۆ گەیاندنی ویست و خواستەکانی کورد بە کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان هەوڵێکی گەورە و زۆری داوە، باس لەوە کراوە کە کۆمەڵەی تەعالیی

61- Kadri Cemil Paşa, Doza Kürdistan, s.34.
62- Mehmet Bayrak, Kürtler ve Ulusal Demokratik Hareketleri, Ankara, 1993, s.85.
63- Tarık Zafer Tunaya, Türkiye'de Siyasal Partiler, s.186.

کوردستان لە ئەستەمبووڵ پانزدە هەزار ئەندامی هەبووە[٦٤]. لە بابەت ڕێکخراوە کوردییەکانی ئەستەمبوولەوە تارق زەفەر تونایا یەکەم زانیاریی بە درێژی بە خوێنەواران ڕاگەیاندووە، لە لێکۆڵینەوە فراوانەکەیدا کە بەناوی (پارتییە سیاسییەکانی تورکیا)یە، بەڵگەنامەیەك بە ناوی پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی کوردستان (کردستان جمعیتی نظامنامەسی) بڵاو دەکاتەوە. بەمجۆرە ئەوەمان بۆ دەردەخاتەوە کە لەم ساڵانەدا بە ناوی (کۆمەڵەی کوردستان)ـەوە کۆمەڵەیەکی دیکە لە ئەستەمبووڵ دامەزراوە. تاریق زەفەر تونایا. باشی بۆ دەچێ و سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە لە نێوان پەیڕەو و پرۆگرامی ئەم کۆمەڵەیە و پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی تەعالیی کوردستاندا هەندێك وردە جیاوازی هەن. لە هەندێك سەرچاوەی کوردیدا، بە هەڵە وایپیشان دراوە کە ئەم دوو کۆمەڵەیە هەر یەك کۆمەڵە بن. کۆمەڵەی کوردستان لە خانووی بەهجەت پاشادا بووە لە کۆڵانی پشت دیوانی موحاسەبات (دیوانی ژمێریارییەکان)[٦٥] ، لە هەندێك سەرچاوەدا دیوانی موحاسەبات بە دیوانی ڕاوێژکاری پیشان دراوە[٦٦]، لە کاتێکدا کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان،بە پێی قسەی تارق زەفەر تونایا، لە شوێنێکی لای خانووی ئیجتیهادی د.عەبدوڵڵا جەودەتدا کارەکانی بەڕێوەبردووە. لە کاتێکدا ئەم بینایەی ناوی خانووی ئیجتیهاد بووە، لە ژمارە (٤٢)ی کۆڵانی (چەتالچەشمە)ی ئێستای ناوچەی (چەغالۆغلو)دا بووە و ئەم شوێنە مێژووییە تا ئێستا هەر وەك خۆی ماوەتەوە و نەڕووخاوە. لەبەر ئەوە یەکەم بارەگای کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان لە لای ڕاستی خانووی (ئیجتیهاد)ی د.عەبدوڵڵا جەودەت، یان لە لای چەپی بینایەکەدا بووە و[٦٧] کۆمەڵەی کوردستان کە پێشتر باسمان لێوە کرد، کارەکانی خۆی لە شوێنێکی دیکەدا ئەنجام دەدا. جەواد دورسونیش لە بیرەوەرییەکانیدا ئەوە باس دەکا کە لەگەڵ سولەیمان نەزیفدا پێکەوە لە هەندێك چاوپێکەوتندا ئامادەبوون و چوونەتە کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان کە لە ((بارەگای نزیك خانووی

64- Ahmed Mesut, İngiliz Belgelerinde Kürdistan (1918-1958), İstanbul, 1992, s.103.

لە سەرچاوەیەکی دیکەدا ئەم ژمارەیە بە (١٠) دە هەزار دانراوە، بڕوانە:

Martin van Bruinessen, Ağa, şeyh ve Devlet, Ankara, s.346.
65- İsmail Göldaş, Kürdistan Teali Cemiyeti, s.13.
66- M. Emin Bozarslan'ın Jîn dergisinin yeni basımı için yazdığı sunuş yazısı, s.22.
67- Tarık Zafer Tunaya, Türkiye'de Siyasal Partiler II, s.185.

نیجتیهاد))دا بووه. کەوابێ کۆمەڵەی کوردستان و کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان، بەلای کەمەوە لەسەر کاغەز دوو کۆمەڵەی جیاواز بووە، چونکە تارق زەفەر تونایای بڵاوکەرەوەی پەیڕەوی ناوخۆی هەردوو کۆمەڵەکە ئاماژە بۆ ئەو جیاوازییە گچکانەی نێوان هەردوو پەیڕەوەکە دەکا. ئەم دوو کۆمەڵەیە، یەك کۆمەڵەش بن، شوێن و پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان، ناوەناوە هەندێك گۆڕانکاریسان پێوە دیار دەبێ.

کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد (کۆمەڵەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی کورد): دوای دووکەرت بوونی کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان، لە لایەن بەشێك لە ئەندامانی کۆمەڵەکەوە (کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد) دامەزراوە، هەندێك لە ئەندامانی ئەمانەن: ئەمین عالی بەدرخان، شوکری بابان، فوئاد بابان، حیکمەت بابان، د.عەبدوڵلا جەودەت، د.شوکری سەگبان، کەمال فەیزی بەگی بتلیسی، ئەکرەمی جەمیل پاشا، ئەحمەددین حوسێن بەگی کەرکووکی، رفعەت بەگی مەولانزادە، مەمدوح سەلیم بەگ[٦٨]. ئەم کۆمەڵەیەی لە لایەن هەندێك کوردەوە، کە لە کۆمەڵەی تەعالیی کوردستانەوە داپچڕابوون، دامەزراوە. سەرۆکایەتیی کۆمەڵەیان داوەتە ئەمین عالی بەدرخان، بەتجزرە دوای ئەم داپچڕانانە کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان هەر هەمووی دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی سەید عەبدولقادر و برادەرانی.

تیپی میللیی کورد (کورد میللت فرقەسی): هەندێك لەو ئەندامانەی لە (کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد)ەوە داپچڕان، ئەمجارەیان بە ناوی (تیپی میللیی کورد)ەوە، حزبێکی دیکە دادەمەزرێنن، ئەوانەی ئەندامانی ریزی پێشەوە بوون ئەمانەن: ئەحمەددین حوسێن، مەمدوح سەلیم، کەمال فەوزی، عەزیز بابانزادە[٦٩]. کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان و کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد و تیپی میللیی کورد، لە ژێر دەواری خۆیبووندا یەکیان گرتەوە کە ساڵی (١٩٢٧) لە لوبنان دامەزرابوو و تێکەڵی ئەم ڕێکخراوە بوون کە بەم ناوەوە ناسرا.

کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کورد: ئەم کۆمەڵەیەی ساڵی (١٩١٩) دامەزراوە، یەکەم کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردە کە زانرابێ. ئەم کۆمەڵەیەی زنجیرەیەك چالاکیی ئەنجام داوە، ئەمینە

68- Kadri Cemil Paşa, Doza Kurdistan, Ankara, 1991, s.61.
69- age., s.62.

خانمی هاوسەری شەریف پاشا بۆ سەرۆکایەتیی کۆمەڵە بە پاڵێوراو دەستنیشان کراوە. بە پێی پەیرەوی ناوخۆی ئەم کۆمەڵەیەی لە چاپخانەی جیهانی ئافرەت (Kadın Dünyası)دا لە چاپ دراوە، نەك تەنیا ئافرەتانی کورد، ئافرەتانی نەتەوەکانی دیکەش بۆیان هەبووە ببنە ئەندامی ئەم کۆمەڵەیە[٧٠]. بەشی سێیەمی ئەم کتێبە زانیاریی دیکەی لە بارەی کۆمەڵەی ئافرەتانی تەعالیی کوردەوە تێدایە.

کۆمەڵەی تەعمیمی مەعارف و نەشرییات (کۆمەڵەی بلاوکردنەوەی زانست و بلاوکردنەوە):
یەك لە گرنگترین چالاکییەکانی ئەم کۆمەڵەیە کە ساڵی (١٩١٩) دامەزراوە، چاپکردنی داستانی مەم و زینی شاکاری ئەحمەدی خانییە، کە بۆ یەکەمجار، لە شێوەی کتێبدا لە ئەستەمبووڵ بلاوکراوەتەوە. ئەم شاکارە، کە بە پێشەکیی حەمزەی میکس بۆ یەکەمجار لە شێوەی کتێبدا دەکەوێتە بەر دەستی خوێنەران. ئەمە لەو ساڵانەدا، لە ناو کوردەکاندا بە ڕووداوێکی گەورەی ڕۆشنبیری دادەنرێ. ئەم چاپی یەکەمەی مەم و زینە، لەبەر گرنگیی مێژوویی، لە سەرچاوەکاندا بە (چاپی ئەستەمبووڵ) ناو دەبرێ. پرۆگرامی کۆمەڵە، کە لە (٢٠) بیست بەند پێکهاتووە، لە گۆڤاری (ژین)دا بلاودەکرێتەوە[٧١]، لە بارەی دامەزرێنەر، یان دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی بلاوکردنەوەی زانست و بلاوکردنەوەوە، زانیاریمان، تا ڕادەیەکی سنووردار و کەمە، مرۆ تێدەگا، ئەم کۆمەڵەیە ڕێکخراوێکی نامانج ڕۆشنبیریی کۆمەڵەی تەعالیی کوردستانە کە ساڵی (١٩١٨) دامەزراوە.

بلاوکراوە کوردییە بەرزانەکان

جگە لە کوردستان-ی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کە ساڵی (١٨٩٨) لە قاهیرە دەرچووە، ئەم ڕۆژنامەو گۆڤارانەی بە کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بلاوبووەتەوە، هەر هەمووی لە ئەستەمبووڵ دەستیان بە دەرچوون کردووە. تەواوی ئەم بلاوکراوانە، بە دوو زمانی (کوردی و عوسمانی) دەردەچوون. ئەم بلاوکراوانە وەکو کاریان لە پەرەسەندنی ژیانی سیاسی کردووە، ئەوەندەش کاریگەرییان بەسەر پەرەسەندنی ژیانی ڕۆشنبیریشەوە هەبووە، لە لایەکی دیکەوە، بواری بەهێزبوونی پەخشانی کوردیی دابین کردووە. لە ڕێی ئەم بلاوکراوە وەرزییانەوە، دواتر..

---

[٧٠] بۆ زانیاریی فراوانتر سەیری بەشی چوارەمی ئەم کتێبە بکەن.

71- Kürd Tamim-i Maarif Cemiyeti Bildirisi, Jîn, no 10.

لەناو ئەو رۆشنبیرە کوردانەوە کە بەرهەم و نووسینەکانیان بلاودەکرایەوە، هەندێك قەڵەمی بە برشت پێدەگا. بناغە تیۆرییەکانی نەتەوایەتیی کورد، بەتایبەتیش ئەو نووسینانەی لە بارەی مێژووی کورد و زمانی کوردییەوە بلاودەکرایەوە، هێزێکی تیژڕەویی بە بلاوبوونەوەی هەست و بیروباوەڕی نەتەوایەتیی بەناو خەڵکدا دەدا. ئەم بلاوکراوانە، وەکو جێی دەنگی میللەتێکیان گرتبێتەوە وایان لێهات کە، لە ئەستەمبوولیش و لە کوردستانیشدا دەژیان. چاپکراوی کوردی دەستی بەوە کرد کە وەکو هێزێك، کاریگەریی خۆی بنوێنێ. بەڵگەیەك کە ساڵی (١٩٢٠) نووسراوە و کەمال فەوزی لە ژێرەوەیدا، بە ناوی چاپەمەنیی کوردەوە، واژۆی کردووە[٧٢]، دەبینێ تێزێکی بە ناوی بلاوکراوەی کوردییەوە کە لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا پەرەی سەندووە، ئامادەکردووە، هەندێك گۆڤار و رۆژنامەی کە لەم ساڵانەدا لە ئەستەمبووڵ دەرچووە، وەکو بابەت بۆ لێکۆڵینەوەکەی هەڵبژاردووە[٧٣]. محەمەد ئەمین بۆز ئەرسلان لە بارەی بلاوکراوەی وەرزانەی وەکو ئەو (ژین)ەی (١٩١٨-١٩١٩) لە ئەستەمبووڵ دەرچووە و رۆژنامەی تەعاون و تەرەقیی کورد (١٩٠٨) کاری کردووە و کۆی تەواوی هەریەکەی ئەمانەی سەر لە نوێ ئامادەی چاپ کردووە و ناویەتییە بەر خزمەتی خوێنەران[٧٤]. سەر لە نوێ - لەگەڵ هەندێك تێبینیی روونکەرەوە- لە چاپدانی ئەم بلاوکراوە

72- Ahmed Mesut, İngiliz Belgelerinde Kürdistan (1918-1958), İstanbul, 1992, s.131.

73- Janet Klein, Claiming the Nation: The Origins and Nature of Kurdish nationalist Discourse-A study of the Kurdish press in the ottoman Empire, June, 1996. A Thesis presented to the Faculty of princeton University in Candidacy for Degree of Master of Arts.

جانێت کلێین: لەم تێزەیدا، لەم گۆڤار و رۆژنامە کوردییانەی کە لە سەردەمی عوسمانیدا دەرچوون کۆڵیوەتەوە: کوردستان (١٨٩٨-١٩٠٢)، رۆژی کورد (١٩١٣)، هەتاوی کورد (١٩١٣-١٩١٤)، ژین (١٩١٨-١٩١٩) و کوردستان (١٩١٩). جگە لە کوردستانی (١٨٩٨-١٩٢٠)، بلاوکراوەکانی دیکە هەر هەموو لە ئەستەمبووڵ دەرچوون. وەك زانراویشە، کوردستان لە پێشدا لە قاهیرە و دواتر لە شارە جیاجیاکانی ئەورووپا بلاوکراوەتەوە.

74- Kürt Teavün ve Terakki Gazetesi, Kürdçe-Türkçe dergi (1908-1909). Arap Harflerinden latin harflerine çeviren: Mehmed Emin Bozarslan, Uppsala, 1998.

وەرزییانە، بەتایبەتی لە دیدی خستنەبەر رووناکیی هەندێك لایەنی نەزانراوی مێژووی کوردەوە بایەخێکی گەورە بەخۆوە دەگرێ.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە بارەی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەوە کە لە ئەستەمبووڵ بە کوردی دەرچوون. لە خوارەوە هەندێك تێبینیی کورتی روونکەرەوە، جێیان بۆ کراوەتەوە. جگە لەم ئۆرگانانەی کە ساڵانی دەرچوونیان بەبەرچاوەوە گیراوە، هەندێك بڵاوکراوەی دیکەش کە لە ئەستەمبووڵ دەرچووە، لە سەرچاوە جیاجیاکاندا باسیان لێوە کراوە، لەم بابەتەدا، دیارە پێویستە لێکۆڵینەوەی پتریان لە بارەوە بکرێ. ریزبەندیی بە پێی دەرچوونی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەی بە کوردی لە ئەستەمبووڵ دەرچوون بەمجۆرەیە:

رۆژنامەی تەعاون و تەرەققیی کورد: ئەم رۆژنامەیەی ئۆرگانی ئەو کۆمەڵە کوردییەیە کە هەر بەو ناوەوە دامەزراوە. ساڵی (١٩٠٨) بڵاوکراوەتەوە. وەکو یەکەم ئۆرگانی بڵاوکراوەی کوردیی وەرزانەی زانراوە کە لە ئەستەمبووڵ بڵاوکرابێتەوە، خاوەن و بەرێوەبەری بەرپرسی ئەو، تۆفیقی خەڵکی سلێمانییە کە لە ناو خەڵکدا پتر بە پیرەمێرد ناسراوە (١٨٦٧-١٩٥٠). بە خۆی وەك شاعیرێکی کوردی خۆشەویست دانراوە، سەر نووسەری رۆژنامەکە ئەحمەد جەمیلی دیاربەکرییە (١٨٧٢-١٩٤١) کە باوکی ئۆرهان ئەسەنای هونەرمەندی شانۆییە. محەممەد ئەمین بۆز ئەرسلان کە کاری لە بارەی نۆ ژمارەی رۆژنامەی ئیتتیحاد و تەرەققیی کورد کردووە، ساڵی (١٩٩٨) بە کۆکراوی لە سوێد بڵاوی کردووەتەوە. محەممەد ئەمین بۆز ئەرسلان کە لە ئەنستیتووی زمانە رۆژهەڵاتییەکانی زانکۆی میوونیخ، زمانی (٩) ژمارەی لێ سادەتر و ئاسانتر کردووە و سەر لە نوێ بڵاوی کردوونەتەوە، لە لایەکی دیکەوە بۆ ئەم چاپە نوێیە بە کوردی و تورکی پێشەکیی نووسیوەو ئامادەکردووە. لە رۆژنامەکەدا نووسین و لێکۆڵینەوەی نووسەری وەك ئەحمەد جەمیل و ئیسماعیل حەققیی بابانزادە و مەلا سەعیدی کورد و سولەیمان نەزیفمان بەرچاو دەکەون. ئەو نووسینانەی ناو رۆژنامەکە، دوو نووسینی سەرنجراکێشیان تێدایە. لەم نووسینانەدا کە لە لایەن سولەیمان نەزیفەوە نووسراون، بە کورددا هەڵدراوە و رەخنە لەو فشارانە گیراوە کە تاراستەی خۆی کراوە.

لە ژمارەی دووەمی رۆژنامەکەدا بە ناونیشانی کورد و کوردستان و لە ژمارە حەوتیدا بە ناونیشانی (تزمیر کوردستان نییە)وە سەرو وتارێکی تێدا بڵاوکراوەتەوە، سولەیمان نەزیف کە بە

بنەچە کوردە، بەتایبەتی لە ساڵانی (١٩٢٠)دا لە بابەتی کوردەکاندا دەبێتە خاوەنی ڕوانگەیەکی تا دوارادە جیهانی. شوێنی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەکە هەر لە بارەگای گشتیی کۆمەڵەکەدا بووە کە هەر بەو ناوەوە بووە[٧٥].

خۆرهەڵات و کوردستان: ئەم ڕۆژنامەیەی ساڵی (١٩٠٨) بڵاوکراوەتەوە، لە سەرەتادا هەفتەی دووجار دەستی بە بڵاوکردنەوە کردووە. بەڕێوەبەری بەرپرسی ئەحمەد شەریفی هەرسەکی (هەرسەکلی)و سەرنووسەرەکەی بەدریی مەلاتیەیی (مەلاتیەلی) بووە. بە تەواوی نازانرێ ڕۆژنامەکە چەند ژمارەی لێ دەرچووە، بۆ نموونە، کتێبخانەی شارەوانیی ئەستەمبوڵ ژمارە (١،٢،٣)ی لێیە. لە ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەکەدا نووسینێکی سەعیدی کورد بڵاوکراوەتەوە[٧٦]. ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانەی لە ئەستەمبوڵ دەرچووە، لە لایەن ڕێکخراوێکی زانراوەوە بڵاوکراونەتەوە، بەڵام ڕۆژنامەی خۆرهەڵات و کوردستان- شەرق و کوردستان، تا ئێستا ڕوون نییە لەلایەن چ ڕێکخراوێکی کوردییەوە بڵاوکراوەتەوە.

ڕۆژی کورد: ئەم گۆڤارەی لەلایەن کۆمەڵەی قوتابییانی هێڤیی کوردەوە ساڵی (١٩١٣) بڵاوکراوەتەوە، بە کوردی و تورکی دەرچووە. خاوەن و بەڕێوەبەری بەرپرسی: عەبدولکەریی سلێمانییە. جەمال خەزنەدار سێ ژمارەی یەکەمی پێکەوە سەر لە نوێ لە بەغدا بڵاوکردووەتەوە[٧٧].

هەتاوی کورد: دوای ئەوەی ساڵی (١٩١٣) ڕۆژی کورد داخراوە، لە جیاتیی ئەو گۆڤارێکی دیکە بە ناوی (هەتاوی کورد)ەوە دەردەچێ، خاوەن و بەڕێوەبەری بەرپرسی، عەبدولعەزیز بابانە. (١٠)

---

[٧٥] م. ئەمین بۆز ئەرسلان کە کارەکانی لە سوێددا درێژە پێ دەدا، سەر لە نوێ ئەو گۆڤاری (ژین)ەی ساڵانی (١٩١٨-١٩١٩) لە ئەستەمبوڵ بڵاوبووەتەوە-ی سەر لە نوێ بۆ چاپ ئامادەکردووەتەوە و لە شاری (ئۆپسالا) بڵاوی کردووەتەوە. هەروەها (٩) نۆ ژمارەی ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەققیی کوردی، کە ئەمیش ساڵی (١٩٠٨) هەر لە ئەستەمبوڵ دەرچووە، ساڵی (١٩٩٨) لە شاری (ئۆپسالا)ی سوێددا بڵاوکردووەتەوە.

76- Malmîsanij & Mahmud Levendî, Li Kurdistana Bakur û Tirkîyê Rojnamegeriya Kurdî (1908-1909), Ankara, 1992, s.24-32.

77- age., s.53-57.

ده ژمارەی ئەم گۆڤارە لە کتێبخانەکاندا هەیە کە تا ساڵی (١٩١٤) لە دەرچووندا بەردەوام بووە[٧٨]، ئەم گۆڤارەش وەکو ئۆرگانی کۆمەڵەی قوتابییانی هێڤیی کورد دەرچووە.

ژین (گۆڤاری ژین): ئەم گۆڤارە، ئۆرگانی بڵاوکراوەی نافەرمیی کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان بووە. وەکو دواتر باسی لێوە دەکەین رۆژنامەیەکی کوردیش دەرچووە. ئەم گۆڤارەی ساڵی (١٩١٨) بڵاوکراوەتەوە، ساڵی (١٩١٩) کۆتایی بە بڵاوکردنەوەی هێناوە و بە تێکڕایی (٢٥) ژمارەی دەرچووە. نووسینەکانی ژین، بە کوردی و تورکی بڵاوکراوەتەوە و لە پێشدا بەڕێوەبەر و بەرپرسی گۆڤارەکە حەمزەی موکسی (موکوسلی) بووە. دوای (٢٠) ژمارە مەمدووح سەلیم ئەو ئەرکە دەگرێتە ئەستۆ. محەمەد ئەمین بۆز ئەرسلان هەر هەموو ژمارەکانی بە هەندێك وەرگێڕان و روونکردنەوەوە بۆ چاپی نوێی ئامادەکردووە، (٢٥) ژمارەی لە شێوەی پێنج بەرگدا ساڵانی (١٩٨٥-١٩٨٨) لە ستۆکهۆڵم بڵاوکردووەتەوە. شوێنی بەڕێوەبردنی ژین، لە چاپخانەی (نەجمی ئیستیقلال)ی سەر شەقامی ئەبوسوعوودی ناوچەی (گەڕەکی) بابی عالیدا بووە[٧٩]. وەکو پێشتر باسمان کرد، ئەم شەقامە بە ناوی ئەبوسوعوود ئەفەندیی پیاوی ئاینیی کوردەوە کراوە کە ساڵانی (١٥٤٥) لە ئەستەمبووڵ شەیخولئیسلامەتیی کردووە.

کوردستان: خاوەن و بەڕێوەبەری بەرپرسی ئەم گۆڤارەی ساڵی (١٩١٩) لە ئەستەمبووڵ دەرچووە، محەمەد میهرییە. محەمەد میهری کە باوکی سەلاحەددین هیلاڤ-ی نووسەر و هەواداری فەلسەفەی ناسراوە، لەو گۆڤار و رۆژنامانەی لەم ساڵانەدا دەرچووە، کۆمەڵە نووسینێك دەنووسێ و لە زمانی کوردی دەکۆڵێتەوە. محەمەد میهریی پارێزەر ماوەیەك ئەندامێتیی دەستەی مامۆستایانی کۆلیژی شەریعە (ئیلاهیات)ی کردووە. ساڵی (١٩٥٧) لە ئەستەمبووڵ کۆچی دوایی کردووە. محەمەد میهری، یەك لەو قوتابییە کوردە کەمانە بووە کە لە کوردستانی ئێرانەوە هاتوونەتە ئەستەمبووڵ، ئەندامی کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان بووە. لە (١٣) ژمارەیەوە کە لە کتێبخانەی میللیدا هەیە، تێدەگەین کە ئەم گۆڤارە بەلای کەمەوە (١٣) ژمارەی لێ دەرچووە، بەڵام بە تەواوی چەند ژمارەی لێ دەرچووە. ئەمە نازانین. دەبێ

78- age., s.61-64.
79- Jîn, Kürdçe- Türkçe Dergi (1918-1919). Arap harflerinden Latin harflerine çeviren: M. Emin Bozarslan, Uppsala, 1985-1988.

ئەم گۆڤارە بەو رۆژنامە کوردییەی بە ناوی کوردستانەوە دەرچووە تێکەڵ نەکەین، کە ساڵی (١٨٩٨) لە قاهیرە دەستی بە بڵاوبوونەوە کردووە[٨٠].

ژین (رۆژنامە): وەکو لە سەرەوە گوتمان، هەر بەو ناوەوە ساڵانی (١٩١٨-١٩١٩) گۆڤارێك دەرچووە، دوا بەرپرس و بەڕێوەبەری ئەم گۆڤارە، مەمدووح سەلیم بووە. بەڕێوەبەرێتیی رۆژنامەی ژینیش هەر مەمدووح سەلیم کردوویەتی، وا دەردەکەوێ ئەم دوو ئۆرگانە بڵاوکراوەیە، تەواوکەری یەکدی بووبن. دەتوانین بڵێین رۆژنامەی ژین یان ئۆرگانی بڵاوکراوەی ئەو برە کوردەیە کە لە کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان جیابوونەتەوە و کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کوردیان دامەزراندووە، یانیش لە لایەن ئەوانەوە بڵاوکراوەتەوە. چونکە وەکو لە سەرەوە باسمان کرد، مەمدووح سەلیم لەگەڵ ئەو گرووپە هەڵسوکەوتی دەکرد کە لە کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان جیابوونەتەوە[٨١].

عەشیرەت: ئەم بڵاوکراوەیەی تا ئێستا لە سەرچاوەکاندا زۆر باسی لێوەنەکراوە، بەڵای عەلی بیرینجیی لێکۆڵەرەوە لەلایەن ئەحمەد سورەییای بەدرخانزادەوە دەرکراوە. لایەکی بە تورکی و لایەکیشی بە کوردییە. ئەو سەرچاوەیەی باسی لێوەکرا هیچ زانیارییەکی لە بابەتی کاتی دەرچوونییەوە تێدا نییە[٨٢].

جیهانی کتێب

ئەستەمبووڵ لە مێژووی کتێبی کوردیدا بایەخێکی تایبەتیی هەیە، رۆشنبیریی کوردی لەم ساڵانەدا بایەخێکی زۆر بە کاری بڵاوکردنەوەی کتێب دەدا. جگە لەو رۆژنامە و گۆڤارە کوردییانەی لە سەرەوە بە کورتی باسمان لێوە کردن، بڵاوکردنەوەی هەندێك کتێب کە پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە، بۆ یەکەم جار لە ئەستەمبووڵدا بەرچاو دەکەوێ. هەندێك لەو چاپخانانەی لە ئەستەمبووڵ بوون و دەزگاکانی بڵاوکردنەوە و دووکانەکانی کتێبفرۆشی، بوونەتە جێی هاتوچۆی ئەو کوردانەی لەوێ دەژیان. یەك لەوانە بەتایبەتی سەنعان رادەکێشێ.

80- Malmîsanij & Mahmud Levendi, Li Kurdistana Bakur û Tirkîyê Rojnamegeriya Kurdî (1908-1902), Ankara 1992, s.81-90.
81- age., s.76-80.
82- Ali Birinci, Meşrutiyet Matbuatı (1324-1325), Kebikeç-İnsan Bilimleri için kaynak Araştırmaları dergisi, no 2, 1995, s.145.

لە چاپخانەی ئەنجی ئیستیقلال کە لەسەر شەقامی ئەبوسسوعوودی ناوچەی چەغالۆغلودا بووە، جگە لە کاریگەرییەکانی چاپەمەنی، هەندێك کاریگەریی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریش بەرچاو دەکەوێ. بۆ نموونە لە ترۆپکی ئەو کارەی چاپەمەنییانەدا، مەڵبەندی گۆڤاری ژینیش و ئەو بارەگای بەرێوەبەرایەتییەی بە ناوی تەعقیبی توموور (بە دواداچوونی کاروبار) کە لە ئەستەمبووڵ کاروباری کوردی بەڕێوەدەبرد، ناوەندەکە لێرە بووە. بە کورتییەکەی لەو ساڵانەدا شوێنی ئەم چاپخانەیە لە لایەن رۆشنبیرە کوردەکانەوە وەك مەڵبەندێکی رۆشنبیری و یەکدی بینین بەکارهێنراوە. خاوەنی ئەم چاپخانەیە حەمزەی موکسی بووە. کتێبێکی سەعید نوورسی بە ناوی نوتق (لێدووان) ساڵی (١٩١١) لە لایەن ئەحمەد رامز ئەفەندییەوە لە چاپخانەی ئیقبالی میللەت (داهاتووی میللەت)دا کە لە خانی وەزیر (وەزیر خانی)ی دەڤەری چەمبەرلیتاشدا بووە و پەیڕەو و پرۆگرامی کۆمەڵەی نەشری مەعاریفی کورد (بڵاوکردنەوەی زانستی کوردی) لە چاپخانەی (نامەدی)دا چاپ کراوە. نامەد، وەکو زانراوە ناوێکی کۆنی دیار بەکرە. نازانین خاوەنانی ئەم دوو چاپخانەیە کێن و چ کەسن. رۆشنبیرێکی کوردی دیکە کە کاریگەریی لە بڵاوکردنەوەدا بووە، ئەحمەد رامز ئەفەندییە، وەکو جەمال کوتای باسی لێوە کردووە، خاوەنی کوتوبخانەی ئیجتیهاد (کتێبخانەی ئیجتیهاد) کە لە ئەستەمبووڵ ئەحمەد رامز ئەفەندیی لیجەیی بووە، وەکو پێشتر باسمان لێوەکرد، عەبدوڵڵا جەودەتیش بەو ناوەوە رۆژنامەیەکی دەرکردووە و لە هەندێك بڵاوکراوەی دیکەدا کاریگەریی هەبووە[83]. پێویستە ئەم کارانە تێکەڵ نەکرێن. کتێبخانەی نوتی خۆرهەڵات کە لە شەقامی بابی عالیدا بووە و لە دووکانی حەمدی ئەفەندیی سەححافدا کە لە ناوچەی شەهزادەدا بووە. هەندێك بڵاوکراوەی کوردیی لێ دەفرۆشرا. وەکو لە هەموو ئەم نموونانەدا دەبینرێ لە لایەن ئەو کوردە رۆشنبیرانەوە کە لە ئەستەمبووڵ دەژیان، بایەخێکی ئاشکراو دیار بە کاریگەریی چاپ و بڵاوکردنەوە دراوە.

کە باسی کتێب دەکرێ، دەبێ باس لە ئیسماعیل پاشای بەغدایی (١٨٣٩-١٩٢٠) بکرێ کە پەیوەندیی بە لێکۆڵینەوەی بیبلیۆگرافیاوە هەیە و بەشی زۆری تەمەنی خۆی لە کوردستانی عێراقدا بەسەر بردووە و سەر بە بنەماڵەی بابان بووە. محەمەد ئەمین باوکیەتی و سەلیم بەگیش باپیری. لەبەر ئەوەی لە شاری بەغدا لە دایك بووە. بە نازناوی بەغدایی ناسراوە. لە ساڵی

83- Cemal Kutay, Bediüzzaman Said Nursi, İstanbul, 1980, s.185.

(١٨٧٥)دا کە هاتووەتە ئەستەمبووڵ ئیسماعیل پاشا لە (باقر کۆیی)دا نیشتەجێ بووە و بەو لێکۆڵینەوانەیەوە ناسراوە کە لە بارەی بیبلیۆگرافیاوە بووە. یەك لە کتێبە چاپکراوەکانی بە ناوی (ئەسماءولمۆئەللیفین)ەوەیە. لێکۆڵینەوەیەکە نیوەی بیۆگرافی و نیوەی بیبلیۆگرافیایە. هەروەها بەشی تەواونەکراوەی کەشفوززونوون (کشف الظنون)ی کاتب چەلەبیی تەواوکردووە. لەم لێکۆڵینەوەیەی کاتب چەلەبییەدا کە بیست ساڵ کاری تێدا کردووە، باس لە (١٥) پانزدە هەزار کتێب و نووسەر کراوە.

یەك لەو یەکەم کتێبە کوردییانەی لە ئەستەمبووڵ بڵاوکراوەتەوە، دیوانی مەولانا خالیدە، ساڵی (١٨٤٤) لە ئەستەمبووڵ بڵاوکراوەتەوە.

ساڵی (١٨٥٧) بۆ یەکەم جار (ئینجیل) پەرچڤەی کوردی دەکرێ و بە ئەلف و بێی ئەرمەنی لە ئەستەمبووڵ بڵاودەکرێتەوە. دواتر چاپێکی دووەمی ئەم کتێبە ساڵی (١٨٧٢) دیسانەوە هەر لەوێ چاپ دەکرێتەوە. ئەمجارەیان بە ئەلف و بێیەك کە زمانی ئەرمەنی و کوردیی تێدا بەکارهاتووە، هەر بە پیتی ئەرمەنی ساڵی (١٨٦١) لە ئەستەمبووڵ بڵاودەکرێتەوە. یووسف زیائەددین پاشا، لە ساڵی (١٨٩٤-١٨٩٥)دا فەرهەنگێك بە کوردی و عەرەبی ئامادە دەکاو لە ئەستەمبووڵ بڵاوی دەکاتەوە. ئەم فەرهەنگە لەگەڵ نامیلکەی نووبارا بچووکان-ی ئەحمەدی خانیدا پێکەوە بڵاودەکرێنەوە ئەمجارە لە ساڵی (١٩١٩)دا لەلایەن حەمزەی موکسییەوە داستانی مەم و زینی بەناوبانگی ئەحمەدێ خانی بۆ یەکەم جار لە ئەستەمبووڵ لە شێوەی کتێبدا چاپ کراوە. بڵاوبوونەوەی ئەم شاکارە ئەدەبییەی بە هەندێك مۆتیفی نەتەوەیی رازاوەتەوە، لەناو کورداندا بە رووداوێکی گرنگ دادەنرێ. دواتریش دیوانی مەلایێ جزیری کە کلاسیکێکی کوردیی بە بایەخە، ساڵی (١٩٢٢) لە ئەستەمبووڵ چاپ کراوە.

نووسەری کوردی دیکەش وەکو خەلیل خەیالی، ئەمین فەیزی بەگ[**] و عەبدوررەحیم زاپسو و هی دیکە لە شێوەی کتێب نووسینی جیاجیایان بڵاوکردووەتەوە. بەمجۆرە لە مێژووی کتێبی کوردیدا دەستپێکی سەردەمێکی نوێ لە ئەستەمبووڵ بەرچاو دەکەوێ.

[**] لە دەقی ناو کتێبەکەدا بە هەڵە بە (فەوزی= Fevzi) نووسراوە (وەرگێڕ).

لەم ساڵانەدا، یەکەم شار کە ڕۆشنبیرانی کوردی تێدا بە چەمکێکی مۆدێرن و بە پێوەدانگێکی گشتی، ئاشنایەتییان لەگەڵ کتێبدا پەیدا کردبێ، شاری ئەستەمبوڵە. لەم ساڵانەدا بایەخێکی زۆر بە پەرۆشانی کتێب دراوە. لە گۆڤاری (ژین) دا کە لە ئەستەمبوڵی پایتەختدا دەرچووە، بانگەوازێکی سەرنجڕاکێش بۆ ڕۆشنبیرە کوردەکان بە ناونیشانی (تکایەك) بڵاودەکاتەوە و لە بڕگەی یەکەمی بانگەوازەکەدا دەڵێ: ((یەکێك لە مەبەستەکانی گۆڤارەکەمان کە کردوویەتییە ئامانجی خۆی، بڵاوکردنەوەی ئەو دیوان و شیعر و نووسینە کۆنەکانی دیکەی زانا و ئەدیبانی کوردە، کە پەیوەندییان بە زمانی کورد و لە بارەی مێژووی کوردەوە نووسراون.

دواکەوتنی لە بیری نەتەوەیی کورد پشتێراو

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا نێوانی (سەرا) و ناسیۆنالیستە کوردەکان بە هیچ شێوەیەك ڕاست نابێتەوە. لە کۆتاییدا سیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دەگاتە بەر دەرگای لات بوون. دوای جاڕدانی مەشرووتییەتی دووەم، ئەنجارمیان لە ئەستەمبوڵ بەرامبەر کورد ڕاوە کوردێکی دیکە دەست پێ دەکا. یەك لە ئامانجە سەرەکییەکانی فشار و تیرۆری (ئیتتیحادی)یان، کورد بووە. داواکارییە نەتەوەییەکانی کورد قبووڵ ناکرێ.

کاریگەرترینی ئەو هەڵسوکەوتە مافهەرسکردنانەی ساڵانی (١٧٣٠، ١٨٢٦، ١٩٠٦، ١٩٢٥) کە لە ئەستەمبوڵ ئاراستەی کورد کراوە، ئەو فشارانەیە کە ساڵی (١٩٢٥) لە ئەستەمبوڵ ئاراستەی کەسایەتییە کوردە بەرچاوەکان کراوە.

ئەو چینە کوردەی ساڵانێك لە ئەستەمبوڵ ژیاون، بە تایبەتی دوای جاڕدانی کۆماری (تورکیا)، کاریگەرییە جۆراوجۆرەکانیان بە بیانوو گیراوە و ڕەشەبایەکی توندی تیرۆریان لە دژ ئاراستەکراوە و بەرەو شوێنە جیاجیاکانی جیهان دوور خراونەتەوە. بەم جۆرە، ڕۆشنبیرە کوردەکان و کەسایەتییە دیارەکانیان ناچاری دوور کەوتنەوە دەبن لە ئەستەمبوڵ و ڕێی تاراوگەیان لێ دیار دەکەوێ. بەو مەبەستە، ڕێ دەگرنە بەر کە جارێکی دی نەگەڕێنەوە ئەستەمبوڵ.

سەید عەبدولقادر کە بە درێژایی ساڵانێك لێرەدا پێشەوایەتیی کۆمەڵانی کوردی کردووە، لە ساڵی (١٩٢٥)دا لە ئەستەمبوڵ دەگیرێ و دەبرێتە دیاربەکر و بە تۆمەتی پشتگیری کردنی

شۆڕشی شێخ سەعید لە سێدارە دەدرێ. بەجۆرە کوردەکان گورزێکی دیکەیان لێ دەدرێ. ڕووداوی لە سێدارەدانی سەرکردەیەکی بێتاوان کە ساڵانێك کوردەکانی ئەستەمبوڵ ڕێزێکی گەورەیان لێ دەنا، هەژێنترین گورزێك بوو کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کوردی ئەستەمبوڵی بە ئامانج گرتبوو. بەو جۆرە سەختە، سزادانی سەید عەبدولقادر کە یەکێك بووە لە زاناترین و دۆستایەتیخوازترینی کەسایەتییە کوردەکانی ئەستەمبوڵ، سەرکوتکردنی تەواوی نەتەوەیی کوردی ئەستەمبوڵ دەگەیەنێ. بەجۆرە ئەستەمبوڵ، وەکو شار لە ساڵانێکی دوور و درێژەوە ئەو تایبەتمەندییەی بەخۆوە گرتووە و بووەتە ناوەندی چالاکیی سیاسی و ڕۆشنبیری، لە ڕوانگەی کوردەکانەوە، بایەخ و گرنگییەکی ئەوتۆی نامێنێ، ئەو بەگەڕکەوتنەی چەوساندنەوەیەی لە ئەنجامی شۆڕشی شێخ سەعیددا کە ساڵی (١٩٢٥) بەرپا بووە. دەستی پێکردووە، لەو دەمەدا کە تەواوی مرۆڤی کورد دەمکوت دەکرێ و لە ئەنجامدا ئەستەمبوڵ لە دیدی کوردەکانەوە دەبێتە وێرانە و وەکو شارێکی مردووی لێ دێ.

یەك لەو دوا کەسایەتییە کوردانەی وا مانەوەی لە ئەستەمبوڵیان بە باشتر زانی، سەید عەبدولقادر و هەندێك لە برادەرانی ساڵی (١٩٢٥) بە زۆری زۆردارەکی لەم خاکە دادەبڕێن و بە یاوەریی پۆلیس دەبرێنە دیاربەکر و لەوێ لە سێدارە دەدرێ. ئەم ڕووداوە لێرە هەڕەشەیەکی چاوشکێنی بە بایەخ بووە ئاراستەی کوردەکانی دیکەی ئەستەمبوڵ کراوە. هەندێك کورد سەرەڕای هەموو ئەم مەترسییانە، دیسانەوە ئەستەمبوڵ بەجێ ناهێڵن و تا مردن هەر لەوێ دەژین. دیارترینی ئەم دوا کوردانە ئەمانەن: عەبدوڵلا جەودەت، عەبدوڕڕەحمان زاپسو، محەمەد میهری، خەلیل خەیالی، بەدرخان ڕاسم موراد بەگ، شوکری بابان، شێخ شەفیق ئەڤراسی، شوکری سەگبان.

زۆربەی وەچەکانی ئەم نەوەیە و منداڵانی وەچەکانیان تا ئەمڕۆش لە ئەستەمبوڵ ماونەتەوە. زۆربەی ئەمانە خۆیان بە تورك دەزانن. هەندێکیشیان ناسنامەی دوولایەنە هەڵدەگرن و هەندێکیشیان، دەتوانین بڵێین لە ناو قەیرانێکی چڕی ناسنامەدا دەژین. لەمانە زۆربەیان ناسنامەی نەتەوەییان و ڕابوردووی باوکیان لە بیر چووەتەوە و وەك وەچەیەکی جیاواز پێگەیشتوون و لە کۆتاییشدا لە ناو ملیۆنانی سەرژمێری پەرەسەندووی ئەستەمبوڵدا بزربوون

و کۆتاییان پێ هات. ئەم تەواوبوونە بۆ ئەو وەچەیەی لە سەرەتای سەدەماندا (سەدەی بیستەم) لە ئەستەمبوڵ ژیاون و ئەوێیان بە نیشتیمانی دووەم هەڵبژاردووە، کۆتاییهاتنیان دەگەیەنێ.

بە تایبەتی چینی رۆشنبیری کورد لە (١٩٢٠)ەکاندا بە خەیاڵی زل و هەوەسبازییەوە رێیان گرتووەتە بەر، بەڵام بەم ئامانجەیان نەگەیشتوون. ناچاری بەجێ هێشتنی ئەستەمبوڵ بوون، ئەو چینە کوردە رۆشنبیرەی کە لە (١٩٢٠)ەکاندا لە ئەستەمبوڵدا دەژیان، رێی تاراوگەیان لێ دەرکەوت، ئەم کۆچبارە بە پەژارەیەی ئەو چینە رۆشنبیرە کوردەی لە ئەستەمبوڵ بووە، ئەو گۆرانییەی ئەستەمبوڵمان دەهێنێتەوە یاد، کە بە مەقامی (کوردیلی حیجاز کار) دەگوترێ، راستییەکەی رۆشنبیرانی کورد توانج لە ئەستەمبوڵ دەگرن. شیعری ئەو گۆرانییەی بە مەقامی (کوردیلی حیجاز کار) دەگوترێ، لە کتێبی (ئەستەمبوڵ لە گۆرانییەکاندا)ی (سەعدوون ئاق سوت)دا بەرچاو دەکەوێ.[٦٥]

ئەو رۆژەی لە دوورگـەدا، تـۆم دی زەوقت پێ چێشتم

نـە ئومێدێکت دامێ، نـە هـەڵاتی و جێت هێشتم

---

[٦٥] ئەم دەقەی شێرە من (وەرگێڕ) کردوومەتە کوردی، دەقە تورکییەکە ئەمەی خوارەوەیە:

Ada'da gördüğüm gün gönlüme neşe Saçtın

Ne bana ümit verdin ne bırakıp kaçtın

İsterdim beşik olsun sevgiye şen kucağım

Ne bana ümit verdin ne de bırakıp kaçtın

*

Elimizde çiçekler koştuk, oynadık, güldük

Şarkıların sihirli nağmesine gömüldük

Bir hayal âleminde uçuşurken gönüller

Ne yazık, gün batmadan Ada'dan geri döndük.

* * *

ئەم ئامێزە شەنەی مـن، دەمویست بۆ ڤین پێشکەیێ
نـە ئـرمێنێکت دامـێ، نـە هـەلاتی و جێت هێشتم

گـوڵمان لـە دەست، رامان کـرد، بـە پێکەنین و وازی
گـۆرانییـان، نێژراینـە، ئــاو ئــەفسـوونـی ئــارازی
لـــەو دەمــەدا لــە گێتیی خـەیـاڵدا دڵان دەفــڕین
گــەڕاینەوە بـەر لـەوەی، خـۆر .. ئـاوابـوون بجوازی
* * *

بەشی سێیەم

ئافرەتە کوردەکانی ئەستەمبوڵ

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ناوەندێکی بە بایەخی نەتەوایەتیی مۆدێرنی کورد، ئەستەمبوڵی پایتەختی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بووە. سەرەڕای ئەوەی پیاوان زۆرینەی ئەو کوردانەیان پێکدەهێنا کە دەچوونە ئەستەمبوڵ، کوردێکی زۆریش لەگەڵ منداڵ و هاوسەرەکانیاندا دەچوونە ئەوێ. لە سەرەتای سەدەی بیستەماندا بارودۆخی ئافرەتان، بابەتی وەك هێز و تێکۆشانیان، یەك لە بابەتە بە بایەخەکانی گفتوگۆی ڕۆژانەیان پێکدەهێنا. لەم بارەیەوە دید و بۆچوونی تازە و جۆراوجۆر دەهاتە کایەوە. بۆ یەکەم جار بەشێکی ئافرەتانی کورد لە ڕێی بەوباوەڕی مۆدێرن و ڕێکخراوەکانەوە، لە ئەستەمبوڵ بەشداریی چالاکییە نەتەوایەتییەکان دەکەن. بەشێکیان بۆ یەکەمجار لەوێ ئاشنایەتییان لەگەڵ کۆمەڵە وشەیەکی نوێی وەکو: تەشکیلات (ڕێکخراوەکان)، جەمعییەت (کۆمەڵە)، نیزامنامە (پەیڕەو و پرۆگرام)، ئەعزا (ئەندام)، ئیجتیماع (کۆبوونەوە)، تەبلیغ (ڕاگەیاندن)، موجادەلە (خەبات)، گەزەتە - غەزەتە (ڕۆژنامە)، مەجموعە (گۆڤار) پەیدا دەکەن .. بەکارهێنانی، یان هێنانە ناو ژیانەوەی ئەم وشانە دەکرێ، وەك ئاماژە بۆ سەردەمێکی نوێ بە دەستەوە بگیرێ، چونکە بە گوێرەی کۆنەکانەوە شێوەی تێکۆشانەکان تەواوێك دەگۆڕێن. بەرەو پێشەوە چوونێکی گرنگ کە لەم ساڵانەدا دەبینرێ، ئەوەیە کە ئافرەتان لەگەڵ پیاواندا پێکەوە شان بە شان بەشدارییان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسیدا کردووە.

ڕۆشنبیری و شارستانییەکی زۆر لە ئەستەمبوڵدا هەبوو، ئەم شارە گەورەیە، خۆرهەڵات و خۆرئاوا یەك دەخا، ئاسیا و ئەورووپا لە ئامێز دەگرێ. ئەم هەمە ڕەنگییەی ڕۆشنبیرییەکان پێکیانهێناوە، بێگومان کار دەکاتە سەر پەرەسەندنی بیرکردنەوە نوێیەکانیش. لە لایەکی کەوە

ئەستەمبووڵ وەکو ناوەندێکی بە ئاگاهاتنەوەی ئەتنیکی و بەرزبوونەوەی ئاگری سەرهەڵدانی لێ دێ. کۆمەڵە ئەتنیکییەکانی ئێرەی وەکو کۆمەڵانی رۆم و ئەرمەنی و کورد و ئەرناوت (ئەلبانی)، زۆرشت لە ئەزموونی یەکدییەوە فێر دەبن، ئەم بارودۆخە بۆ کوردیش هەر وایە. لەم رووەوە مۆزاییکی ئەستەمبووڵ لە روانگەی کوردەوە تا دوا پلە پەروەردەکارە. ئافرەتانی ئەو خەڵکانە بە پێوەندێکی گرنگ دەکەونە بەر کاریگەریی ئەم کار لەیەکدی کردنانە، لە نێو ئەمانەشدا ئافرەتی کوردیش هەن. دەتوانین بڵێین ئەستەمبووڵ وەکو شار ناوکەو ناوەندی بزووتنەوەی مۆدێرنی ئافرەتی کورد پێکدەهێنێ. بێگومان یەکەم رێکخراوی ئافرەتان کە ساڵی (١٩١٩) لێرە دامەزراوە بە رێکەوت نەبووە. کورتییەکەی لەم ساڵانەدا، لە ئەستەمبووڵ لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی ئافرەتی کورددا کراوەتەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا لە تورکیا، لە بارەی بزووتنەوەی ئافرەتی عوسمانییەوە زنجیرەیەك کتێب و وتار بڵاوکرایەوە. بە تایبەتی لە بابەتی رێکخراوەکانی ئافرەتانەوە لە ئەستەمبووڵ دەبینین گەلێك بەڵگەی نوێی روونکەرەوە هاتووەتە گۆڕێ. بەڵام چەند مخابنە کە لەم لێکۆڵینەوانەدا ئافرەتانی کورد بە بەرچاوەوە نەگیراون، ئەمە هۆی جۆراوجۆری هەیە. هەندێك بەڵگەی نوێ کە هاتووەتە ناوەوە. وەك لە سایەی لێکۆڵینەوەکان و سەرچاوەکاندا بینیومانە، ئەم لاپەڕەیە وردە وردە روون دەبێتەوە و لە بابەتی ئافرەتانی کورددا دەبێتە خاوەنی هەندێك بەڵگەی سەرنجراکێش و بەسوود. لە ساڵی (١٩٩٥)دا لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەماندا کە بە کوردی بڵاومان کردووەتەوە بە کورتی باس لەم کارانە کراوە(١).

نووسینی مێژووی بزووتنەوەی ئافرەتی کورد تازەیە، بە تایبەتی دوای ساڵی (١٩٨٠) لە ئەنجامی پەیدابوونی هەندێك بەڵگەو زانیاری، رابوردووی بزووتنەوەی ئافرەتی کورد بە پێوەندێکی گرنگ دەست بە روونکردنەوە کرا. بەتایبەتی هاتنەکایەی (کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کورد)ی ساڵی (١٩١٩) لە ئەستەمبووڵ. لە ئەنجامی ئەم نووسینانە لە روانگەی زۆر

1- at Alakom, Li Kurdistanê Hêzeke Nû: Jinên Kurd, Stockholm, 1995, 145 Laper.

لە کۆتایی ئەم کتێبەدا ئەلبومێکی فراوانی سەد وێنەیی کە لە فۆتۆگراف و وێنەی روونکەرەوەو کاریکاتێر پێکهاتووە، بڵاوکراوەتەوە.

Rohat Alakom, Kürt Kadınları Teali Cemiyeti, Tarih ve Toplum, no. 171, 1998.

کەسەوە هەواڵێکی نوێ پێکدەهێنێ. تا ساڵانی (١٩٨٠) لە لایەن کەم کەسەوە تەنیا ناوی ئەم کۆمەڵەیە دەزانرا. وەکو لەمەودوا دەبینین، زانیارییەکانمان لە بارەی کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کوردەوە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاد بووندایە.

سەفەرە نیمچە دیپلۆماسییەکانی ئافرەتانی کورد بۆ ئەستەمبووڵ

ئەستەمبوولی پایتەختی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی تەنێ هەر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، بەڵکو لە ساڵانی کۆنتریشدا لەگەڵ سەفەری نیمچە دیپلۆماسییانەی هەندێك ئافرەتی کورددا ئاشنایەتیی پەیدا کردووە. هەندێك ئافرەتی کورد کە بە ئازایەتی ناسراون، گەیشتوونەتە بەردەمی پادشا (ئیمپراتۆر) و بەشدارییان لە هەندێك چارپێکەوتنی نیمچە دیپلۆماسییانەدا کردووە. بەگی جزیرە. میر محەممەد کە دەمرێ، هاوسەرەکەی لەگەڵ کوڕیدا دەچێتە پایتەخت. لە بارەی بەڕێوەبردنی بەگایەتیی خۆیەوە بڕیارێك بە دەرکردن دەدا و دواتر دەگەڕێتەوە هەرێمی خۆی. شەرەفخانی مێژوونووسی کوردی ناسراو، ئەم ئافرەتە بە کەسێکی ((بەرز و ژیر و کۆڵنەدەر و کارگوزار)) دەناسێنێ[2]. ئافرەتێکی وەها کۆڵنەدەری دیکەش هاوسەری ساڵح بەگ بووە. ساڵح بەگ لە سەرکردەکانی ریزی پێشەوەی (بەگایەتیی سەکەمان) بووە. هاوسەری ئەم بەگزادەیە دەچێتە ئەستەمبووڵ و هەڵوێستی بەگایەتیی خۆی بە کەسانی خاوەن دەسەڵات رادەگەیەنێ[3].

جگە لەم نموونە دێرینانە، کاریزماتیکترین ئافرەتێکی کورد کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدە، سەریان لە ئەستەمبوولی پایتەختی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی داوە، بێگومان (قەرەفاتمە)یە.

لە ساڵی (١٨٥٣)دا لە دەسپێکی جەنگی (قرم)دا قەرەفاتمە، کە بە سێ سەد سوارچاکییەوە چووەتە ئەستەمبووڵ و چووەتە بەردەمی پادشا، بەمجۆرە رایدەگەیەنێ کە لە ناو پشتیوانانی پادشادایە. ئەم سەفەرەی قەرەفاتمە بە تایبەتی لە میدیای ئەورووپادا جێیەکی فراوان دەگرێ. لەو ساڵانەدا بە سواریی ماینێکەوە وەکو مێردان و بە ناو مەیدانی تویسکویداردا گەڕان، کاری ئافرەتان نەبووە. کەچی قەرەفاتمە ئەم ئازایەتییە دەنوێنێ و لەگەڵ گرووپێکی

2- Şeref Han, Şerefname-kürt Tarihi, İstanbul, 1971 Arapçadan çeviren: M. Emin Bozarslan, s.153.
3- Şeref Han, Şerefname, s.200.

پیاواندا دەچێتە ئەستەمبوڵ. بۆ نموونە لە ڕۆژنامە و گۆڤاری ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەرەنسی و سوێدیی وەکو:

The İllustrated London News, Globus, Le Tour du Monde, Svenska Family - Journalen, Kadınlar Dünyası.

لە بارەی قەرەفاتمەوە زنجیرەیەك هەواڵ بڵاوکراوەتەوە. یەکەم هەواڵ لە بارەی ئەم گەشتەی قەرەفاتمەوە لە ڕۆژنامەی (The illustated London News)دا بە ناونیشانی ((قەرەفاتە لە ئەستەمبوڵ)) بڵاو دەکرێتەوە (٢٢ی نیسانی ١٨٥٤)، لەو نووسینەدا ئەوە نووسراوە کە قەرەفاتمە سەر بە عەشیرەتێکی کوردی دەڤەری مەراش-ە[٤]. بەڵام هەندێك سەرچاوەی دیکە، ئەو ناوچەیەی قەرەفاتمەی لێوە هاتووە بە ڕەواندز[٥]. یان بە مەلاتیە[٦] دادەنێ. جگە لەم سەردانی ئەستەمبوڵەی قەرەفاتمەیە. لە سەرچاوەکاندا ئازایەتیی قەرەفاتمە و قارەمانییەتیی باسکراوە. ئەمجارە قەرەفاتمە لەو جەنگەدا دەبینین کە ساڵی (١٨٧٧-١٨٧٨) لە ناوچەی ئەرزەڕۆمدا بەرامبەر ڕووسەکان درێژە پێداوە[٧].

لە لایەکی دیکەوە وێنەیەکی فۆتۆگرافیی زۆری قەرەفاتمە لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا دەردەچێ کە لە ئەورووپا بڵاودەکرێتەوە. بۆ نموونە:

The illustrated London News. Globus, Le Tour du Monde, Svenska Familj-Journalen, Kadınlar Dünyası.

قەرەفاتمە لەم بڵاوکراوانەدا بە: ((شێری کوردستان))[٨] ، ((ژنە میرزادەی کورد))[٩] و ((قارەمانی کوردستان)) دەناسێنرێ. لە گۆڤارێکی سوێدیدا ساڵی (١٨٨١) لە بارەی

4- The İllusrtated London News, 22 Nisan 1854.

5- Amand v. Schweiger-Lerchenfeld, Qvinnan bland skilda folk.(ئافرەت لە ناو خەڵکی جیاوازدا), Stockholm, 1881. s.59.

6- Halil Hamid, Alem-i Nisvan-Kürt Kadınları, Siyanet, no 15, 1914.

7- Bak. Siyanet dergisinin aynı sayısı.

8- İlhami Yazgan, Kara Fatma İstanbul'da, Özgür Gündem 12.9.1993.

9- Les Kurdes-Les Yezidis, Le Tour du Monde, cilt; 16, 1867, s.92.

قەرەفاتمەوە نووسینێك بە ناو و نیشانی (ئەمازۆنێك)[١٠]ـەوە بڵاودەكرێتەوە. لە نووسینەكەدا پەیدابوونی هاوشێوەیەكی تاسسۆس كلۆریندا (Tassos clorinda) لەم سەدەیەماندا بە ناوی قەرەفاتمەی كوردەوە باس كراوە و لە لایەكی دیكەوە سەرنج بۆ لێكچوونی نێوانی (جان دارك) و قەرەفاتمە راكێشراوە. هەر لەو گۆڤارەدا تابلۆیەكی قەرەفاتمە بڵاوكراوەتەوە، كە لە لایەن (A.Wanjura) وە كێشراوە. لە ژمارەیەكی (Le Tour du Monde)دا كە ساڵی (١٨٦٧) دەرچووە، تابلۆیەكی شێوە پیاوانەی قەرەفاتمە بڵاو كراوەتەوە. لە هەندێك سەرچاوەی توركیدا ئەم وێنەیە، وەك ئافرەتێكی تورك پیشان دەدرێ. هەر ئەو وێنەیە لە كتێبی: قوای ملیەنك قادین قهرمانلری (ژنە قارەمانەكانی هێزە میللییەكان)ی (ئاینورر عمر تۆغلو)دا وا دانراوە كە ئافرەتێكی توركە. دانەیەكی رەسەنی ئەم تابلۆیەی لە (Le Tour du Monde)دا بڵاوكراوەتەوە.. لە بەهاری (١٩٩٧)دا كە سەرم لە ئەستەمبووڵ دا، لەلای كۆنە كتێبفرۆشێكدا وەكو ئەنتیكێكی (كۆنینەی بە نرخ) لە چوارچێوەیەكدا بە نرخێكی بەرز بۆ فرۆشتن دانرابوو، لە ژێر تابلۆكەدا نووسرابوو: ((میرە ژنی كورد=La Princessa Kurde)). بەمجۆرە قەرەفاتمە دوای ساڵانێكی دوور و درێژ دیسان لە ئەستەمبووڵ بوو! لە سەرچاوە كۆنەكاندا ئەم تابلۆیە و چوار تابلۆی جودای دیكەی قەرەفاتمە پێكەوە بەرچاومان دەكەوێ. یەكێكی ئەمانەش رەنگا و رەنگە، لە مەیاندا قەرەفاتمە نەك لەسەر پشتی ئەسپدا، بەڵكو بە پێوە دەبینرێ. لە ژێر هەر ئەو وێنەیەدا نووسراوە: ((قەرەفاتمە- قارەمانی كوردستان)) (Karafatma- l'hêroine du Kurdistan). كۆپییەكی ئەم تابلۆیە لە كتێبی (پارس توغلاجی)دا كە بەناوی: (ئافرەتانی ئەستەمبووڵ لە سەردەمی عوسمانیدا)یە بڵاوكراوەتەوە. وا دیارە ئەم دیمەنەی قەرەفاتمە، لە كۆمەڵە جلوبەرگێكی لە پیشانگا دانراوی خەڵكانێكی جیاجیاوە وەرگیراوە و شێوەكەی رێكخراوە و بەوەی كە لە سەر وێنەكەدا ناونیشانی: ((Costumes Turk et Orienttaux))ی بۆ دانراوە، دیارە ئەم وێنەیە لە سەرچاوەیەكی فەرەنسییەوە وەرگیراوە، بەڵام پارس توغلاجی لە كتێبەكەیدا هیچ زانیارییەكمان لەم بارەیەوە نادات. لەلایەكی دیكەوە، لە ژێر وێنە رەسەنەكەدا نووسراوە (قەرەفاتمە- قارەمانی

---

[١٠] ئەمازۆن: ناوێكی دێرینە لە جیهاندا، بەو ژنانە گوتراوە بە سواری و ئازایانە بەشدارییان لە جەنگ كردووە. (وەرگێڕ)

کوردستان- Kara Fatma- l'heroine du Kurdistan) تەنیا بە (قەرەفاتمە) وەرگێڕاوە، هەر ئەو لاپەڕەیەدا، لە ژێر ئەو وێنەیەی بە ناوی ((سوارچاکی کورد))ەوەیە نووسراوە ((سوارچاکێکی خۆرهەلاّت)).

لە سەرچاوە کۆنە کوردییەکاندا زۆر بە دەگمەن چاومان بە ناوی قەرەفاتمە دەکەوێ. ئەوەندەی بزانین بۆ یەکەمجار لە کتێبی (Adler von Kurdistan)ی کامەران بەدرخاندا کە ساڵی (١٩٣٧) لە ئەڵمانیا بلاوکراوەتەوە، بە پێداهەڵدانەوە باسی لێوەکراوە. پادشا (سوڵتان) لە قەرەفاتمە دەپرسێ: ((یەکێکی وەك تۆ کە ئەم جۆرە قارەمانییەی نواندووە، چۆن دەبێ تورکی نەزانێ؟)) بەرامبەر ئەم پرسیارە، قەرەفاتمە ئەو وەلاّمە دەداتەوە: ((ئەی پادشای من، ئەگەر ئێوە کوردیتان بزانیبا، پێویست بەوە نەدەما تورکی بزانن)). هەندێك نووسەری تورکی وەك ئەحمەد جەودەت پاشا و مدحەت ئەفەندی لە کتێبەکانیاندا لە بارەی قەرەفاتمەوە زانیاری دەبەخشن. وەك دەبینرێ ناوی قەرەفاتمە لە سەدەی(١٩) نۆزدەدا بە مێدیای جیهانیدا بلاودەبێتەوە. لە توێژینەوەیەکدا (ئاینوور مسرئۆغڵو) لە بارەی ئافرەتانی تورکەوەی نووسیوە، قەرەفاتمەی وەکو تورك وەرگرتووە، لە لایەکی دیکەوە لە گۆڤاری (جیهانی ئافرەت- Kadın Dünyası)ی تورکیدا کە ساڵانی (١٩١٣-١٩٢١) لە ئەستەمبووڵ دەرچووە، ئەو زانیارییانە تێکدەدا کە لە بارەی قەرەفاتمەوە هەیە. ئاینوور مسرئۆغڵو لە کتێبێکیدا کە ساڵی (١٩٧٦) بلاوی کردووەتەوە، تەواوی ئەم باسەی (جیهانی ئافرەت)ەی لە کتێبەکەیدا داناوە، بەلاّم ئەو بەشەی یەکەم پەرەگرافی نووسینەکەی، کە باسی کورد بوونی قەرەفاتمە دەکا، لابردووە. لەم پەرەگرافەدا باسی ئەوە دەکا کە قەرەفاتمە، کچی بەگزادەیەکی کوردی ناوچەی مەلاتییەیە. لە هەندێك سەرچاوەی مێژووی تورکدا تووشی گەلێك شێواندنی لەم جۆرە دەبین. بە پێی خاڵێکی سەرنجڕاکێشی نووسینەکە، قەرەفاتمە راوێژکارێکی بە ناوی (ئیبۆ)وە بووە گەلێکی لێ ترساوە و (خۆی لێ لاداوە)[10]. گۆڤاری (Le Tour du Monde)

---

[10] لەم ساڵانەی دواییدا بیبلیۆگرافیایەکی دەوڵەمەندی قەرەفاتمە پێکهاتووە لەم بارەیەوە بڕوانە:

Kara Fatma at Constantinople, The İllustrated London News, 22 Nisan 1854.

که له فەرەنسا بڵاوکراوەتەوە، دواتریش له بارەی دوارۆژی قەرەفاتمەوە ئەمانە دەڵێ: ((پاش ئەوەی چەند هەفتەیەك بووە- شێری ئەستەمبووڵ- قەرەمیرەژن گەڕایەوە ناوچە شاخاوییەکەی خۆی و لەوە پتر دەنگی لێوە نەهاتەوە، له دەرەوەی کوردستان، له ئەستەمبووڵ چیی دی باسی پتری له بارەوە نەکرا)).

Les Kurdes-Les Yezidis, Le Tour du Monde, cilt: 16, s.92, 1867. Dscharidat al-Waqa'i al-Masriyah, no 730, 4.11.1877 (bak. Cemal Nebez, Die Kurdische Zeischrift "Nischtiman" Stockholm, 1985, s.133).

Amand v. Schweiger-Lerchenfeld, Qvinnan bland skilda folk, Stockholm, 1881, s.59.

En amason, Svenka Familj-Journalen, no 11, 1881.

Kara Fatma, Kadınlar Dünyası, no 100, 1913.

Halil Hamid, Alem-i Nisvan: Kürt Kadınları, Siyanet, no 16, 1914.

Kamuran Bedirhan & Herbert Örtel, Adler von Kurdistan, Berlin, 1937.

Türk yazarı Mithat Efendi'nin çıkartmış olduğu Karkanbar adlı dergide Kara fatma'ya ilişkin olarak bir yazı yer almıştır (bak. Mehmed Çağlayan, Şark Uleması, İstanbul, 1996, s.309).

Ahmed Cevdet Paşa, Ma'rûzât, İstanbul, 1980 (Ahmed Cevdet Paşa'ya göre Kara Fatma, Cerîd aşiretine mensuptur, s.147).

N. Medyalı, Kürt Aşiret Lideri Kara Fatma Hanım, İstanbul'da Osmanlı Sultanı ile Görüşüyor, Berhem, no.5, 1989.

Martin van Bruinessen, Matriarchy in Kurdistan? Women Rulers in Kurdish History, The international Journal of Kurdish studies, cilt: no 1-2, 1993.

Aynur Mısıroğlu, Kuva-yı Milliye'nin Kadın Kahramanları, İstanbul, 1994, s.45.

Rohat Alakom, Li Kurdistanê Hêzeke Nû: Jinên Kurd, Stockholm, 1995.

İhami Yazgan, Kara Fatma Efsanesi 1-II, Özgür Politika 31.5.1996- 1.7.1996.

ئەم سەفەرەی قەرەفاتمەیەش بۆ ئەستەمبوڵ و ئەو هەواڵانەش کە لەم بارەیەوە دەرچووە، لە روانگەی ئافرەتانی کوردەوە دەکرێ وەك سەرچاوەیەکی بە شان و شکۆ و شانازی پێکراو هەڵبسەنگێنرێ. گرنگیی مێژوویی ئەم کۆششە نیمچە دیپلۆماسییانەی ئافرەتی کورد پێش سەدان ساڵ بەجێیان هێناوە، ئەم سەفەرانەی بۆ ئەستەمبوڵ کراون، بێگومان لە سەردەمی خۆیاندا رووداوی گەورە بووە، بەتایبەتی ئەم دوا سەفەرەیان لە مێژووی ئافرەتی کورددا گرنگییەکی گەورەی هەیە.

ژیانی ئافرەتی کورد

زۆربنەی ئەو ئافرەتە کوردانەی لە ئەستەمبوڵ بوون وەکو ((ژنی ناو ماڵ ژینیان بەسەر بردووە. بە کاری ناوماڵ و منداڵەوە خەریکبوون. بەشێکیشیان بە مامۆستایی و چاودێریی منداڵ و کاری خاوێنکردنەوە و بەرگدروون و کاری دیکەوە خەریك بوون. ئەو ئافرەتانەی لە خێزانی هەژارەوە هاتوون لە ئەستەمبوڵ تووشی دژوارییەکی زۆر هاتوون. لە شارێکی وەها گەورەدا نەزانینی تورکی و لەبەر هۆگەلی دیکەوە گەلێك شتی سەیر و سەمەرە بەسەر ئەم ئافرەتانەدا هاتووە، بۆ نموونە کابرایەکی خەڵکی بتلیس رۆژێکیان هاوسەرەکەی بزر دەبێ، چەند رۆژێك دەگەڕێ و نایدۆزێتەوە و بابەتەکە دەگاتە رۆژنامەکان. ئەم کابرایەی ناوی ئەحمەد بووە لە دانیشتووانی ناوچەی (زەمیرەك) بووە و ناوی هاوسەریشی نیعمەت خانم بووە(۱۱).

لە نووسەرە تورکەکانیش خالیدە ئەدیب ئادیوار، لە بیرەوەرییەکانیدا باسی کچە کوردێك دەکات کاری چاودێری کردنی منداڵی کردووە و لە یەکێك لە رۆمانەکانیدا کە ئافرەت قارەمانی بووە، جێیەکی بۆ دیاری کردووە(۱۲). لە لایەکی دیکەوە خالیدە ئەدیب ئادیوار لە

11- "Karımı Kaybettim; Haberiniz var Mi?" Cumhuriyet 25.7.1930.

12- Memoris of Halide Edib, London, 1926, s.104.

خالیدە ئەدیب ئادیوار- لە رۆمانی (ژانەدڵ Kalp Ağrısı)دا چیرۆکی عەشقی (زەینۆ)ی کچە کورد کە لە ئەستەمبوڵدا ژیاوە دەگێڕێتەوە، لەم بارەیەوە بڕوانە:

Doç. İnci Enginün, Halide Edib Adıvar'ın Eserlerinde Doğu ve Batı Meselesi, İstanbul, 1978, s.218-220. Bahriye çeri Türk Romanında Kadın, İstanbul, 1996, s.42-45.

Bu Roman ilk kez 1924 yılında vakit gazetesinde tefrika edilir, aynı yıl kitap olarak yayımlanır.

بیرەوەرییەکانیدا باسی کیژە کوردێکی دیکە دەکا کە لە ئەستەمبووڵ ژیاوە. ئەم کچەی ناوی مەخموورە بووە کچی عەلی شامیل پاشای بەدرخانی- یە. ئەم کچە و خالیدە ئەدیب ئادیواری نووسەری تورك، دایکیان یەکە و باوکیان جودایە. واتە لە دایکەوە بە زڕخوشك دادەنرێن. هەموو پیاوانی بەدرخانییەکان کە ناویان لە رووداوی ساڵی (١٩٠٦)ی کوژرانی ریدوان (رضوان) پاشادا هێنراوە، بە منداڵانی دوانزە ساڵییانیشەوە دوور خراونەتەوە، هەر هەموو بەدرخانییەکان لە ئەستەمبووڵ دوور خراونەتەوە. هەندێك لە ئافرەتەکانیان لەگەڵ منداڵە گچکەکانیان پێکەوە بە تەنیا دەمێننەوە و پەرێشان دەبن. یەك لەمانە (مەخموورە)یە. مێردەکەی بۆ قودس دوور دەخرێتەوە. بەخۆی هەر لە زێر چاودێریدا بووە و پۆلیس هەر لەبەر دەرگایاندا ئێشکیان گرتووە. مەخموورە، کە سکی پڕ بووە، ساوایەکی نۆ مانگیشی بووە. بەپێی قسەی خالیدە ئەدیب ئادیوار، یەك لە مامەکانی مەخموورە خانم کە هەڵاتووەتە دەرەوەی وڵات، پێی دەڵێ: ((تۆش لەگەڵماندا وەرە، دەبیتە قراڵیچە - شاژن-ی کوردستان))، بە قسەی خالیدە ئەدیب ئادیوار ئەم داواکارییە رەت دەکاتەوە و دەڵێ: ((من ژنە تورکێکم لە ژێر ئەم ئاڵایەدا لە دایك بووم، لێرە ژیاوم، لێرەش دەمرم)).

لە خاڵێکی سەرنجڕاکێشدا، بیرەوەرییەکانی ئادیوار پێشتر لە (١٩٢٦)دا کە بە ئینگلیزی بڵاوی کردووەتەوە، ئەم جۆرە باسە پڕۆپاگاندە ئامێزانەی زۆر تێدا نەبووە. ئەم بیرەوەرییانە دواتر، ساڵانی (١٩٥٠) بە ناوی (خانووە بە هێشووە مێوەکە- Mor Salkımlı Ev)ەوە بە تورکی بڵاوکراوەتەوە، هەندێك بابەتی ئاسکی لێ دەردەهێنرێ، لە جیاتیی ئەوانە هەندێك پاشکۆی تێدا دەئاخنرێ. وا دیارە، ئەم بیرەوەرییانە کە بە تورکی دەرچووە، نووسەر ناچاری سەر لە نوێ چاوگێڕانێکی بە ناواخنی کتێبەکە بوو بێ. خالیدە ئەدیب ئادیوار هەندێك لە بەرهەمەکانی زانیاریی سەرنجڕاکێشیان لە بارەی ژیانی کوردەکانی ئەستەمبووڵی بەخۆوە گرتووە.

لە گۆڤاری (ژین)دا کە لە ئەستەمبووڵ دەرچووە، هەندێك نامەمان بەرچاو دەکەوێ کە لە لایەن ئافرەتە کوردەکانەوە نووسراون، بۆ نموونە نامەکانی کچە مامۆستایەك بە ناوی (ھ. عەزیز) و مامۆستایەك بە ناوی (تەمێن مەلازادەی میدیایی)یەوە لە (ژین) دا بڵاوکراوەتەوە. لەم دوو نامەیەی ئەم خوێنەرانەوە تێدەگەین کە لە ناو ئافرەتانی کورددا قوتابیش و مامۆستاش هەبووە. هەروەها لە سایەی ئەم نامانەدا تێدەگەین کە لە نێو ئافرەتانی کورددا تا

رادەیەك هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری بڵاوبووەتەوە، بڕێكی ئەم ئافرەتانە هەستیان بە نزیكیی بزووتنەوەی نەتەوەیی كورد كردووە[١٣]. جگە لەوەی دوو ئافرەت بە ناوی (هیدایەت) و (گوزیدە)وە لێرەدا پەروەردەبوون، دواتر مامۆستاییان كردووە.

داخۆ لەم دەمانەدا چەند ئافرەتی كورد لە ئەستەمبووڵ دەژیان؟ لەم بارەیەوە ژمارەیەكی ڕێكمان پێ نادرێ، بەڵام بەبێ گومان ژمارەیان هەزارانی ڕەت دەكرد. لە هەندێك سەرچاوەی كۆندا لە بارەی ژمارەی ئەو ئافرەتە كوردانەی لە ئەستەمبووڵ دەژیان، ناوە ناوە هەندێك ژمارە دانراوە. بۆ نموونە بە پێی تۆمارەكانی شارەوانیی ساڵی (١٩٣١-١٩٣٢)ی ئەستەمبووڵ (٤١١) ئافرەت لە ئەستەمبووڵ بووە. بە پێی ئەو سەرژمێرەی ساڵی (١٩٥٠) كراوە، ژمارەی ئەو ئافرەتانەی لە خۆرهەڵات و خۆرهەڵاتی باشوورەوە هاتوون و لە ئەستەمبووڵ ژیاون بە (٢١) هەزار كەس دانراون. ساڵی (١٩٥٠) بە گشتی سەرژمێری كورد لە ئەستەمبووڵدا نزیكەی (٦٠) هەزار كەس بووە. واتە ڕێژەی ئافرەتان بە پێی سەرژمێری كورد بە گشتی سێیەكی پێكهێناوە، بە بەرچاوەوە گرتنی ئەم ڕێژەیە دەتوانین بڵێین لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەو ئافرەتە كوردانەی لە ئەستەمبووڵ دەژیان نزیكەی (١٠) دە هەزار كەس بووە. وەكو پێشتر باسمان لێوەكرد تێكڕای سەرژمێری كورد لە ئەستەمبووڵ لەو ساڵانەدا بە (٣٠) هەزار كەس دادەنرێ.

ڕووخانی دیوارەكان: پێكهاتنی بەرەی ژن - پیاو:

لە سەرەتاكانی سەدەی بیستەمدا شوێنی ئافرەت لە كۆمەڵدا و بابەتی ڕۆڵی لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا بۆ یەكەم جار بەم شێوە فراوان و زانستییانەیە قسەی لەسەر دەكرێ. لەم بارەیەوە بیرۆكەی نوێ دەهێنرێتە گۆڕێ. بوونی ئافرەتانی كورد وەكو هێزێكی سیاسی و ڕۆشنبیری و ئەتنیكی لەم دەمانەدا تازە بە تازە پەردەی لەسەر لادەدرێ. هەڵوێستی ئافرەتان زانستییانە لە لای كوردی ئەستەمبووڵ بە بەرچاوەوە دەگیرێ. نەك هەر

---

[١٣] بۆ نامەی (هـ.عەزیز) بڕوانە ژین- ژمارە (١٦)، ١٩١٩.

بۆ نامەی ئەمینی مۆلاتزادەی میدیایی. بڕوانە: ژین- ژمارە (٩)، ١٩١٨ كە م.ئەمین بۆز ئەرسلان- لە پیتی عەرەبییەوە كردوویەتییە لاتینی و لە ستۆكهۆڵم ساڵی (١٩٨٥-١٩٨٨) چاپی كردووەتەوە.

تەنیا ئافرەتان، بەڵکو پیاوانیش لەگەڵ بزووتنەوەی ئافرەتاندا لە هاوکاریدا دەبن. وەکی دی لە روانگەی رەسمەتی ئەتنیکییەوە چەند رۆشنبیرێکی کورد، لە وریابوونەوەی ئافرەتانی عوسمانیدا دەورێکی گەورەیان بینیوە، بۆ نموونە عەبدوللا جەودەت، قاسم ئەمین، زیا گۆك ئاڵپ و رەفعەتی مەولانزادە، هەندێکن لەمانە.

عەبدوللا جەودەت یەك لە رۆشنبیرە کوردەکان بوو، لە نووسینەکانیدا بەردەوام بەرگری لە مافەکانی ئافرەت دەکا، ئافرەت لە پێکهاتنی کۆمەڵگاکان و دەوری دایکان بە گەورە هەڵدەسەنگێنێ: ((... ئێمە بە پێی واتا، پتر درێژەی ژیانی دایکانمانین، لەوەی هی باوکانمان بین))[14].

عەبدوللا جەودەتی رۆشنبیری کورد، لەگەڵ ئیسحاق سوکووتی، قوتابخانەیەك دەکەنەوە کوڕان و کیژان پێکەوە بتوانن تێیدا بخوێنن. لە بابەتی ئافرەتاندا نووسینێکی زۆری لە گۆڤار و رۆژنامە جیاجیاکاندا بڵاو کردووەتەوە، بۆ نموونە، چیرۆکێکی (گوڵ)ی کچی عەبدوللا جەودەت لە (گۆڤاری ئیجتیهاد)دا بڵاوکراوەتەوە، هەر لە ژێر چیرۆکەکەدا نووسینێکی عەبدوللا جەودەت بە ناونیشانی (ئافرەت و سیاسەت) بڵاوکراوەتەوە. عەبدوللا جەودەت هەوڵی داوە، لەم نووسینەدا بۆچوونەکانی خۆی لە بارەی ئافرەتەوە کورت بکاتەوە[15]. ساڵی (١٩٩٧) لە ئەستەمبوڵ کە سەرم لە شوێنە کۆنەکانی کوردان دەدا، لەو ماوەیەدا سەرم لە (ماڵی ئیجتیهاد) دا، کە عەبدوللا جەودەت ساڵەهای ساڵی لێ ماوەتەوە و کاری کردووە. (گوڵ)ی کچی، هێشتا لە ژیاندا بوو و لەوێ دەژیا، لەگەڵ گەورەیی تەمەنیشی خەریکی نۆژەنکردنەوەی ماڵەکەی بوو.

قاسم ئەمین (١٨٦٠-١٩٠٣) یەکێکە لە رۆشنبیرە کوردەکان و ساڵانێکی دووروودرێژ لە میسردا ژیاوە. ئەو نووسینانەی لە بارەی ئافرەتەوە نووسینی لە جیهانی عەرەبیش و هەروەها لە ئەورووپاش دەنگدانەوەیەکی گەورە بەرپا دەکا، قاسم ئەمین کە لە بنەماڵەیەکی کوردی

14- Dr. M. Şükrü Hanioğlu, Doktor Abdullah Cevdet ve Dönemi, 1981, s.174.

15- Dr. Abdullah Cevdet, içtimai Hayatta Kadın, Süs, no 42, 1924, içtimai Hayatta kadın: J. M. Köyü ve Kadın, Süs, no 43, 1924. Abdullah Cevdet'in Kadınlara ilişkin yazdığı yazıları için bak. Kadın Dergileri Bibliyografyası, İstanbul, 1992. yine bak. Abdullah Cevdet, kadın ve Siyaset, kızı Gül'ün bir öyküsü aynı sayıda yer almaktadır: Küçük Satıcı, İçtihat, no 298, 1930.

سلێمانییەوە هاتووە، لە فەرەنسا حوقووق (ماف – قانوون)ی خوێندووە و ساڵانێکی دوورودرێژ لە میسر دادوەریی کردووە. کتێبی (ئازادیی ئافرەتان)ی قاسم ئەمین بە ناوی (حورریەتی نسوان)، ساڵی (١٩١٨) بە تورکی وەردەگێڕێ، بەڵام بە بۆچوونی د.بەرنارد جاپۆراڵ لە لایەن حوکومەتی ئەو سەردەمەوە ساڵی (١٩١٥) قەدەغە دەکرێ. بەجۆرە قاسم ئەمین لە لای ناوەندە رۆشنبیرییەکەی ئەستەمبووڵ دەبێتە کەسایەتییەکی ناسراو.

ئەم لێکۆڵینەوەیەی قاسم ئەمینە، دواتر وەردەگێڕێتە سەر زمانی جیاجیا و دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکیی گرنگ. بۆ نموونە ساڵی (١٩٢٨) لە شتوتگارت دەکرێتە ئەڵمانی، نووسەر جگە لەمە، بەناوی (ئافرەتی نوێ)وە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەشی هەیە. یەك لەوانەی بۆ یەکەم جار کوردایەتیی قاسم ئەمینی باس کردبێ، محەممەد ئەمین زەکی بەگە کە بە لێکۆڵینەوەکانییەوە لە بارەی مێژووی کورد بەناوبانگە.

زیا گوێك ئاڵپ هەر چەندە لە لایەن رەسەنی ئەتنیکییەوە کوردیش بێ، دواتر دەبێتە باوکی نەتەوەخوازیی تورك و لە دژی کورد دوور دەکەوێتەوە. بەڵام بۆچوونەکانی بەرامبەر ئافرەتان، بە بەراورد لەگەڵ هەندێك کەسی سەردەمی خۆی گەلێك لە پێشەوەتر بووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا زیا گوێك ئاڵپ کە ناوە ناوە لە ئەستەمبووڵدا ژیاوە، لەوێ لەگەڵ رۆشنبیرە کوردەکانی دیکەدا ئاشنایەتیی دەبێ لە بارەی زمانی کوردییەوە لە لێکۆڵینەوەگەلێکدا بەشداری دەکا. لە یەك لە لێکۆڵینەوەکانیدا دەڵێ: ((لە نێو کوردیشدا جاروبار ئافرەتانیش وەك پیاوان ئازایەتی و قارەمانێتیی نموونەیی دەنوێنن))[١٦].

زیا گوێك ئاڵپ هەر لەو لێکۆڵینەوەیەیدا ئەم پەندی پێشینانەی کوردە دووبارە دەکاتەوە: ((شێر شێرە، چ ژنە چ مێرە)). زیا گوێك ئاڵپ بەر لە جاڕدانی مەشرووتییەت سەردەمێك لەگەڵ هەندێك لەو کوردانەی لە ئەستەمبووڵ دەژیان پەیوەندیی دەبێ. کار لە رێزمانی کوردی دەکا. بە پێی قسەی خالیدە ئەدیب ئادیوار، دواتر دەست لەم کارە هەڵدەگرێ.

یەك لەم کەسایەتییە کوردە سەرنجڕاکێشانەی ئەستەمبووڵ بێگومان رەفعەتی مەولانزادەیە. رەفعەتی مەولانزادە کە لە کوردەکانی سلێمانییە، ساڵانێکی دوورودرێژ لە ئەستەمبووڵ

16- Ziya Gökalp, Kürt Aşiretleri Hakkında Sosyolojik Tetkikler, İstanbul, 1992, s.38.

ژیاوە، لەوێ وەکو رۆژنامەنووسێك کاری کردووە. بەم هۆیەوە گەلێك جار گیراوە، دوورخراوەتەوە و بووەتە ئامانجی زنجیرە فشارێکی سیاسی. لە کۆتاییدا دەخرێتە لیستی سەدر پەنجا کەسییەکەوە و دەنێررێتە تاراوگە. تا ساڵی (۱۹۳۰) کە مێژووی کۆچی دواییەتی ژیانی لە ژێر مەرجەکانی ژیانی تاراوگەیی لە سووریە بەسەر بردووە. رفعەتی مەولانزادە بەر لەوەی بنێررێتە تاراوگەی سووریا، کچێکی بە ناوی (عولوییە) خانم (۱۸۹۳-۱۹٦٤) خواستووە، دوای هێنانی ناوی دەبێتە عولوییە مەولان. لە ساڵی (۱۹۱۳)ەوە بەرابەریی عولوییە مەولان، بە ناوی جیهانی ئافرەت-ەوە لە ئەستەمبوڵ گۆڤارێکی ئافرەتان دەست بە دەرچوون دەکات. ناوە ناوە وەستانی تێکەوتبێ، تا ساڵی (۱۹۲۱) بڵاوبوونەوەی بەردەوام بووە، نزیکەی (۱۹٤) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

جیهانی ئافرەتان، لە نێو ئافرەتانی عوسمانیدا بێ ئەوەی جیاوازی لە ئاین و رێبازی ئایینی و ئەتنیکی بکا، بووەتە دەنگی تەواوی ئافرەتانی عوسمانی. لەم دەمانەدا لە نێو ئەو (وەرزییانە)ی ئافرەتان دەریانکردووە، یەك لە جددیترین و ناسراوترینی گۆڤارەکان (جیهانی ئافرەتان)ـە. گۆڤارەکە هەر بەو ناوەوە چاپخانەیەکی هەبووە. وەکو دواتر باسی لێوە دەکەین نیزامنامە (پەیرەو و پرۆگرامی) کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کورد، کە ساڵی (۱۹۱۹) دامەزراوە، لەو چاپخانەیە لەچاپدراوە. ئەمەش ئەوە پیشان دەدا کە دەرگای گۆڤارەکە لە رووی هەر هەموو ئافرەتانی عوسمانی واڵاکراوە بووە، ئافرەتانی رۆم، ئەرمەنی، کورد، ئەرناوت (ئەڵبانی) و چەرکەس لەگەڵ گۆڤارەکەدا پەیوەندیی جیاجیایان هەبووە.

دەرچوونی جیهانی ئافرەت، کاریگەرییەکی زۆر بەرپا دەکا. هەندێك لە ئۆرگانەکانی مێدیای ئەورووپی، شوێنیان بۆ دەرچوونی ئەم گۆڤارە تەرخان دەکرد، بۆ نموونە وەکو: Berlin Tageblat کە لە ئەڵمانیا دەرچووە و Dagny کە لە سوێد دەردەکرا، Odette Feldmannی رۆژنامەنووسی ئەڵمان، لە ریپۆرتاژێکدا کە لەگەڵ عولوییە مەولاندا ئەنجامی داوە، عولوییە مەولان ئەوە رادەگەیەنێ کە بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤارێکی وەها بۆ یەکەمجار لە لایەن

هاوسەرییەوە هاتووەتە گۆڕێ[١٧]. لە بابەتێکی سەنجڕاکێشدا، لە ژمارە (١٦٣) بەولاوە، رفعەت مەولان دەبێتە بەڕێوەبەری گۆڤارەکە. لە لایەکی دیکەوە، بە ئامانجی ئەوەی سەر لە نوێ بەرپرسییەتییان بە بەری پیاواندا بهێنێتەوە، رفعەتی مەولانزادە ئەم جارەیان ساڵی (١٩١٤) گۆڤارێکی دیکەی بە ناوی جیهانی پیاوان دەردەکا. یەك لە گەورەترین ئامانجەکانی گۆڤارەکە هێنانە دیی نزیکبوونەوە بووە لە نێوانی جیهانی ئافرەتان و جیهانی پیاواندا، گۆڤارەکە بڵاوکردنەوەی چەمکی (جیهانی مرۆڤ) بەناو کۆمەڵدا بە ئامانج دەگرێ[١٨].

جیهانی ئافرەتان کە لە (٢٨ی مایسی ١٩١٣) دامەزراوە و ئۆرگانی بڵاوکراوەی کۆمەڵەی بەرگری لە مافەکانی ئافرەتان: (Müdafaa-i hukuk-ı Nisvan Cemiyeti) بووە کە بەرگریی لە مافەکانی ئافرەتان دەکرد کە خاوەنی مافی یەکسانن لەگەڵ پیاواندا. ئەم کۆمەڵەیەی دەرگاکانی بۆ هەموو ئافرەتە عوسمانییەکان دەکاتەوە و بێ ئەوەی جیاوازیی

17- Kadınlar Dünjasse och Nurieh Hanoum- En Turkisk Kvinnotidning och dess redaktor, Dagny, no 33, Stockholm, 1913.

(ئەم نووسینەی بە سویدی نووسراوە، ریپۆرتاژێکە لەگەڵ عولییە مەولان کراوە، وا دیارە لە ئەڵمانییەوە وەرگێڕدراوە. چونکە ئەوەی ئەم ریپۆرتاژەی ئەنجام داوە یەکێکە لە کارمەندانی رۆژنامەی (بەرلینەر تاگەبلات Berliner Tageblatt)ە. نووسینەکە پێشتر لە (فراوان رەنسچو Freuen Rundschaw)ی پاشکۆی رۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوە).

18- Serpil Çakır, Osmanlı Kadın Hareketi, İstanbul, 1994, s.38.

سەرپیل چاکر ساڵی ١٩٩١ لە بارەی بزووتنەوەی ئافرەتانی مەشرووتییەتی دووەم و بزووتنەوەی ئافرەتانی عوسمانییەوە تێزێکی دوکتۆرای ئامادەکردووە و وتارێکی بە ناوی کۆمەڵەکانی ئافرەتانی عوسمانییەوە نووسیوە. بڕوانە:

Toplum ve Bilim no 53, 1991, s.139-157.

لە بارەی عولوییە مەولانەوە، هەندێك زانیاریی بە دوور و درێژی، لەو گوتارەی سەرپیل چاکردا کە بە ناوی: عولوییە مەولان و نەزیهە موحیەدین: دوو ناوی ناو مێژووی ئافرەتدا باس کراوە. بڕوانە:

Toplumsal Tarih, no 46, 1997.

ئایین و ڕێبازی ئایین بە بەرچاوەوە بگرێ لە پێناوی هەر هەموو ئافرەتانی عوسمانی لە تێکۆشاندا بووە. بۆ نموونە ئافرەتێکی بەرگریکاری مافەکانی ئافرەتان کە ناوی نەزیهە محێددین بووە ڕەخنەی لە عولوییە مەولانی ئەندامی ئەکتیڤی کۆمەڵەکە گرتووە. بەوەی کە ئەم کۆمەڵەیە لە لایەن ڕفعەتی مەولانزادەی هاوسەری عولوییە مەولانەوە دامەزراوە، بەجۆرە هەوڵی داوە، عولوییە مەولان گچکە بکاتەوە. ئەگەر پێویست بە چرکردنەوە هەبێ، لە بارەی کۆمەڵەی بەرگری لە مافەکانی ئافرەتان (جەمعییەتی مودافەعەیی حقوقی نسوان)یش و ئەو گۆڤارەی جیهانی ئافرەتانیش کە کۆمەڵە دەریکردووە ئەو لێکۆڵینەوانەی کراون لە بارەی ڕەخنە لێ گرتنەوە، ڕفعەتی مەولانزادە کە ڕۆشنبیرێکی کوردە. وەکو کەسایەتییەکی گرنگ دێتە بەرچاوان.

لەم گۆڤارەدا کە ناوی جیهانی ئافرەتانە، ناوە ناوە بابەتی ئافرەتانی کوردیان لە بابەتی ئافرەتاندا جێ بۆ دیدو بۆچوونی کوردەکان کراوەتەوە. لە ژمارەیەکی گۆڤارەکەدا ڕوو نەپۆشینی ئافرەتانی کورد و جل و بەرگی ئافرەتان و جیاوازییەکانی لە کوردستاندا سەرنج ڕادەکێشێ[19]. لەم ساڵانەدا ئافرەتێك (کچێك) بە ناوی (بەلقیس خانم) بۆ یەکەم جار کە سواری فڕۆکە دەبێ بە ئاسمانەکانی ئەستەمبوڵدا دەفڕێ. ئەم بابەتە لەو ساڵانەدا دەبێتە ڕووداوێکی گەورە. لە ژمارەیەکی دیکەی گۆڤارەکەدا ئەوە ڕادەگەیەنرێ کە ڕفعەت مەولانزادەی ڕۆشنبیری کورد و سورەییا بەدرخان، کەوتوونەتە پەیوەندی کردن بە دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و ڕێیان بۆ ئەم فڕینەی بەلقیس خانم خۆش کردووە. لە بارەی ئەم ڕووداوەوە لە ڕۆژنامەی (دیجلە) دا کە لە دیاربەکر دەردەچوو، نووسینی کوردێك دەردەچێ کە ناوی عادل بەگی زولفی زادە بووە. جیهانی ئافرەتان، لە پاشکۆیدا کە بە فڕەنسی بڵاوکراوەتەوە، ئەم نووسینەی ڕۆژنامەی دیجلەیەی وەکو دید و بۆچوونی کوردەکانی بڵاوکردووەتەوە[20]. لە (١٠٠) ژمارەی گۆڤارەکەدا، لە بارەی ئەو ئافرەتە کوردەی ناوی قەمەرفاتمە و پێشتر باسمان لێوە کردبوو، نووسینێك لەبارەی ئەو سەفەرەی ئەستەمبوڵییەوە دەردەچێ و لە نووسینەکەدا کورد بوونی قەمەرفاتمە دیاردەکا.

19-Aynur Demirdirek, Osmanlı, Kadınlarının Hayat Hakkı Arayışının Bir Hikayesi, Ankara, 1993, s.106.
20- Ce qu'on Pense au Kurdistan du vol de Belkis Hanoum, Kadınlar Dünyası, no 127, 1914.

لە لایەکی دیکەوە وێنەیەکی قەرەفاتە کە ساڵی (١٨٦٧) لە گۆڤاری (Le Tour de Monde)دا دەرچوو بوو لەم ژمارەیەدا دەبێتە وێنەی سەر بەرگ.

لە هەندێك ژمارەی ئەم گۆڤارەدا کە ناوی (جیهانی ئافرەتان)ـە ناوە ناوە پەندی پێشینان و قسە بەناوبانگەکان بڵاو دەکرێتەوە، بۆ نموونە لە (١٢٣) ژمارەی (ڕۆژنامەدا!) هەندێك قسەی گرنگی هەندێك لە سیما کوردە ناسراوەکانی وەکو عەبدوڵلا جەودەت، کامەران بەدرخان و ئەحمەدێ خانی بڵاودەکرێتەوە و لێرەدا ئەحمەدی خانی وەك شاعیرێکی کورد دەناسێنرێ. لە (١٢٢) ژمارەی جیهانی ئافرەتاندا نووسینێکی ئافرەتێکی کوردی بە ناوی (فاتێ نالی)یەوە دەردەچێ. فاتێ نالی لە نووسینەکەیدا باس لە کوردێکی بەدیل گیراو دەکا. ئەم کوردە بەستەزمانەی ناوی قاسم بووە لە جەنگی بەڵکاندا بەدیل کەوتووەتە دەست بولگارەکان. لە ڕۆژنامەکەدا وێنەی قاسمیشی تێدایە، ئەو نیگەرانییەی تووشی بووە، لە وێنەکەوە بە ڕوونی دیارە. فاتێ نالی لە نووسینەکەیدا دەیەوێ سەرنج بۆ ئازاری قاسم و ئەو مرۆڤانەی وەکو قاسن ڕابکێشێ.

جیهانی ئافرەتان لە ڕوانگەی ئافرەتی کوردەوە شایەنی ئەوەیە ببێتە بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆی دیکە. ساڵی (١٩٩٤) سەرپیل چاکر لە بارەی جیهانی ئافرەتانەوە لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیری نووسیوەو بە ناوی بزووتنەوەی ئافرەتی عوسمانییەوە لە ئەستەمبوڵ بڵاوی کردووەتەوە. کتێبەکە لە تێزی بۆ دوکتۆرا ئامادەکراوی سەرپیل چاکر پێکهاتووە. چاکر، لەم لێکۆڵینەوە سەرنجڕاکێشەدا بزووتنەوەی ئافرەتی عوسمانی بە شێوەیەکی بەرفراوان شی دەکاتەوە و بە کورتیش باس لە بزووتنەوەکانی ئافرەتانی کۆمەڵگەکانی ئەتنیکیی دیکەش دەکا. بەڵام لێکۆڵەرەوە بە هەر هۆیەکەوە بێ زۆر باسی هەڵوێستی ئەو ئافرەتە کوردانە ناکا کە لەم ساڵانەدا لە پایتەختی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا دەژیان. لەگەڵ ئەم کەموکورییەشدا. ئەم لێکۆڵینەوەیەی سەرپیل چاکرە، بزووتنەوەی ئافرەتی عوسمانی، و بەتایبەتی لە ڕوانگەی ئەوانەوە کە دەیانەوێ ئەم گۆڤارەی بە ناوی (جیهانی ئافرەتان)ەوە بناسن، تایبەتمەندیی بوونی سەرچاوەیەکی تا دوا پلە (ڕادەیەکی زۆر) بە سوود بەخۆوە دەگرێ.

کە باس لە بڵاوکراوە وەرزییەکان دەکرێ، دەبێ باسی هەندێك ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکەش بکرێ کە لەم ساڵانەدا لە ئەستەمبوڵ دەردەچوون. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا گەلێك

گۆڤاری ئافرەتانی عوسمانی لە ئەستەمبوڵ دەرچووە، لەم بڵاوکراوانەش و لەو ئۆرگانە بڵاوکراوانەی کوردیشدا لە بارەی ئافرەتی کوردەوە گەلێك لێکۆڵینەوەی گرنگ بڵاو دەکرێتەوە. بۆ نموونە، جیهانی ئافرەتان، رۆژی کورد، سیاسەت، ژین، وەك لە سەرەوەش باسمان لێوەکرد، ئەو نووسینەی ناونیشانی قەرەفاتمە لە گۆڤاری جیهانی ئافرەتدا بڵاوکراوەتەوە، لە یەکەمی ئەو نووسینانەیە کە لە بارەی ئافرەتانی کوردەوە نووسراون. ساڵی (١٩١٣) لە گۆڤاری رۆژی کورددا کە لەلایەن کۆمەڵەی هێڤیی کوردەوە دەردەکرا بە ئیمزای (ی.ج. ئەرگەنی-مەعدەنلی- Ergani Madenli y.c.) نووسینێك بە ناونیشانی (دۆزی ئافرەت لەلای کورددا) بڵاوکراوەتەوە. لە نووسینەکەدا شوێنی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا شی کراوەتەوە و سەرنجی خوێنەران بۆ ئەم بابەتە راکێشراوە. ئەم نووسینە وەکو یەك لەو نووسینە بەراییانەیە کە لە بارەی ئافرەتی کوردەوە بڵاوبوونەتەوە[21]. لە ساڵی (١٩١٤) دا ئەم جارەیان لە گۆڤاری سیانەت-دا بە ناوی ئافرەتی کوردەوە نووسینێکی دیکە بڵاوکراوەتەوە. نووسینەکە لە لایەن خەلیل حەمیدەوە نووسراوە. لایەنی سەرنجراکێشی نووسینەکە ئەوەیە بۆ یەکەم جارە یەکە یەکە هەندێك لە ئافرەتە کوردە ناودارەکان دەناسێنێ. بۆ نموونە وەك قەرەفاتمە و دایکی میر محەممەد[22]. بەم جۆرە سەنج بۆ رابوردووی مێژینەی ئافرەتە کوردەکان راکێشاوە. لە ساڵی (١٩١٩) دا لە گۆڤاری ژیندا نووسینێکی مەمدووح سەلیم بە ناوی خانمی کوردەوە

21- ergani-Madenli Y.C., Kürdlere kadın Meselesi, Rojî Kürd, no 4, 1913. (Janet klein, Claiming the Nation: The Origins and Nature of Kurdish Nationalist Discourse-A study of the kurdish Press in the Ottoman Empire, June, 1996. A Thesis Presented to the Faculty of Princeton University in candidacy for the Degree of Master of Arts. S.112).

لە بارەی وەرگێڕانی سوێدیی ئەو وتارەی لە سەرەوە باسی لێوەکراوە بڕوانە:

Malmisanij, En Artikle om kvinnofragani "Rojî Kurd", Jîn Dergisi no 2-3, Stockholm, 1995.

22- Halil Hamid, Alem-Î Nisvan: Kürt Kadınları, Siyanet, no 16, 1914.

دەرچووە[٢٣]. ئەم چوار نووسینە، لە بابەتی نووسینی مێژووی ئافرەتی کورددا وەکو بەڵگەی بەرایی گرنگییەکی گەورە بە خۆوە دەگرن.

کورتییەکەی لە سەرەتای سەدەماندا (سەدەی بیستەم) لە ئەستەمبووڵ لە سایەی میدیای عوسمانی و کورددا بابەتی ئافرەتانی کورد، بۆ یەکەم جار سەرنجی گرووپە خوێنەرە دیارەکان رادەکێشێ و دێتە سەر باری بابەتێکی میدیایی. ئەم بابەتە سەرنجی (جانێت کلێن)ی لێکۆڵەرەوەش رادەکێشێ. لە تێزێکی مارتەردا کە لێکۆڵەرەوە ئامادەی کردووە، ئەو بڵاوکراوە کوردییانەی لە ساڵانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا دەرچوون شی دەکاتەوە و بەشێکی کارەکەی لە بابەتی ئافرەتانی کورددا بۆ ئەو گفتوگۆیانە جیا کردووەتەوە کە لەم بڵاوکراوانەدا دەستی پێ کردووە[٢٤].

کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کورد

یەك لە گرنگترینی ئەو هەنگاوانەی لە مێژووی بزووتنەوەی ئافرەتی کورددا بێگومان دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیەیە کە بە ناوی (کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کورد)ەوەیە، ساڵی (١٩١٩) لە ئەستەمبووڵ دامەزراوە. تا ساڵانی (١٩٨٠) ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن چەند کەسێکی کەمەوە هەر بەم ناوە ناسراوە. دوای ئەوەی هەندێك بەڵگە کەوتووەتە روو، خوێنەرێکی زۆر لە بوونی کۆمەڵەکەوە بۆ یەکەم جار ئاگادار بووەوە. بە تایبەتی لە بابەتی ئەوانەی لە ریزی پێشەوەی ئەم کۆمەڵەیەدا بوون هەندێك زانیاریی بیۆگرافیکی نوێ هاتووەتە گۆڕێ، کورتییەکەی دەتوانین بڵێین بوونی کۆمەڵەکە، ساڵانێك دوای دامەزرانی لە لایەن کوردانەوە سەر لە نوێ خرایەوە روو، مێژووی ئەم کۆمەڵەیەی کە سفەتی یەکەم کۆمەڵەی ئافرەتی کوردی وەرگرتووە و بە تایبەتی بیۆگرافیای لە بارەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە و پێویستیی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکانی دیکە روون و ئاشکرایە، کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کورد لە داهاتوویەکی نزیکدا پێ دەنێتە تەمەنی هەشتا ساڵەیەوە. دوای ساڵانێکی دوور و درێژ لە

23- Memduh Selim, Kürd Hanımı, Jîn, no 14.
24- Janet klein, Claiming the Nation: The Origins and Nature of Kurdish Nationalist Discourse-A study of the kurdish press in the Ottoman Empire, June, 1996. A Thesis presented to the Faculty of Princeton University in Candidacy for the Degree of Master of Arts.

دامەزرانی کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کورد لە ژیانی کۆمەڵەپەروەریی ئافرەتان لە کوردستاندا بێدەنگییەك چاوەڕوانی دەکرێ، ئەم هەڵوێستە لە ڕوانگەی کوردی ئێرانەوە تا ساڵی (١٩٤٦) و لە ڕوانگەی کوردی تورکیاشەوە تا ساڵانی (١٩٧٠) بەردەوام بووە.

وەك لە پەیڕەو و پرۆگرامییەوە دیارە، ئەم یەکەم کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردە لە ئەستەمبووڵدا دادەمەزرێ، بەم هۆیەوە لە مێژووی بزووتنەوەی ئافرەتی کورددا، ئەستەمبووڵ وەکو شار گرنگییەکی تایبەتیی هەیە. لە گۆڤار و ڕۆژنامەی وەکو: ژین، ئیستیقلال، زاریا ڤاستۆکا هەندێك تێبینی و زانیاری کە پەیوەندییان بە کۆمەڵەوە هەیە، بڵاوکراوەتەوە. یەك لە بەڵگە هەر گرنگەکان کە لە بابەتی کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کورددا بەرچاومان ڕوون دەکاتەوە. ئۆرگانی بڵاوکراوەی وەرزانەی کوردییە کە بە ناوی (ژین)ەوەیەو لەو ساڵانەدا لە ئەستەمبووڵ بڵاوکراوەتەوە. بە قسەی گۆڤاری ژین، بە بۆنەی دامەزرانی کۆمەڵەکە کۆبوونەوەیەك لە ئەستەمبووڵ دەکرێ و مەولوودنامەیەکی تێدا دەخوێنرێتەوە. لەم کۆبوونەوەیەدا ئافرەتێك بە ناوی (ئەنجوم یامولکی)یەوە، ئامانجی دامەزراندنی کۆمەڵە و شێوەکانی کار، لە بارەی هەڵوێستی کوردەکانەوە لێدوانێك پێشکەشدەکا. لە ژمارەیەکی دیکەی گۆڤارەوە تێدەگەین کە کۆمەڵە، دەسا.. دەستی بەکارکردن کردووە. نەخۆشخانەی شیشلیی منداڵان، منداڵە کوردێکی زۆری بەبێ پارە خەتەنە کردووە و بەم بۆنەیەوە پیشاندانێکی شانۆیی ڕێکخراوە. لە بارەی ئەم نواندنە نووسینێکی عەزیز یامولکی لە گۆڤاری (ژین)دا بڵاوکراوەتەوە[25]. پیشاندانی نواندنەکە بە یەکێك لە کارە ڕۆشنبیرییە بەراییەکانی کۆمەڵەکە دەژمێررێت. لە چەند ژمارەیەکی گۆڤاری ژیندا، هەندێك نووسینی مەمدووح سەلیم، لە بارەی کارەکانی کۆمەڵەکەش و لە بابەتی ئافرەتانی کوردیشەوە بڵاوکراوەتەوە[26]. عەبدوڕڕەحیم ڕەحمیی یەك لە شاعیرانی کورد بە بۆنەی کردنەوەی ئەم کۆمەڵەیەوە شیعرێك بە ناونیشانی (ژ بۆ جڤاتا دایکان) دەنووسێ[27].
وەك بینیمان نووسەرانی کوردی وەك عەزیز یامولکی، مەمدووح سەلیم، عەبدوڕڕەحیم

25- Aziz Yamulki, Kürt kadınları Teali Cemiyeti'nin Müsameresi Dolayısıyla, Jîn, no 25.
26- Memduh Selim, Kürd Hanımı, Jîn, no 14. Kürdlükte ilericilik Akımları, Jîn; no17. İki Hayırlı Eser, Jîn, no 20.
27- Ebdurrehîm Rehmi, Ji bo Civata Dayikan, Jîn, no 22.

رەحمی، دامەزرانی ئەم کۆمەڵەیە بە ڕووداوێکی گرنگ دەبینن و پەرۆزبایییان لێ کردووە. لە گۆڤاری (ژین)دا هەندێك نامەش بڵاوکراوەتەوە کە لە لایەن ئافرەتانی کوردەوە نووسراون. وەك نامەکانی ھ.عەزیز و تەنێ مۆلازادەی میدیایی. کورتییەکەی، ئەم بەڵگە گرنگانەی لە گۆڤاری (ژین)دا کە لە نێوانی ساڵانی (١٩١٨-١٩١٩) بڵاو کراوەتەوە، لە بابەتی کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کورد زانیاریی بە سوودمان پێ دەگەیەنن.

داخۆ ئەو (ئەنجوم یامولکی)یە کێیە کە لە کۆبوونەوەی دامەزراندنی کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کورددا لێدوانێکی ئەنجام داوە؟ محەممەد ئەمین بۆزئەرسلان کە سەرلەنوێ کۆی ژمارەکانی ئەم گۆڤارەی سەر لە نوێ ساڵی (١٩٨٦) بڵاوکردووەتەوە، لەم بارەیەوە دەڵێ: ((داخۆ ئەنجوم یامولکی کێیە؟ مخابن لە بارەی کەسایەتیی ئەوەوە هیچ نازانین. یەك لە کوردە دیار و بەرچاوەکان، مستەفا پاشای یامولکییە، یەکی دیکەش عەزیز یامولکیی یەك لە نووسەرانی (ژین) بووە. بە ڕێتێچوونێکی زۆرەوە ئەنجوم یامولکی نزیکی یەك لە مانەیە، لەوانەشە هاوسەری مستەفا یامولکی بووبێ))[٢٨]. ئەم دوا ڕێتێچوونەی م.ئەمین بۆز ئەرسلان بۆی چووە، ڕاست نەبووە. کە لە بیرەوەرییەکانی عەبدولعەزیز یامولکی ورد دەبینەوە، دەردەکەوێ کە ئەنجوم یامولکی هاوسەری مستەفا پاشا نییە، بەڵکو کچیەتی. هاوسەری مستەفا پاشا، ناوی سەفییە خانمە، هاوسەری عەبدولعەزیز یامولکی ناوی گوزیدە خانمە. هاوسەری مستەفا پاشا، خوشکی سەعید پاشایە، وەکو زانراوە، سەعید پاشا باوکی شەریف پاشای بەناوبانگە[٢٩].

داخۆ کێ سەرۆکایەتیی کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کوردی کردووە؟ لەم بارەیەوە لە ژمارەی ڕۆژی (١٩١٩/٧/٩)ی ڕۆژنامەی سەربەخۆیی (ئیستیقلال)دا هەواڵێکی سەرنجڕاکێش بڵاو دەکرێتەوە، بەپێی ئەم هەواڵە، ئەمینە خانمی هاوسەری شەریف پاشا کە لە پاریس بووە، بە سەرۆکایەتیی کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کورد قایل بووە. کۆمەڵە، لە تەلگرافێکدا کە بۆ

28- Jîn dergisinin yeni basımı için M. Emin Bozarslan'ın hazırladığı sunuş yazısı, cilt I, 1985, Stockholm, s.64.

29- Bîreweriyekanî Abdulaziz Yamulkî (elyazmasıdır, Ferhad Şakelî'nin arşivinde bulunuyor).

ئەمینە خانم نێرراوە، لەبەر کۆشش و هەوڵەکانی سەرپاسگوزارییەکانی پێ رادەگەیەنێ[٣٠]. لە ئەنجامی ئەم هەواڵەدا دەتوانین بڵێین، لە بابەتی سەرۆکایەتیی کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کورددا یەك لە چالاکترینی ئەندامانی، ئەمینە خانمە، بۆ ماوەیەکی کورتیش بوو بێ، ئەو بەڕێوەی بردووە. لەو هەواڵەدا کە لە سەرەوە باسی لێوەکرا، بە هەڵە لە جیاتی ئەمینە خانم باسی لەوەی کە (لەیلا خانمە) کراوە.

ئەمینە خانم کێیە؟ ئەمینە خانم، نەوەی محەممەد عەلی پاشای قەوالەیی والیی ناسراوی میسرە، باوکی ناوی حەلیم پاشایە، سەعید حەلیم پاشا کە ماوەیەك سەدر ئەعزەم بووە، هەر کوڕی ئەم زاتەیە، واتە برای ئەمینە خانمە. ئەمینە خانم، ساڵی (١٨٦٨) لە قاهیرە هاتووەتە جیهان و لە (١٨٩٠)دا ژیانی هاوسەریی لەگەڵ شەریف پاشا دەست پێ دەکا. لە نێوانی ساڵانی (١٨٩٨-١٩٠٨) لەگەڵ شەریف پاشا کە نێرراوی عوسمانی بووە، پێکەوە لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێددا دەژی. لەو ماوەیەی لەوێ دەژیا، بە پێوەندانگێکی گرنگ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بزووتنەوەی ئافرەتی سوێدییەوە. ئەمینە خانم کە کەسێکی بەهێز و توانا بووە، ساڵانی بە خوێندنەوە بەسەر دەبا. بەتایبەتی کارەکانی دوو نووسەری سوێدی و فریدریك بریمەر (١٨٠١-١٨٦١)ی بەرگریکاری مافەکانی ئافرەتان و پرۆفیسۆر ئان-مارگریت هۆلمن (١٨٥٠-١٩٤٠)، زۆرکار لە ئەمینە خانم دەکەن. ئەمینە خانم کە ئینگلیزی و فەرەنسی و سوێدیی وەك زمانی نووسینیش و وەك زمانی ئاخاوتنیش بە چاکی دەزانی، وەکی دی وەکو کەسێکی بە زانست، سەنگین و خاوەن رەوشت دەناسرا. ئەوانەی ئەمینە خانمیان دیوە بە پێداهەڵدانەوە باسی لێوە دەکەن[٣١]. لەگەڵ شەریف پاشای هاوسەریدا ساڵی (١٩٠٩) پێکەوە دەچنە پاریس و لەوێ نیشتەجێ دەبن. شەریف پاشای هاوسەری ئەمینە خانم لە نێوانی ساڵانی (١٩١٩-١٩٢٠)دا وەکو زانراوە لە کۆبوونەوەکانی ئاشتیی سیڤەردا وەك نوێنەری کورد ئەرك بەجێ دەهێنێ و لە فەرەنسا بەرگری لە داواکارییەکانی کورد دەکا. لەم ساڵانەدا کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان، پشتگیریی شەریف پاشا دەکا، لە سەردەمێکی وەها ناسکدا ئەمینە خانم

30- Zeki Sarıhan, Kurtuluş savaşı Günlüğü, Ankara, 1993, s.373.
31- Rohat Alakom, Bir kürt Diplomatının Fırtınalı Yılları: General Şerif Paşa, Stockholm, 1995, s. 28-31.

به پێی ڕێتێچوونێکی زۆر ئەمینە خانیش وەکو هاوسەرەکەی ئارەزووی تێکەڵیی دۆزی کوردی دەبێت و بەم هۆیەوە پێشنیاری سەرۆکایەتیی کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کورد قبووڵ دەکا.

وەکو لە سەرەوەشدا بینرا، بە تایبەتی ئەوانەی وەکو مستەفا کەمال یامولکی و ئەندامانی خێزانەکانی ئەو کوردانەی کە لە کوردستانی باشوورەوە هاتبوون، سەعید پاشا، پێشەنگایەتیی بزووتنەوەی ئافرەتی کوردیان کردووە. دوای ساڵانی (١٩٢٠) کەسانی ریزی پێشەوەی کۆمەڵی کورد لە ئەستەمبووڵ ناچاری کۆچکردنەوە دەبن، بەشێك لەمانە لەگەڵ خاووخێزانیان دەچنە کوردستانی عیراق و لەوێدا نیشتەجێ دەبن. ئەمجارەیان لە روانگەی بزووتنەوەی ئافرەتانی کوردەوە وەکو ناوەندێکی تازەی لێ دێ. بزووتنەوەی ئافرەتی کورد کە لە ئەستەمبووڵ پێکدێ لەم بەشەی کوردستاندا خەباتی خۆی درێژە پێ دەدا. فاتمە محێددین، لە شاری سلێمانیدا بەناوی (ئەلزەهرا)وە قوتابخانەیەك بۆ کیژە لاوەکان دەکاتەوە. ئەم قوتابخانەیە بە ناوی (دایك)ەوە شانۆگەرییەك ئامادە دەکا. ئەم نواندنە شانۆییە، بە یەکێك لەو نواندنە بەراییانە دەژمێررێ کە لە لایەن ئافرەتانەوە نوێنراوە. گوزیدە خانی هاوسەری عەبدولعەزیز یامولکی و زەهرا خانی کچێکی دیکەی مستەفا پاشا لەم قوتابخانەیەدا کاردەکەن[32]. وەك لە سەرەوەش باسمان لێوە کرد، ئەنجوم یامولکیی یەك لە کچەکانی مستەفا پاشا یەکێکە لە رابەرانی کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کورد. کورتییەکەی، ئافرەتانی کوردستانی باشوور رۆڵێکی گەورە لە مێژووی بزووتنەوەی ئافرەتانی کورددا دەبینن.

لە بەڵگەیەکی گرنگی دیکەدا لە بابەتی کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کورددا، پەیرەو و پرۆگرامی ئەم کۆمەڵەیە، کە بە ناوی (نیزامنامەی کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کورد)ەوە بڵاوکراوەتەوە بە پێی پەیرەو و پرۆگرامەکە، کۆمەڵەکە ساڵی (١٩١٩) لە ئەستەمبووڵ دامەزراوە. بە پێی تێبینییەکی سەر بەرگ پەیرەو و پرۆگرامەکە لە چاپخانەی جیهانی ئافرەتاندا چاپکراوە کە لە (دیوان یۆڵو)دا بووە، وەکو لە سەرەوەش گوتمان گۆڤاری جیهانی ئافرەتان یەکێکە لەو گۆڤارە ناسراوانەی لە نێو گۆڤارەکانی ئافرەتانی عوسمانیدا جێی خۆی کردووەتەوە. بەمجۆرە لە ناو کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کورد و کۆمەڵەکانی دیکەی

32- Kemal Mezher Ehmed, Çend Rûpel Ji Dîroka Gelê Kurd, Stockholm, çeviren: Elî Şêr, s.719.

ئافرەتانی عوسمانیدا بوونی پەیوەندیی جۆرا و جۆرمان بۆ دەردەکەوێ. پەیڕەو و پرۆگرامی کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کورد بۆ یەکەم جار لە لایەن عەبدولسەتتار شەریفەوە لەو کتێبەدا باس کراوە کە لە بارەی ڕێکخراوە کوردییەکانەوە ئامادەی کردووە و ساڵی (١٩٨٦) لە عیراق لە چاپ دراوە[٣٣]. پەیڕەو و پرۆگرامەکە لە (٤٨) ماددە پێکهاتووە. ماددەی یەکەم دامەزرانی کۆمەڵەیەك بە ناوی کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کوردەوە لە ئەستەمبوڵ دەردەخا. لە ماددەی دووەمدا بە شێوەیەکی گشتی ئامانجەکانی کۆمەڵە ریزکراوە. گرنگترین خاڵ کە لەم ماددەیەدا دانراوە ئەوەیە کە پێگەیاندنی ئافرەتانی کورد بە زمینییەتێکی هاوچەرخانە بە ئامانج دەگرێ: ((بەرزکردنەوەی ئاستی ئافرەتانی کورد و دابین کردنی پەرەسەندنی بە چەمکێکی هاوچەرخانە و لە ژیانی خێزانیشدا هێنانەدیی چاکسازییەکی بنەڕەتیی کۆمەڵایەتی، کار پەیدا کردن بۆ ئەو هەتیو و بێوەژنە کوردانەی کە لە ئەنجامی کۆچ پێ کردنی بە تۆبزی و کۆمەڵکوژییەوە تووشی پەرێشانی هاتوون و لە ڕێگەی یارمەتی بە دراو و رزگارکردنیان لە هەژاری)). ئەم ماددەی دووەمەی پەیڕەو و پرۆگرامەکە لە نووسینێکی مەمدووح سەلیمیشدا کە لە گۆڤاری ژیندا بڵاوکراوەتەوە دانراوەتەوە، بەڵام لە نووسینەکەدا ئەوە روون نەکراوەتەوە کە ئەم باسە لە چەندەمین ماددەی پەیڕەو و پرۆگرامەکەوە وەرگیراوە. لەم قسانەوە تێدەگەین کە رۆشنبیرکردنی کورد لەم ساڵانەدا لە دەرەوەی بیرێکی هاوچەرخانەدا، چیی دیکە بیرێکی دی بە ڕێگەیەکی رزگاربوون نابینێ. ئەم خاڵە زۆر گرنگە.. کۆمەڵەکە لە یەکەم پلەدا خزمەتکردنی سێ چینی کۆمەڵایەتی بە ئامانج دەگرێ: کۆچەرەکان، هەتیو و بێوەژنان، لە روانگەی ڕێکخستنی کۆمەڵگاوە ئەم هەنگاوانە بێگومان گرنگییەکی گەورە بە خۆیەوە دەگرێ. لە ماددەی سێیەمی پەیڕەو و پرۆگرامەکەدا کۆمەڵە بەکام ڕێباز درێژە بە کارەکانی خۆی دەدا. باس لە بارەی ئەم بابەتەوە دەکرێ. کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کورد، زنجیرەیەك کارو چالاکیی وەکو رۆژنامە، گۆڤار، کتێب و نامیلکە بڵاوکردنەوە و قوتابخانە و دامەزراندنی کتێبخانە و کۆنفرانس و وانە گوتنەوە ئەنجامدان بەئامانج دەگرێ. لە کۆتاییی ماددەی چوارەمدا باس لە گرنگیی وشیاریی نەتەوەیی دەکا. لە ماددەی شەشەمدا، باس لەوە کراوە جگە لە ئافرەتانی کورد. ئافرەتانی نەتەوەکانی دیکە، تەوانەی ڕێزیان بۆ کورد هەیە،

33- Kürt Kadınları Teali Cemiyeti'nin tüzüğünü Osmanlıcadan latin harflerine Ethem Coşkun transkripite etmiştir, kendisine teşekkür ederim.

بۆیان هەیە ببنە ئەندامی ئەم کۆمەڵەیە. لە ماددەی پانزدەهەمی پەیڕەو و پرۆگرامەکەوە تێدەگەین بەڕێوەبەرایەتیی کۆمەڵە کە لەم کەسانە پێکهاتووە: سەرۆك، دوو یاریدەدەری سەرۆك، شەش ئەندامی ڕەسەن و سکرتێر و بەرپرسی دارایی. بە پێی ئەم ماددەیە دەتوانین بڵێین یەکەم بەڕێوەبەرایەتی کە دامەزراوە، لە (١١) ئافرەت پێکهاتووە. بەداخەوە ناوی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە لە ژێر پەیڕەو و پرۆگرامەکەدا بە نووسین ئاشکرا نەکراوە، ئەم خاڵە، واتە وەڵامی پرسیاری ئەوەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە کێ بوون؟! بەڵکو روونکردنەوە و پێویستیی پتر لێکۆڵینەوە، لەم بارەیەوە لە بابەتە هەرە گرنگەکانە.

سەرچاوەیەکیش کە لە بابەتی کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کورددا هەندێك روونکردنەوەی تێدایە، رۆژنامەیەکە، ناوی (زاریا ڤاستۆکا)یەو لە تفلیسی پایتەختی گورجستان (جۆرجیا)دا دەردەچێ. لە ژمارەیەکی (کۆمیتەی ئافرەتی کورد)ی ساڵی (١٩٢٨)دا هەواڵێك دەگرێتە خۆ، ئەم هەواڵە دە ساڵ دوای دامەزراندنی کۆمەڵە نووسراوەتەوە، هەواڵەکە لە لایەن کێوە نووسراوە؟ لێرەدا روون نەکراوەتەوە. بەڵام بە ڕێتێچوونێکی گەورەوە لە لایەن کامل بەدرخانەوە نووسراوە، کە لەم چەندانەدا لە تفلیس ژیاوە. چونکە لەم دەمانەدا هەر لەو رۆژنامەیەدا کامل بەدرخان نووسینی دیکە بلاو دەکاتەوە. کامل بەدرخان لەم ساڵانەدا لە تفلیس دەژیا. دلبەر خانمی هاوسەری لە ساڵانی دامەزرانی کۆمەڵەکە لە ئەستەمبووڵ بووە. ڕێی تێ دەچێ دلبەر خانم، لە ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کورد بووبێ. یانیش یەکێك بێ لە دامەزرێنەرانی. بەوەی کە لەم هەواڵەدا دیارە، ئەو کەسەی هەواڵەکەی نووسیوە، بەلای کەمەوە کەسێکی ئاگادار بووبێ لە پەیڕەو و پرۆگرامی کۆمەڵەکە. چونکە هەندێك شت کە لەم هەواڵەدایە، نزیکی ئەو شتانەن کە لە پەیڕەو و پرۆگرامەکەدا هەیە. ناوی کۆمەڵەکە لەم هەواڵەدا بە ((کۆمیتە)) ناوبراوە. بە هۆی گرنگیی مێژووییەوە هەواڵەکە لێرەدا هەروەکو خۆی بلاودەکەینەوە. ((ئەو رووداوە گەورانەی ساڵی (١٩١٩) هاتوونەتە گۆڕێ، رۆشنبیرانی کورد بۆ دامەزراندنی چەند ڕێکخراوێکی رۆشنبیری کۆششیان کردووە. یەك لەو هەنگاوانەی بەرەو پێشەوە هاوێژراون، دامەزرانی کۆمیتەی پێشکەوتنی ئافرەتانی کوردە. ئەم کۆمیتەیە، پێکهێنانی ڕێکخستنی هێزو توانای ئافرەتانی کورد و یارمەتیدانیان بۆ گۆڕینی باروودۆخی دارایی و گۆڕینی ژیانی کۆمەڵایەتییان بە ئامانج دەگرێ. وەکی دی، ئامانجەکانی کۆمەڵە، بابەتی یارمەتیدانی کەسوکاری شەهیدان و هەتیو و بێوەژنانیشی تێدایە. بۆ گەیشتن بە

ئامانجەکانیان، کۆمیتە، جگە لە پارە کۆکردنەوە، بڵاوکردنەوەی کتێب و نامیلکە و بۆ کردنەوەی سالۆنگەلی خوێندن و کتێبخانە هەوڵی داوە. بەم بۆنەیەوە راپۆرتگەلێك خوێندراوەتەوە. کۆمیتە بۆ ئەنجامدانی پروپاگاندەی بیری پێشکەوتنخواز، لەناو کرێکارانی کورددا لە هەموو بوارەکاندا، هەموو خوێندەوارێکی کورد بە بەرپرسیار دادەنێ. بە پێی پەیڕەو و پرۆگرامی کۆمیتە، نەك تەنیا ئافرەتانی کورد، هەر بەو شێوەیە خوشکانی خەڵکانی کورد و خێرخوازان و کەسانی میللەتانی دیکە و ئایینی دیکەش دەتوانن لەم کۆمەڵەیەدا ببنە ئەندام. بەڵام کارەکانی ئەم کۆمیتەیە زۆری پێ نەچووە. لەبەر فێڵبازیی نەتەوەپەرستانی کۆنستانتینۆپڵ (ئەستەمبووڵ) و لە رووی لێپرسینەوەی زۆرەوە کۆمەڵە بە هەموو بەشەکانییەوە داخرا))[٣٤]. هەروەها لەم هەواڵەوە ئەوەش تێدەگەین کە کۆمەڵەی تەعالیی ئافرەتانی کورد چەند بەشێکیشی هەبوو بێ.

هەندێك لێکۆڵینەوەی دیکە

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لە نێو کوردەکانی ئەستەمبووڵدا، ژیانی (کۆمەڵە) خوازی، پەرسەندنێکی گەورە دەردەخا. دەیان کۆمەڵە دروست کراوە، گۆڕانی گرنگ لەم ساڵانەدا گۆڕانێکی چۆنیەتی بووە. بوونی بەشداریکردنی ئافرەتانی کورد لەم ژیانی (کۆمەڵە) خوازییە و بەشداری لە تەواوی کۆمەڵە کوردییەکانی دیکە، دەبێ بایەخی پێ بدرێ.

لە سەرەتاکانی سەدەماندا (سەدەی بیستەم) سەدان کەسی سەر بە بەدرخانییان لە ئەستەمبووڵ دەژیان، لە کۆتاییدا کۆمەڵەیەك بە ناوی (کۆمەڵەی بنەماڵەی بەدرخانی) دادەمەزرێ. دەبینین هەندێك ئافرەتی بنەماڵەی بەدرخانییان، هەفتانە بەشدارییی ئەم کۆبوونەوانە دەکەن. کۆمەڵەکە ساڵی (١٩٢٠) دادەمەزرێ و (١٨) هەژدە کۆبوونەوە ئەنجام دەدا. لە کۆتاییی هەر کۆبوونەوەیەکدا تۆمارێکی کۆبوونەوەکە دەنووسرا. بە پێی ئەم تۆمارە، ئەو ئافرەتە بەدرخانییانەی بەشداری کۆبوونەوەکان بوون، ئەمانەن: عەدەوییە خان، بەلقیس خان، ئەدیبە خان، زەینەب خان، خالیدە خان، نازلی خان، یەکەم کۆبوونەوەی کۆمەڵەی بنەماڵەی بەدرخانییان تەنیا پیاوان بەشدارییان تێدا کردووە. لە دووەم کۆبوونەوەدا، لە لایەن ئەمین عالی بەگەوە پێشنیاری بەشداریکردنی ئافرەتان لە کارەکاندا دەکرێ و هەندێك گفتوگۆ لەم بارەیەوە

34- Kürt kadın komitesi (Rusça), Zara vastoka, no 297, Tiflis, 1928.

بەرپادەبێ. لە کۆبوونەوەی نۆیەمەوە بەشداریی ئافرەتان لەم کۆبوونەوانەدا بەرچاو دەکەوێ. تا دوا کۆبوونەوە، کە هەژدەم بووە، هەندێك لەوانەی ناویان دراوە لە کۆبوونەوەکاندا ئامادەبوون. ئەم کۆمەڵەیە سەرنجڕاکێشەی ژن و پیاو بەشدارییان لە کۆبوونەوەکانیدا دەکرد، دوای ماوەیەکی دیار کارەکانی سست دەکا. ساڵی (١٩٢٢) کۆمەڵەکە دیسانەوە لە لایەن ئافرەتانەوە بەگەڕ دەخرێتەوە و دەژیێنرێتەوە. دوای ئەمە درێژەدان و درێژە نەدان بە کارەکانی کۆمەڵەکە دیار نییە. وەکو زانراوە، زۆربەی نێرینەکانی بەدرخانییان لەم دەمانەدا پایتەخت بەجێ دەهێڵن و وا دیارە کارەکانی کۆمەڵە بە پێودانگێکی گەورەوە بەسەر ئەستۆی ئافرەتانەوە بار دەکرێ[٣٥].

هەندێك ئافرەت لە بنەماڵەی بەدرخانییان هەموو تەمەنیان لە ئەستەمبوڵ بەسەر بردووە. دوای دامەزرانی رژێمی کۆماری، یەك لەم ئافرەتانەی نازناوی چناری لێدەنرێ، نەسرین چنار بووە، کە هاوسەری عوسمان پاشای یەك لە کوڕانی بەدرخان پاشایە. نەسرین چنار کە لە ناوچەی (فەنەر یۆلو)ی ئەستەمبوڵدا دادەنیشت، سەرەڕای ئەوەی نزیکەی شەست و پێنج ساڵ لە ئەستەمبوڵ ژیابوو، فێرە تورکی نەبوو بوو. نەسرین چنار کە ساڵی (١٩٤٩) کۆچی دوایی کرد (٨٠) هەشتا ساڵی تەمەن بوو. عوسمان پاشای هاوسەری (باش مابەینجی)[*] بیەتیی سوڵتان عەبدولحەمیدی کردبوو. ئافرەتێکی دیکەی بەدرخانی کە ساڵانێکی درێژ لە ئەستەمبوڵ مابووەوە، هیدایەت خانە. هیدایەت خان کچی عەزیز بەگی بەدرخانی بوو، قوتابخانەی مامۆستایانی (فێرکار) تەواو کردبوو و وەکو فێرکار لە ئەستەمبوڵ کاری کردبوو. هیدایەت خان کە ساڵی (١٩٧٥) مردووە، بە یەکەم ئافرەتی کورد دەژمێررێ کە لە ئەستەمبوڵ مامۆستایی کردبێ. ئافرەتێکی کوردی دیکە، ساڵانی تەمەنی لە ئەستەمبوڵ بەسەر بردووە، مەزییەت چنارە. مەزییەت چناری خوشکی سورەییا، جەلادەت و کامەران بەدرخانە، کاریگەرییەکی گەورەیان بەسەر پەرەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی مۆدێرنی کورددا بووە، لەگەڵ ئەو کوردانەدا کە لە ئەستەمبوڵ دەژیان، پەیوەندییەکی گەرم دەبەستێ. ساڵی

35- Mehmed Uzun, Bedirhanilerin Haftalık Aile Toplantıları, 1-11, Özgür Gündem 21-22.3.1994. Aynı şekilde bak. Malmisanij, Cızira Botanlı Bedirhaniler ve Bedirhani Ailesi Derneği'nin Tutanakları, Stockholm, 1995. s.12-39.

[*] باش مابەینجی: یاوەری سوڵتان .. (وەرگێڕ).

مەزیپەت چنار لە تەلاریکی پشت گۆڕستانی رۆمی شیشلیدا بووە، سالانی دواتر مالەکەی بووە یەکێك لەو شوێنانەی کە ئەو لاوە کوردانەی بۆ خوێندن دەهاتنە ئەستەمبوڵ، هاتوچۆیان کردووە.

نەجیبە خانی کچی خەلیل خەیالیی یەك لە زانایانی زمانی کوردی، دوای ئەوەی کۆلیژی سانت بینوا، کە لە ئەستەمبوڵ بوو تەواوکرد، سالانێکی درێژ لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا کاری کردووە. ئافرەتێکی دیکە، کە هەر لەو قوتابخانەیەوە دەرچووە: ((زەهرا بوجاك))ە، زەهرا خانم کە شووی بە مستەفا رەمزی بوجاکی یەك لە رۆشنبیرە کوردەکان کردووە و دواتر لەگەڵ هاوسەریدا لە ئەمریکا گیرساونەتەوە.

وەکو پێشتر باسمان لێوەکرد، بابەتی پەروەردەی منداڵە کیژەکان بە تایبەتی لە روانگەی بری پیاوە خوێندەوار و رۆشنبیرەکانەوە، بایەخێکی گەورە وەدەست دەهێنێ. نوێنەرانی کورد لە ئەستەمبوڵ بۆ دابین کردنی ئەم ویستە، بۆ ئافرەتان تێدەکۆشێ. سالی (١٩١٩) لە ئەستەمبوڵ کۆمەڵەیەکی دیکە بە ناوی- تەعمیمی مەعاریفی کورد و نەشرییات (کۆمەڵەی بلاوکردنەوەی زانست و بلاوکراوەکان)ەوە دامەزراوە، پەیڕەو و پرۆگرامەکەی هەژدە ماددە بەخۆوە دەگرێ پێشنیازی قوتابخانەیەکی شەوانە بۆ کچانی کوردی تێدا کراوە. لە نۆزدە ماددەشیدا باسی پێویستیی کردنەوەی پیشانگایەك دەکا کە، ئەو کەلوپەلانەی تێدا پیشان بدرێن، ژنان و پیاوان بەکاریان دەهێنن[٣٦].

لەم سالانەدا، تەنانەت بە تەنیا بەکارهێنانی وشەی ئافرەت لە پەیڕەو و پرۆگرامەکانی کۆمەڵەکاندا، دەبێ بە رووداوێکی گەورەی سەربەخۆی سیمبولئامێز دابنرێ، رێی تێ دەچێ لەم سالانەدا کارو لێکۆڵینەوەی کەم ئەنجام درابێ، بەلام هەنگاوە هاوێژراوەکان و ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجام دراون، لە سەردەمی خۆیدا خاوەنی گرنگیی مێژوویی خۆیەتی. لە داهاتوودا کە مێژووی ئافرەتی کورد نووسرا، بێگومان ناوی ئەستەمبوڵ وەکو شار هەر دەبێ یاد بکرێتەوە؟.

* * *

36- Kürd Tamim-i Maarif ve Neşriyat Cemiyeti Beyannamesi, Jîn, no 10.

بەشی حەوت (٧)

کۆمەڵەی کۆڵهەڵگرە کوردەکانی ئەستەمبوڵ

پیشەی کۆڵهەڵگری (حەماڵی) وەکو دیارە، بە درێژایی مێژوو لە ژینگەی کاردا گرانترین و ماندووکەرەوەترین پیشەیەك بووە. وشەی حەماڵ لە زمانی عەرەبیدا لە (حمل- حەمەلە)وە هاتووە کە واتای هەڵیگرت و هەڵگرتن هاتووە. ئەم پیشەیەی گەلێك جار دیلێتی بە بیرەخاتەوەو ئەم پیشەیە لە گشت کۆمەڵگاکاندا هەمیشە هەر مرۆڤی چینی هەرە خوارەوە بەجێی هێناوە. ئەم مرۆڤانە بە پارە، بارێك لە شوێنێکەوە دەبەنە شوێنێکی دیکە، لە کۆمەڵگای عوسمانیدا نازارێکی زۆر دەچێژن. لەبەر ئەم هۆیەیە، لە کاردابێ یان لە ژیانی ناو کۆمەڵدا بێ مرۆڤ کە تووشی هەر کارێکی گران و ماندووکەرەوە، یان کاری کرێ نزم بێ هەر هەموو ناوی (حەماڵی یان حەماڵییە)ی لێ دەنرێ، بۆ نموونە لە پیشەکانی دیکەدا ئەو مرۆڤانەی شەو و رۆژ بەردەوام کاردەکەن، ئەوەندەی لە بەرامبەر کارەکەیاندا دەست ناکەوێ دەڵێن: ((ئەوەی ئێمە دەیکەین حەماڵییە..)) و هەر سکاڵا دەکەن. بەمجۆرە دەوروبەری کۆڵهەڵگری لە زمانی ئاخاوتنی تورکیدا وەك هێمایەکی چەوسانەوەی لێ هاتووە. کۆڵهەڵگرەکان بۆ گواستنەوەی باری قورس، دەبوو کوریسێکیان هەبێ، بەهۆی ئەم کوریسەوە دەیانتوانی بارەکان بەسەر پشتیانەوە رابگرن لە لایەکی دیکەوە شتێکیان لەسەر پشت دادەنا کە بەرگەکەی پێستەی خۆشەکراو و پڕ دەکرا لە گیا، یان لە کا[١٥]. بەمانە دەگوترا کۆڵهەڵگری سەرشان. ئەو بارەی کە دەبوو بیگوازنەوە، ئەگەر زۆرگران بووایە، دارێکی ئەستووریان بەکاردەهێنا و بارەکەیان بە ژێر دارەکەوە دەبەست و بە چەند کەسێك پێکەوە هەڵدەگیرا، ئەمانەش پێیان دەگوترا حەماڵی سرك (داری ئەستوور)، لەگەڵ پەرەسەندنی

---

[١٥] دواتر لە ناو وەرگێڕانەکەدا وشەی (کۆیان)م بۆ داناوە .. (وەرگێڕ)

تەکنیکدا گواستنەوەی کاڵا بۆ کۆڵھەڵگران ئاسانتر دەبێ. لە ھەندێ لای ئەستەمبوڵدا کۆڵھەڵگرە کوردەکان کۆپان (پشتەوانە)کانیان بەکارھێناوە و ئەم پیشەیە تا ئێستاش بە شێوەکۆنەکەی درێژەی ھەیە. لەم سەردەمانەدا وڵاتە پێشکەوتووەکان بۆ گواستنەوەی بارە قورسەکان لە سایەی ھەندێ مەکینە و ئامێرەوە ئەنجام دەدرێ. بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا بەکارھێنانی گالیسکەی دوو چەرخیی گەورەی دەستییەوە باری ئەو کۆڵھەڵگرانەی ئەستەمبوڵ کەمێکی دیکە سووك بووەتەوە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ھەزاران کۆڵھەڵگری کورد لە ئەستەمبوڵی پایتەختی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا ھەبوو. ئەم کۆڵھەڵگرانە بەشێکی زۆری ئەو کۆمەڵە کوردەیان پێکدەھێنا کە لە ئەستەمبوڵ دەژیان. کرێکاری دیکەی کوردیش ھەبوون، لە دەرەوەی پیشەی کۆڵھەڵگریدا کاریان دەکرد، بەڵام ژمارەی ئەوان لە چاو کۆڵھەڵگراندا کەمتر بوو. دەبێ بەم ھۆیەوە بێ کە ئەوانیش لەم ساڵانەدا بە کۆڵھەڵگر دەژمێررێن، یان وایان پێ دەگوترا. ئەو کرێکارە کوردانەی لە دەرەوەی کۆڵھەڵگراندا بوون، لە ئەستەمبوڵ کاری چاودێری و فەراشی و خزمەتکاری و دارفرۆشی و ڕەژووفرۆشی و شاگردی و کەناسییان دەکرد، یانیش لە دەزگای بچووك و کارگوزارییەکاندا کاریان دەکرد. تەنانەت لە سەرچاوەکاندا باس لەوە کراوە کە پارتییەکی کرێکارانی کوردیش ھەبووە[1]. بابەتی ئەو لاوە کوردانەی لە ناوچەی (وان)ـەوە ھاتبوون ناوی (تەیواز)یان لە خۆیان نا بوو و لە میوانخانە گەورەکانی ئەستەمبوڵدا کاریان کردووە، شایانی لێکۆڵینەوەن. ((ئەو لاوانەی زۆریان لە دەڤەری (وان)ـەوە ھاتبوون و بە ڕەسەن ئەرمەن یان کورد بوون و لە میوانخانە گەورەکانی

---

[1] نووری دەرسیمی لە بیرەوەرییەکانیدا بێ ئەوەی درێژەی بداتێ باس لە حزبێکی کرێکاران دەکاو دەڵێ: ئەم حزبە یارمەتیی ماددیی کۆمەڵەی قوتابییانی هێڤیی کوردی داوە. بڕوانە:

Nuri Dersimi, Hatıratım, s.42.

لە لایەکی دیکەوە لە سەرچاوەکاندا باسی ئەوە دەکرێ سەرۆکی حزبی کرێکاران ڕەشید ئاغا بووە:

Tarık Zafer Tunaya, Türkiye'de Siyasal Partiler 11, s.186.

بە پێی ئەم زانیارییانە، دەتوانین بڵێین کۆمەڵە کرێکارێك لە ئەستەمبوڵ ھەبووە، زۆرینەی لە کۆڵھەڵگران پێکھاتووە.

ئەستەمبوولدا خزمەتیان دەکرد. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا، ژمارەی ئەیوازەکان لە ئەستەمبوول تا دەهات پتر دەبوو. بەرامبەر بەمە لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمی دوای سالآنی جەنگ، ئەیواز لە میوانخانەکاندا نەمابوون. لە دائیرە فەرمییەکاندا بەم ناوەوە کارگوزار رادەگیران))[2][25]. دیارە کۆمەڵە کوردێك کە بە گەورە دەژمێرریّ، بە بازووی خۆیان گوزەرانیان دەکردو لە ئەستەمبوول دەژیان.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە بابەتی ئەو کۆڵهەڵگرە کوردانەی ژمارەیان بە هەزاران بوو، تا ئێستا وەکو ئێمە دەزانین هیچ لێکۆڵینەوەیەك، یان لیّ وردبوونەوەیەکی لەبارەوە نەنووسراوە. ئەم مرۆڤانەی هێزێکی دینامیکیان پێکدەهێنا، زۆرجار لە لایەکەوە دەبنە ئامانجی هەندێك هێرشی ئابووری، سیاسی و ئەتنیکی و لە لایەکی دیکەشەوە بە خۆیان لە رووی بێچارەیی و نەزانییەوە ناچاری بەشداریی هەندێك رووداو دەبن لە روانگەی فیزیکییەوە، ئەم مرۆڤانەی لە روانگەی فیزیکییەوە بەهێزن و وەکی دیکە بەتایبەتی لە نەدارییەوە، لە ژێر کاریگەریی نەزانی و ژیانی ئاوارەییاندا، گەلێك جاران بە هۆی لەتلەت بوونیانەوە دەبنە یەکێك لە چینەکانی هەرە ژێرەوەی کۆمەڵ، دەبنە ئامانجی هەموو جۆرە ناهەقییەك. لەبەر ئەم هۆیە تێگەتیڤە، کۆڵهەڵگرەکان مەرجی بەشدارییان لە رووداوەکاندا هەمیشە لە ئارادا بووە. لە بابەتی کۆڵهەڵگراندا لە ناوچە جیاجیاکاندا لەم کێشانەدا لە دووی هەندێك حیساباندا بەرچاو دەکەون. ئەوجا ناچار دەبن بەرامبەر ئەو دنیایەی دوژمنی خودی خۆیانەو بەرامبەر مەرجەکانی ژیان کاردانەوە بنوێنن. هەندێك ناوەند کە بەردەوام کۆڵهەڵگرانی بە جووڵە هێناوەو بەجۆرە ئەمانەیان کردووەتە داردەستی ئامانجەکانی خۆیان. دەبیّ هەمیشە بە بەرچاوەوە نەگرتنی ئەم حیسابانە روون بکرێنەوە. محەممەد تۆفیق-ی سلێمانی (پیرەمێرد)ی شاعیری کورد لە ئەستەمبوول ژیاوە، ئەم بارودۆخە دژوارەی وا کۆڵهەڵگرە کوردەکانی تێدا دەژیان، لە

2- Nejdet Sakaoğlu, Tanzimat'tan Cumhuriyet'e Tarih Sözlügü, İstanbul, 1985, s.13.

وشەی ئەیواز بۆ سوککردنەوەی کوردەکانیش بەکارهێنراوە.

[25] ئەیواز: خزمەتکاری ئاسایی هەمە جۆری دائیرەو میوانخانەکان، بە تایبەتی خزمەتکاری ناو چێشتخانە و سەفرەدانان. (وەرگێڕ)

شیعرێکیدا ڕەنگدەداتەوەو لە ڕۆژنامەی تەعاون و تەرەققیی کورددا بڵاوی دەکاتەوە کە لە ئەستەمبووڵ دەرچووە:

باوەش بە یەکدیدا گرتن!؟

شەوێکی تاریك تاریکی، ئێجگار تاریکی میللەت بوو

هێشتا کوردەکان، ئەو حەماڵە بەستەزمانە بە ئەزانی ماندووانە

ئەو بەژن و باڵا مەردانەی بە باری گران ئازاریان چەشتبوو

سینەی بەرزی جێی شانازی، شان بە دەستکورتی ئەوی[٣*]

هەندێك وشەی ئەوتۆمان بەرچاو دەکەوێ ئاماژە بە چەمکی ڕێکخستنەوە دەکەن و پەیوەندییان بە کۆڵهەڵگری کوردەوە هەیەو لە ئەدەبییاتدا بەکارهاتووە وەکو: حەماڵ باشی، حەماڵ کەهیەسی، حەماڵ ڕەئیسی، حەماڵ تەحصیلداری، حەماڵ لۆنجالاری[٤*]. لە بارەی خۆڕێکخستنەوەی کۆڵهەڵگرە کوردەکانی ئەستەمبووڵەوە، مخابنە کە زانیارییە تەکنیکییەکان و ئەو ڕوونکەرەوانەی بەردەستمان تا دوا ڕادە سنووردارەو کەمن. بەڵام تەنانەت ئەم ڕوونکەرەوانەش کە لە سەرەوە ریزمان کردن لە نێو خودی کۆڵهەڵگرە کوردەکان بە خۆیان، ئاماژەیەکی ئاشکراو ڕوونە کە ئەم وشە و ڕوونکردنەوانە داب و نەریتئامێزانە چوونەتە ناو ڕێکخراوی فەرمی و نیمچە فەرمی، یان نافەرمییانەوە. وەك لەمەودوا دەبینین، بە تایبەتی

[٣*] دەقی شیعرە تورکییەکە بەمجۆرەیە:

Kucaklaşma ..

...

Karanlik, pek karanlikti, milletin bir Karanlik gecesiydi.

O mertçe boy- boslar ağir yüklerle incinmişti

Kivancimiz yüksek göğüs, omuzlar yoksullukla alçalmişti.

[٤*] لونجا یان لۆنجە: ئەو وشەیە لە لای خۆمان بە شێوەی (لۆج) بەکارهاتووە، وەك (لۆجی سینەما)، لێرە بۆ (بارەگای ڕێکخراوی کۆڵهەڵگران) یان با بڵێین (بارەگای سەندیکا) بەکارهاتووە ..(وەرگێر).

دوای ساڵی (١٩١٨) کۆڵهەڵگرە کوردەکان پتر بە یەکتییەوە دەبەسترێن، هەندێك پەیوەندیی کۆمەڵە پێکهێنان لە نێودا دەستپێدەکا و کەسێتیی ئەتنیکییان بەهێزتر دەبێ.

ژمارەی کۆڵهەڵگرە کوردەکان و ئەو ناوچانەی لێیانەوە هاتوون

کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، لەبارەی ژمارەی کۆڵهەڵگرە کوردەکانەوە کە هەر لە پتر بووندا بووە، باس لە ژمارەیەکی پشت پێ بەسراو، تا دواڕادە دژوارو زەحمەتە. ژمارەیان هەزارانی رەت کردووە، تەنانەت سەرچاوەی ئەوتۆ هەن کە دەیگەیەنێتە دەیان هەزار. ئەم دیارنەبوونەی لە ژمارەی کۆڵهەڵگرە کوردەکانی ئەستەمبوڵە، لە سەرچاوەی نەبوونی سەرژمێرییەکی گشتیی ئەو کوردانەوە ئاوردەخواتەوە کە لەو سەردەمەدا لە ئەستەمبوڵ دەژیان. ئەم بابەتە گەلێك دیدی جودا جودای تێدایە. لە ساڵی (١٩١٨)دا لە نووسینێکدا کە لە بارەی کۆڵهەڵگرە کوردەکانەوەیە، بە ((پێنج شەش هەزار کەسێك))ی داناون[3]. سەرچاوەیەکی دیکە، وای باس دەکا کە ئەو کوردانەی لە ئەستەمبوڵ دەژیان و زۆربەیان لە کۆڵهەڵگر پێکهاتووە، لە تەك (ئونکاپانی)دا دەژین و ژمارەیان نزیکەی دە هەزار کەس دەبێ[4]. لەم زانیارییە سەرەتاییانەوە دەتوانین بڵێین کۆڵهەڵگرە کوردەکان ئەستەمبوڵ لە نێوان پێنج تا دە هەزار کەس بوون.

هەر لە مێژە، بوونی کۆمەڵە کوردێکی دینامیکی لە ئەستەمبوڵ، لە هەندێك سەرچاوەی دیکەوە تێدەگەین، ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان هەیە، بۆ نموونە بەشداری کردنی عەلی شامل بەگی بەدرخان لەو جەنگەی ساڵی (١٨٧٧) لە نێوان رووس و عوسمانیدا بەرپابووە، لە ئەستەمبوڵەوە بە خۆویست نزیکەی سێ هەزار کوردی کۆکردووەتەوەو دەیانباتە جەنگ و زۆری ئەمانە لە جەنگدا دەمرن[5]. زەحمەت نییە بڕیاری ئەوە بدرێ کە ئەوانەی لەو هێزو تەمەندا بوون کە بتوانن بەشداریی جەنگ بکەن، هەر لەو کرێکار و کۆڵهەڵگرە کوردانە بوونە کە لە ئەستەمبوڵ دەژیان. سەعید نوورسی کە یەکێك بووە لە پیاوە ئاینییە کوردەکان، لە

3- İstanbul'da Kürd İşçileri, Jin, no 25, 1918-1919. Arap harflerinden latin harflerine çeviren: M.Emin Bozarslan, Uppsala, 1988.
4- Metin Toker, Şeyh Said ve Isyani, Ankara, 1966. s.59.
5- Nazmi Sevgen, Doğu ve Güneydoğu Anadolu'da Türk Beylikleri, Ankara, 1982. s.119.

سەرەتای سەدەی بیستەمدا تێکەڵی کۆڵهەڵگران بووەو لە هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەر بووە بۆ گیروگرفتەکانیان، ژمارەی کۆڵهەڵگرە کوردەکانی ئەستەمبوڵی لە شوێنێکدا بە بیست هەزار و لە شوێنێکی دیکەدا بە چل هەزار دادەنێ[6]، بەشێکی زۆری ئەو کوردەی لە ئەستەمبوڵ بوون کۆڵهەڵگرەکان پێکیان دەهێنا، ئەم ژمارانەی سەعید نوورسی رایگەیاندوون، بە رێتێچوونێکی زۆرەوە لە ژمارەی کۆڵهەڵگران پتر، دەبێ ژمارەی هەموو ئەو کوردانە دەربخەن کە ئەو دەمانە لە ئەستەمبوڵ ژیاون. چونکە ئەم ژمارانە گەلێك بەرز دێنە بەرچاو.

لەو ساڵانەدا لە هەموو لایەکی ئەستەمبوڵدا کۆڵهەڵگر هەبووە، تەنانەت لەو ئامیلکانەدا کە بۆ توووریستان (گەڕیدەی گەشت و گوزار) بڵاودەکرانەوە، ئەوە روون کراوەتەوە کە لە سەر هەر شەقامێکی ئەستەمبوڵدا کۆڵهەڵگر پەیدا دەبن. ئەسکەلەی رۆخ دەریاکان و دەروازەکانی گومرگ، گۆڕەپانەکان، سەرە کۆڵانان، قاوەخانەکان، چەشمەو[**] بەردەمی مزگەوتان، جێی سەردانی کۆڵهەڵگران بوون. کۆڵهەڵگرە کوردەکان لە گەڕەك و ناوچەکانی وەکو: گەدك پاشا، ئونکاپانی، غەڵەتە، سرکەجی و شوێنانی دیکەی ئەستەمبوڵدا دەژیان. لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە شوێنانێك کۆبوونەتەوە چاوەڕێی کاریان کردووە. لەم ساڵانەدا بڕە کوردێکی گەورەی دەستکورت لە ئەستەمبوڵ هەبووە: ((مزگەوتی بەشکۆی سینان پاشا، وەك دەمی ئەشکەوتێکی بێ دەرگا، بە دەروازەی گەورەیەوە فەرمانی بەسەرمەیداندا رادەگەیی. لە یەکەم تیشکی خۆری بەیانەوە تا تاریکیی شەو، سەرتاسەر ئاپۆرە جۆشی دەدا. هەموو بە پێوە، شان بە شان، لەو شەقامەدا کە هەر لە (بێشکتاش)ــەوە تا (ئۆرتەکوێی) درێژەی هەبوو، تا قەرە قوڵی[15] حەسەن پاشا، لە دوو لایدا تەنانەت چەشمەکانیش هەر بە سەر پێوەبوون. ئەم چەشمانە ئەوەی لای دەستە راستیان بە حەنەفییە بوو، ئەوەی لای چەپی بێ حەنەفییە بوو، شەو و رۆژ ئاوی لێ دەچۆڕا. ترامواییەکان دە پانزدە دەقیقە جارێك، بەخۆ لە گیاوگۆڵ پاراستنەوەوە رەت دەبوون، ئەوانە نەکو لەسەر هێڵە ئاسنینەکانی نوقمی گیادا مرۆڤێك هەبێ، بۆ ئەوەی رێ چۆڵ

6- Bedilizzaman Said Nursi, Divan-i Örfi-İki Mekteb-i Musibetin Şehadetnamesi, İstanbul, 1992, s.10.

[**] چەشمە: سەرچاوە، کانی، لێرە ـ مەبەست لەو حەوزە بە بۆڕی و حەنەفییە (شیرە)یە یە بە زۆری لە مەڕمەڕ وەك بەشێکی هونەری بیناسازی، بۆ کاری خێر بنیات دەنرێ.. (وەرگێڕ).

[15] قەرەقوڵ: جێی حەسانەوەی سەربازی دەورییە (وەرگێڕ).

بکرێ، زەنگی لێ دەدا. زۆربەی مرۆڤی ناو ئاپۆرەکان کورد بوون، کوردی ویلایەتەکانی ئەرزەرۆم، بتلیس و وان، بە جلوبەرگی تایبەت بە خۆیان، شەرواڵی بەرینی رەنگاو رەنگ، سەڵتەی کورتی دیسانەوە رەنگاو رەنگ، جلی تازەپۆشیان لە نێودا وەك نەبێ وا بوو، شەرواڵەکانیش و سەڵتەکانیش بە پینەی هەموو رەنگێك پینە کرابوون. چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد بانگ بکرێن بۆ کار. هەر کارێك بێ بابێ ..))[7].

لە هەموو لایەکی کوردستانەوە کۆڵهەڵگر دەڕژانە ناو ئەستەمبووڵ و بەشی زۆری ئەمانە لە ناوچەی وەکو: ئەرزەرۆم و بتلیس و وان و مووش و ئەلازگەوە دەهاتن، لە ئەستەمبووڵ کۆڵهەڵگرە ئەرمەنییەکانیش هەر لە نزیك ئەو ناوچانەوە دەهاتن، ئەو ئەرمەنی یان کوردانەی لەوە پێشتر چوونەتە ئەستەمبووڵ، دواتر کە سەریان لە شارەکانی خۆیان دەدایەوە، بە ئاگادارکردنەوەی مرۆڤانی ناوچەکانی خۆیان لە بوونی هەلومەرجی کارکردن لە ئەستەمبووڵ، زەمینەیان بۆ دروستکردنی کۆلۆنیلە (جالیە)ی هاوشاری خۆش دەکرد. هەندێکیان لە مانگەکانی زستاندا بۆ کارکردن دەهاتنە ئەستەمبووڵ، هەندێکیشیان تا پڕکردنەوەی پێویستییە بنەڕەتییەکانیان. بۆ نموونە: دوو سێ ساڵ لە ئەستەمبووڵ دەمانەوە. کۆڵهەڵگری کوردی وەك زارۆ ئاغا یەك لە نموونەی هەرە کۆنەکانیان، کۆڵهەڵگری دیکەش هەن کە ژیانیان لە ئەستەمبووڵ بەسەر بردووە. لەبەر ئەوەی کوردەکان و ئەرمەنییەکان کە هەر یەکەیان لە ناوچەی خۆیەوە هاتبوونە ئەستەمبووڵ، مرۆڤگەلی ناو کۆمەڵی هەردوو لایان بەجۆرە رێی ئەستەمبووڵیان بە یەکدی پیشان دەدا و هەندێك راسپێرییان لە بارەی کارکردن و مەرجەکانی کارو ژیانەوە لەم شارە گەورەیەدا بە یەکدی دەکرد. کورتییەکەی ئەوەیە کە، لە نێو خەڵکی ئەو ناوچانەدا تۆڕێکی چالاکی سەرزارەکیی هەواڵ و زانیاری لە بارەی ئەستەمبووڵەوە پێکهاتبوو.

هەندێك دیمەن کە پەیوەندییان بە کۆڵهەڵگرانەوە هەیە

ئەو دیمەنە رەنگاو رەنگ و زیندووەی ژیانی ناو کۆڵانی ئەستەمبووڵی کۆن پیشانی دەدا، سەرنجی ئەو گەڕیدانەش رادەکێشێ کە سەر لە ئەستەمبووڵ دەدەن، فرۆشیارە گەڕۆکەکان، دەرزەکەرەکان، کۆڵهەڵگرەکان، دەروێشەکان، سەگە بێ خاوەنەکان، ئەمانە بابەتە هەرە

7- Hagop Mıntzuri, İstanbul Anıları 1897-1940, İstanbul, 1993, s.35.

بەرچاوەکانن کە ئەم ژیانی ناو ئەو کۆلانانە پێکدەهێنن. لە سەرووی ئەو کۆمەلانەوە وا ئازارێکی زۆر گەورەیان چەشتووە کۆڵهەڵگرەکانن. ئەو کۆڵهەڵگرانەی باری وایان لەسەر شان هەڵگرتووە کە ئارادەی باوەڕ نەکردن قورس و گران بووە، ناوی ((هەرقل- هێرکول)) یان لێ دەنرێ. ئەو گەڕیدانەی وا باری کۆڵهەڵگرێکیان دیوە، بە یەکجار بە چوار مرۆڤ ئەو بارە هەڵنەگیرێ، بەرامبەر ئەم دیمەنە بە حەپەساوی رادەوەستن. ئەو کۆڵهەڵگرانەی پیانۆیەکی گران بە یەك جووڵە لە کۆڵی دەگرن و ڕەوتی ناو کۆلانانی تەستەمبووڵیان، ئەو کۆڵهەڵگرانەی لە ژێر بارەگرانەکاندا پلیشانەوەو گۆڕانی ئەناتۆمیك (پێکهاتەی تەنی مرۆڤ و شێوەی) جەستەییان، بەتایبەتی ئاوسانی ئەو دەمارانەیان گەیشتووەتە پلەی تەقینەوە، بیەوێ و نەیەوێ سەرنجی مرۆڤەکانی ئەستەمبووڵ رادەکێشێ. هەندێك گەڕیدە ناو لەو کۆڵهەڵگرانە دەنێ ((کەرگەلی مرۆڤانە)).

بیرگەر مۆرنەر ناوێکی سوێدی گەڕیدەیەکی دیپلۆمات بووە، تێکەڵی کۆڵهەڵگرە کوردەکان بووەو لە نزیکەوە لە کاتی دەستبەتاڵییان وردبووەتەوە، ئەو بارانەی کۆڵهەڵگران هەڵیانگرتوون بەو رادەیە بە گرانیان دادەنێ کە ((پشتی گایەك دەشکێنن)). بیرگەر مۆرنەر ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو هەڵپەڕکێیانە پەیدا دەکا کە کۆڵهەڵگرە کوردەکان بۆ رەواندنەوەی ماندوێتییان شەوانە لە مانگی رەمەزاندا لە قاوەخانەیەکی ئەستەمبووڵ ئەنجامیان داوەو ئەم هەڵپەڕکێ کوردییانە بە دانسەکانی ((زارداناس))ی (کەتالۆنیا)ییان دەشوبهێنێ[8].

ئەوەی کۆڵهەڵگران دەیانگواستنەوە تەنیا باری بێ گیان و کەلوپەل نەبووە. لەو ساڵانەدا بەتایبەتی لەو سەردەمەدا کە گواستنەوەی بە کۆمەڵ پەرەی نەسەندبوو، کۆڵهەڵگران لە پاڵ ئەم کارانەدا، نەخۆش و ناتەواو و بەساڵداچووان و منداڵانیان بە کۆڵ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەبرد. ئەمانە، خالیدە ئەدیب ئادیواری نووسەری ناوداری تورکیشیان تێدا بووە. لە بیرەوەرییەکانیدا ئەم بابەتە بەجۆرە دێنێتە زمان: ((بیرم نایێ چۆن منی لە بێشکتاشەوە تا سەرپردەکە هێنایە خوارێ. بەڵام لە پردەکەدا کە منی دایە باوەشی کۆڵهەڵگرێك، شەرمێکی ئەوتۆی هەرگیز لە بیرنەچوومەوە هەست بە بچووکیی لە ناخمدا ورووژاند. رێگایەکی زۆر تا سولەیمانییە، بەتایبەتی شەرابی وەك مەرجان و هەورازێکی رك هەبوو. ئەوسا دایە گەورە کەمێتی دەبردە جێیەك یا بە ترامواییی بە ئەسپ یانیش سواری

8- Birger Mörner, Under Halfmånen, Stockholm, 1906. s.79-80.

گالیسکەی دەکردم. لە بەرزاییەوە سەیری ئەو منداڵانەم دەکرد کە لە باوەشی کۆڵهەڵگرەکانەدا دەبینین، لەو رۆژە بە دواوە بەرامبەر بە منداڵانی باوەشی کۆڵهەڵگران هەستم بە خۆشەویستییەکی زۆر نزیک کرد. کۆڵهەڵگرەکە باڵابەرز، گەنمرەنگ، بەڵام بە هەر بارێکدا بێ کوردێکی دڵنەرم بوو. هەروەها دەستی بە رووممەت و قژمدا دەهێنا، هەوڵی دواندنی دەدا. تەنانەت لە شوێنێکدا وەستا، ئەگەر باجی رێی بدایە لە کیسەی بەستەزمانی خۆی تەنانەت شەکریشی بۆ دەکڕیم. بۆنی نارەقەی ئەو لەشە درشتەی لووتی پڕکردم، تەنانەت خۆشەویستیی سەر نێوچەوانی ئەو پیرەمێردەش راینەکێشام. کەوتبووە هەڵوێستێکی وەها رێزشکێنەوە، لە ناخمدا شەرمێکی وادایگرتبووم، وەکو بڵێی هەموو ئەستەمبووڵ هاتووە بۆ سەیرکردنی من، بە هەموو تواناوە قێزم لەم کۆڵهەڵگرە دەهاتەوە، کەچی ئێستا، لە ئاستی ئەو و ئەوانەی لەو دەچن، ددان درشت و ئاژەڵانە، ناوەوەی سادە، بەڵام ئافەریدەی مرۆڤایەتی دەگمەنن هەست بە نزیکییەکی زۆر زۆر دەکەم))[9].

لەناوبردنی کۆڵهەڵگرە کوردەکان - ساڵی (١٨٢٦)

بە شێوەیەکی دروست، نازانین کۆڵهەڵگرە کوردەکان کەی هاتوونەتە ئەستەمبووڵ، بەڵام سەرچاوەی جیاجیا باسیان لەوە کردووە کە کۆڵهەڵگرە کوردەکان لە سەدەی هەژدەهەمەوە لە ئەستەمبووڵدا هەبوون. ئەو کوردانەی بۆ یەکەم جار وەک کۆمەڵ پێیان نابێتە ئەستەمبووڵ، دەتوانین بڵێین کۆڵهەڵگرەکانن. ساڵی (١٨٢٦) کە وەجاخی یەنیچەری لەناو دەبرێ، چەند کۆڵهەڵگرێکی کوردی تێدا ناونووس کراوە، لە چەند یاخیبوونێکدا وەک هێزی دەستوەشێن لە ریزی پێشەوەدا شەڕیان کردووە. بە لە ناوبردنی وەجاخی یەنیچەری لە ساڵی (١٨٢٦)دا، کۆڵهەڵگرە کوردەکان بە پێوەدانگێکی بە بایەخ کاریان لە دەست دەدەن و ئەو کاریگەرییەی بە درێژایی ساڵانێکی درێژ هەیانبووە نامێنێ[10]. کۆڵهەڵگرە ئەرمەنییەکان جێی کۆڵهەڵگرە کوردەکان پڕ دەکەنەوە: ((هەموو کۆڵهەڵگرە تورک و کوردەکان لە لۆنجەکانیان (بنکەی رێکخستنی کار) دەکران و بەشێکیان بەوەی کە جارێکی دیکە نابێ بێنەوە

9- Halide Edib-Adıvar, Mor Salkımlı Ev, İstanbul, 1992, s.45.
10- Donald Quataert, Osmanlı İmparatorluğunda İşgücü politikası ve siyaset: Hamallar ve Bâbiâli 1826-1896, Tarih ve Toplum, no 33, 1986.

ئەستەمبوڵ یەکسەر بە کەشتی گوێزرانەوە بەری ئاسیا))[١١]. بەڵام هەن لەگەڵ ئەم دیدو بۆچوونەدا نین: ((لە گۆڕێدا نەهێشتنی تەواوی کۆڵهەڵگرە کورد و تورکەکانی پایتەخت دەبێ ڕاست نەبێ، بەڵام لەبەر پەیوەندیی نزیکیانەوە بە یەنیچەری و بەکتاشییەکان، بە ئاشکرا دیارە ئەو کارانەی بە دەستیانەوە بووە لە دەستیان داون))[١٢]. عەبدولحەمید کە ساڵی (١٨٧٦) دەسەڵاتی گرتووەتە دەست کە پێ لە سیاسەتی (کورد- ویست= Pro-Kürt)ی دەکەینەوە، سەردەمێکی وا درێژخایەنی ئەستەمبوڵی پایتەخت بەشیاو نابینین کە لە ڕووی کۆڵهەڵگرە کوردەکاندا داخرا بێ.

ڕژانە ناو ئەستەمبوڵی (١٨٩٦)ی کۆڵهەڵگرە کوردەکان

ئەو ڕووداوەی لە لایەن بەشێك لە شۆڕشگێڕە ئەرمەنییەکانەوە لە (٢٦ی ئابی ١٨٩٦)دا بە هێرش بردنە سەر بانکی عوسمانیی لای غەڵەتە دەستی پێ کردووە گەلێك خوێناوی کۆتایی دێ. هەزاران ئەرمەنی، بەتایبەتی گەلێك لەو کۆڵهەڵگرە ئەرمەنییانەی لە ئەستەمبوڵ لە کارکردندا بوون دەکوژرێن. جێی ئەو کۆڵهەڵگرە ئەرمەنییانەی کوژراون یان کاریان بەجێ هێشتوون و هەڵاتوون کۆڵهەڵگرە کوردەکان پڕیان کردووتەوە. کۆڵهەڵگرە کوردەکان کە ساڵی (١٨٢٦) جڵەوی پیشەی کۆڵهەڵگرییان لە دەست دابوو، بەمجۆرە دوای (٧٠) حەفتا ساڵ لە ساڵی (١٨٩٦) دیسانەوە دەست بەسەر ئەم پیشەیەدا دەگرنەوە[١٣]. بە تایبەتی کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەو کۆڵهەڵگرە ئەرمەنییانە دەهێنرێ کە بە چڕی لە کومکاپی (قومقاپی)دا هەبوون[١٤]. کۆڵهەڵگرە کوردەکان کە لە لایەن عەبدولحەمیدەوە هێنرابوونە ئەستەمبوڵ، وەکو هێزێکی سیاسی بەرامبەر ئەرمەنییەکان دادەمەزرێنرێن و ناوی کۆڵهەڵگرە کوردەکان لە میدیای جیهاندا بە خراپە باس دەکرێ. ئەو شۆڕشگێڕە ئەرمەنییانەی پەلاماری بانکی عوسمانی دەدەن، دواتر ڕێیەك دەدۆزنەوەو بۆ یۆنانستان هەڵدێن. ئەو ڕووداوانەی لە (٢٦ی ئابی ١٨٩٦)دا دەست پێ دەکا، چەندین ڕۆژ درێژە دەکێشێ، هێرشی دژ بە ئەرمەنییان بۆ گەلێك ناوچەی شار دەتەنێتەوە. ڕۆژنامەکانی (٢٨ی ئاب) ژمارەی کوژراوان بە هەزار تۆمار

1- Tarih ve Toplum, no 33, 1986.
2- Tarih ve Toplum, no 33, 1986.
3- Edwin Pears, Forty Years in Constantinople, london, 1916. s.162.
4- Edwin Pears, Life of Abdul Hamid, London, 1917, s.257.

دەکەن[١٥]. لە دەمە دەمی ئەم رووداوەدا ژمارەی ئەو کۆلھەلگرە ئەرمەنییانەی مردوون یان ناچاری بەجێ هێشتنی کارەکانیان بوون لە نێوانی (٤٠٠-٥٠٠) بووە[١٦].

ساڵی (١٨٩٦) ئەوانەی بەشدارییان لەم رووداوە کردووە، تەنیا کۆلھەلگرە کوردەکان نەبوون، کۆلھەلگرە تورکەکان و مرۆڤی کەمینە موسڵمانەکانی دیکەش بەشدارییان لە رووداوەکە کردووە، بەتایبەتی ئەو ناوەندە رەسمی و سەربازییانەی ئەم رووداوەیان بە هەل زانیوە، بە مەبەست پشتگیریی ئەم هێرشانەیان کردووە کە دژ بە ئەرمەنییان لە ئەستەمبوڵ پەرەی سەندووە. بەڵام دیسانەوە ئەوەی بەدناو دەبێ دیسانەوە هەر کوردە. لەم ساڵانەدا ناوێکی دژە کورد دەست پێ دەکا و بە ئەورووپادا بڵاودەبێتەوە. ماریا یۆردانیدو، لە رۆمانێکیدا کە بە ناوی (لۆکساندرا)یەو تێیدا ئەستەمبوڵی کردووەتە بابەت، باسی ئەو ((کوردە دەست بە تەورانە دەکا کە سوڵتان عەبدولحەمید لە کوردستانەوە هێناونی))، بەڕای نووسەر، ئەم کوردانە بەرامبەر ئەرمەنییەکان وەك هێزێکی دەستوەشێن، بەکارهێنراون. ئەم کوردانەی دارکەر بوون و لە ئەستەمبوڵ کاریان دەکرد، نووسەر لە رۆمانەکەیدا بەجۆرەیان باس دەکا: ((لەگەڵ بەیاندا سی پێودانگی هێزم (داری سووتەمەنی)ی ئەستووریان رشتووەتە ناوەڕاستی کۆڵانەوە، دواتریش دەسرۆکەیان بە دەوری فێستەکەیاندا بەستووە، کوردگەلی مەچەك بە هێزی وەك دێو، بە تەورە بریقەدارە تیژەکانیان بۆ بڕینەوەی دار هاتوون، کورد مەراقی تەورەکانیانن، لە گوندەکانی کوردستانیشدا کورد تەورەکانیان لە خۆیان دوور ناخەنەوەو کە دەچنە دوور وڵاتیش، ئەوانە وەك ئەو ئافرەتە (ئسپارتەیی)یانەی مەتاڵیان دەدایە رۆڵەکانیان، تەوریان دەدەنە دەست. منداڵە کورد کە دەگەنە چواردە، پانزدە ساڵان کە هەست بە یەکەم هەڵچوونەوەی لاوێتی دەکەن، گوێ ناگرێ بەدەستەوە، ئەگەر تەورەکەی دەنێتە سەرشان و هاوار دەکا و دەڵێ: دەردم هەیە دەرد..و دەست دەکا بە گەڕانی گەڕەکەکان، بە پەنجەرە بە قەفەسەکاندا دەڕوانێ، ئەو کچەش کە قایل بێ ببێتە دەرمانی دەردی، پەنجەرەی دەکاتەوەو دەڵێ: ((دەبە قوربانی دەردت)) و وەڵامی دەداتەوە. ئەو داواخوازەی ببێتە زاوا کە دەیوت، لەسەر ئەمە (منیش تەورەکەم لێرە دەدەم)، تەورەکەی بە دەرگای ماڵی کیژەدا

15- Revolten i İstanbul, Svenska Dagbladet 19.8.1896.

16- Donalt Quataet, Osmanlı İmparatorluğunda İşgücü Politikası ve Siyaset: Hamallar ve Babiâli, Tarih ve Toplum, no 33, 1986.

دەوەشێنێ. دوایی دەچێتە ماڵەوە بۆ گەڕاندنەوەی تەورەکە، دایکی دەنێرێت و لەم هەلەدا دایکەکە، کچەش دەبینێ. تەور بۆ کورد چەمکێکی گەورەی هەیە. قسە بە تەوری کورد گوتن لە قسە بە پێغەمبەرەکەی وتن خراپترە))[17].

لە ئەنجامی ئەم رووداوانەی کوتەکی بە تایبەتی لە (ئەنتۆلیە)کانی تەلار (سەرا)ی یلدزدا ئامادەکراوی تێدا بەکارهێنرابوو، سوڵتان عەبدولحەمید ناوی (سوڵتانی سوور)ی لێ نرا[18].

کۆڵهەلگرە کوردەکان لە نزیکەی سەد ساڵێك لەمەوبەرەوە دەسەلاتی پیشەی کۆڵهەلگرییان بە دەست خستبوو، وەکو لەمەودواش دەبینین لە سەرەتای سەدەی بیستەماندا جارێکی دی دەبنە قوربانیی فشار و پیلانی جۆراو جۆری دیکە.

پاشکاندنە گەورەکەی (١٩٠٦)

لە ئەستەمبوڵ کە رووداوێك بەرپا دەبێ، وەك بزنی بەستەزمان ئەوەی یەکسەر بەبیردابێتەوە: کۆڵهەلگرە کوردەکانە. ساڵی (١٩٠٦) لە رووداوەکەی کوژرانی ریدوان پاشای سەرۆکی شارەوانی وا پیشان درا، کە لە لایەن بەدرخانییانەوە ئەنجام دراوە. لە ئەنجامی رووداوەکەدا کوردێکی زۆر دەگیرێن. لە ناو ئەمانەدا کۆڵهەلگر و تەحصیلدارانی[٧٥] کۆڵهەلگرانیش هەبوون[19]. وا دانراوە کە ئەو چەکدارانەی ریدوان پاشایان لە (گوێزتەپە)دا کوشتووە، بەتایبەتی لە لایەن بەدرخانییان، عەلی شامیل پاشا و عەبدورڕەززاق بەگی برازایەوە چەکیار دراوەتێ و پشتگیرییان لێ کراوە.

کوژرانی ریدوان پاشا بووە هۆی هەلکردنی رەشەبایەکی تیرۆر بەسەر بەدرخانییاندا کە ژمارەیار لە ئەستەمبوڵ گەلێك زۆر بووە. گەلێك لە بەدرخانییان کە عەلی شامیل پاشا لە ریزی پێشەوەیاندا بووە بەرەو تەرابولسی خۆرئاوا (لیبیا) دوورخراونەتەوە. نەك تەنیا و هەم بەدرخانییەکان، ناوی کوردی دیکەش کە لە ئەستەمبوڵ دەژیان تێکەڵی رووداوەکە کراوە، هەندێك لەمانە سزای قورسیان بەسەردا دراوە. لە ناو ئەوانەدا کە حوکمی لە سێدارەدانیار

7- Maria Yordanidu, Loksandra-İstanbul Düşü, İstanbul, 1990, s.115.

8- Michel de Gréce, II. Abdülhamid-Yıldız Sürgünü, İstanbul, 1995, s.221.

[٧٥] تەحصیلدار: کۆکەرەوەی باج و داهاتەکان (وەرگێڕ).

9- Nazmi Sevgen, Doğu ve Güneydoğu Anadolu'da Kürt Beylikleri, Ankara, 1982, s.125.

بەسەردا دراوە، هەندێك كوردی خەڵكی وان و بتلیس و هەكاریشیان تێدایە. نازانین ئەمانە كۆڵهەڵگربوون یان نا، بەڵام ئەو سەرچاوانەی بابەتەكەیان باس كردووە، روون كردنەوەی وەك: ((بەشداربوونی گەلێك كۆڵهەڵگری كوردیش)) یان تێدایە[20].

لە ئەنجامی ئەم رووداوەدا لە ئەستەمبووڵ ئەو راوە بەردەوامەی دژە كوردە، تا دوا رادە گشتگیر دەبێ. خەتا لە كەسایەتیی تاكەوە دەردەچێ، كە دەڕوانینە قەوارەی دووركەستنەوەكان.

بە خاو و خێزانەوە، پێكەوە بە كۆمەڵ سزادانی ئەو پێشەوا كوردە گرنگانەی لە ئەستەمبووڵ دەژیان بەرچاو دەكەوێ. ئەم بارودۆخە لە سیاسەتی بەرامبەر بە كوردی سوڵتان عەبدولحەمیدەدا خاڵێكی گرنگە. ئەو تێزەی لە شێوەی ((پاراستنی كوردان لە لایەن سوڵتان عەبدولحەمیدەوە)) كە لە سەرچاوە جیاجیاكاندا باسكراوە، بەجۆرە روون دەبێتەوە كە، چی دەگەیەنێ. بە گشتی ئەو كۆمەڵە كوردەی لە ئەستەمبووڵ دەژیان و بەتایبەتیش ئەو كۆڵهەڵگرە كوردانەی لێرە دەژیان، كاریگەریی خراپی ئەم رووداوەی كە بۆ كۆڵهەڵگرە كوردەكان بە گران كەوتەوە، تا لە ساڵی (١٩٠٨)دا دوای ئەوەی مەشرووتییەتی دووەم جاڕدەدرێ ئینجا لە ناوەوە هەڵدەگیرێ. ئەم فشارانەی ساڵی (١٩٠٦) بەرەتبوونەوەی كات و لە ناو كوردەكاندا بۆ پەرەپێدانی دژایەتیی سوڵتان عەبدولحەمید، كاریگەریی دەست پێ دەكا.

هەندێك هەوڵی بایكۆتی[85] كۆڵهەڵگران

ساڵی (١٩٠٨) نەمسا هەندێك لە خاكەكانی عوسمانی، بۆسنەو هەرسەك، دەخاتە سەر خاكی خۆی و لە ئەنجامدا پەیوەندییەكانی نەمسا- عوسمانی بەرەو خراپی دەچن و لە ئەستەمبووڵ بەرامبەر بە كەلوپەلی بازرگانیی نەمسا بایكۆتێك دەست پێ دەكا. بە لای ئیتتیحادییەكانەوە ئەم كردەوەیەی خراوەتە گۆڕێ، ئەو كۆڵهەڵگرە كوردانەی لە ئەستەمبووڵدا بوون، بە كۆمەڵ پشتگیریی لێ دەكەن، كەلوپەلی نەمسایی لە گومرگەكاندا دەمێنێتەوە، لە لایەن كۆڵهەڵگرانەوە گواستنەوەیان رادەگیرێ. كەلوپەلی نەمسایی كە لە دووكانەكاندا دەفرۆشران بایكۆت دەكرێ. جڵەوی كۆڵهەڵگرە كوردەكان بە دەست (عەلیی كورد) ناوێك بووە.

20- age., s.120.

[85] بایكۆت: پساندنەوەی پەیوەندی و هاریكاری لەگەڵ كەسێك یان لایەنێك بە نیازی زیان لێ خستن. (وەرگێڕ)

هەڵسوکەوتی عەلیی کورد و خۆراگریی کۆڵهەڵگرە کوردەکان بە میدیای ئەوسای ئەورووپادا بڵاو دەبێتەوە، تەنانەت رۆژنامەیەکی نەمسا چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عەلیی کورددا دەکا[٢١]. عەلیی کورد کە جڵەوی کۆڵهەڵگرانی غەڵەتەی بە دەستەوە بووە، بەمجۆرە پێناسە دەکرێ: ((خوێندەواریی نییە، کورتە باڵا، تەن دروست، کوردێکی کۆستەیە))[٢٢]. ئەو بایکۆتەی کۆڵهەڵگران دژ بە کەلوپەلی نەمسایی دەستیان پێ کرد لە (٢٧ی شوباتی ١٩٠٩) کۆتایی پێ دێ و سەر لە نوێ لە لایەن کۆڵهەڵگرانەوە کالای نەمسایی دەست بە گواستنەوە دەکرێتەوە. لەم چەندانەدا ئەوە دەرووژێنرێ کە ئەو پارەیەی عەلیی کورد لە کۆڵهەڵگرانی کۆکردووەتەوە هەمووی دەخاتە سەر، مایەی خۆی: ((عەلیی کوردی سەرکردەی کۆڵهەڵگران، لەم ماوەیەدا بە هۆی بێجێییگەلێکەوە دەردو بەڵای هاتووەتە سەر. لەو ریکلامانەدا کە دراونەتە رۆژنامەکان عەلیی کورد لە لایەن ئەندامانی رێکخراو (ئەسناف)ی کۆڵهەڵگرانەوە تاوانبار کراوە. بە پێی ئەمە، عەلیی کورد بەرامبەر بەو ئازایەتییەی کۆڵهەڵگران لە بایکۆتدا نواندوویانە، وەکو پاداشت بە ناوی رێکخراوی کۆڵهەڵگرانەوە پارەی کۆدەکردەوە، بەڵام لەو لێکۆڵینەوەیەدا کە لۆنجە (بارەگای رێکخراو) ئەنجامی داوە، دەرکەوتووە کە ئەندامانی کۆڵهەڵگر ئاگاداری ئەم رووداوە نەبوون. سێ کەس لە سەرکارانی بارەگای کۆڵهەڵگران ناونووس کران و بە بەرچاوەوە گرتنی داهاتی خودی عەلیی کورد تاوانباریان کردووە))[٢٣].

یەك لەوانەی هەوڵی هێورکردنەوەی کۆڵهەڵگرە کوردەکانی دابوو، سەعید نوورسی (سەعیدی کورد) ناوی پیاوی ئایینی بووە. سەعید نوورسی کە بەو ناوچانەدا ((هەر هەموو شوێنەکان و قاوەخانەکان))دا گەڕاوە کە بە چڕی کۆڵهەڵگرە کوردەکانی لێ بووە. کۆڵهەڵگرەکان بە تەنیا جێ ناهێڵێ، ئەوانەی بەرامبەر هێزە تۆقێنەرەکان بانگهێشتی بە ئاگاهاتنەوە دەکا. سەعید نوورسی لەم دەمانەدا کە بۆ کۆڵهەڵگرە کوردەکان بە دەنگ دێ، بۆ ئەرمەنییانیش ئاگاداریی

21- Ein Besuch beim Boykotsundikat, Neue Freie Presse, 24 Januar 1909.
22- Donald Quataert, Social Disintegration and Populer Resistance in the Ottoman Empire 1881-1908, New york University Press, 1983, s.130.
23- Mehmet Emin Elmacı, 1908 Avusturya Boykotunda Liman İşçileri, Kebikeç, no 5, 1997.

هەر لەم شوێنەدا وێنەیەکی کاریکاتێریی عەلی-ی کورد (کوپرت عەلی) بڵاوکراوەتەوە.

بە بایەخی لە شێوەی: ((...دەبێ دۆست بن و دەستتان لە ناو دەستی یەکدیدا بێ..)) دەردەبڕێ. سەعید نوورسی بەم قسانە دەیەوێ رابوردوو بەجێ بهێڵێ. دوور نییە بە گەڕانەوە بۆ رابوردوو بیەوێ ئەنجامی خراپی رووداوە خوێناوییەکانی ساڵی (١٨٩٦) و ئەو گرژییەی لە نێوانی کۆڵهەڵگرە کورد و ئەرمەنییەکاندا رووی دابوو، بە بیر کۆڵهەڵگرە کوردەکان بهێنێتەوە، سەعید نوورسی ئەوە رادەگەیەنێ کە باوکی خۆیشی کۆڵهەڵگربووە[٢٤]. وا دەردەکەوێ چینی رۆشنبیری کورد لە ئەستەمبووڵ پشتگیرییان لەم کردەوەیەی کۆڵهەڵگرانیان کردبێ. هەواڵێك کە لە ژمارە دووی رۆژنامەی (تەعاون و تەرەققی)ی کورددا کە ساڵی (١٩٠٨) لە ئەستەمبووڵ دەرچووە، پشتگیریی راستیی ئەم بۆچوونە دەکا: ((بۆ رێزنان لەو دڵسۆزییەی کۆڵهەڵگرانمان نواندوویانە کە گەورەترین خزمەتیان بەو جەنگە کرد کە دژی شتومەکی نەمسایی بەرپا بوو. بەو (١٠٥٩) قرووشەی لە لایەن هەندێك لەو ئازادیخوازانەی لە ناوچەی دۆڵمەباخچەدا دانیشتوون کۆکراوەتەوە، کاتژمێرێکیان کڕیوەو بە دیاری دراوەتە عەلی ئاغای (ئۆنباشی)ی[*] کۆڵهەڵگرانی گومرگ))[٢٥].

رۆشنبیرانی کورد و کۆڵهەڵگرەکان

لە سەرەتای سەدەی بیستدا رۆشنبیرو نیشتمانپەروەرە کوردە رێکخراوەکانی ئەستەمبووڵ، با درەنگیش بێ، بە زمان هێنانەوەی ئەو بارودۆخە سەختەی کۆڵهەڵگرە کوردەکانی تێدا دەژیان و ئاثارامییان بەرامبەر چەوساندنەوەی گراندا، دەبنە هاوسۆزیان. ساڵی (١٩١٨) دامەزرانی رێکخراوی وەکو کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان و کۆمەڵەی بنەماڵەی بەدرخانی و کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی زانست و بڵاوکراوەی کوردی، بە گشتی لەم بارەیەوە هەندێك چالاکییان نواندووە.

لە گۆڤاری (ژین)ی ئۆرگانی کۆمەڵەی تەعالیی کوردستانی نیمچە فەرمی، کە ساڵی (١٩١٨) لە ئەستەمبووڵ دامەزراوە، لەم بارەیەوە هەندێك نووسینی بڵاوکردووەتەوە. لە ژمارە (٢٤)ی گۆڤارەکەدا نووسینێك کە ناوی نووسەری لەسەر نییە، بە ناونیشانی-سنوور بەزاندن-ەوە

24- Bediüzzaman Said Nursi, Divan-ı Harbi Örfi, s.18.

[*] ئۆنباشی: سەرکردە، لە بنەڕەتدا پلەیەکی سەربازییە واتای سەرکردەی دە سەرباز دەگەیەنێ .. (وەرگێڕ).

25- Kürt Teavün ve Terakki Gazetesi, Kürdçe-Türkçe Dergi 1908-1909. Arap Harflerinden Latin harflerine çeviren: Mehmed Emin Bozarslan, Uppsala, 1998.

بڵاوکراوەتەوە. لەم نووسینەدا بارودۆخی ئەو کۆڵهەڵگرانە کراوەتە بابەت کە لە بەندەری سرکەجی-دا کاریان کردووەو دژ بەو هێزانە وەستاون کە دەیانچەوسێنێتەوەو سەرکوتیان دەکا: ((... لە ساڵانێکەوە کۆلۆنی (کەمینە)یەکی کورد لە ئەستەمبووڵ پێکهاتووەو ئەمڕۆ بوونیان هەیە. ئەم کۆمەڵە کەمینەیەی کەوا بە کۆڵهەڵگر ناو دەبرێن، ژمارەیەکی زۆر گەورەی کرێکارانی کورد پێك دەهێنن. ئەم پیاوە بەستەزمانانە، لە جێی جیاجیای کوردستانەوە، بۆ پەیداکردنی بژێویی خۆیان و خێزانیان هاتوون، ئەم بەستەزمانانە لێرە بە شێوەیەکی زۆر بە نامووس و بە ئارەقەی نێوچەوان، کە لە بەیانییەوە تا ئێوارە ماندوو و شەکەت دەبن و دادەهێزرێن. وەك لە هەموو وڵاتێکدا نموونەیان هەیە، ئەمانیش لۆنجێکی لە لایەن حکوومەتەوە دان پێدانراویان هەبووە. ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە خۆیانەوە هەبوو، بە هۆی کۆششی تایبەتیانەوە، ناکۆکیی نێوانیان و کارەکانی دیکەیان لیژنەی ئەم لۆنجەیە چارەسەری دەکردو کۆتایی پێ دەهێنا. حکوومەتیش بە ڕێگەی شارەوانییەوە ئەم ڕێکخراوەو بزووتنەوەی کرێکاران کۆنترۆڵ دەکا. کەواتە ئەو کارانەی پەیوەندییان بە کرێکارانەوە هەیە، چاك و خراپ بە هەر شێوەیەك بێ بابێ، ڕێکخراوێك بە بەرپرسێکی ڕەسمییەوە بەستراوە. دەستدرێژیی دەرەکیی کەسێك یان هێزێك بۆ سەر ئەمە، لەگەڵ چەمکی سنووری خۆ نەزانی و خۆ نەناسینەوەشدا تا سنوورێك کە نەکرێ ڕوونبکرێتەوە دزێو و هەڵسوکەوتێکی ڕەش ڕەشە))[٢٦].

لە نووسینەکەدا باس لەوە کراوە کە ڕەفیع جەواد بەگی سەرنووسەری ڕۆژنامەی (عەلەمدار) و ئەحمەد قەدری ئەفەندیی بەڕێوەبەری کاروباری نووسینی ڕۆژنامەکە، سەریان لە کۆڵهەڵگرە کوردەکانی سرکەجی داوە. هەروەها باس لەو فشارە کراوە لە ئارەزووی بە هەڵبژاردنی کەسێکیان بۆ سەرۆکایەتیی لۆنجەکە خستوویانەتە سەر کۆڵهەڵگران. لە ژمارەی (٢٥)ی گۆڤارەکەدا ئەمجارەیان نووسینێکی دیکە بە ناوونیشانی (کرێکارانی کورد لە ئەستەمبووڵ) بڵاوکراوەتەوە. سەرنج بۆ مەرجە قورسەکانی ژیانی کرێکارە کوردەکان ڕاکێشراوەو پێویستیی یارمەتیدانی ئەم مرۆڤانە لە لایەن کوردەکانەوە پێشنیار کراوە: ((بە کورتی، دەمانەوێ بڵێین، با ئێمە لەگەڵ کرێکارانی کورد خەریك بین بۆ ئەوەی بێگانان پەنجەی تێوەرنەدەن)). دواتر ئەم کرێکارانە هەر لەم نووسینەدا بە ((لە داهاتوودا تۆوێکی باشی کوردستان)) دادەنرێن[٢٧].

26- Görev Sınırları-Haddı Aşma, Jîn, no 24, 1919.
27- İstanbul'da kürd İşçileri, Jîn, no 25, 1919.

لە کۆبوونەوەی شەشەمی کۆمەڵەی بنەماڵەی بەدرخانییان کە ساڵی (١٩٢٠) دامەزراوە، باس لە ناهەقییەك کراوە کە کۆڵهەڵگرە کوردەکان تووشی هاتوون و لەم بارەیەوە بەرگریی پێویست بەرچاوخراوە. چوارەم بڕیاریان پەیوەندیی بەم بابەتەوە هەیە ((لەبەر ئەوەی لە لایەن کۆڵهەڵگرانی بەندەری حەسر (Hasır) بەشی ساڵح رەییس نەدراوە ئەم بەش وەرگرتنە دژ بە یاسایە، دوای ئەوەی باس لەو سەردانە کرا کە لە بابەت ئەو فشارەوە کراوە کە فەرمانبەری ناوەندی (ئەمینۆنێنو) و پاریدەدەری کۆمیسێری تەختە قەڵا خستوویانەتە سەر ئەوانە (کۆڵهەڵگرەکان!)، بڕیاری ئەوە دراوە، بەڕێزان عەبدوڕڕەحمان و جەلادەت عالی سەر لە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس بدەن و ڕێ لەو دەست تێوەردانە نایاساییەی ئەو فەرمانبەرە ناوبراوانە بگیرێ))[٢٨]. لێرەدا جەلادەت عالی بەگی باسکراو ئەو جەلادەت بەدرخانەیە کە دواتر بەو لێکۆڵینەوانەیەوە ناسراوە کە لە بارەی زمانی کوردییەوە ئەنجامی داون. لە ماددەیەکدا کە لە پرۆگرامی کاری کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی زانستی و بڵاوکراوەی کوردی، کە لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە، باس لەوە کراوە کە پێویستە لە نێو کرێکارانی کورددا هەندێك کۆمەڵەی هاوکاری دامەزرێ[٢٩].

کۆڵهەڵگرە کوردەکان و بیری نەتەوەیی

نەتەوەویستە کوردەکانی ئەستەمبوڵ و ڕۆشنبیرانیان درەنگیش بێ، تێدەگەن کە ئەو گرووپە کوردە کارگەرانەی لە ئەستەمبوڵ خەریکی کارکردن بوون و کۆڵهەڵگرەکانیان هێزێکی بە بایەخن. ئەو کۆڵهەڵگرانەی هەمیشە بە سووك دانراون و تووشی هەموو جۆرە ناهەقییەك هاتوون، پارچەیەکی کۆمەڵگای کوردن و پێویستیی خۆکردنە خاوەنی کێشەکانیان زۆر درەنگ پێ زانراوە. قازانجی هێنانە ڕیزی نەتەوەیی ئەمانە، قەوارەی جددی پەیداکردنی گیروگرفتەکەو لە دەمێکدا کە دەگاتە خاڵی تەقینەوە. واتە ساڵی (١٩٠٨) دوای مەشرووتییەتی دووەم دەست بە تێگەیشتنی دەکرێ. چوونە ناو کارگەرە کوردەکانەوە و لە نێو ئەواندا پڕوپاگاندە کردن و بە تایبەتی لەناو قوتابییە کوردەکان و کۆڵهەڵگراندا، دیدی

28- Malminanij, Cızira Botanlı Bedirhaniler ve Bedirhani Ailesi Dernegi'nin Aile Tutanakları, s.27.

29- Kürd Tamim-İ Maarif Cemiyeti Bildirisi, Jîn, no 10.

دامەزراندنی پەیوەندیی چڕتر، بەرەبەرە گرنگی پەیدادەکا. لەم دەمانەدا پێکهاتنی یەکەم بە یەکگەیشتنەکانیان دەبینین[٣٠].

سەیید عەبدولقادر کە پەیوەندیی نێوان کۆلەهەڵگرە کوردەکانی لە ئەستەمبووڵ و ئەو بیرە نەتەوەییە کوردەی لێرەدا پەرەی سەندبوو و بزووتنەوەی رۆشنبیریی دابین کردبوو. ساڵی (١٩٠٨) کە لە تاراوگەوە گەڕاوەتەوە ئەستەمبووڵ، کۆلەهەڵگرەکان لە مانگی رەمەزاندا خۆپیشاندانێکی خۆشەویستییان بۆ رێکخستووە[٣١]. سەیید عەبدولقادر لە لایەن کۆلەهەڵگرە کوردەکانەوە خۆشەویست بووەو وەکو پیاوێکی حسێب بۆ کراو لە سەرچاوەکاندا باسی کراوە، قەدری جەمیل پاشاو نووری دەرسیمی کە شایەتحاڵی سەردەمەکەن، لەم بارەیەوە هەندێك روونکردنەوەیان خستووەتە روو، سەیید عەبدولقادر کەسایەتییەکە، نەك هەر لە لایەن کۆلەهەڵگرانەوە، بەڵکو هەر هەموو ئەو کوردانەی لە ئەستەمبووڵ بوونە، خۆشەویست بووە: ((سەیید عبدولقادر نەفەندی نوێنەری کۆمەڵانی کوردی ئەستەمبووڵ و کەسایەتییەکی سیمبۆلئامێز بووە. هەموو کار و ناخۆشییەکانی کرێکارانی کورد بە هاتنەکایەی کەسایەتیی ئەوەوە چارەسەر دەبوو. ئەو یارمەتییانەی کرێکارانی کورد دەیانبەخشییە کۆمەڵەی هێڤیی قوتابییانی کورد لە ئەستەمبووڵ بە میانبینیی ئەوەوە دەبوو))[٣٢].

پەیوەندیی پێشەوایانی وەك سەیید عەبدولقادر و سەعید نوورسی بە کۆلەهەڵگرانەوە، لە پلەی یەرایەدا لە داب و نەریتی ئەو رێز و خۆشەویستییەوە بناغەی داڕشتبوو کە لە نێو ((کاکی گەورە)) و ((براکانی دیکەدا)) هەیە. پەیوەندییەکان لە چەمکی رێکخستنە هاوچەرخەکانەوە دوور بوو. یەکەم کۆششی دڵسۆزانە لە بارەی هێنانەوەی کۆلەهەڵگران بۆ ریزی بزووتنەوەی نەتەوەیی بە دامەزرانی کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان لە ساڵی (١٩١٨)دا پەرەدەستێنێ. سەیید عبدولقادر دەکرێتە سەرۆکی کۆمەڵە. لەم دەورە تازەیەدا، پەیوەندییەکان لە نێوانی ((کاکی گەورە)) و ((براکانی دیکە))دا وردە وردە واز لێ دەهێنرێ. لە جیاتی ئەمە، ژیانی کۆمەڵپەروەرانە و مۆدێرن دەست بە فەرمانڕەوایەتی دەکا. بەشێکی زۆری ئەو داهاتە ماددییەی

30- Nuri Dersimi, Hatıratım, ankara, 1992, s.42.
31- İsmail Göldaş, Kürdistan Teali Cemiyeti, İstanbul, 1991, s.18.
32- Kadri Cemil Paşa, Doza Kürdistan (Kürdistan Davası), Ankara, 1991, s.97.

لە ڕێی سەیید عبدولقادرەوە لە کارگە و کۆڵھەڵگرە کوردەکان دابین دەکرا، بۆ خەرجیی ڕێکخراو تەرخان دەکرا[٣٣].

کۆڵھەڵگرە کوردەکان کە ساڵانی کۆن تەنیا بەوە قایل دەبوون کۆشش لە پێناوی ژیانێکی سادەدا بکەن. لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا، دەسا پەیوەندیی لەگەڵ خەباتی ئەتنیکیی گەلی خۆی و نەتەوەییدا دەست پێ دەکا. دەتوانین ھەست بە نزیکیی ڕەشید ئاغای سەرۆکی کرێکارانی کورد لە ناوچەی (ئاسلێن ھنس) لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەیەکی وەھادا ھەڵبسەنگێنین. لە دژی شێخ سەعیدی سەرکردەی ئەو شۆڕشەی کوردە کە ساڵی (١٩٢٥) بەرپا بوو، عەلی ڕەزا ئەفەندیی کورد، لەو سەردەمەدا لە ئەستەمبوڵ کە سەری لە ھەندێك کەس داوە، دەڵێ: لە ساڵی ڕەشید ئاغای سەرۆکی کرێکاراندا ماونەتەوە کە لە ئەستەمبوڵ دەژیا[٣٤]. سەرچاوەی ئەوتۆش ھەمن دەڵێن: ڕەشید ئاغا، یەك لە ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان بووە[٣٥].

سەیید عەبدولقادر کە ساڵی (١٩٢٥) لە ئەستەمبوڵ گیراوەو براوەتە دیاربەکر و لەوێ لە سێدارە دراوە، بەلای کۆڵھەڵگرە کوردەکانەوە لە دەستدانێکی گەورە بووە. ئەکرەم بەگی بەڕێوەبەری ئاسایشی ئەستەمبوڵ کە سەیید عەبدولقادری دەستگیر کردووە، دواتر ھەوڵی بێدەنگ کردنی کۆڵھەڵگرە کوردەکان دەدا. ((ئەکرەم بەگ خۆی ئامادە کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی یاخیبوونێکی کورد لە ئەستەمبوڵ کە دوور نەبوو ڕووی بدایە. ژمارەی کورد لە ئەستەمبوڵ نزیکەی دە ھەزار بوو و ئەمانە بە گشتی ئەو کۆڵھەڵگرانەی دەوروبەری (تونتەپانی) بوون. کۆڵھەڵگرەکان ماوەیەك خرۆشا بوون، تارادەیەك خستنە ناو دەریای فەرمانبەرێکی پۆلیس سنووریان بەزاندبوو. ئەکرەم بەگ ھێنانە ژێر باری ئەوانەشی پشتگوێ نەخستبوو))[٣٦]. لەو ماوەیەدا دەنگۆی خۆ ئامادەکردنی ((کوردە چەکدارەکانی ئەستەمبوڵ)) بۆ یاخیبوون لە ئارادابووە و ھەواڵەکان لەم بارەیەوە دەگەنە بەڕێوەبەرێتیی ئاسایشی ئەستەمبوڵ.

33- Kadri Cemil Paşa, Doza Kürdistan, s.42.
34- Uğur Mumcu, Kürt-İslam Ayaklanması, Ankara, 1991, s.18.
35- Tarık Zafer Tunaya, Türkiye'de Siyasal Partiler 11, s.186.
36- Metin Toker, Şeyh Said ve İsyanı, s.59.

کۆڵهەڵگرە کوردەکان کە خەم و باری جیهانیان لەسەر شان دەگرت، دوای ئەوەی ریزە رووداوێکیان بەسەردا رەت بوو، زارۆ ئاغای رابەری ئەفسانەئامێزی خۆیان دەخولقێنن. کاریزماترین کەسایەتیی کۆمەڵی کۆڵهەڵگرە کوردەکانی ئەستەمبوڵ، بێگومان ئەوەی سالآنێکی درێژ ئەوەی رابەرایەتیی کۆڵهەڵگرە کوردەکانی کردووە، زارۆ ئاغا، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمدا لە دایك بووەو یەکێکە لەو یەکەمین کۆڵهەڵگرە کوردانەی هاتوونەتە ئەستەمبوڵ. ناوبانگی لەو سەرچاوەیەوە ناوی خواردووەتەوە کە لە سەردەمی خۆیدا بە تەمەنترین مرۆڤێکی دنیا بووە. چاپەمەنیی جیهان زارۆ ئاغا بە (مەتۆسالەم-مەتهوسالەم)ی مۆدێرنی سەردەمان داناوە. هەندێك سەرچاوە ساڵی لە دایك بوونی زارۆ ئاغا بە (١٧٧٧) و هەندێکی دیکەیان بە (١٧٧٤) داناوە. بە پێی ئەم ژمارانە دەتوانین بڵێین زارۆ ئاغا (١٥٧) یان (١٦٠) ساڵ ژیاوە. لەم سالآنەی دواییدا لەو نووسینانەدا کە لە هەندێك گۆڤاری ئەمریکا[٣٧] و ئەستەمبوڵ[٣٨] و ستۆکهۆڵمدا[٣٩] دەرچووە، باسی زارۆ ئاغایان کردووەتەوە کە چیرۆکەکەی بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلە.

سەرچاوە کۆنە کوردییەکان لەبەر هەر هۆیەکەوە بێ، زۆریان باس لە زارۆ ئاغا و چیرۆکی ژیانی نەکردووە. بەتایبەتی لە بڵاوکراوە وەرزانە کوردییەکانی ئەو سالآنەدا، تەنانەت ناتوانین هەواڵی

37- Vera Beaudin Saeedpour, The Resurrection of zero Agah, Kurdish Times, vol.1, no 2, 1986, s.60-62.

نووسەر هەر لەو گۆڤارەدا هەندێك وێنەی سەرنجراکێشی زارۆ ئاغا بڵاودەکاتەوە کە لە ئەرشیفێکی کۆندا دۆزیبوونییەوە. لە وێنەیەکدا زارۆ ئاغا گیتارێکی بە دەستەوەیەو لە کۆنسێرتێکدایە، لە وێنەیەکی دیکەدا لە نیویۆرك لەگەڵ کیژێکی لاودایە، لەو وێنەیەشدا کە لەسەر بەرگدایە، زارۆ ئاغا بە جلی کوردییەوە پۆزی لێ داوە، ئەم وێنەیە بە رێتێچوونێکی گەورەوە لە سالآنێکی زووتردا گیراوە.

38- Anthony Bryer, Zaro Aga (1774-1934): The Stories of a legend-Last of the Lions, Cornucopia 7/11, 1994-1995.

لە شوێنێکی ئەم نووسینەدا، زارۆ ئاغا لەگەڵ تیپێکی ئارکیۆلۆژیی ئینگلیز دایە کە سەریان لە زارۆ ئاغا داوە، وێنەکە ساڵی (١٩٢٨) گیراوە.

39- Rohat Alakom, Ev Dinya ji Zaro Axa re ji Nemaye, Armanc, no 133, 1992.

مردنی زارۆ ئاغاشیان تێدا ببینین. زارۆ ئاغا کە لە نێوانی ساڵانی (١٧٧٤-١٩٣٤)دا نزیکەی (١٦٠) ساڵ ژیاوەو بە تەمەنترین مرۆڤی جیهان ناسراوە. زارۆ ئاغا کە لە شاری بتلیسی کوردستاندا هاتووەتە جیهان، بەرەو کۆتاییی سەدەی هەژدەم دەچێتە ئەستەمبوڵ، لەوێ وەکو کرێکارێك لە بنیادنانی قشڵەی سەلیمییە و مزگەوتەکانی ئۆرتە کوێی و تۆپخانەدا کار دەکا. ساڵی (١٨٢٦) لە دەمەدەمی لە ناوبردنی (وەجاخی یەنیچەری) کە زارۆ ئاغا (٥٠) پەنجا ساڵان بووە، ساڵانێکی دووروو درێژ لە ئەستەمبوڵ سەرکاری کۆمەڵی کۆڵهەڵگرە کوردەکان بووە: ((کە جێی شیاوی خۆی هات، ناماندەوێ کوردەکانی ئەستەمبوڵیش لە بیر بکەین کە کارە گرانەکانی گومرگی ئەم شارە گەورەیەیان کوت و مت بە تەواوی بە دەستەوە گرتووە کە سەرۆکەکەیان، زارۆ ئاغای بە ناوبانگی بە تەمەنترین پیاوی جیهانە. (١٥٢) ساڵی تەمەنە و کاتێك ئەم لاپەڕانە دەنووسم هێشتا لە ژیاندایە))[٤٠]. زارۆ ئاغا کە دواتر لە ئەنجومەنی شاردا ئەرکی سەرۆکی خزمەتگوزارانی بەڕێوەدەبرد، ڕۆژانی دوایی لە ئەستەمبوڵ بەسەربردو ساڵی (١٩٣٤) هەر لەوێ دەمرێ. زارۆ ئاغا نزیکەی سەد ساڵی تەواو وەك کۆڵهەڵگرێك لە ئەستەمبوڵ کار دەکا، مەجید ئەفەندیی زاوای لە بارەی ژیانی زارۆ ئاغاوە هەندێك ڕوونکردنەوە ئەنجام دەدا، لە ڕۆژنامەی جومهووریەت-ی (١٩٣٤/٧/١)دا بڵاوکراوەتەوە.

((زارۆ ئاغا لە (١١٩١)ی کۆچی*))دا لە گوندی مەرمەنت-ی سەر بە ویلایەتی بتلیسدا لە دایك بووە. تا هەژدە ساڵان لە گوندەکەیدا ژیاوەو دواتر هاتووەتە ئەستەمبوڵ. زارۆ ئاغا لە بیناکردنی قشڵەی سەلیمییە و مزگەوتەکانی ئۆرتە کوێی و تۆپخانەدا کاری کردووە، گەڕاوەتەوە شارەکەی لەوێ ژنی هێناوە، بۆ دەستخستنی پارەی زۆر دیسانەوە هاتووەتەوە ئەستەمبوڵ لەبەر ئەوەی شۆخ و ئەندام درشت و بە هێز و توانا بووە، سەرنجی (سەرا)ی ڕاکێشاوە، سەربازیی لە سەرادا کردووە.

40- Mesud Fani, Kürtler ve Sosyal Gelişimleri, Ankara, 1993, s.11.

مەسعوود فانی دەڵێ: زارۆ ئاغا لە لایەن کۆمەڵەیەکی دژ بە خواردنەوەوە بانگهێشتی ئەمەریکا کراوە.

* دەکاتە ساڵی ١٧٧٧ی زایینی (وەرگێڕ)

بەڵام لە جەنگی رووسیدا گەڕاوەتەوە شارەکەی، لەگەڵ کەسانی عەشیرەتی خۆی و شەریف میرزا پێکەوە بەشداریی لە جەنگ کردووە. لە لاقییەوە زامدار بووە، گەڕاوەتەوە ئەستەمبووڵ؛ لە تەرسانەدا (کارگەی دروستکردنی کەشتی) کرێکاریی کردووە، چەند جارێك هاتوچۆی شاری خۆی کردووە، لە هەموو چوونەوەیەکیدا ژنێکی دیکەی هێناوە. بەگوێرە داواکاری زارۆ، کە حەوت جار لە شارەکەیدا ژنی هێناوە، لە گومرگەکاندا کۆڵهەڵگری بووە. زارۆ لەم کارەدا زوو خۆی نواندووە، بووەتە کەهیە (کوێخا)ی هەموو کۆڵهەڵگران. زارۆ ئاغا کە لە هەموو بەندەرەکان بەشی وەردەگرت، سەرەڕای زۆر گەورەیی تەمەنی، هەموو کەسێکی دەترساند، ئەوەی بەرەنگاری دەبوو بە مشتەکۆڵە لێی دەدا. زارۆ (١٣) سیانزە جاران ژنی هاوردووە، سیانزدە منداڵی بووە کە پێنجیان کچ بووەو (٢٩) بیست نۆ نەوەی بووە. لە منداڵەکانی تەنیا دوا کچ، گویللو خانم شەست ساڵانە و هێشتا لە ژیاندایە، زارۆ لە کاری کوێخایەتیدا پتر لە بیست ساڵ ماوەتەوە، کە وای لێ هاتووە نەتوانێ هیچ کارێك بکا، کۆڵهەڵگرەکان لە یارمەتیدانیدا بەردەوام بوون. چونکە لە چاوی ئەواندا شوێنێکی پیرۆزی بووە. پیرێتیی زارۆ بەر لە دە ساڵ سەرنجی شارەوانیشی راکێشاوە، لە سەردەمی سەرۆکایەتیی شارەوانیی ئەمین بەگی ئۆپێراتۆر (ئەشتەرگەر)دا ناونیشانی سەرۆکی خزمەتگوزارانی شارەوانیی دراوەتێ. مووچەی (٥٠) پەنجا لیرەی بۆ بڕاوەتەوە، ئەم بارودۆخەی تا مردنی درێژەی بووە)).

هەواڵی مردنی زارۆ ئاغا کە لە (١٩٣٤/٦/٢٩)دا بووە، میدیای هەموو جیهانی وروژاندووە، ئەو ئەخۆشخانەیەی تێیدا نووستووە پڕ دەبێ لە رۆژنامەنووس. دواتر رۆژنامەکانی هەر هەموو جیهان لە نزیك کۆتایی مانگی حوزەیران. رۆژی (١٩٣٤/٦/٣٠) ئەم هەواڵە بە خوێنەرانیان رادەگەیەنن: ((بە تەمەنترین پیاوی جیهان مرد)). بۆ لە نزیکترەوە ناسینی زارۆ ئاغا، دەبێ بە زمانی ژمارە قسە بکرێ. زارۆ ئاغا سەدەو نیوێك ژیاوەو بەشداریی لە شەش جەنگی گرنگدا کردووە. لەو سەروبەندەی تێیدا ژیاوە، نزیکەی دە سوڵتان لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا فەرمانڕەوایی کردووە. زارۆ ئاغا بە پێی هەندێك سەرچاوە (١٠) دە جار و بەلای هەندێك سەرچاوەی دیکەشدا (٢٩) جاران ژنی هێناوە. جگە لەم ژمارانە لە بارەی زارۆ ئاغاوە گەلێك ژمارەی شیکاریی دیکە پەیدا دەبن. بە پێی ژمارەی یەکێك لەوانەی حەزیان لە ژمارەیە، زارۆ ئاغا رێك (١٨٨٤) مانگ، (٥٨٣٠٥) رۆژ ژیاوە. ئەگەر ئەو قسانەی لە بارەی زارۆ ئاغاوە هەن و ئەفسانەکانیشیان تێکەڵ بکەین دەتوانین لیستی ئەم ژمارانە درێژتر بکەین. بۆ نموونە

وەك ئەوەی گوایە سێ گورچیلەی بووە[41]. زارۆ کە ڕۆژانی لاوێتیی بە بیردا دەهاتەوە کە لە بیری نەدەچوونەوە.. واتە سالآنی لاوێتیی کە لە تەمەنی (٩٠) نەوەد سالیدا بووە.

بە پیرترین مرۆڤی جیهان دانانی زارۆ ئاغا لە بەرژەوەندیی هەندێك كۆمپانیا و ناوەندی سوودمەندی دیكە بوو، بۆیە ئاسانكاری بۆ زارۆ ئاغا دەكرێ كە بە وڵاتە جودا جوداكانی جیهاندا بگەڕێ. زارۆ ئاغا كە گەشتەكانی هەندەرانی بە ڕابواردنێكی لە تام بەدەر و ڕەنگین بەسەرچووە، سالی (١٩٢٥)، ئیتالیا و (١٩٣٠) ئەمریكا و (١٩٣١) ئینگلتەرە گەڕاوە، هەر گەشتێكی لەم گەشتانە دەبێتە ڕووداوێكی ئەوتۆ كە مێدیاكان ماوەیەكی چاك دەیكەنە تەوەری سەر باسەكانیان. بابەتی ئەو گەشتەی سالی (١٩٣٠)ی بۆ ئەمریكا بە شێوەیەكی زۆر ڕەنگین بەسەر دەچێ، زارۆ ئاغا (١٨ی تەمووزی ١٩٣٠) چووەتە ئەمریكا، نۆ مانگی لێ ماوەتەوەو گەلێك كەسایەتیی بە بایەخ و نوێنەرانی دامەزراوان دەبینێ[42]. زارۆ ئاغا بەسەر یۆناندا چووەتە ئەمریكا، بەجۆرە سەرنجی مێدیاكانی یۆنانی ڕاكێشاوە. لە گۆڤارێكی ئەو سالآنەی سوێددا وێنەیەكی زارۆ ئاغا بەرچاو دەكەوێ، لە سەربانی كابینەكانی كەشتییەكی ئەڵمانی بە ناوی برەمەن (Bremen) بووە، لەسەر كورسییەكدا پۆزی لێ داوە. هەر ئەو گۆڤارە سوێدییە وێنەیەكی فۆتۆگرافیی زارۆ ئاغا لەگەل فۆتۆگرافی (لارس نۆلۆفسۆن)ی بەتەمەنترین مرۆڤی وڵاتی خۆیان پێكەوە بلاوكردووەتەوەو هەواڵەكەی بە ناونیشانی (بەتەمەنترین دوو كەسی جیهانی و سوێدی) پەخش كردووە. نەك تەنیا لە نموونەی سوێدیدا، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكانی وڵاتانی دیكەشدا باس باسی زارۆ ئاغا بووە، چاپەمەنیی هەر وڵاتە و لەم هەلەدا بەسالداچووانی خۆیان، یان بۆ ناساندنەوەی Metusalem ی خۆیان هەلیان قۆستووەتەوە.

41- M. Salahattin, Zaro'ya da Kalmayan Dünya, Milliyet 1.7.1934.

42- 156 Year old Turk comes to visit Us, New York Times 19.7.1930.

(لەگەل ئەوەشدا كە زارۆ ئاغا بە خۆی كوردە، لە ڕۆژنامەكانی ئەو سالآنەدا بەگشتی هەموویان بە (تورك) یان ناساندووە. زارۆ ئاغا كە بە كوردی قسەی دەكرد، لەم گەشتەی ئەمەریكایدا بە هۆی عاسم ڕیدوان و ئەحمەد مووسای دوو وەرگێڕەوە كە یاوەریان كردووە، وەلآمی پرسیارەكانی چاپەمەنی و ناوەندە جیاجیاكانی دەدایەوە).

یەك لەو بابەتانەی میدیاكانی جیهانی پتر ورووژاندووە، ژیانی هاوسەرێتیی زارۆ ئاغا و شێوەی روانینی بەرامبەر ئافرەتان بووە، كە چاوی بە ئەتاتورك كەوتووە، پێی گوتووە كاری چاكت كردووە، بەڵام رەخنەی ئەوەی لێ گرتووە كە ئازادیی زۆری بە ئافرەتان داوە. لە ژمارەی رۆژی (١٩٣٤/٦/٣٠)ی رۆژنامەی میللییەتدا نووسینێك (٢٩) بیست و نۆ جار ژنهێنانی زارۆ ئاغای دەرخستووە، هەر لەو هەواڵەدا ((لە وەڵامی ئەوانەی لێیان پرسیوە، بۆچی ئەو هەموو ژنە زۆرەی هێناوە، دەڵێ: چی بكەم، ئەو ژنانەی هێناومن زوو پیر دەبن و دەمرن، بەرگە ناگرن)). لە ژمارەی رۆژی (١٩٣٠/٨/١٣)ی رۆژنامەی كات (وقت - Vakit)دا وێنەیەكی سەرنجڕاكێش بڵاوكراوەتەوە. نۆ كچی ئەمریكی دەوروبەری زارۆ ئاغایان گرتووە، بە شێوەیەكی زەوقدار دەبینرێ. دووانیان لە باوەشی زارۆ ئاغا دانیشتوون، كوڵمی پیرەمێرد رادەموسن، ئەو جۆرە فۆتۆگرافانە یادگارییانەی لەگەڵ زارۆ ئاغا كێشراون. بەتایبەتی هی ساڵی (١٩٣٠)ی زارۆ ئاغا كە لە ماوەی گەشتی ئەمریكا، لە میدیاكانی جیهاندا جێی زۆری گرتووەتەوە.

مالیك ئەكسێل لەو كتێبەیدا كە بە ناوی (ناوەڕاستی ئەستەمبووڵ)ـەوەی نووسیوە، باسی رۆژانی رابوردوو دەكات و یادەوەرییەكی میهری خانم ناوی مامۆستای وێنەكێشی دەكا كە پەیوەندیی بە زارۆ ئاغاوە هەیە. زارۆ ئاغا بانگكراوەتە قوتابخانەی سەنایعی نەفیسە (هونەرە جوانەكان)ی گەدك پاشا، لێرە وەكو مۆدێلێك كاری كردووە. بەڵام زارۆ ئاغا دوای سێ رۆژ بزر بووە، جارێكی دیكە بەشداریی لەو كارانەدا نەكردووە. هۆیەكەشی بەمجۆرە باس كراوە: ((دەمەتەقێ بەردەوامە، میهری خانم بەڕاستی دەیویست مۆدێلی پیاو بهێنێتە قوتابخانە، چونكە بە مۆدێلێكی بێ گیانی وەك بۆرەك، وێنەی رەنگاو رەنگ ناكێشرێ. ئەمەیان بە وەزارەتی مەعاریف (پەروەردە) راگەیاند، پیاو دەیتوانی بە جلوبەرگەوە بێت. تەنیا بەو مەرجە رێ دەدرا، لە كەسانی سەقەت و ئەوانە بن كە سەرنج! راناكێشن. لە جێی مۆدێلی سەقەت و ناشرین، پیرەمێرد پەسەند كرا. زارۆ ئاغا كە تەمەنی سەد ساڵی رەت كردبوو، لە قاوەخانەكانی قوتابخانەدا دادەنیشت، هێنرایە قوتابخانە. قوتابییە كچەكان بەبێ سەرپۆش دەچوونە بەردەمی ئەم مۆدێلە پیاوە راستەقینەیە، سەرباری ئەوەش بۆ دڵنیاكردنی ئەو، قاوەو چایان پێ دەبەخشی.

زارۆ ئاغا، دوای سێ ڕۆژان گوم بوو، جارێکی کە سەری لە قوتابخانە نەدایەوە، مەگەر چی هۆی نەهاتنەوەی ئەوەیە کە دەڵێ: ((-کچەکان هەموو تەماشام دەکەن، چاوم لێ لا نادەن، سەرباری ئەوەش دارجگەرەیەک (قەڵەمی ڕەش) بە دەستەوە دەگرن، بۆمی درێژ دەکەن.

- هەروەها بە ئەنقەست چاوم لێ دادەگرن، دواییش دەست بەسەرو ڕوومەتدا دەهێنن. پێم دەڵێن سەیری ئێرە بکە، سەیری ئەولا بکە، نازانم سەیری کامیان بکەم، هەموویان وەک (حۆری)ن، یەکتروانیش بن هەر قەیدی نییە. ئێ من ئەم هەموو کیژە چ لێ بکەم، بە خودای ئیدی نایەم.

بەر لەوەی ماوەیەکی زۆر بەسەردا بچێ، ئەمەریکاییەک زارۆ ئاغا بەوەی بە تەمەنترین پیاوی جیهانە، دەباتە ئەمریکا، لەوێ کە شانی، جگە لە کۆیانەکەی چیی دیی نەدیوە، سۆکنی پێ لەبەر دەکەن. زارۆ ئاغا لە تەمەنی (١٥٥) ساڵیدا هەر دەڵێی تازە زاوایە. لە ڕاستیدا ئەوە، ئەم جۆرە جلوبەرگەی پێ خۆش نەبووە. لەوانەشە ئەو بە دوای ئەو کراسەیدا دەگەڕێ کە لە (تۆپخانە)دا بەردی پێ دەگواستەوە بۆ مزگەوتی (نوستەرییە)، بەڵام تازە بەم کارەوە گلاوە.

ئێستاکە ئەو هۆیانەی ناچاریان کردووە لە قوتابخانەی (هونەرە جوانەکانی ئیتاس)ی گەدک پاشاوە هەڵبێ زۆر پتڕن. زارۆ ئاغا بۆ سەکۆی سەر گەورەترین ساختمانی نیویۆرک سەر دەخەن، لەوێ بۆ خۆشی و شادمانیی ئەمریکا دوعا بۆ زارۆ ئاغا دەکەن. زارۆ ئاغا وەک ڕۆبۆتێك نە پێدەکەنی، نەزیز دەبێ. جوانترین ئارتیستانی ئەمەریکا، هەندێکیان ملچەملچ گۆناکانی ماچ دەکەن، هەندێکیان لە باوەشیدا ڕۆدەنیشن، برێکیان لە باری لە ئامێزگرتنیدا فۆتۆگرافی لەگەڵدا دەگرن. ئەم هەواڵانە بە هەموو جیهاندا بڵاودەبێتەوەو لە ڕۆژنامەکانی ئەستەمبووڵدا دەردەچن، ئەو ڕێزلێنانەی زارۆ ئاغا بە درێژایی تەمەنی نەدیبوو لێرە دەیبینێ))[43].

گەلێك ئۆرگانی چاپ، بەتایبەتی میدیای تورك سەرەڕای بە ڕەسەن کورد بوونی زارۆ ئاغا، وەك تورکێك دەناسێنرێ، بەجۆرە لەم ساڵانەدا کەسایەتیی کوردیی زارۆ ئاغا بەردەوام دەشاررێتەوە. بەڵام کە دەچێتە بەردەمی چاپەمەنیی جیهانی، ئەو زارۆ ئاغایەی بە زەحمەت بە تورکی دەئاخڤێ، بە کوردی قسەکردن پەسەند دەکا و ئەم بارودۆخە لە چاوی میدیای

43- Malik Aksel, İstanbul'un Ortası, Ankara, 1977, s.106-107.

جیهانییەوە هەڵنایێ. لە کۆتاییدا هەندێك رۆژنامە و گۆڤار ناچاری نووسینی بە کورد بوونی زارۆ ئاغا دەبن، دەتوانین بڕیاری ئەوە بدەین کە زارۆ ئاغای تەمەن زۆر بەرەو پێش چوو، زۆر ئاگای لەو رووداوانە نەبووە کە لە وڵاتی خۆیدا یان لە جیهاندا روویانداوەو تەواو بووە، کەوا بێ توێژی جوداجودا زارۆ ئاغایان بە ئاراستەی ئامانجەکانی خۆیان بە میدیایان ناساندووە. بەپێی هەندێك سەرچاوە، زارۆ ئاغا کە دووجار چووەتە بەردەمی ئەتاتورك، ئەتاتورك هەر بە سوڵتان ناو دەبا.

لە بارەی (یاخیبوونی) شێخ سەعیدەوە کە ساڵی (١٩٢٥) بەرپا بووە. دوای هەندێك روونکردنەوە کە لە رۆژنامەی جومهوورییەتدا بڵاوکراوەتەوە، رەخنە لەم یاخیبوونە دەگرێ: ((زارۆ ئاغای بە تەمەنترینی ئەو کوردانەی لە ئەستەمبوڵ دەژین، رەخنەی لە یاخی بوونەکە گرتووەو مەحکوومی کردووە، زارۆ ئاغا دەڵێ: من نە ئەو نەفرەت لێ کراوە دەناسم کە شێخ سەعیدی پێ دەڵێن و نە پیاوەکانی دەناسم، خودا بەڵایان لێ بدا!. لە لایەکی دیکەوە زارۆ ئاغا خواستی کە خودا دەوڵەتەکەمان و میللەتەکەمان و (غازی پاشا)[*١٠] مان لەناو نەبا))[٤٤]. لە ژمارەی رۆژی (١٩٣٤/٧/١)ی رۆژنامەی میللییەتدا، محەمەد سەلاحەددین بە ناوونیشانی (دنیا بۆ زارۆش نەما) نووسینێکی سەرنجڕاکێش بڵاو دەکاتەوە، دیسانەوە لە ژمارەی رۆژی (١٩٣٤/٧/٢)ی رۆژنامەی میللەتدا وتارێکی دیکە بە شێوەی: ((دوای زارۆ ئاغا داخۆ پیرترین کەس پیاو یان ژن لە تورکیا کێ دەبێ؟)). دەنووسێ. لەم نووسینەیدا، ئەو نووسەرەی پێنج پرسیار بەرەو رووی خوێنەران دەکاتەوە، بە هۆی ئەم ئەنکێتە (لێکۆڵینەوە)یە هەوڵ دەدا بگاتە ئەنجامێك. محەمەد سەلاحەددینی وتارنووس بۆ دواجار بە شێوەی، ((با شەرەفی نیشتمان بوونی بە تەمەنترین پیاو بە وڵاتانی دیکە نەفرۆشین))[*١١]. خوێنەران ئاگادار دەکاتەوە.

[*١٠] غازی پاشا: مەبەست مستەفا کەمال ئەتاتورکە (وەرگێڕ).

44- Faik Bulut, Türk Basınında Kürtler, İstanbul, 1992, s.80.

((ئەم پەیامەی زارۆ ئاغا لە ژمارەی (٢٨ی شوباتی ١٩٢٥)ی رۆژنامەی جومهوورییەتدا بڵاو کراوەتەوە)).

[*١١] واتە: بانەیەڵین وڵاتی دیکە بە نیشتمانی بە تەمەنترین پیاو دابنرێ (وەرگێڕ).

زەحمەتی و نیگەرانیی کۆڵهەڵگرە کوردەکانی ئەستەمبووڵ دەچێتە ناو کرۆکی ئەدەبیاتی هاوچەرخی تورکیشەوە. بەتایبەتی لە هەندێك چیرۆکدا بەرەو رووی نموونەی جۆراو جۆری ئەو کۆڵهەڵگرە کوردانە دەبێتەوە کە دەچنە ئەستەمبووڵ. ئەگەر ئەم چیرۆکانە بکەینە سەرشار و بکەوینە رێ، بەلای کەمەوە هەندێك زانیاریی پڕ بایەخ لە بارەی ئەو کارەگرانانەوە کە کۆڵهەڵگرانی تێدابوون و مەرجەکانی ژیانەوە بە دەست دەخەین.

ئەو پەیوەندییانەی نێوانی کەمینە ئەتنیکییەکانی ئەستەمبووڵ، بەتایبەتی (ڕامۆ)ی چیرۆکی (ئەو کەرەی نێردرایە گوند)ی سەعید فایق کە ئەو کۆمەڵگەی (ڕۆم)ەی لە ئەستەمبووڵ دەژیا، لە چیرۆکەکانیدا خستوویەتە باری بیرێکی بە بایەخ. ئەو رامۆیە بەشداری هەموو چارەنووسێکی کۆڵهەڵگرە کوردەکانە. ((لە یەك لە گوندە نزیکەکانی سنووری ئێرانەوە هاتبوو، لەبەر ئەوەی دەیتوانی تەواوی دەردەکانی بە فەرهەنگێکی سەد وشەیی دەربڕێ، دەکرا بگوترێ دەردی نییە، لە کاتێکدا تاڵەموویەکی پرچی سپی نەبوو بوو، لە تەمەنی چل و حەوت ساڵیدا بوو، سمێڵێکی باریك و رەش و درێژی هەبوو، هێندەی تاشە بەرد بەهێز بوو، کاتێك بارە هەرە قورسەکانی بەندەریان بە سەرشانییەوە بار دەکرد. هەستی بە شانازی نەکردایە، مرەی لێ دەهات. هەر هیچ نەبێ رووی گرژ دەکرد، یانیش لەناوچاوە منداڵانەکەیدا هاڵاوی تووڕەییەکی بەرفشار کەوتوو دەبریقایەوە. ئەم جۆرە شتانە نەدەبوو! بە باری رانینی ئەو مرۆڤانەوە پێدەکەنی کە ناچاری پاراستنی هێزی خۆیان بوون. نە بە سوپاسگۆ دادەنرا، نە بە لە خۆبایی. هیچ شتێك بە روویەوە دیار نەدەبوو. هەروەها نیهانپارێزیش بوو))[45]. رامۆ کە لە دەڤەری وانەوە هاتبوو و لە زمانی کوردی بەولاوە هی دیکەی نەدەزانی، لە ئەستەمبووڵ کێشەی تازەی بۆ دەخولقاند. بەلای نووسەرەوە ((فەرهەنگی)) رامۆ، تەنیا لە هەندێك وشە پێکدەهات، بۆ نموونە: ئەحمەد، محەممەد، بار، کۆپان، بەگ، نامە، شار، درۆ، راست، کراس، ناسن ... رامۆ کە پارەی بەشی ئەوەی نەدەکرد کەرێك بکرێ و بینێرێ بۆ شارەکەی، بەسەرهاتی ئەستەمبووڵی، لە چیرۆکەکەدا بە شێوەیەکی جوان دەخرێتە گۆ، ئەم دیدەی سەعید فایقە لە بابەتی کۆڵهەڵگری کورددا تا دواپلە باوەڕ پێ هێن بوو، ((رامۆ دوای ئەوەی باری دەخستە سەر کۆپانەکەی

45- Sait faik, Bütün Eserler: 2, Şahmerdan, Lüzumsuz Adam, İstanbul, 1982, s.80-86.

هەڵیدەسەنگاند. ئەم بزاوتە، هی کەسێك بوو بڕیاری راهاتنی لەگەڵ چارەنووسی خۆی دابێ، هەڵتیزانی پیاوێکی بە زات بوو. بەجۆرە ئەو کەلوپەلەی بە سەدو بیست کیلۆ دادەنرا، وەکو نەبووبێ وا بوو. کە ئەو رێیە باریکەی لە بەندەرەوە دەستی پێ دەکرد دەپێوا بەو مێشە رەشانەی بە رووپەوە دەنیشتنەوە، جگە لە تورکییەکەی بە زمانێکی دیکە کفری دەکرد. لە کەللە سەریەوە وەکو بڵێی ریزێك رەشەبای رەت کردبێ مێشی لێ هەریەکە بەلایەکدا دەفڕی. هێدی هێدی دەڕۆیشت و هەرگیز بیری نەدەکردەوە))[٤٦].

لە چیرۆکی (ئاوی بەگرانی چۆڕاو)ی یەشار کەمالیشدا کۆڵهەڵگرێکی دیکەی کورد کە لە ناوچەی وانەوە هاتووەتە ئەستەمبوڵ دەبینینەوە، ((دوا پایز بوو، رەشیدی کۆڵهەڵگر هات. پیاوێکی درشت بوو. کەرەکەی بە پێش خۆی داوەو لە وان-ەوە رانیویەتی تا ئەستەمبوڵ سی ساڵە لە ئەستەمبوڵدا باری هەر هەموو ئەوانەی دەهاتنە هاوینە هەواری (کناڵی) رەشید هەڵیاندەگرێ. دوو سێ ساڵ جارێك تاسەی شارەکەی، ناخی گەمارۆ دەدا، کەرێکی دەهێناو بە پێش خۆی دەدا، هەر بە پێیان تا وان دەهات))[٤٧].

لە چیرۆکی ((برابەش))ی ئۆرخان کەمالدا بەسەرهاتەکانی کۆڵهەڵگرێکی (سیفەرەك) لە ئەستەمبوڵ باس دەکا. کۆڵهەڵگری سیفەرەك، لەو سەرەك کۆڵهەڵگرانەی قەناعەتی پێ هێنان خۆش نابێتەوە. ئەم کۆڵهەڵگرە کوردەی خەڵکی سیفەرەکە، بەرگەی ناهەقییەکان ناگرێ. ئەگەر بەگرانیش بەسەریدا بشکێتەوە، بە گیان لەگەڵ بەرەنگاربوونەوەیدایە: ((برادەرینە: لەمەودوا ناوکی خۆمان بە دەستی خۆمان دەبڕینەوە. پێویستیمان بەم لۆتییە نییە! ئەوەی دەستیشمان دەکەوێ دەیکەینە برابەش. باشە؟

لەوە باشتر چی هەیە.

46- Aynı Yapıt, s.81.
47- Yaşar Kemal, Sarı Sıcak-Bütün Hikayeler, İstanbul, 1983, s.223.

دەست لە ناو دەستی برادەر، چاکەت لەسەرشان، بە کاسکێتی[١٢*] بەرەو پشتەوە لاری سەیوانۆچکە وەرگەڕاوەکەیەوە لە پێشەوەی برادەرانیدا لەو جادەیەدا کە کارەبا رووناکی کردبووەوە هێدی هێدی رێی دەکرد))[٤٨].

لە چیرۆکی (کۆڵهەڵگری ئەلازك)ی بەکر یلدزدا، چۆن چۆنیی کوژرانی حەسەن ناو کۆڵهەڵگرێکی ئەلازك لە لایەن کۆڵهەڵگرە ئەغەدەمییەکانەوە باس دەکا. لالۆ حەسەن کە کۆیانێکی نوێی بۆ خۆی کڕیبوو، لە دەمێکدا کە لەو پەڕی ئومێدەواریدا بوو، لەو شەڕەدا کە لەگەڵ ئەو کۆڵهەڵگرانەدا تووشی هات، دەستیان بەسەر بازاڕەکەدا گرتبوو بە چەقۆ لێدراو کوژرا[٤٩].

قارەمانەکان: ئاوەنەی ەنگوباسی کۆڵهەڵگران

وەك لە چیرۆکەکانی برابەش-ی ئۆرخان کەمال و کۆڵهەڵگری ئەلازگ-ی بەکر یلدزدا دەبینرێ، گیروگرفتەکانی ناو کۆڵهەڵگران خۆیان، بەتایبەتی ئەو دەمەقاڵێیانەی لە ناو سەرەك کۆڵهەڵگر و کۆڵهەڵگران و کۆڵهەڵگرانی دیکەو خاوەن کەلوپەلی کۆڵهەڵگراندا رووی دەدا، گەلێك جاران پێکدادانەکان رووداوی خوێناوییان لێ دەکەوتەوە. لەم رووداوانەدا هۆیە ئەتنیکییەکان دەورێکی گەورە دەبینن. وەکو بەکر یلدز ئاماژەی پێ کردووە. دیارە زۆر جار، ئەوانەی لە ناو خۆیاندا کۆمپانیایان داناوە و ئەوانەی گرووپی ئەتنیکی و ناوچەییان پێکهێناوە، کۆڵهەڵگرە تازە هاتووەکانیان لا پەسند نەبووەو نەیانویستوون. هەموو دەمێك تێکدانی ئەم بنەمایە ئاسان نابێ. تێکەڵ بوون و بوونە ئەندامی رێکخراوەکانی هاوشاری، کە تۆڕێکی هاوکاری دەگەیەنێ، یەکەم هەنگاوێکە لەم بارەیەوە بنرێ. بۆیە کۆکترین راسپێریی ئەو کۆڵهەڵگرانەی رێی ئەستەمبوڵ دەگرنە بەر، بێگومان ئەو هاوشارییانەی خۆیانن کە لە ناوچەکانیانەوە هاتوون. ئەگەر لە دەڤەرەکانی خۆشیانەوە نەهاتبن، بە ناچاری دەبێ ((هاوشاریی کاتی)) یان ((بە قسە هاوشاری)) پەیدا بکەن. ئەم رێکخستنە کۆمەڵایەتییە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی تازە دێنە ئەستەمبوڵ. بۆ ئەو کۆڵهەڵگرە کوردانەی تورکی نازانن. گرنگییەکی نەبراوەی ژیننامێزی

[١٢*] کاسکێت: کڵاوێکە لە بەشی پێشەوەیدا سەیوانۆچکەیەکی بۆ سێبەر خستنەوەی هەیە .. (وەرگێڕ).

48- Orhan Kemal, Onuncu kadin, İstanbul, 1982, s.188-195.

49- Bekir Yıldız, Güneydoğu Öyküleri, İstanbul, 1979, s.85-95.

هەیە. بە پێچەوانەوە لە دەرەوەی گرووپدا بزر بوون، تووشی مەترسیی لە گۆڕێدا خشانەوە دەبن. ئەم هەڵوێستەش بە تایبەتی بۆ ئەوانەی بۆ یەکەمجار دێنە ئەستەمبووڵ، بەربوونەوەو کەوتن دەگمێنێ. هەندێکیان هەر هاوشارییەکانیان بە فریایان دەکەون. بەشێك لە بەدبەختەکانیان بە دەستبەتاڵی دەگەڕێنەوە شارەکانیان، بەشێکیشیان تێکەڵ بە ((بێ گوریس))ەکان دەبن کە واتای بنەڕەتی وشەی کۆڵهەڵگر دەگەیەنێ[50].

شیاوترینی ئەو جێیانەی کۆڵهەڵگرەکان هاوشارییەکان و راسپێرەکانی خۆیانی لێ ببینن، قاوەخانە، چایخانە، چێشتخانە و بیرەخانەکان بووە. ئەم جۆرە شوێنانە وەکو ناوەندی هەواڵ دەوری گەورەیان بینیوە. وەکی دی ناگری نەتەوەیی کە بۆ ئەم جۆرە شوێنە گشتییانە دەتەنییەوە یەکسەر گڕی دەگرت. لەم ساڵانەدا دیاریەکرییەکان بەگشتی هاتوچۆی قاوەخانەی عەبدوڵلا چاوشی ئەرغەنییان دەکرد کە لە (دیوان یوڵو)دا بووەو[51] دەرسیمییەکانیش بەگشتی هاتوچۆی قاوەخانەی عەلی پاشای ئەرزنجانییان دەکرد کە لە ناوچەی (ئونقاپانی)دا بووە[52]. لە لێکۆڵینەوەیەکدا زانا ئەمەریکییەکان لەم بارەیەوە ئەنجامیان داوە، تێیدا روون کراوەتەوە کە ساڵی (١٩٢٢) قاوەخانە و بیرەخانەکانی ئەستەمبووڵ کرێکاری کوردیان لێ بووە[53].

---

(٥٠) بێ گوریس: بەو بێکارانەیان گوتووە کە گوریسی سەر بە مۆری فەرمیی چەتاڵدار-یان نەبووە، ئەو گوریسە لە لۆنجە دەدرا و لە بارهەڵگرتندا بەکاردەهێنراو دڵنیایی و متمانەی پێیان دەبەخشی، بۆیە ئەوانەی ئەو گوریسەیان نەبووە ناچار بە قاچاخ کاری کۆڵهەڵگرییان کردووە.

پەراوێزە:

Necdet Sakaoğlu, Tanzimat'tan Cumhuriyet'e Tarih Sözlüğü, 1985, s. 65.
51- Kadri Cemil Paşa, Doza Kurdistan, s.28.
52- Nuri Dersimi, Hatıratım, s.31.
53- İstanbul 1920, Editör: Clarence Richard Johnson, çev. Sönmez Taner, İstanbul, 1995, s.227.

ئەنجام

یەکەم کوردێك یان ئەو کوردانەی پێیان بە خاکی ئەستەمبوولدا نابێ کێن؟ نازانین. بەڵام لە سەدان ساڵەوە کورد لە ئەستەمبوولدا ژیاون. لێکۆڵینەوەیەك ساڵی (١٩٢٢) لە بارەی ئەستەمبوولەوە کراوە پیشانی دەدا کە ئەستەمبووڵ وەك (موگناتیسێکی کۆمەڵایەتی) مرۆڤان بەرەوخۆ رادەکێشێ. لە خاڵێکی سەرنجڕاکێشدا، هەر لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئەوە دەربڕاوە کە کوردەکانی ئەستەمبووڵ بە تەنیا دەکرێ ببنە بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ[٥٤]، وەکو لەو بەشەیدا کە سەرگوزشتەی سەد ساڵی کۆڵهەڵگرە کوردەکانی ئەستەمبوولی گرتووەتەوە. (١٨٢٦-١٩٢٥) دەردەکەوێ، کۆڵهەڵگرە کوردەکان ناچاری ئەنجامدانی کاری تاڕادەی باوەڕنەکردن گران و داهێزەربوون. وەکو ئەوەی هەموو ئەمانە بەس نەبن، ئەمجارەیان ناچاری تەکاندنی ناوپێکدادانی سیاسی و تاکە کەسی و ئەتنیکیی وەکو هێزێکی کاریگەر بەکارهێنراون.

لە سەرەتای سەدەی بیستەماندا نەتەوەپەرست و نیشتمانپەروەرە کوردەکان کە لە ئەستەمبووڵ دەستیان بە بزووتنەوە کردووە و لە کۆتاییدا کۆڵهەڵگرە کوردەکان خۆیان لەناو ئەم ئازارە مێژووییەدا بینیوەتەوە بەلای کەمەوە بە توندی پشتگیرییان لێ کردووە. نەتەوەپەرستە کوردەکان کە هەڵی گەیشتن بە هەموو کۆڵهەڵگرانیان نەبووە، لە ئەنجامی (یاخی بوونی!) شێخ سەعیددا کە ساڵی (١٩٢٥) بەرپا بووە. هەر هەموویان پێکەوە ناچاری بەجێ هێشتنی ئەستەمبووڵ دەبن و بەمجۆرە کۆڵهەڵگرەکان وەك لە مێژە وابووە بۆ چارەنووسی خۆیان بەجێ دەهێڵرێن، رووداوی گیرانی سەعید عەبدولقادر لە ئەستەمبووڵ و لە دیاربەکر لە سێدارەدانی ساڵی (١٩٢٥) کە ساڵانێکی دوورو درێژ باوکی دەردی (خەمخۆر)ی کۆڵهەڵگرە کوردەکان بووەو رێپیشاندەری ئەوان بووە، بە واتایەکی دیکە (سەرکردەی فەخری)ی ئەوان بووە، بەڵکو یەکێك لە گرانترین گورزێك بووە لە کۆمەڵی کۆڵهەڵگرە کوردەکانی ئەستەمبووڵ دراوە.

54- İstanbul 1920, s.76.

وەکو لەو لێکۆڵینەوەیەدا دەرکەوتووە کە بەسەرهاتی سەد ساڵی کۆڵهەڵگرە کوردەکانی ئەستەمبوڵی کردووەتە بابەتی خۆی، بە چڕی دەبنە ئامانجی فشاری جیاجیا[**]، دیارترینی فشارەکان و شێوەی بە چڕی تاقیکراوی لە ئەستەمبوڵەوە ناردنی کۆڵهەڵگرەکانە بەرەو تاراوگە. بەڵام ئەوان دیسانەوە ڕێیەکیان بۆ دۆزیوەتەوەو یەکراست بۆ سەلماندنی بێتاوانیی خۆیان بە خۆویست دەچنەوە ئەستەمبوڵ. ساڵی (١٨٩٦) دوای ئەو ڕووداوانەی نێوان کۆڵهەڵگرە ئەرمەنییەکان و کۆڵهەڵگرە کوردەکان (هـ.ج.دوایت H.G.Dwight)ی ئەمریکایی، لە ناوچەی تەقسیمدا بەرەو ڕووی کۆڵهەڵگرێکی کورد دەبێتەوە، قسەکانی ئەم کۆڵهەڵگرە زۆر بە بایەخ دەزانێ. ئەروس یومول ساڵی (١٩٩٦) لە ئەستەمبوڵ بەشداری لە (پانێل Panel)ێك دەکا بە ناوی (زۆر ڕۆشنبیرییەتی)یەوە، سەرنجمان بۆ ئەم ڕووداوانەی ساڵانێك لەمەوبەر ڕادەکێشێ و ئەو قسانەی کۆڵهەڵگری کورد بە ئەمریکاییەکی گوتووە، ئەم قسانە دەخاتە پێش چاوان: ((دوایتی نووسەری ئەمریکایی کە باسی ئاهەنگە پیرۆزەکانی (پاسکالیا)[١٣٥] دەکا، ڕۆژی دوای جەژنەکە، باسی ئەو ئاهەنگە پیرۆزانەش دەکا، لە قسەکانی دوایت تێدەگەین کە لەو گۆڕەپانەدا کە ئاهەنگەکەی تێدا لە کەشێکی خۆشیدا بەرێ چووە بۆ

[**] لە سەرەتادا ئەم لێکۆڵینەوەیەی لە بارەی کۆمەڵی کۆڵهەڵگرە کوردەکانی ئەستەمبوڵەوە، وەکو بەیاننامەیەك ئامادەکرا، بە نیازی ئەوەی لەو کۆنفرانسە نێو دەوڵەتییەدا پێشکەش بکرێ کە لە پاریسدا لە ١٩/٢٠ی ئەیلوولی (١٩٩٦)دا بە ناوی (کوردو شار)ـەوە ڕێکخرابوو. هەر ئەو دەقە لەگەڵ هەندێك وێنەدا ڕۆژنامەی (نوێژگوێر پۆلیتیکا)دا وەك زنجیرە نووسینێك بلاوکرایەوە (٢٩-٣٠/١٢/١٩٩٦). ئەم لێکۆڵینەوەیە دواتر کراوەتە کوردی و لە گۆڤاری (چرا) دا بلاوکراوەتەوە کە لە لایەن کۆمەڵەی نووسەرانی کورد-ەوە لە سوێد دەردەچووە.

(Cimaeta Hemalên Kurd Li Constantinopole, no 7, 1997)

هەر ئەم لێکۆڵینەوەیە دواتر لە گۆڤاری ((کە بیکەچ) دا بلاوکرایەوە کە لە تورکیا دەرچووە:

.(Kebikeç, no 5, 1997)

[١٣٥] پاسکالیا: وشەیەکی (ڕۆم)ییە، ناوە بۆ جەژنێکی خرستیانان (دیان)، ڕێکەوتی ڕۆژی بلند بوونەوەی مەسیحە. (وەرگێڕ)

پیرۆزبایی ئەرمەنییەکان و رۆمەکان، لازەکانیش بە شایی (هۆرۆن)[*٤٥] بەشدارییان لە ئاهەنگەکە دەکرد، لەم دیمەنە رەنگینەدا کوردەکانیش بەشداری دەکەن. لە مەیدانی رێوڕەسمەکەدا چادر هەڵدراوەو وازی و شاییەکانی خەڵکانی خۆیانیان پیشان دەدا، کەچی قەرەجەکان بە دەهۆڵ کوتان بەشدارییان لەم جومبشەدا کردووە. دوایت لە کۆڵهەڵگرێکی کوردی پرسیوە کە لەوێ هەڵپەرکێی کردووە، بۆچی لەم پیرۆزباییەی پاسکالیایەدا بەشداریی کردووە، لە کاتێکدا خرستیان (دیان) نییە. لەو وەڵامەدا کە وەریگرتووە گوتوویەتی: ((لەوەتی دەستوور جاڕ دراوە، هەر هەمووومان یەکین، ئەگەر میللەتێك کەیفخۆش بێ، ئەوانی دیکەش لەگەڵیدا و پێکەوە کەیفخۆش دەبن. ئێستا تاکە کەموکورییەکمان ماوە ئەویش لەناوبردنی جیاوازیی هەژار و دەوڵەمەندەو هەموو پێکەوە پارەدار بووغانە))[٥٦]. هـ.ج.دوایت لەو بیرەوەرییانەیدا کە ساڵی (١٩١٥) نووسیویەتی ئەم قسانەی لە دەمی ئەم کۆڵهەڵگرە کوردەوە دەرچووە بە ((دیدێکی سۆشیالیستی)) هەڵدەسەنگێنێ و بە سەرنجڕاکێشی دادەنێ. بەڕاستیش ئەم وتە بەواتایەی ئەم کۆڵهەڵگرە کوردە، دەکرێ بە بەڵگەیەکی روون و ئاشکرای ئەوە دابنرێ کە ئەو زنجیرە رووداوە بێتامەی وا بەر لە ساڵانێك رووی داوە، لە لایەن کێیانێکەوە دروست کراوە[٥٧]. لەم جۆری کۆڵهەڵگرە کوردە دادوەرەش لە کتێبی (ترومپاچییانی ئەستەمبوڵ)ی (رەشاد ئەکرەم کۆچو)دا بەرچاومان دەکەوێ. ئەم کۆڵهەڵگرەی ناوی بەکری کورد (کوێرت بەکر) بە هەڵسوکەوت گەلێك لەو پیاوە دەچێ کە لە سەرەوەدا پۆرترێتی کێشرابوو: ((بەکری کوردی یەك لە ترۆمپاچییانی سەردەمی عەبدولحەمیدی دووەم، چالاکترین لاوی هۆبەی دائیرەی شەشەمی شارەوانیی بەیۆغلو بوو، لەگەڵ چەند کەسێك لە هاوکارە ترومپاچییەکان پێکەوە لە شوێنە هەرە بەکارەکانی بازاڕی بەیۆغلو کە بەلای شارەوانییەوە پەسەند بووە کۆڵهەڵگریی دەکرد، دەسکەوتی بە پارەی زێڕ، رۆژی خۆی لە بیست لیرە دەدا. ردێن ئاشراو، سمێڵ زل، کوردێکی درشتی وەك کەرتە سنۆبەر، لەگەڵ ئەوەی بە رواڵەت سامناك بوو، ئێجگار بە

[*٤٥] هۆرۆن: شاییەکی پڕ جوولەیە و بە هەنگاوی یەکسان و تایبەتە بە خۆرهەڵات و خۆرهەڵاتی باکووری ناوچەی دەریای رەش (وەرگێڕ)

56- İstanbul'da Çokkültürlülük, İstanbul Dergisi, no 20, 1997.

57- H.G.Dwight, Constantinople-Old and New, London, 1915, s.332.

بەزمیی بوو، رۆژانە نیوەی ئەوەی دەستی دەکەوت کۆی دەکردەوە، دە قرووشی بۆ شوێن، ئەوەی دیکەش بەو هەژارانە دەبەخشی کە دەرزیان نەدەکرد))[٥٨].

ژمارەی کۆڵهەڵگرەکان کە بەر لە سەدان ساڵەوە لە ئەستەمبوڵ هێزێکی گرنگیان پێکەوە نابوو تا دەهات کەمتر دەبوو و لە کۆتاییدا، لە هەندێك کاتپۆستاڵ (پۆستکارت)ی مێژوویی کە ژیانی کۆنی ئەستەمبوڵیان کردووەتە بابەت، شوێنەواریان بەجێ هێشتووەتەوە[٥٩]، ئەو کۆڵهەڵگرە کوردانەی خەم و باری دنیایان هەڵدەگرت، سەرەڕای تێپەڕبوونی سەدان ساڵ، ئێستاشی لەگەڵدا بێ و لەم سەردەمەشماندا لە هەندێك ناوچەی دیاری ئەستەمبوڵ، وەك لە سرکەچیدا پەنجەبازی لەگەڵ ژیاندا دەکەن. ناوونیشانی نووسینێکی (محەممەد ئاکتاش)ی رۆژنامەنووس کە چووەتە نێو کۆڵهەڵگرە کوردەکان و لە نزیکەوە چاودێریی ژیانیانی کردووە، وەکو خەمی بە سەدان ساڵ درێژە هەبووی بێ کۆتایی و تەواوبوونی کۆڵهەڵگرە کوردەکانی چڕ کردبێتەوە وایە کە پێیان دەڵێ: ماندووانی مێژوو و شار[٦٠].

58- Reşad Ekrem Koçu, İstanbul Tulumbacıları, İstanbul, 1981, s.191.

(٥٩) نموونەی کۆڵهەڵگرە کوردە کۆنەکان بوونەتە بابەتی هەندێك لەو پۆستکارتانەی جارو بارێك لە ئەستەمبوڵ چاپکراون. بەگشتی ئەو پۆستکارتانەی بەگشتی دیمەنی ئەو کۆڵهەڵگرانەیان دەنواند کە لە بەردەمی قاوەخانەکاندا پۆزیان لێ دەدا هەندێك روونکردنەوەی دوور لە راستییان لە ژێردا دانراوە. بۆ نموونە، وەکو: قاوەخانەی تورك، یان یەوەوەریی سەلانیك. بەتایبەتی: یەکێك لەمانە، سەرەڕای دیمەنی کوردەواریی، تێبینیی دیکەیان لە ژێردا نووسراوە: ((Sourenir de Salanique)) یان ((Cafe Turk)) ئەم فۆتۆگرافانەی کۆڵهەڵگرانی کوردیان دەنواند، کە لە ئەلبوومێکدا ساڵی (١٩١٧) بڵاوکراوەتەوە، لەم ئەلبوومەدا، وەك روون کردنەوەیەکی تێدایە: بەرامبەر بەم ناڕاستییانە لە گۆڤاری مێژوو و کۆمەڵدا روونکردنەوەیەك بڵاوکراوەتەوە:

Kartpostallar Ũzerine, no 171, 1998.
50- Mehmet Aktaş, Sesime Gel, Avesta Yay. İstanbul, 1996, s.14-17.

پاشکۆکان

پاشکۆ: (١)

لە بارەی نوێکردنەوەی ئەو حوکمەی بۆ پشتگیری لەو بینایانەی لە لایەن کوردەکانەوە لەو زەوییە قۆرغ کراو و سەربەخۆییانەدا دروستکراون کە تایبەتن بە ئاغەلی ئەو گوندەی لە تەرگەوەڕ-دایە و دەوار و ئاژەڵی دیکەیان تێدایە. (٣/٣٤١/١٣٤٥)

خەتتی هومایۆن (فەرمانی سوڵتان) بۆ جێبەجێکردنی پێویست دەرکراوە، حوکمێك بۆ نوێنەرانی ناحیەی تەرگەوەڕ سەر بە قەزای خاسلەر، کە موتەوەللی (سەرکار)ی وەقفەکانی ئەستەمبوولی سوڵتان محەممەد خان و مەیتەرەکانی ئاغەلی تەلار، کە لە ناحیەی تەرگەوەڕ-دایە، سکاڵایان داوە، ئەو ئاغەڵ و زەوییانەی بە خەتتی هومایۆن هی ئەو دەوار و ئاژەڵانەیە کە لە ئاغەلی تەلاری میریدا بووە لە ناحیەی ناوبراودا، لە کاتێکدا پێویست بوو دەست لە سنوورەکەی نەدرێ، ئەو ماڵە کۆچەرە کوردانەی کە لە هەندێکی ئەم زەوییانەدا نیشتەجێ بوونە و زەوییەکانیان بەکارهێناوە، کە بەپێی قانوون، ئەوە بڕاوەتەوە کە هیچ مافێکیان بەسەر ئەم زەوییانەوە نییە و زەوییەکان هی سوڵتان محەممەد خانی خودا لێخۆش بووە و لە کاتێکدا بە سەنەد ئەمەیان پێ ڕاگەیەنراوە، ئێستا کە زەوییەکان بە خۆتو خۆڕایی سوود لێ وەردەگرن، لەمەو پێشیش بە پێی سکاڵای سەرکاری وەقف و ئاغەلەوانانی ئاغەلی کۆشك پشکنەری ئەوقاف و ئەو زاتەی لە لایەن پشکنەری ئەوقافەوە نێرراوە پێکەوە چوونەتە سەر ئەو زەوییانەی نێوان گوندی (قەرەجە وێران)ی ناحیەی (تەرگەوەڕ) و (ئستراغجە) و لەو کۆبوونەوەیەدا کە ئەنجام دراوە، سەرکاری وەقفەکانی سوڵتان محەممەد خانی خودا لێخۆش بوو و

ئەو ئاغەڵەوانانەی بە پێی ئوسووڵی موقاتەعە لە لایەن وەقفەوە تەسەرروفیان بە ئاغەڵەکە کردووە و بەڕێوەبەری ئاغەڵەکە جێگری سەرکاری سوڵتان بایەزید خان و ڕۆژنامە نووسەکەی، ئاغەڵەکە بوومتە وەقفی سوڵتان بایەزید و بە ئامادەبوونی کوردەکانی دانیشتووی گوندی (بایلا) ئەو شوێنەی پێی گوتراوە ئاغەڵ لە خوارووی (ئستراغجا)وە تا چیمەنی (چەلەبی ئۆغلو) و لە وێوە تا (یاسسی گێچید) و (ویران دەگرمەن) و لەوێشەوە تا (حیسارجك) و (قوشقایە) و وەجاغەکانی گەچ و تا (کەرمە) و (دەربەندی چاشنگیر)ی سەر (کاریەیی جەدید) و بۆ (دەولەتلوکاڤاك) و لەوێشەوە (خانی میلیەیی)، لە دوایەوە بۆ (چایر دەرەسی) و لەوێوە بۆ (تورانلی گوێللەر) و (ئەرەگلییزلی) و لە (چۆرلو دەرەسی)یەوە بۆ ئاغەڵی کۆن (ئەسکی مەندارا) و لەوێوە بۆ (دەلیکلی تاش) و بۆ (ئەنبار دەرەسی) و مەیدانی کۆستا و پردی (کەبیازی) و بۆ چیمەنی (ئستراغجا) و (ئەیازمە) و سنووری (میخالە ئۆغلو) و لەوێوە تا ئاسیاوی (چەلەبی ئۆغلو) کە سنوورەکانی تەواو دەبن و لە تەك (بالئاخۆر)ـەوەیە، زەویوزاری لێکۆڵراوە بە ئوسووڵی موقاتەعە (ڕێوشوێنی زەوی بۆ دابڕین) لە لایەن وەقفی (ئەبولفەتح)ـەوە بۆ ئاغەڵی کۆشك تەرخان کراوە. تەنانەت لە ساڵی (١١٢٢) هەزار و سەد و بیست و دوودا لەگەڵ خاوەن موڵکی بە تەسەرروفی دەوروبەرەکەی و لە ڕووی سنووری ئاغەڵەکەوە ناکۆکییان لە نێودا بووە و لە ئەنجامی دادگاییدا بەڵگەی (حوججەت و تەمەسسوك)مان دراوەتە دەست و لە هەزار و سەد و بیست و چواردا بە بەرچاوگرتنی دادوەستیی خاوەنی موڵکداریان و تیمار و خەڵکی ئستراغجە و ئەوانی دیکە، لە کاتێکدا حوکممان بۆ دەرچووە و دراوەتەوە دەستمان. کوردەکان بەوەی کە ((لە وەقفی سوڵتان بایەزید و لە زەرییەکانی پاشا بیگلیتلی-ی ناحیەی چاتاڵجەیە)). بە ناهەق جێنشینی ئەو کێڵگەیەی سەر سنووری ئاغەڵەکەیان و لەسەر داوای پێشلێکرتنیان، جێگری سەرکاری سوڵتان بایەزید و بە پێی وەڵامی کوردەکان ئەو زەوییانەی لە (سارییە بایرلیغی) و ئاغەڵی (سووسگری)یەوە تا (دەرمێنی) و تا (یالنز پێلید ئەغاجی)، لەوێوە تا ڕێگا، لەوێوە تا (بۆللیجا)، لەوێوە تا (تورناڵی گوێلو)، لەوێوە تا (مومليجا)، لەوێوە تا دەرگای (شەبگەلەن)، لەوێوە تا ئەو شیوە گەورە (بویوك دەرە)یەی دێتە (ئستراغجا) و لەوێوە تا (سەڤاد دەرەسی) بە پێی بەڵگەنامەکانی بەردەستمان و بەپێی قسەی خۆیان وەقفی سوڵتان بایەزید و تەسەرروفی کوردەکانە، کاتێك تەماشای ئەو بەڵگەیەی بە دەست سەرکاری وەقفی ئەبولفەتح- دایە و تەمیری و ئەمەسسوك

و فەتواو ئیعلامەکان دەکرێ جگە لە راستیی قسەکانی سەرکاری وەقف و مەیتەرەکانی ناغەڵەکە، لە بارەی کێڵگەکەوە کە داوای سوێند خواردن لە هەردوو لایان کرا، سەرکاری ئەبولفەتح لەسەر ئەوەی زەوییەکان سەر بە وەقفی سوڵتان محەممەد خانە سوێندی خواردو بە شایەتیی پەنجا کەس سەلماندی و بە هۆی سوێند نەخواردنی عەبدوڵلای سەرکاری وەقفی سوڵتان بایەزید و کوردەکان، بڕیاردرا، کێڵگەکە هی وەقفی سوڵتان محەممەد خانە و هی خاوەنانی ناغەڵەکەیەو رێگا بە داربڕینەوە لە کێڵگەکە نەدرێ و سەرکاری وەقفی سوڵتان بایەزید و کوردەکان رێیان لێ بگیرێ کە تێیدا نیشتەجێ بن، هەروەها کوردەکان ئاگادار کرانەتەوە کە لە جێی پێشوویاندا دانیشن، بە ئیعلامنامەی ئیبراهیم حەنیف و محەممەد حفزیی پشکنەرانی وەقف و بە پشتگیری لێ کردنی محەممەدی پیری زادەی شەیخولئیسلام، بڕیاری تازەکردنەوەی ئەو فەرمانە درا کە لە سەردەمی سوڵتان مەحموود خاندا دەرکراوە.

رەبیعولئاخری ۱۱٦۸/۲۵ی ك ۲-۳ی شوباتی ۱۷۵۵

سەرچاوە:

(İstanbul Ahkâm Defterleri, İstanbul Tarım Tarihı (1743-1757) İstanbul Külliyâtı IV. Proje ve yayın yönetmeni Ahmet Kal'a).

پاشکۆ: (۲)

چیرۆکە رووداوەکانی سەدەی نۆزدەهەمی ئەستەمبوڵ

لە سەرەتای حوکمداریتیی عەبدولمەجیددا پلانەکانی رێکخستنەوەی لەشکری تورك هەر لەسەر کاغەز بوون. لە لایەن جەنەراڵ (چرزانۆسکی)یەوە بە هاوکاریی دوو ئەفسەری پۆڵۆنی (زابلۆسکی) و (برزوزۆکی) نەخشە کێشرابوو. بۆ تۆپچییان پرووسییەکان، بۆ پیادەکان فرەنسییەکان، بۆ سوارەکان ئیتاڵییەکان، بۆ دەریاییەکانیش ئینگلیزەکان، وەکو پەروەردەکار هێنرابوون، بەڵام کەس بۆ چەکهەڵگرتن بانگ نەکرابوو. لە ئییالەتەکاندا (قەڵەمڕەوی ویلایەت) کۆکردنەوەی سەرباز بە زەحمەت بەڕێوەدەچوو و لە مەیداندا وازیان لە پایتەخت هێنا.

لاوان بە کۆمەڵ بۆ لە سەربازی هەڵاتن و تا کراوە، بۆ کار پەیداکردن دەهاتنە ئەستەمبووڵ و جگە لە پیرەمێردو و سەقەت و بۆکار دەست نەداوەکان بەولاوە، کەس لە شارەکاندا نەدەما.

لەو چاخەدا حەسەن رەزا پاشا کە سەرعەسکەر (وەزیری جەنگ) بوو. بە رەسەن کورد بووە، لە کاتێکدا لە ناو بازاڕدا خاوەن ئەجزاخانە (دەرمانخانە) بووە، سوڵتان مەحموود کە بە بەردەمی دووکانەکەیدا رەت دەبێ کە بە گەورە نە دەژمێررا، سەرنجی سوڵتان بەوە رادەکێشێ کە تورکیی بە شێوەیەکی زۆر گونجاو نووسیوەتەوە. لە جیهانی خوارەوەوە بەرزکرایەوە، لەوە دوانەکەوت کە ببێتە یەکێك لە پیاوە بە بایەخەکانی حوکمدار. بە مردنی سوڵتان، پشتگیریی والیدەی(*) وەدەست خست و بووە یەکێك لە راوێژکارە سەرەکییەکانی پادشای تازە، لەگەڵ ئەوەشدا کە لایەنگیرێکی ئاگرینی چاکسازییەکان نەبوو، لە ناحەزەکانیشی نەبوو. ئەگەرچی پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ رەشید و فوئاد پاشادا نەبەستبێ، لەبەر ئەوە نەبووە کە رەخنەی لە باوەڕەکانی ئەوان هەبووە، بەڵکو مانەوەی تورکەکان لە دەسەڵاتدا و بێگومان ئارەزوویان لە بەرێوەبەرێتیدا پاڵی پێوەوە ناوە کە ببێتە لایەنگیری پیاوە گەورەکانی ریزی پێشەوە، ئەوانەی وەکو محەممەد عەلی پاشای زاوای مەحموود و سەفوەت پاشای تاتاری قرم بوون، پیاوانی سەردەمی کۆن بە سوپاسەوە تێکەڵیان بوون، وەکو حوسێن پاشای بەندەرلی کە پێشتر ئاغای یەنیچەری بووە و دواتر ریشەی ئەوانی هەڵکۆڵی، یانیش وەك تاهیر پاشای لە دەریاوانە ئیتاڵییەکان وەرگیراوە، کە لە جەنگی دەریاییی بەرامبەر یۆنانییەکاندا ناوبانگی دەرکردبوو، هەر وەك کەسانی دیکەی لەم چەشنە.

سەرەڕای ئەوەی رەزا سوودی لە رووخۆشیی دوو سوڵتانی یەك لە دوای یەك بینیبوو، لە بواری سیاسیشدا بۆ ئەوەی هەر لەناو ئەو پلانەدا لەگەڵ رەشید پاشادا بمێنێتەوە، ناچاری گەڕان بوو بە دوای پشتگیریدا، بەسەر عەسکەر دامەزرانی ئەو بۆ گەیشتن بە ئامانج، مەرجەکانی دابین دەکرد. پێویست بە سەرباز هەبوو و دەبوو پەیدا بکرێن. رەزا بۆ جێبەجێکردنی ئەمە، رێی ئەو مزگەوتانەی بە ئامانج گرت کە موسڵمانێکی زۆریان تێدا نوێژی هەینی دەکرد. بە هەموو ئەو لەشکرەوە کە لەبەر دەستیدا بوو بە هێزی زابیتە (هێزەکانی ئاسایشی ناوشار) و سەربازەکانەوە گەمارۆی هەموو ئەو مزگەوتانەی دا کە لە پایتەختدا بوون. نیماندارانی کە لە مزگەوت دەردەچوون بە ناوی خەلیفە- سوڵتانەوە هەموو ئەو پیاوانەیان لێ دەگیرا کە بۆ

سەربازی دەستیان دەدا و ئەوانە هێنراونەتە ئەو قشڵە بە ژمارە زۆرانەی ئەستەمبوڵ. تەنیا کادیرە بەتاڵەکان لەو فەوجە جۆراو جۆرانەدا ناونووس کران کە هەبوون. بەڕێوەبەرایەتیی سەڵتەنەت پێیانی ڕاگەیاند کە ئەوان سەربازی سوڵتانن، فەتوای شەیخولئیسلام خوێندرایەوە. لە ناو ئەم ڕەشبگیرەدا ئەوانەی بەڕاستی خەڵکی ئەستەمبوڵ بوون، بۆ بەکارهێنانیان لە خزمەتی پۆلیسیدا جیاکردەوە. بەم پێیە کە ڕێکخران، سوڵتان لە یەك ڕۆژدا بووە خاوەنی ٤٠,٠٠٠ پیاو. موسوڵمانان بەبێ لاری ملیان بۆ بەڕێوەبەرایەتیی سوڵتان کەچ کرد. بەڵام ئافرەتان بەرامبەر ڕەزا پاشا کەوتنە خەباتی ئاشکراو بەرگری. ئاپۆرەیەکی گەورەی ئافرەتان ڕێیان لێ گرت، چەند یاریدەدەرێکی و ژمارەیەکی کەمی دەوروبەری لەسەر پردی سەرکەنداوەوە ڕەت دەبوون، فەرمانی بەوانەی دەوروبەرەکەی دا کەمێکی لێ دوورکەونەوە و بەکارهێنانی چەکی بە هەر هۆیەکەوە بێ و هەوڵی بە وەرچەرخاندنی ئەسپەکانیان، بڵاوە پێ کردنی قەرەباڵغییەکەی لەو سەربازانەی کە یاوەرانیان پێکدەهێنا قەدەغە کرد.

کوردێکی شەنگ و شۆخ تەنیا بە خۆی، لەسەر پشتی ئەسپەکەیدا، بێ بیرکردنەوە .. ئازایانە، بەڵام زۆر بە هێمنی بە ناوەڕاستی ئاپۆرەکەدا ڕەت بوو، بەرامبەر سوکایەتی پێ کردنی ئەو ئافرەتانەی سنووری تووڕەییشیان بەزاندبوو و دوعای بەدیان و هەڕەشەکانیان هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو. بە پاپۆشەکانیان لێیان دەدا، بەردو تەنانەت تۆپەڵە قوڕیشیان تێ دەگرت. بێ ئەوەی خۆی تێکبدا بە دەستی ڕاستی و بە دەستی چەپی سڵاوی لێ دەکردن و بە زەحمەت بەرەو پێشەوە دەچوو. ئەو ماوەیەی نێوانی وەزارەتی جەنگ و سەرای دۆڵمە باخچەی بەمجۆرە بڕی.

بەسەرو گوێلاکی قوڕاوییەوە چووە حوزووری سوڵتان و چەکدار کردنی (٤٠,٠٠٠) پیاوی پێ ڕاگەیاند، ئەمە یەکەم لەشکری ڕێکوپێك و کاریگەر بوو. ڕەزا پاشا ناوونیشانی سەرعەسکەری جیهانی وەرگرت.

لەو کاتەوە، هیچ کەسێك لە چاوی حوکمداردا سوودی لە ریزلێنانی لەوە گەورەتری نەبینیوە و هیچ کەسێك لە ئەفەرمەنەکانی ئیمپراتۆرییەتدا گرنگیی پتری وەدەست نەهێنا.

* والیدە (سوڵتان): ناوی (بەزمی عالەم)ە، ساڵی (١٨٥٣ کۆچی دوایی کردووە). ژنی دووەمی سوڵتان مەحموودی دووەم و دایکی سوڵتان عەبدولمەجیدە. (وەرگێڕ)

سەرچاوە:

(İstanbul Araştırmaları: 3/1997, İstanbul Büyükşehir Belediyesi Kültür İşleri Daire Başkanlığı Yayınları, İstanbul Araştırmaları Merkezi, s.160-162).

پاشکۆ: (٣)

سەرۆکی شارەوانیی ئەستەمبوڵ لە ئێستگەی گوێزتەپەدا کوژرا

پیاوێکی بەژن و باڵا کەڵەگەت، لاواز و گەنمڕەنگ (٢٣ی مارتی ١٩٠٦) ڕۆژی هەینی لە ئێستگەی گوێزتەپە چاوەڕێی لە قیتار دابەزینی ڕیدوان پاشایان دەکرد.

ڕیدوان پاشا لەو چەندانەدا شەهرەمینی (ئەمینی شار)ی ئەستەمبوڵ، واتە سەرۆکی شارەوانی بوو. ئەو ڕۆژە بەر لە هەموان فەرید پاشای ئەڤلۆنیەیی سەدر ئەعزەم (سەرەك وەزیران)، ئەندامی حکومەت و لەگەڵ لە ڕیزی پێشەوەبووانی دەوڵەت پێکەوە دوای ئەوەی لە (سەلاملق) واتە لە دابونەریتی نوێژی جەمعەی پادشادا ئامادەبوون مزگەوتی یلدزی جێ هێشتووە، دائیرە فەرمییەکان کە پشووی حەفتە دەبێ، بە پەلە بۆ هەندێك کاروبار سەری لە مەقام (فەرمانگە)ی خۆی داوە، لەوێ دوای ماوەیەك خەریك بوون بە (ئستمبۆت)ـەکەی[*] پەرپووتەوە (حەیدەر پاشا) و دواتر بۆ چوونەوە بۆ ئەو ماڵەی کە ئامادەیی کچانی ئەرەنکۆیی بووە و ساڵی (١٩٤٤) سووتاوە، سواری قیتار (واگۆنی وەزیران) بووە.

قیتار لە سەعات (١٨,١٠)دا گەیشتە گوێزتەپە و ڕیدوان پاشا ماڵئاوایی لە هەندێك پاشای وەك خۆی کرد کە لە قیتاردا بوون و دابەزی. قیتار کە کەوتە جووڵە، ئەم بۆ ئەوەی سواری عەرەبانەکەی بێت کە لەبەر دەرگای چوونە دەرەوەدا وەستا بوو کەوتە ڕێ کردن و چووە ناو بینای ئیستگەکەوە (ئەوسا بینای ئیستگەی گوێزتەپە ئەوەی ئێستا نەبووە)، ئەو بینایە بووە کە ئێستا وەکو (لوژمان) بەکاردەهێنرێ. کە قیتار لە گوێزتەپە نزیك دەبووەوە ڕەمپەیەك دەستی پێ دەکرد و بەرز دەبووەوە تا لای بینای ئیستگەی ئەمڕۆ دەگەیشت و دواتر وردە وردە نزم دەبووەوە. دواتر ئەم ڕەمپەیە هەڵگیراو بینای ئەمڕۆی ئێستگە دروستکرا. کەچی کۆنەکە، بۆ بەڕێوەبەرانی ئێستگە، بووە (لۆژمان).

هەر رێك لەم كاتەدا چەند ساتێك لە جێی جیاجیاو هەولی سەرنج راتەكێشانی دراوەو چوار بالابەرز چاوەرێ بوون، پیاوی لاواز و گەنرەنگ، بە هەنگاوی بێ شلەژان لە چوار لاوە بەرەو ئەو چوون و چوار پێنج هەنگاویان لە نێواندا مابوو دەمانچەكانیان راكێشاو دەستیان بە ئاگر كردنەوە كرد. ریدوان پاشا بێ ئەوەی هیچ بلێ بەربووبووە سەر زەوی. هەشت گوللەی بەسەر و سەرسنگ و زگی كەوتبوو و لە یەك ساتدا مرد بوو. بە چەكەكانیانەوە خۆیان بە دەستەوە دابوو، دانیان بەوەدا نابوو كە پاشایان بە زانین و بە مەبەست و خۆ بۆ ئامادەكردن كوشتووە، بكوژەكان ئەم كەسانە بوون:

- عەبدوللای كوری محەممەدی بتلیسی- تەمەن بیست و دوو سالی.
- محەممەد ئەسعەدی كوری سەعدوللای وانی-ی تەمەن بیست و دوو سالی.
- ئەمین عەبدوللای كوری تاتاری هەكاریی- تەمەن سی و پێنج سالی.
- ئەحمەدی كوری محەممەدی وانی-ی تەمەن سی و پێنج سالی.

ریدوان پاشا لەو كەسانە بوو كە متمانەی عەبدولحەمیدی دووەمی وەدەست خستبوو. نزیكەی شانزدە سال سەرۆكی شارەوانیی ئەستەمبوول بووە. ئەوسا، كە بوو بە قوربانیی ئەم تیرۆركردنە، پەنجاو یەك سالان بووە. بە پیاوێكی زۆر راست و بە نامووس ناسراوە. خوێندنێكی رێكوپێكی دیتبوو. لە ژووری وەرگێرانی بابی عالییەوە پێگەیشتبوو و فەرەنسییەكی باش فێر بوو بوو. دوای ئەوەی لە هەندەران كاری كردبوو، لە كارێكی بە بایەخی وەك سەرنووسەرێتیی یەكەم مەجلیسی مەبعوسانی عوسمانیدا كە سالی (١٨٧٦) كرابووەوە، دامەزرابوو. دواتر لە دادوەرێتیی ترابزون، بورسە و سەلانیك و لە نووسەرێتیی سەراو لە راوێژكارێتیی ناوخۆییدا كاری كردووە و سالی (١٨٩٠) لە سەرۆكایەتیی شارەوانیی ئەستەمبوول دامەزرابوو.

رێدوان پاشا، لەو فەرمانانەدا كە بینیبوونی لە هەموویاندا توانستی پلەیەكی سامناوەندیی نواندووە، كەچی عەبدولحەمیدی دووەم لەبەر ئەوەی ئەو كەسانەی لاپەسەند بوو كە لەگەل خۆیدا راستگۆ بوون و لە توانایی كاریاندا ((سامناوەندی)) بوون. بریاری دابوو تا دوایی ئەو هەر لە سەرۆكایەتیی شارەوانیدا بەكاربهێنێ. ریدوان پاشا كە هەر لە كۆنەوە جەدی و

بەسەرگرانی ناسرابوو، وردە وردە بەم پشتگیرییەی پادشاوە لە روو دەرچوو بوو، پڕۆزی ((چیا گچکەکان من رزمـتاون))ی لێداوەو بە پێی ئەمە دەستی بە هەڵسوکەوت کردبوو.

کەچی لەم دەورەدا کەسێکی دیکەش هەبوو کە پێی وابوو خۆی چیا گچکەکانی خولقاندوون عەلی شامیل پاشای بەدرخانیی قوماندارێ قشڵەی سەلیمییە. بەدرخانییەکان بنەماڵەیەکی بەناوبانگی باشووری خۆرهەڵات بوون. بەدرخان پاشای باپیری عەلی شامیل پاشا، بەگزادەی جزیرە بوو و بە حەوت پشت دەگەیشتە شەرەفخانی بتلیسی، رەمەنی ئەوەش بۆ سەلاحەددینی ئەییوبیی بەناوبانگی دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەییوبی و بەو هۆیەوە دەگاتە خالیدی کوڕی وەلیدی موجاهیدی گەورەی ئیسلام و سەرکردەی.

عەلی شامیل پاشا لەگەڵ ئەو خزمەتکەرانەی کۆی کردبوونەوەوە بەشداریی لە جەنگی عوسمانی- رووسی (١٨٧٦-١٨٧٧)دا کردووە کاریگەرییەکی گەورەی نواندووەو پێی زامدار بووەو بە شەلی ماوەتەوە. عەبدولحەمیدی دووەم، بەدرخانییەکانی گەلێك پشتگیری دەکرد. ئەوانیش لەگەڵیدا راستگۆ بوون. هەروەها عەبدوڕڕەززاق بەگی هەر ئەم بنەماڵەیە، وەك مەشووری تەشریفات فرمانی ئەنجام دەدا و لە ژێر چاودێریی تەحسین پاشای سەرنووسەری مابەین و لە پیاوە نزیکەکانی پلەی یەکەمی پادشا بوو.

عەلی شامیل پاشا لەبەری (تویسکویدار)دا ئەوەی هەڵیدەواسی هەڵیدەواسی و ئەوەی دەیبڕی دەیبڕی. هەر کەسێکی بویستایە دەیگرت، فەلاقەی دەکرد، لە قشڵەدا بەندی دەکرد، لەبەری ئەوبەردا ئاسایی، دەرەبەگایەتییەکی دانابوو. نەیدەهێشت ڕیدوان پاشا تێکەڵی کاروباری شارەوانی بێ، ئەسنافی (خاوەن پیشە)کانی کۆنترۆڵ کردبوو، کەسێك کەموکوڕییەکی هەبایە بە خۆی سزای دەدا، بەڵام فەقیرو هەژاری دەپاراست، چاودێریی مافەکانیانی دەکرد، بۆیە لە لای خەڵکی زۆر خۆشەویست بوو، لەبەر ئەوەی ئەو ناوەی چاوشکێن کردبوو کەس نەیدەوێرا شکات بکا، سەر بۆ فەرمانەکانی دانەنوێنێ.

لەو دەمانەدا عەبدوڕڕەززاق بەگ، لە نێوانی شیشلی و نیشانتاشیدا خانوویەکی نوێی بینا کردبوو، بەڵام ئەو کۆڵانەی ماڵەکەی لێ بوو رێیەکی خۆڵ بوو بەردڕێژ نەکرابوو. هەینییەك عەبدوڕڕەززاق بەگ لە کاتی سەلاملق (ڕێوڕەسمی نوێژی هەینیی سوڵتان)دا بارەکەی بە ڕیدوان پاشا گەیاندووەو تکای بەردڕێژکردنی کۆڵانەکەی لێ دەکا.

ریدوان پاشا، لەبەر ئەوەی عەلی شامیل پاشا، سەرەڕای ئاگادار کردنەوەی تێکەڵی کاروباری شارستانی دەبوو، بەهۆی ئەمەوە دڵی لە بەدرخانییانیش شکابوو. بۆیە وەکو تکاکەی قبوڵ کردبێ وا دیاربوو تەنانەت وەکو لەم بارەیەوە دەردەکەوێ بەڵێنیشی دابێ، داواکەی جێبەجێ نەکردووە. عەبدوڕڕەززاق بەگ لە چەند ڕێوڕەسمێکی سەلاملقدا ئەو تکایەی هەر دووبارە کردووەتەوەو وەڵامی بەجێ هێنانی وەرگرتووە، کەچی کۆڵانەکە هەر بەردڕێژ نەکراوە، بۆیە ئەمەی بەرامبەر ریدوان پاشا خراپ لە دڵ گرتبوو و بیری لە چارەسەری تۆڵە لێ سەندنەوە کردووە. ریدوان پاشا هەمیشە پیاوێکی بە ناوی ئەحمەد ئاغای لە خزمەتدا بووە. عەبدوڕڕەززاق بەگ ئەوی بە پیاوانی خۆی بەگرت داوەو لە ژێر خانی ماڵەکەیدا بەند کردووەو هەواڵی بۆ ریدوان پاشا رەوانە کردووە:

- ئەگەر کۆڵانەکە بەردڕێژ نەکەی ئازادی ناکەمەوە.. ریدوان پاشا، بەم زۆرداریبە زۆر خراپ تووڕە دەبێ و لەڕێی تەحسین پاشاوە شکاتی لە لای پادشا لێ دەکاو ئەگەرچی بۆ ئازادیی پیاوەکەی تکای فەرمانیشی کردبێ، وەڵامێکی دەست ناکەوێ، عەبدولحەمیدی دووەم بە مەبەستی زیز نەکردنی هیچ لایەکیان لە خۆی، خۆی لە دەرەوەی ئەم کێشەیە ڕاگرت. ریدوان پاشا لەسەر ئەمە بڕیاری بە زۆر وەرگرتنەوەی ئەحمەد ئاغای داو تاقمە کەناسێکی دەست بە قازمەو پیمەرەو کوتەك دەنێرێ و بەسەر ماڵەکەدا دەدەن، لەم بارەدا کارەکە بە پێکداداني چەکدارانە دەگۆڕێ، بەدرخان بەگی برای عەبدوڕڕەززاق بەگ کە لە ئەفسەرانی لەشکری خاسسە بووە بە گوللە دەمانچە بریندار دەکرێ. بەمجۆرە ئەحمەد ئاغا رزگار کرا، ئەوانەی رزگاریان کرد، هەر بەوەندە نەوەستان، هەموو لایەکی کۆڵانەکەیان هەڵکەندو وایان لێ کرد کەڵکی پێداڕۆیشتنی نەبێ.

نۆرەی شکات کردن ئەمجارەیان هی عەبدوڕڕەززاق بەگ بوو. بەخۆی کە یەکێك بوو لە کارەمەندانی سەرا، ئەگەرچی بەسەر ماڵەکەیدا دەدەن و بەزۆر چوونە ژوورەوەو بە سەختی بریندار بوونی براکەی و بەمجۆرە دەست درێژی بۆ سەر گیانی کردنیشی لە ڕێی تەحسین پاشاوە، عەرزی خونکار کردبێ پادشا ئەم جارەش تێکەڵی کارەکە نەبووە. بەمجۆرە دۆزەکە بۆ بەدرخانییان قاڵبی عیززەتی نەفسی وەرگرت و لەسەر ئەمە، عەلی شامیل پاشا هاتە ناوەوەو

ئەو کردەوەی کوشتنەوەی لەسەرەوە باسمان لێوە کرد، ڕێکخست و ڕیدوان پاشای بە پیاوە ڕاستگۆکانی خۆی بە کوشت دا.

کۆتایی بەدرخانییان

ڕووداوەکە جۆش و خرۆشێکی گەورەی لەناو شاردا ورووژاند، کوشتنی وەزیرێك، سەرۆکی شارەوانی بێ و بە نزیکیی لە پادشاوە ناسراوە، بەمجۆرە لە پێش چاوی خەڵکیدا کارێکی کردە نییە. بەڵام عەبدولحەمیدی دووەم دیسانەوە لە ناو نیگەرانیدا بوو. نەیدەویست بەدرخانییەکان بشکێنێتەوەو نە چاوپۆشی کردن لە کوشتنی بەم شێوەیەی ڕیدوان پاشاش لە تواناادا بوو. فەرید پاشای ئەڤلیۆنیایی-ی سەدر ئەعزەم (سەرەك وەزیران) دۆستی نزیکی ڕیدوان پاشا بوو، سەرەڕای ئەمەش لەبەر بارودۆخی سنوور بەزێنی و لە ڕوو دەرچوونیان، بەدرخانییانی خۆش نەدەویست و دەیویست بە بیانوویەك لە پێش چاویان بخات و سەرکوتیان بکا. وەکی دی بەوەی پێویستیی فرمانی بوو بێگومان لەگەڵ چاوپۆشی لە ڕووداوەکەدا نەبوو، کە دوو دڵیی پادشا دەبینێ وەزیری دادو وەزیری ناوخۆ دەخاتە تەك خۆی و دەچێتە حوزووری پادشا و بەمجۆرە دەست بە ئاخافتن دەکا:

ئەگەر لەبەرچاوی خەڵکیدا کوشتنی فەرمانبەرێکی بەرزترین پلە؛ کە ئەرکی ئاسایشی ناوەندی دەوڵەتی لە ئەستۆدا بێ و تا پلەی وەزیری بەرزبووبێتەوە، بەمجۆرە بایەخێکی پێ نەدرێ، ئەنجامی زۆر قورسی لێ دەکەوێتەوەو ئەگەر تۆقێنەرانی ئەوان بە پێی قانوونی سزا، سزا نەدرێن، شەڕخوازان بێترس دەبن و دواییش وەزیرانی دەوڵەت هەموویان بەرەو ڕووی ئەو مەترسییە دەبنەوە.

وەك هەموو جارێکی دیکە، فەرید پاشای سەرك وەزیران، تا بێزار و دڵگران کردنی پادشا قسە دەکا و بەدەمییەوە بە چاکی بزوانێنی بیمە بەناوبانگەکانی ئەوی لە بیر نەدەکرد. لەسەر ئەمە خونکار (سوڵتان) ناچار بوو ڕێ بە جێبەجێ کردنی پێویستیی قانوون سەپاندن بدا.

لە ماوەی بەرێوەچوونی دادگایی کردندا، ڕوون بووەوە کە ئەم کارە لە ئەنجامی فشاری تۆقێنەری بەدرخانییاندا هاتووەتە گۆڕێ، لەسەر ئەمە، وەکو ئەوەی چوار بکوژەکە حوکمی ئیعدامیان بۆ دەرچوو، بە عەلی شامیل پاشاوە، بەشێکی زۆری بنەماڵەی بەدرخانی بەرەو

تەرابولسی غەرب[*] و بەشەکەی دیکەشی بۆ شام دوور خرانەوە، تا جاڕدانی مەشرووتییەتی ساڵی (١٩٠٨) لەوێیانە مانەوە، ئیدی دوای ئەمە بەر لێبووردن کەوتن و توانییان بگەڕێنەوە. عەلی شامیل پاشا کە بۆ ماوەی دوو ساڵ لە زینداندا ماوەتەوەو ئەم ئەنجامەی هەرگیز بەبیردا نەدەهاتەوە، زۆری لا گران بوو و لەوێ نەخۆش دەکەوێ و بێ ئەوەی لەم لێبووردنەوەیە سوودمەند بێ و بگەڕێتەوە ئەستەمبووڵ، مردووە. لەو سەردەمانەدا تەمەنی (٥٣) ساڵان بووە. ئەگەر چی بەپێی قسەی خۆی ئەك کوشتنی ریدوان پاشا، تەنیا هەندێك ترساندنی بە پیاوانی خۆی راسپاردووە. ئەم پیاوە نەزانانە بە نیازی ئەوەی گەورەی خۆیان پتر مەمنوون بکەن و لە نێو خۆیاندا بڕیاری ئەوەیان داوە کە تاوانەکە بە تەواوی بگرنە ئەستۆی خۆیان و ئەم تاوانەیان ئەنجام داوە.

بەڵام دادگا ئەم قسەیە قبووڵ ناکاو ئەو و عەبدورڕەززاق بەگی پێکەوە بەهاوکاری بە تاوانی ((هاندان و ناچار کردنی)) بکوژەکان تاوانبار دەکا و بە پێی ئەوەش بڕیارەکەیان داوە.

سەرچاوە:

(Midhat Sertoğlu, İstanbul Sohbetleri, İstanbul, 1992, s.65-68).

* ئستمبۆت: کەشتیی گچکە (وەرگێڕ)

* تەرابولسی غەرب: لیبیا (وەرگێڕ)

پاشکۆ: (٤)

شوکری بابانی مام و مامۆستام

شوکری بابان مامیشمە و ئەو ساڵەی لە کۆلیژی ماف دەرچووم، مامۆستام بوو. (١٩٣٣) لە شۆڕشی زانکۆدا، لە بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەی (مولکییە)وە کراوەتە مامۆستا (پرۆفیسۆر)ی ڕێبازە ئابوورییەکانی کۆلیژی ماف. کە ئەم هەواڵە بیسترا، هەموو برادەرە قوتابییەکان خەمیان لێ نیشت. ((شوکری بەگ زۆرمان پێ دەخوێنێ، لە تاقیکردنەوەکاندا

گاڵتە بە قوتابییان دەکا، پرسیار لە دەرەوەی کتێب دەپرسێ، لە لێکۆڵینەوەدا لە بارەی قوتابییانەوە بە پێوەدانگی خودیی خۆی قوتابی هەڵدەسەنگێنێ)).

دواتر، هاتە پۆلەوە، بۆ ئێمە، واتە بۆ سێ پۆل، دەستی کرد بە راڤەکردنی رێبازە ئابوورییەکان. بابەتەکە لە لایەکەوە زۆر بە زەوق بوو، لە لایەکی دیکەوە بە زانایی و بە تام باسی لێوە دەکرا. هەمووومان بە جددی و بە پابەندییەکی زۆرەوە گوێمان لێ دەگرت. تێگەیاندنی وانە، بەو شێوەیەی هەموو قوتابییان دەیزانن، بەیانییان کاتێك لە ماڵەوە دەردەچێ کە لە (فەنەر یۆڵو) دایە، ئەو گوڵە مێخەکەی لە باخچەیەوە کردوویەتییەوەو بە بەرۆکییەوەیە، لە لایەکی پلیکانەکانییەوە دادەبەزێ و سەردەکەوێتەوەو پیاسە دەکا، هەموو سەرنجێك بەرەو خۆی رادەکێشێ، لە راڤەکردنەکان و راپۆرتەکانیدا لایەك بە ئاڵۆزی ناهێڵێتەوە تێگەیشتنی زەحمەت بێ.

کە لە تاقیکردنەوەکان نزیك دەبووینەوە لە پۆلدا خەمێك پەیدا دەبوو و دواییش رۆژی تاقیکردنەوە دەهات. ئەوانەی پێیان وا دەبوو دە وەردەگرن، کە غەرەکان دەخوێندرانەوە بینییان سێیان وەرگرتووەو کەوتنە گریان، هێشتا برادەرە خانمەکان چونکە بایەخ بە لەبەرکردن دەدەن، وەڵامی پرسیارەکانیان تووتی ئاسایی دابووەوە.. بە هیچ جۆرێك نەیاندەویست لەو فشارەی مامۆستا شوکری دەیخستە سەر ئەو شێوەیە تێبگەن. کەچی من چونکە دەمزانی لە ژێر دەستەواژەی ((چاودێریی برازاکەی کرد))ی پرۆفیسۆردا سەر کۆنە دەکرێم زۆرم سەعی دەکرد، بەڵام دیسانەوەش بە دڵنیاییەوە لەسەر کورسیی تاقیکردنەوەدا دانەنیشتووم.

- رۆبەرت ئۆوین ناوێك دەناسی؟

- دەناسم.

لە کاتێکدا بە درێژایی ساڵ، هیچ باسی ئۆوینمان نەکردبوو.

- ئایا ئەم زاتە لە بارەی مافی موڵکایەتییەوە کتێبێکی هەیە؟

لەبەر ئەوەی رێتێچوونی، نووسینی کتێب لە لایەن کەسێکەوە، لە چاو نەنووسینییەوەیدا کەمترە، گوتم:

- کتێبی لە بارەی مولکایەتییەوە نییە.

- راستە، نییەتی .. بەڵام داخوا بەمن دەڵێی، ئەگەر کتێبێکی وەهای نووسیبایە، چیی دەنووسی؟

من بەبێ دوو دڵی وەڵامم دایەوە:

- لە بارەی مولکایەتییەوە دەینووسی، ئەو سەری بڵند کردەوە، وەها، رۆبێرت ئۆوین لە ئینگلتەرە لە پێشەنگەکانی سۆشیالیزم بوو. ئەو ئەمەم پێ دەڵێ و هەوڵی راگەیاندنی دلگرانیم دەدا، من هەستم بەمە کرد و بێ ئەوەی بیری خۆم روون بکەمەوە، واتە بەمەبەستی ئەوەی رێی سووربوونەوەی بەرامبەر گوێگرانی لێ بگرم بەوەی دیلی قسەکانی خۆیەتی، ئەم وەڵامەم دایەوە:

- لایەنگیری مولکایەتیی دەکرد چونکە کرێکارانی ئەو کارگەیەی دایمەزراندبوو و خستبوویە کاری، کردبوونە هاوبەش، ئەزموونەکە سەری نەگرت، بەڵام ئایا هاوبەش کردنی کرێکار نابێتە بەڵگەی لایەنگیریی مولکایەتی؟

سێ چوار ساڵ لەمەوبەر ئەوسا کە رۆبێرت ئۆوینم بە قوتابیی غەڵەتە سەرای زانی و خستمە سەرکار، کاتێك ئەو کتێبەی سوبحی نووریم خوێندەوە کە بەناوونیشانی (لایەنگیریی کۆمەڵە هاوکارییەکان)ـەوە بوو زانیبووم و لە بیرم نەکردبوو.

لەکاتێکدا و بە هەر حاڵ ئەو چاوەڕێی بوو من بڵێم: ((کە سۆشیالیست بوو، دژی مولکایەتی دەنووسێ)).

لێی وەستاو بیری لێ کردەوە، کە هەستی بە بوونی لایەنی راستیی دەکردم، منیش بۆ لابردنی دوو دڵیی ئەو درێژەم بە قسە دا.

- گوتم، گوتنی قسەیەکی یەکلاکەرەوەش دەبێتە هەڵە، ئێمە لە بارەی شتێکی نەبووەوە بیرمان خستە گۆڕێ، ئایا گفتوگۆ لە بارەی شتێکەوە کە نەبێ، دەبێ و حوکمی لەسەر دەدرێ؟.

له هێڵەکانی سەر رووی مامەوە هاتنەوە سەر باری خۆم هەست پێ کرد، ئەگەر هەر بیڕێ بیڕێ، بۆ ئەوەی ((نەڵێن نمرەی تەواوی داوەتە برازاکەی)) یەك دوو نمرەی لێ دەبڕیم، هەر وەهاشی کردو (٨)ی داپێم. ئەو ئێوارەیە کە لە کۆلیژ دەرچووین و دەچووینەوە چاوەڕوانیم کرد، خۆم لێ بردە پێشەوە.

- گوتی: خراپ نەبووی بەڵام تۆزێ پترم تەنگاو بکردیتایە؟

- بێگومان گەورەم، بەمجۆرە وەڵامم دایەوە، ئەگەر مامۆستا بییەوێ قوتابییەکەی بخاتە خوێندنەوە، هەرچۆنێك بێ چارەیەکی بۆ دەدۆزێتەوە، گەوتینە پێکەنین، کە لە پرۆفیسۆر جیابوومەوەو گەڕامەوە کۆلیژ ئەو خانە برادەرانەی داوێنەکانیان بەسەر پلیکانەکاندا راخستبوو بەچاوی ئاوساوەوە بەد دۆعا (دۆعای خراپ)یان لە مامۆستا دەکرد، یەك واژەم نەگوت.

شوکری بابان ساڵی (١٨٩٠) لە بەغدا لە دایك بووە، ئەوساکە، زهنی پاشای باوکی موهرداریتیی واتە بەڕێوەبەرێتیی قەڵەم (نووسینگە)ی تایبەتیی مدحەت پاشای والیی بەغدای ئەوسای بەدەستەوە بووە، مستەفا زهنی پاشا کە بە موهرداریتی (مۆردار) دەستی بە ژیانی بەڕێوەبەرایەتی کردبوو، لە کەربەلا و یەمەن و بۆڵو و تەرابولسوششام (شاری تەرابولسی لوبنان)و بووردووردا موتەسەرریفێتیی کردووە، دواتریش والیی یانیە و ئەدەنە و حیجاز، لەو دەمەدا کە لە بۆڵودا موتەسەرریف بووە، لەبەر دانانی کتێبێکی لە بارەی شیاو و راست نەبوونی بەخشینی خەلیفایەتی بە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە، بەر لەوەی بڵاوبکرێتەوە زەمانی لێ دراوە، بەسەر ماڵیان داداوە، کتێبیان نەدیتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەمە زهنی پاشایان بۆ قەستەمۆنی دوورخستەوە و پاشاش بۆ ئەوەی بەڵایەکی نەیەتە سەر کتێبەکەی سووتاندووە.

شوکری بابان کە لە غەڵەتە سەرایدا قوتابی بووەو لە پشوودا کە چووەتە بۆڵو بۆ لای باوکی لەناو هەڵچوونەوەی ئەم رووداوەدا ژیاوە.

شوکری بابان کە غەڵەتە سەرایی تەواو کردووە، لە لایەن ئیسماعیل حەققی بەگی نووسەرو یەك لە وەزیرە کۆنەکانی مەعاریفی برای گەورەیەوە کە (١٤) ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو،

نێردرایە پاریس. حوسێن شوکری (حوسێن ناوی زهنی پاشای باوکی بوو) لە پاریس کۆلیژی مافیش و قوتابخانەی، زانستە سیاسییەکانیشی خوێند و خوێندنێکی سەرکەوتووی تەنجام داو گەڕایەوە وڵات.

شوکری بابان، گچکەترینی بنەماڵەی زهنی پاشا، تاکە منداڵی دایکیشی بوو، منداڵەکانی زهنی پاشا بە پێی سەرەیان، ئەحمەد نەعیم-ی (ئەندامی ئەعیان) و مامۆستای میتافیزیک و فەلسەفەی دارولفونوون (هونەرە جوانەکان)، ئیسماعیل حەققیی نووسەری سیاسیی رۆژنامەی (تەنین) و مامۆستای بناغەی ماف (حوقووقی ئەساسی)ی قوتابخانەی مولکییە، لە نێوانیاندا کچێك، ئەمینە، ...

عاسم کە موتەسەرریفی قەرەحیسار بووە گرانەتا لە تافی لاویدا ژیانی کردە ئامانج و پێکای، دوای ئەویش، سولەیمان حیکمەت دێ کە کۆنە مەبعووسی (نوێنەر- نێردراو)ی سلێمانی بووە. ئەمانە منداڵەکانی فەیرووز خانی هاوسەری یەکەمی پاشا بوون، حوسێن شوکری کوڕی ئیجلال خانی هاوسەری دووەم بووە کە هەوێی فەیرووز خانم بووە. دایکی کە بەرامبەر شوکری خۆشەویستیی لەوانی دی پتر دەردەبڕی، ئەمەش بەلای ئەوانی دیکەوە غەریب نەبوو، بەڵام شوکریش بەری لەو گرێ دەروونییە نەدەگرت کە هەر هەموو پێکەوە دەیانویست بەرەنگاری بن. ئەو بۆیە لە چاو ئەوانی دیکە پتر بە ئاخی خۆدا چوو و بێدەنگتر بوو.

مستەفا زهنی پاشا نوێنەری جۆری باوکسالاریی خانەوادە بوو. هەموو خێزانی لەسەر سفرەدا دەبینی، دوای خواردنی ئێوارە بۆ ئەوەی جگەرەکێشان بۆ منداڵەکانی دابین بکا بەجێیان دەهێڵێ و دواییش هەموو پێکەوە لەگەڵ ئەو میوانانەی دەهاتە ماڵیان لە ساڵۆندا دادەنیشتن و دەپەیڤین. بێگومان وەکو لە هەموو کۆمەڵێکی پیاواندا باسی سیاسەتیش دەکرا. نەعیم بەگ لەناو ئیتتیحادییەکان دەرچوو بوو و پتر دنیای لە روانگەیەکی ئایینییەوە دەبینی. ئیسماعیل حەققی و حیکمەت بەگ ئیتتیحادی بوون، عاسم بەگ چونکە بە کارمەندی لە هەندەران دەگەڕا تێکەڵی ئەم گفتوگۆیانە نەدەبوو، لە کاتێکدا بابە پاشا لەم گفتوگۆیانەدا بەو تۆتۆریتە (سەرکردایەتی — مافی سەرکردایەتی)یەی دایدەدا (تەلقینی دەکرد) هاوسەنگییەکی دادەمەزراند، بە حوکمدانێکی لەسەر راهاتووەوە کە لە رەوشتی دەوەشایەوە لە دامەزراندنی هەڵسەنگاندندا زەحمەتێکی نەدەکێشا، لەناو سیستەمی بنەماڵەی باوکسالاریدا باس لە

هەموو شتێك دەکرێ و گفتوگۆ لەسەر هەموو بیرێك دەکرێ بەڵام کەس بۆچوونی خودی خۆی ناگەیەنێتە ئاستی بێزارکردنی ئەوانی دی.

منداڵەکانی زهنی پاشا لە چوارچێوەی بنەماڵەدا وا پەروەردە کرابوون بەرامبەر یەکدی لێبوردە بن. شوکری بابان خۆشەویستترین کەس و ئەوەی هەستی دەکرد نزیکترین کەسە لەلای، ئیسماعیل حەقی بەگی براگەورەی بوو، چەند ئەگەر حاجی... ئەم کاکە خۆشەویستە لە (١٩١٣)دا کاتێك لە قوتابخانەی مولکییەدا وانەی دەگوتەوە لە تەمەنی خوێنبەر بوونەوەی مێشکدا کۆچی دوایی کردبوو، ئەوسا کە مرد لە تەمەنی (٣٥) ساڵیدا بوو. قوتابییانی لە بارەی مێژووی مردنییەوە ئەمەیان نووسیوە:

محتاج نور أفقده سوندکمی؟ سن حیات

تاریخك أولدی؛ روشن أی نور کمالات

ئیسماعیل حەقی بەگ کە لەو سەردەمەدا نووسەرێکی سیاسیی چەمك خۆرئاوایی بوو، لە بارەی بەرزبوونەوە بۆ وەزارەتی مەعاریف (پەروەردە) لە کابینەی حەقی پاشادا ناوبانگێکی شایستەی لە وڵاتدا وەدەست هێنابوو، شوکری بابانیش هەر دەبێ لەبەر ئەو نزیکییەوە لێی، دڵی چوو بێتە سەر نووسەرایەتی.

مامم دوای گەڕانەوەی لە خوێندنی ئەورووپاوە، لە کۆمیسیێرییەتیی سەراسای میسر دامەزرێنرا، حیکمەت بابانی برا گەورەی، بەر لەم کارەدا بووە، بەڵام مستەفا کەمال کە چووەتە تەرابلوسی غەرب بۆ خەبات کردن لە دژی ئیتاڵیاییەکان، لەبەر ئەوەی ئەنوەر و فەقی بەگ لە میسرەوە پەڕیونەتەوەو چوون. حیکمەت بابان ئاسانکاری و رابەرایەتیی رێگای بۆ کردوون، حکوومەتی ئینگلیز کە سەری لە دەوڵەتی عوسمانی داوە، داوای گێڕانەوەی ئەم نووسەرەی کردووە. حکوومەتی عوسمانی لەسەر ئارەزووی ئینگلیز ئەگەر کارمەندی بگێڕابایەوە دەبووە رووداوێکی شەرەف شکاندن، لەسەر ئەوە لە هەڵبژاردنی تەواوکاریدا حیکمەت بابان بووە نێردراوی سلێمانی. بەم شێوەیە لە کارەکەشیدا نەما. لەسەر ئەمە برابچووکیان، واتە شوکری بابانیان ناردە میسر، کە یەکەم جەنگی جیهانی دەستی پێ کرد، هاوپەیمانان ئەجارەیان یەخەگیری ئەمیش بوون و لە میسرەوە دەرچوونی ئەمیشیان داوا کرد.

بەجۆرە ئەم لاوە فەرمانبەرە بە نرخە دوای ماوەیەك لەو لیژنەیەدا کە دەچووە (برێست لیتۆڤسك) فرمانی وەرگرت. لە پاش ئاشتیشدا لە سەردەمی باڵیۆزیی غالب کەمالی-ی سۆیلەمەز ئۆغلو نێردرایەوە مۆسکۆ، شوکری بابان کە دوای ئاگربەس گەڕاوەتەوە ئەستەمبوڵ کە بەڕێوەبەری قەڵەمی (نووسینگە)ی تایبەتی وەزارەتی ناوخۆ بووە، لە لایەن عیززەت بەگەوە کە وەزیری هاوبەشی (ئیئتیلافی) بووە لەم کارە دوور خراوەتەوە، ئەویش چووە سەر ڕۆژنامەی تەرجومان کە لە لایەن حیکمەت بابانەوە کرابوو دەستی بە ڕۆژنامەگەریتی کرد. ڕۆژنامەیەك بوو هەر بە ناوەکەی خۆی (تەرجومانی حەقیقەت) لە ئەستەمبوڵ یەکێك بوو لەو ڕۆژنامانەی پشتگیریی خەباتی نەتەوەیی و مستەفا کەمال (ئەتاتورك) یان کردووە. بۆ نموونە دوای سەرکەوتن، شوکری بابان بە ناوی ڕۆژنامەکەی و خوێنەرانییەوە شمشێرێك وەك دروشمی سەرکەوتن بۆ مستەفا کەمال دەبا. دواتریش ڕاوێژکاری مافی کۆمپانیای شەکر لە ساڵی (١٩٢٦)دا لە قوتابخانەی مولکییەدا بە مامۆستای ئابووری و ڕێبازەکانی دادەمەزرێنرێ، دوای ماوەیەکی کەم بووەتە بەڕێوەبەری هەر ئەو قوتابخانەیە.

دوای ئەوەی مولکییە گوازرایەوە ئەنقەرە، شوکری بابان کە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی خوێندنی باڵای بەدەستەوە بوو وەك لە سەرەوەش باسمان کرد لە (١٩٣٣)دا وەکو پرۆفیسۆری باڵا هاتە زانکۆ.

شوکری بابان، ناوی بەشێکی زۆری ئەو قوتابییانەی لە کۆلیژی ماف (حوقووق) و قوتابخانەی باڵای بازرگانی و کۆلیژی ئابووریدا پێیانی گەیاندبوو، دواتر لە نێو ئەو ناوانەدا بینی کە لە وڵاتەدا ناسرابوون، بەڕێوەبەرە گشتییەکان، پشکنەرە داراییەکان، تەنانەت وەزیرەکان لەو کەسانە بوون کە لە ئەزموونەکانی بەردەمیدا ئارەقیان ڕشتبوو.

من ئەم دێڕانەم یەکەم وەك برازای خۆی و دووەم وەك قوتابی و ئینجا وەك هاوپیشە دەنووسم، بەجۆرە من هەر وەکو لە دەرەوە، هەروەها لە ناو بنەماڵەشدا بینیومە و لەو بڕوایەدام تا پێم کراوە گەیشتوومەتە حوکمێکی ڕاستگۆیانە. زیرەکییە زۆر بەرزەکەی کەموکوڕییەکی هەبوو، کەموکوڕییەکی وەها لە ناوەندی ئەکادیمیدا دیسانەوە چەند کەسێکی دیکەی زۆر زیرەکم بینی بوو. ئەوانەی وەك ئەم کە لە بارەی شتێکەوە خەریکی لێکدانەوە دەبوون لایەنە

شیاوەکانیان حسێب بۆ دەکردو لە نێو ئەو ڕێتێچوونانەدا بایەخی لە ڕادەبەدەریان بەو ڕێتێچوونە دەدا کە لقوڕیزیی هەیە.

شوکری بابان بە ساڵدا چوو، بەڵام ژنی نەهاورد، بەر لە نەخۆشییەکەی بۆ کۆتایی هێنان بەو ژیانە بە تەنیا بەسەری دەبرد کە تکای ژنهێنانمان لێ کرد ئەو بە هەزاران کەسی شادمانی نەدەدیت، هەمیشە برادەرێکی نێگەتیڤی نزیکی خۆی بە نموونە بۆ ئێمە دەهێنایەوە، ((ئەو پیاوە بەستەزمانە بە ئامانجی ئەوەی لە پیریدا خزمەت بکرێ ژنی هێناوە، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم لەبەر ئەوەی خانەکە چاوی کوێر دەبێ، ئەو خۆی ناچار بووە چاودێریی ژنەکەی بکا)). ئێمە کە ڕێتێچوونی لە سەدا زۆر کەمی شتی وەهامان پێ دەگوت:

- لێمان دەپرسی، ئایا شتی وەها نابێ، کە پێمان دەگوت ئەم ڕێتێچوونە دەگمەنە. ئەو وای لێ دەهات، لە سەدا یەکەکانیش بترسێ. ئەم بارە بێگومان بە پێی دوورترین ڕێتێچوونەکانی ئەو کە لێکیدەدایەوەو پێش زیرەکییە لێکۆڵەرەوەکەی دەکەوت، ئەم زیرەکییە نەحەساوەو لێکۆڵینەوەیە، دەبوو لە ژیاندا لەو شوێنانەدا کە هەمیشە دەهاتە بەرامبەری، پێویست بوو ئازاترینی هێرشەکانی ئەنجام بدایە، ئەی ئەگەر لە دەستی نەبێ، ... بەم هۆیەوەش ژیانێکی بەبێ جووڵە و دوورەپەرێزی ڕەبەنیی بەسەر برد.

ئەو زیرەکییە لێکۆڵەرەوەو بە یەکگەیەنەرەی، تایبەتمەندییەک بوو ئەوی لە دەوروبەرەکەی جیا دەکردەوە، ساڵانێکی درێژ کە سەرنووسەریی (بەیانی نوێ)ی بەجێ دەهێنا. لە ڕووداوە سیاسییەکانیشدا، کە لە سەر ئەم ڕێتێچوونە دانسقانەدا دەوەستا، سەرنجی خوێندەوارانی خستووەتە جووڵە. بەمجۆرە لە لایەکەوە ژیانی پڕ هەڵچووی سەرنووسەریی دەچێشت و لە لایەکی دیکەوە لە چارەسەر دەگەڕا، بۆ ئەوەی لە زیانە چاوەڕوان کراوەکانی ئەو بە دووری بگرێ.

بەر ڕادیۆیەی ئەوەندەی لەپێک بوو هەموو ئێستگەکانی جیهانی تا سەعاتە درەنگەکان گوێ لێ دەگرت. ڕۆژنامە فەرەنسییەکانی بە ڕێکوپێکی دەخوێندەوە.

کە خۆشیان دەویست زۆر مەمنوون دەبوو، بەڵام بۆ ئەوەی ببێتە ئامانجی ئەو خۆشەویستییە، بچووکترین کاردانەوەی نەدەتواند. بۆ ئەوەی شوکری بابان باش بناسین، بۆ بە چاکی ناسینی شوکری بابان، دەبوو بە خۆشەویستییەوە لێی نزیک ببینەوە، تەنانەت بۆ خۆشەویستییەکەش

دەبوو هەوڵی بۆ بدەین، ئەگەر پێویستایە دەبووە خاوەنی دەوروبەرێکی زۆر بەرین ئەو ڕۆژەی دایکی لە دەست دا، ئەوانەی بینیبیان ئازار ئەوی چۆن بڕژاند، ئەو خەمی تەنیاییەشی کە هەستی پێ دەکرد لە هێڵە بێدەنگەکانی ناوچاوییەوە هەست پێ کرد. وڵات بە مردنی شوکری بابا بەهایەکی گەورەی لە دەست دا. وەکو دوا ڕۆڵەی بەرووبوو چاك بەخشی بنەماڵەی مستەفا زەهنی پاشا، دەروونەانی پڕ لە ئازار کرد، ئێمەی لەگەڵ هەست بە بۆشاییەکی ئەوتۆ بەجێ هێشت کە خۆیشی زۆر بە چڕی هەستی پێ کرد.

سەرچاوە:

(Cihad Baban, “Hocam ve Amcam Şükrü baban”, Ord. Prof. Şükrü Baban'a Armağan, İstanbul Üniversitesi İktisat Fakültesi Mecmuası, Sayı 1-4/ 1984, s.3-10.

پاشکۆ: (٥)

زارۆ ئاغا لە تەمەنی (١٦٢) ساڵیدا مرد

زارۆ ئاغای بە تەمەنترین پیاوی دنیا لە نەخۆشخانەی منداڵانی شیشلیدا تا هەتایە چاوەکانی لە ژیان لێکنا. زارۆ کە لە تەمەنی (١٦٢) ساڵیدا مرد، جیاوازیی لەگەڵ منداڵاندا نەبوو. بەر لە دە ساڵ تەواوی پیاوەتیی نەمابوو. ڕۆژانی کۆنی بە بیردا نەدەهاتەوە. لە شیر و ماست بەولاوە هیچی دیکەی نەدەخوارد. بەجۆرە زارۆ چ جیاوازییەکی لەگەڵ منداڵاندا هەبوو؟ ئەدی ئێمە بە پیرەکان نالێین منداڵ؟.

زارۆ ئاغام زۆر بینی بوو. کە لە شارەوانیدا سەرەك کارگوزاران بوو، کە لە تۆپخانەدا لە قاوەخانە دادەنیشت و دواتریش لەو ڕووداوەی ئۆتۆمبیلەدا لە ئەمریکا کە ئەمەیان بەهۆی ئێش پێ گەیشتنی سەریان دادەنا.

زارۆ، پێش دوو مانگ بە جارێك نەخۆش کەوت. چوار ساڵ دەبوو قودرەت خانمی هاوسەری مردبوو، تەنیا مابووەوە. لەو خانووە گچکە بە تەختە دروستکراوەی تۆپخانەدا، شەوانە بێدەنگ لە پێخەفەکەیدا گرمۆڵە دەبوو. دەچووە قاوەخانەی جەعفەر ئەفەندیی یەك لە نەوەکانی کە لە دۆغرویۆلدا بوو، لە ڕێدا لە تراموای و ئۆتۆمبیلەکان ڕادەما و دواییش:

- لە ئەمەلیکا (لە ئەمریکا) من چی بووم؟ دەیگوت ئافرەتان، کیژانم لەلا پڕ بوون. دەچمەوە... ئەو هەناسە سەردەی زارۆ دەیکێشا بۆ دیمەنی ئافرەتی شەنگ و شۆخی دەوروبەری بوو. دەسا وەها! پیرەمێردی سەدەو نیوی، لە دوا ساڵانیدا ئیتاڵیا و فەرەنسا و ئەمریکای دیتبوو، چاوی کرابووەوە. زارۆ، چەند ڕۆژێك لە ماڵەکەیدا نەخۆش بوو، دوایی گوێزرایەوە نەخۆشخانەی ئەڵمانی، لەوێشەوە برایە نەخۆشخانەی منداڵان. د.بەهجەت سابت بەگ چاودێریی دەکرد. شکاتی زارۆ لە ژانی هەموو جەستەی بوو. پشکنرا. پیرە زارۆ کە تا پانزدە ڕۆژ لە نەخۆشخانە نووست، لە یەکەم نووستنیدا چاکتر بووەوە، تەنانەت ماوەیەك چووەتە باخچە و چاودێریی نەخۆشە گچکەکانیشی کردووە. تەنانەت ڕۆژێکیان، پێنج منداڵی دڵخۆش کردبوو کە دەست لەناو دەست خەریکی وازی کردن بوون، گوتبووی:

- ڕۆڵەکانم، چاك دەبنەوە، ئێوەش ئەوەندەی من دەژین. زارۆ دوای ئەوەی لە خەستەخانە هێنرایە دەر، دیسانەوە چووەوە ناو ژنجە بێ کارەباکەیەوە. لە ئەمریکاوە کتێبێکی دوعایان بۆ ناردبوو، ئەم بە نامەی دڵداریی تێدەگەیی.

- من بۆ (ئەمەلیکا) بانگ دەکەن. دەسا خەریکم دەڕۆم. ژن دەهێنم.

دیسانەوە ڕۆژێکیان لە نەخۆشخانە لێیان پرسیوە، چۆن ژنێکی دەوێ... پیرەی سەدو شەست ساڵە، وەکو تازە بە زەوق و ئارەزووی زانیبێ، جۆرە ئافرەتێکی لاوازی پێ پەسند بووە. لەو دەمەدا ژنێکی قەڵەو بۆ سەردان هاتووەو بە وێدا ڕەت دەبێ پیشان دەدا و دەڵێ:

- هی وەهام ناوێ..

زارۆ ئاغا دوای ئەوەی دە ڕۆژ لە ماڵی خۆیدا خەوت.. لە هێکرا خراپ بووەوە .. ئەو ڕۆژەی بۆ دواجار تێکچووەوە، کوڕەزاکانی ویستوویانە بیبەنە نەخۆشخانەیەکی دیکە، پیرە گوتوویەتی: ((من ببەنە ئەو شوێنەی لێی بووم)). کە سوور بووە، چاوەڕێی ڕۆژی دواتریان کردووە. کەچی سەر لە بەیانیی ڕۆژی شەممەی (١٦ی حوزەیران) بە تەکسییەکەوە براوەتەوە نەخۆشخانەی منداڵان. لە قاوشی (هۆڵی) ژمارە یەکدا نوێنرا بوو. بەهجەت سابت بەگ چاودێریی کردووە. زارۆ لە خەستەخانە، لە یەکەمین ڕۆژانیدا تەنیا شۆربای دەخوارد، دواتر

ئەوەشی نەدەخوارد. تەنیا مەلەبی و شیر و ماستیان پێ دەرخوارد دەدا. بەر لە پێنج رۆژ کە خوێنیان لێ گرتووەتەوە، دەستە وشکە دەمار مۆرەکانی بۆ دوکتۆر درێژ کردووە:

- گیانم ئازار مەدەن، خوێنم لێ بگرنەوەو هەندێك بمسێنەوە. بەڵام هەموو ئەمانە سوودیان چییە، کات هاتبێ دکتۆر کەڵکی چییە؟ بەجۆرە دوا بوو.

لە ماوەی سێ رۆژی دواییدا تەواوێك لەسەرخۆ چوو بوو.

- کات تەواو! ئەوها وڕێنەی دەکرد.

سەر لە بەیانیی رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی ۲۸ی حوزەیران دوکتۆر ئەشئەت عومەر بەگیش پشکنیبوویەوە. ئەگەر بەهجەتی سابت بەگ بێ یان ئەشئەتی عومەر بەگ، دەسا ئومێد لە پیرەمێرد برا بوو، کاتژمێر بەرەو دوو و نیو دەچوو... فاتمە خان کە بە شەو چاودێریی دەکردو لەلای بوو، لە پڕێکدا گوێی لە هەناسە زیادبوونی زارۆ بوو بوو کە لێفەکەی تا چەناگەی راکێشراوە. لە جێی هەڵساوەتەوەو روانیویەتی پیرەمێردی سەردەم، هەردوو قۆڵی بەلایەکاندا کردووەتەوەو جارێکی دیکەش هەناسە هەڵدەکێشێتەوەو دواییش چاوەکانی بەسەر ژیاندا دەنووقێنێ. زارۆ مردبوو! رفعەت بەگی سەرۆکی نۆژداران و بەهجەت سابت بەگ ئاگادار کراونەتەوە، کە بەیانیش بوومەتەوە گوێلو خانی کچی و جەعفەر ئەفەندیی ئەوەی کە بۆ بینینی هاتبوون لە مردنی ئاگادار کراونەتەوە.

بەیانیی هەینی، (۲۸ی حوزەیران)، یەکەم کەس من بە گەڕانەوەی لە ئەمریکاوەیم زانیبوو. هەروەها یەکەم کەسیش من بووم هەواڵی مردنی زارۆم زانی. ئەم هەواڵە منی زۆر خەمبار کرد. یەکسەر بە ئۆتۆمبێل چوومە ئەخۆشخانە.

پیرە زارۆ لە قاوشدا نەمابوو، بە کفنی سپییەوە پێچرابوو، چەناگەی بەسترابوو، لەسەر تەختەدا خەوتبوو. لووتی هەندێك بەلای چەپدا خوار کرابووەوە.

قسەم لەگەڵ دوکتۆرەکاندا کرد، گوتیان ئەو، بێ ئەوەی هیچ بڵێ، بێدەنگ، بێ ئازار چەشتن مرد. چوومە دەرەوە. (۴۰-۵۰) کەس بە ژن و پیاوەوە بەردەرگایان گرتبوو، زۆربەیان لاوی (۲۰-۲۲) ساڵان بوون. گوێلو خانی کچی کە شناسنامەکەی لە ماڵەکەیەوە هێنابوو، لە زەویدا دەگەوزایەوەو دەپاڕایەوە:

- بمانکەنە ژوورەوە، با جارێکی کەش بارکمان ببینین.

ڕێیان پێ درا. نەوەکانی زارۆ بە چاوی ئاوییانەوە هێرشیان بردە ژوورەوە... دەموچاوی کرایەوەو هەموویان رووی ساردی وەك بەفری زارۆیان پێنج جار و دە جار ماچ کرد.

زارۆ، رۆژی هەینی و شەوەکەی لە نەخۆشخانەدا مایەوە، سەر لە بەیانیی شەممە لە نەخۆشخانەدا نەشتەرگەریی ئەنجام درا. نەوەکانی بە پارچە پارچەکردن و برین و دوورینەوەی باپیریان قەت قایل نەبوون. دواتر بەهجەت بەگ کە پێی گوتن:

- من بەر لە مردنی، بە ئامادەبوونی نووسەری دادگا بە زارۆ ئاغام مۆر کردووەو ڕێم لە خۆی وەرگرتووە. ئێوە قایل بن قایل نەبن، من نەشتەرگەرییەکە هەر دەکەم، ئیدی .. قایل بوون. نەشتەرگەرییەکە سەعات دە، دەستیٚ پێ کرد، سەعات دوو تەواو بوو. وەکی دی، دڵی پیرەش برا بوو. نزیکی سەعات سێ و نیو تەرمی زارۆ ئاغا خرایە ناو کامیۆن (لۆری)ی جەنازەی ژمارە (١١٢)ی شارەوانییەوە، گوێلو خانی کچی کە هێشتا دانەکاسابووەوەو ئەحمەدی، یەك لە نەوەکانی کە تازە هاتبووەوەو فریای بە زیندوویی بینینی باپیرەی نەکەوتبوو، سواری لای شوفێرەکە بوون. کامیۆنە بە زەردو رەش بۆیاخ کراوەکە دەستی بە جووڵانەوە کرد. بەدوایەوە نەوەکانی سواری پێنج ئۆتۆمبیل بوون. زارۆ ئاغایان لەو ڕێیانەوە بردە ئەییوب، کە پتر لە سەد ساڵ پێیاندا رۆیشتبوو. سەعات نزیکی پێنج بوو بەردەکێلێکی دیکەی بە پشتی ئەییووبدا چەقێنرا. زارۆ نێژرا.

با ئەوەش بڵێم: زارۆ بەر لە مردنی گوتبووی تەمەنی (١٦٢) ساڵە، لە کاتێکدا دکتۆر بەهجەت سابت بەگ دەیگوت، تەمەنی پیرەمێرد، هەر (١٣٠) ساڵ دەبوو. لەو لێکۆڵینەوانەدا کە دکتۆر لەمەودوا ئەنجامیان دەدا ئەمە دەردەخا. جگە لەمە، لە کاتی نەشتەرگەریدا، لە جەرگی زارۆ ئاغادا نەخۆشیی دیق دیترا بوو. هەروەها لە زراویشیدا بەرد دۆزرابووەوە.

میزڵدانیشی خراپ و هەموو لەشی لە بارێکی داهێزراودا بووە. خاڵێکی شایانی سەرنج دان ئەوە بووە، تاکە لایەکی ساغ و پتەوی پیرەمێردە، دڵی بووە. خودای لێ خۆش بێ.

سەرچاوە:

(Yedigün Dergisi, Sayı: 69/1934).

سەرچاوەکان

1- Adivar, Halidi-Edib, Mor Sakimli Ev, Atlas Kitabevi yayinlarI, İstanbul, 1992.

2- Akçura, Gökhan, Türkiye'nin en çok yaşayan adamı Zaro Ağa nasıl öldü? Albüm-Aylık Görsel Kültür Dergisi 5/1998.

3- Aktepe, M. Münir, İstanbul'un, Nüfus Mes'elesine Dâir Bâzı Vesikalar, İstanbul Universitesi Edebiyat Fakültesi Tarih Dergisi, no 13, 1985.

4- Akpınar, Alişan, Osmanlı Devletinde Aşiret Mektebi, Göçebe Yayinları. İstanbul, 1997.

5- Akşin, Sina, İstanbul Hükümetleri ve Milli Mücadele, Cem Yayinevi, İstanbul, 1983.

6- Aksüt, Sadun, Şarkılarda İstanbul, Altin Kitaplar, İstanbul, 1994.

7- Akşener, Haşmet Sırrı, Van'dan Vaniköy'e, İstanbul 1996.

8- Aktaş, Mehmet, Sesime Gel, Avesta Yayinları, İstanbul 1996.

9- Alakom, Rohat, Li kurdistanê Hêzeke Nû: Jinên kurd, Apec Yayinları, Stockholm, 1995.

10- Alakom, Rohat, Bir Kürt Diplomatinin Fırtınalı Yılları: General Şerif Paşa, Apec Yayinları, 1995.

11- Alakom, Rohat, İstanbul'daki Kürt Hamal Topluluğu, kebikeç-İnsan bilimleri için kaynak araştırmaları dergisi, no 5, 1997.

12- Alakom, Rohat, Kürt Kadınları Teali Cemiyeti, Tarih ve Toplum, no 171, 1998.

13- Alus, Sermet Muhtar, İstanbul Kazan Ben kepçe, Yayina Hazırlayan: Necdet Sakaoğlu, İletişim Yayinları 1996.

14- Altan, Ahmet, Kılıç Yarası Gibi, Can Yayinları, İstanbul, 1998.

15- Ateş, Ahmed, Molla Gürani, İslam Ansiklopedisi, cilt: 8, İstanbul, dördüncü baskı, 1987, s. 406-408.

16- Aytepe, Oğuz, Yeni Belgelerin Işığında Kürdistan Teali Cemiyeti, Tarih ve Toplum 174/1998.

17- Ayverdi, Ekrem Hakkı, Fatih Devri Sonlarında İstanbul Mahalleleri, Şehrin İskânı ve Nüfusu, Vakıflar Umum Müdürlüğü Neşriyatı, Ankara, 1958.

18- Baban, Cihad, Hocam ve Amcam Şükrü Baban, Ord. Prof. Şükrü Baban'a Armağan, İ. Ü. İktisat Fakültesi Mecmuası sayı: 1-4, 1984, s. 3-10.

19- Babinger, Franz, Fâtih'in Hocaları çev. Şevki Yazman, Hayat Tarih mecmuası, sayı: 4, 1970.

20- Barkan, Ömer Lütfi, Osmanlı İmaparatorluğunda Toprak İşçiliğinin Organizasyonu Şekilleri, İ. Ü. İktisad Fakültesi Mecmuası 1/1939, s. 29-74.

21- Bayrak, M. Orhan İstanbul'da Gömülü Meşhur Adamlar, Türkiye Anıtlar Derneği, İstanbul 1979.

22- Bayrak, Mehmet, Kürtler ve Ulusal Demokratik Mücadeleleri, Öz-Ge Yayınaln, Ankara, 1993.

23- Belge, Murat, İstanbul Rehberi, dördüncü baskı, Tarih Vakfi Yurt Yayınları, İstanbul, 1995.

24- Birsel, Salâh, Kahveler Kitabı, Nisan Yayınları, İstanbul, 1991.

25- Bryel, Anthony, Zaro Ağa (1774-1934): The Stories of a Legend-Last of the Lions, Cornucopia 7/11. 1994-1995.

26- Celil, Celîlê, Jîyana Rewşenbirî û Sîyasî ya Kurdan, Jîna Nû Yayınları, Stockholm, 1985.

27- Celil, Celîlê, XIX. Yüzyıl Osmanlı İmparatorluğu'nda Kürtler, çev. Mehmet Demir, Öz-Ge Yayınları, Ankara, 1992.

28- Celil, Celîlê, 1880 Kürt Ayaklanması, çev. Yaşar Abdülselamoğlu, Jîna Nû yayınları, Stockholm, 1992.

29- Cemil Paşa, Ekrem, Muhtasar Hayatım, Brüksel Kürt Enstitüsü Yayınları, Brüksel, 1989.

30- Çağlayan, Mehmet, Şark Uleması, İstanbul, 1996.

31- Deleon, Jak, Eski İstanbul'un (Yaşayan Tadı), Remzi Kitabevi, İstanbul, 1996.

32- Delaon, Jak, Boğaziçi Gezi Rehberi, Remzi Kitabevi, İstanbul, 1998.

33- Dersimi, Nuri, Hatıratım, Ankara. 1992.

34- De Régla Paul, Eski İstanbul'da Azınlıklar, çev. Reşad Uzman, İstanbul, sayı: 8/1970.

35- Dünden Bugüne İstanbul Ansiklopedisi (yayımlayan: Tarih Vakfı ve Kültür Bakanlığı, 1996).

36- Ein Besuch beim Boykotsundikat, Neue Freie Presse, 24 Januar 1909.

37- Elmacı, Ekrem, 1908 Avusturya Boykotunda Liman İşçileri, Kebikeç, no 5, 1997.

38- Erdeha, Kamil, Milli Mücadelede Vilayetler ve Valiler, İletişim Yayınları, İstanbul, 1975.

39- Erder, Sema, İstanbul'a Bir kent kondu: Ümraniye, İstanbul 1996.

40- Ergin, Osman Nuri, İstanbul Şehri Rehberi, İstanbul belediyesi, 1934.

41- Ergin, Osman, İstanbul Şehreminleri, İstanbul Belediyesi, 1996.

42- Eyüp'te Sosyal Yaşam, editör: Tülay Artan, Tarib Vakfı Yurt Yayınları, İstanbul, 1998 (Eyüp Üzerine İncelemeler).

43- Gedik, Betil, İstanbul Yahudileri, Pera-Orient Yayınları, İstanbul, 1996.

44- Gerçek, Selim Nüzhet, Türk Temaşası, Meddah, Karagöz, Ortaoyunu, Kanaat Kitabevi, İstanbul, 1942.

45- Giz, Adnan, Bir Zamanlar Kadıköy... İletişim Yayınları, İstanbul, 1990.

46- Grèce, Michel de, II. Abdülhamid-Yıldız Sürgünü, İstanbul, 1995.

47- Gökdaş, İsmail, Kürdistan Teali Cemiyeti, Doz Yayınları, İstanbul, 1991.

48- Hamsun, K., H.C. Andersen, İstanbul'da İki İskandinav Sayyah, çev. Banu Gürsaler Syversten, Yapı Kredi Yayınları, İstanbul, 1993.

49- Han, Şeref, Şerefname-Kürt Tarihi, İstanbul, 1971, Arapça'dan çeviren: M. Emin Bozarslan.

50- Haskan, Mehmet Nermi, Eyüp Tarihi I-II Türk Turing Turizm İşletmeciliği Vakfı Yayınları, İstanbul 1993.

51- Hiçyılmaz, Ergun, Beni Toprağıma Gömün- İstanbul Azınlıkları, İstanbul, 1993.

52- Hilmi, Refik, Anılar, Nûjen Yayınları, İstanbul, 1995.

53- İstanbul-1920, Editör: Clarence Richard Johnson, çev. Sönmez Taner, İstanbul, 1995.

54- Hovhannesyan, Sarkis Sarraf, Payitaht İstanbul'un Tarihçesi, çev. Elmon Hancer, İstanbul, 1996.

55- İstanbul Ansiklopedisi (Yayımlayan: Reşat Ekrem Koçu). İstanbul, 1959-1971.

56- İstanbul Ahkâm Sefterleri- İstanbul Tarım Tarihi I (1743-1757), İstanbul Külliyâtı IV, Proje ve yayın yönetmeni: Ahmet Kal'a, İstanbul Araştırmaları Merkezi, İstanbul, 1997.

57- İstanbul Kitaplığı-Katalog, Çelik Gülersoy Vakfı, İstanbul, 1988.

58- İstanbul'da Kürd İşçileri, Jîn, no 25. Arap harflerinden Latin harflerine çeviren: M.Emin Bozarslan, Uppsala, 1988.

59- İstanbul Şehri Yıllığı- İstatistik, cild 2, 1931-1932, İstanbul Belediyesi İstatistik Müdürlüğü.

60- Jîn, Kürdçe-Türkçe Dergi (1918-1919). Arap harflerinden Latin harflerine çeviren: M. Emin Bozarslan, Uppsala, 1985-1988.

61- Klein, Janet, Claiming the Nation: The Origins and Nature of Kurdish Nationalist Discourse-A Study of the Kurdish Press in the Ottoman Empire, June, 1996. A Thesis Presented to the Faculty of Princeton University in Candidacy for the Degree of Master of Arts.

62- Kara Fatma at Constantinople, The Illustrated London News, 22Nisan 1854.

63- Kodaman, Bayram, Sultan II. Abdulhamid Devri Doğu Anadolu Politikası, Ankara, 1987.

64- Koçu, Reşad Ekrem, Patrona Halil, 1968.

65- Koçu, Reşad Ekrem, İstanbul Tulumbacıları, Ada Yayınları, İstanbul 1981.

66- Korcan, Kerim, Patrona, İstanbul, 1983.

67- Malmîsanıj, Bedirhaniler, Apec Yayınları, Stockholm, 1994.

68- Malmîsanıj & Mahmud Levendî, Li Kurdistana Bakur û Tirkîyê Rojnamegeriya Kurdî (1908-1902), Öz-Ge Yayınları, Ankara, 1992.

69- Manneh, Butrus Abu., The Naqshbandiya-Mujaddidiyya in the ottoman Lands in the early 19th Century, Die Welt des İslams, vol. XXII, 1982.

70- Mansel, Philip, Dünyanın Arzuladığı Şehir: İstanbul, çev. Şerif Erol, Sabah Kitapları, İstanbul, 1996.

71- Mantran, Robert, 17. Yüzyılın İkinci Yarısında İstanbul, V Yayınları, Çev. Mehmet Ali Kılıçbay, Enver Özcan, İstanbul 1986.

72- Memoirs of Halide Edib, London, 1926.

73- Mesut, Ahmet, İngiliz Belgelerinde Kürdistan, Doz Yayınları, İstanbul, 1992.

74- Methy, Daniel, I. Dünya Savaşı, Sonrası, Constantiniple'da Kürt Örgütlenmeleri Üzerine Bazı Belirlemeler, Studia Kurdica, no 1-3, 1985.

75- Mıntzuri, Hagop, İstanbul Anıları 1897-1940, Tarih Vakfı Yurt Yayınları, İstanbul, 1993.

76- Minareden Okunan Şiir, Tarih ve Medeniyat, sayı: 49, 1998.

77- Mörner, Birger, Under Halfmånen, Stockholm, 1906.

78- Nursi, Bediüzzaman Said, Divan-I Örfi, Tenvir Neşriyat, İstanbul, 1992.

79- Özendes, Engin, Abdullah Fréres, Yapı Kredi Bankası Yayınları, İstanbul, 1998.

80- Ragıp, Yakta, Zaro Ağa 162 Yaşında Öldü, Yedigün, sayı: 69, 1930.

81- Rogan, Eugene L., Aşiret Mektebi: Abdülhamid II's School for Tribes (1892-1907), İnternational Journal of Middle Easterm Studies, no 28, 1996.

82- Pears, Edwin, Forty Years in Constantinople, London, 1916.

83- Saeedpour, Vera Beaudin, The Resurrection of Zero Agha, Kurdish Times, vol. 1, no 2, 1986.

84- Sakaoğlu, Necdet, Ayvazlar, Dünden-Bugüne İstanbul Ansiklopedisi, cilt: I.

85- Sakaoğlu, Necdet, Haydarpaşa Garı, Skylife 9/1998, THY'nin aylık dergisi.

86- Schild Robert, Etnik Çeşitliliğiyle Yaşayan Bir Açık Hava Müzesi-Burgazadası: Bir Canlı Etnografik Müze. İstanbul, Üç Aylık Dergi, Temmuz /1998.

87- Sertoğlu, Midhat, İstanbul Sohbetleri, Bedir Yayınları, İstanbul 1992.

88- Sevgen, Nazmi, Doğu ve Güneydoğu Anadolu'da Türk Beylikleri, Ankara, 1982.

89- Sezer, Sennur-Özyalçıner, Adnan, İstanbul'un Taşı-Toprağı Altın, Altın Kitaplar, İstanbul, 1995.

90- Süreyya Bey, Mehmed, Sicill-I Osmani, Tarih Vakfı Yurt Yayınları, İstanbul, 1996.

91- Van Bruinessen, Martin, Kürdistan Üzerine Yazılar, İletişim Yayınları, İstanbul, 1992.

92- Şahiner, Necmeddin, Bilinmiyen Taraflariyle Said Nursi, İstanbul, 1988.

93- Ulunay, Refi Cevad, Eski İstanbul Kabadayları-Sayılı Fırtınalar, Arba Yayınları, İstanbul, 1995.

94- Unat, Faik Reşit, 1730 Patrona İhtilali Hakkında Bir Eser: Abdi Tarihi, Ankara, 1943.

95- Tümertekin, Erol-Özgüç, N., İstanbul Nüfusunun Doğum Yerlerine Göre Dağılışı, İTÜ Mimarlık Fakültesi, Şehircilik Enstitüsü Dergisi, sayı 20-21, s. 41-70.

96- Tümertekin, Erol, İstanbul-İnsan ve Mekan, Tarih Vakfı Yurt Yayınları, İstanbul, 1997.

97- Tuğlacı, Pars, Tarih Boyunca İstanbul Adaları, Say Yayınları, 1995.

98- Tunaya, Tarık Zafer, Türkiye'de Siyasal Partiler, I-II., Hürriyet Vakfı Yayınları, 1984-1986.

99- Wanda, XIX. Yüzyıl İstanbul'unda Yaşanmış Hikâyeler (1820-1870) II, çev. İsmet Özel, İstanbul Araştırmaları II, 1997.

100- Yazgan, İlhami, Kara Fatma Efsanesi I-II, Özhür Politika, 31.5.1996 - 1.7.1996.

101- Yelda, İstanbul'da, Diyarbakır'da Azalırken, Belge Yayınları, İstanbul, 1996.

102- Yıldız, Hasan, Fransiz Belgeleriyle Sevr-Lozan-Musul Üçgeninde Kürdistan, Hêviya Gel Yayınları, Stockholm, 1990.

103- Yıldız, Sakıp, Molla Gürani ve Tefsiri, İstanbul, Sahhaflar Kitap Sarayı Yayını.

104- Yordanidu, Maria, Loksandra- İstanbul Düşü, Belge Yayınları, İstanbul, 1990.

105- Yüksel. Müfid, Kürdistan'da Değişim Süreci, Sor Yayıncılık, Ankara, 1993.

106- Quataert, Donald, osmanlı İmparatorluğunda İşgücü Politikası ve Siyaset: Hamallar ve Bâbıâli 1826-1896, Tarih ve Toplum, no 33, 1986.

ئەلبومی وێنەکان



ئەستەمبوولی کۆن

گزلهەلگرە کوردەکان لە بەردەمی قاوەخانەیەکدا:

(Dr. Walter Philipp Schultz. Die welt des Islam, MÜnchen, 1918).



تابلۆیەکی بۆیەی ئاوی بە ناوی "جەنگاوەری کورد"ەوە، لە دەستکردی

(ئەمادیۆ پرەزیۆسی)ی وێنەکێشی ئیتاڵی کە لە ئەستەمبووڵ ژیاوە

(Andrew wheatcraft, The Ottomans)

مەلا گۆرانی-ی یەك لە مامۆستایانی سولتان موحەممەدی فاتیح

پۆستکارتی (پیرەمێردێکی کورد)ی (G. Berggren)ی هونەرمەندی فۆتۆگرافیی سویدی کە لە ئەستەمبوڵ ژیاوە

بەشێك لە تابلۆی ـ قەرەفاتمە ـ كە ساڵی ١٨٥٤ لەگەڵ سەدان سوارچاكدا هاتووەتە ئەستەمبوڵ و سەری لە پاشا داوە

فۆتۆگرافی (داوفرۆش) کە دەوروبەری ساڵی ١٨٦٥دا لە ئەستەمبوڵ گیراوە (عەبدوڵڵا فرێری)

قوتابییەکی کورد لەوانەی لە
مەکتەبی عەشایەر
دەیانخوێند کە ساڵی ١٨٩٢
لە ئەستەمبووڵ کرابووەوە.
(عەبدوڵڵا فرێی)

یەکێ لەو قوتابییانەی لە
قوتابخانەی عەشایەر
دەیانخوێند بە
جلوبەرگی نەتەوەییەوە.
(عەبدوڵڵا فرێی)

قوتابییەکی کورد کە لە قوتابخانەی عەشایەر دەخوێنێ لەگەڵ دوو هاوڕێیدا

عەلی شامیل پاشای (بەدرخانی)ی یەك لە سەرکردەکانی قشلەی سەلیمیە و کەسایەتییەکی کورد کە لە نویسکویدار و دەوروبەریدا ریزی هەبوو

ئیسماعیل حەققیی بابان-ی یەك لە رۆشنبیرە کوردەکان، هەر بە لاوی لە ئەستەمبوڵ گەنجی دوایی کردووە.

عەبدوڕڕەحیم زاهیر لەگەڵ هیدایەت خانی هاوسەری و ژاڵە و پرتەو و خالدی منداڵەکانی



خالد بەگی جبرانلو-ی سەرۆکی کۆمەڵەی ئازادی کە رابەرایەتیی شۆڕشی شێخ سەعیدی دەکرد (ئەوەی لە ناوەڕاستدا دانیشتووە)



زارۆ ئاغا کە لە تەمەنی ١٦٠ ساڵیدا بووە و بە تەمەنترین مرۆڤی جیهان دانراوە. دوای چوونی بۆ ئەمریکا، فۆتۆگرافەکانی وەکو پۆستکارت چاپ کراون.

زارۆ ئاغا لە ئەمریکا (١٩٣٠)

Kurdish Times, no: 2, 1996

قوتابخانەی عەشایەر کە ساڵی ١٨٩٢ کرایەوە.



کۆشکی بەدرخان پاشا لە بیوروک ئەدا

شەقامی مەلا گۆرانی لە فندقزادەدا

مزگەوتی مەلا گزرانی (وەفا)

مەزاری مەلا گۆرانی لە فەندقزادەدا

دیمەنێکی شەقامی نەبوسوعوود. بارەگای گۆڤاری ژین کە ساڵی ١٩١٨ بڵاوکراوەتەوە، لە چاپخانەی (نەجمی ئیستیقلال)دا هەر لەم شەقامەدا بووە.

دیمەنی خانی ئەرزەرۆم لە ناوچەی سرکەجی-ی ئەستەمبووڵ کە بارەگای کۆمەڵەی قوتابییانی کورد کە ساڵی ١٩١٢ لە ئەستەمبووڵ دامەزراوە.